کۆماری عیراق وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٠٩)

# ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر

K
Ktebi Pdf

ئەحمەد سالار

پێشەکی.

هونەرمەندی گەورە کاك ئەحمەد سالار لەم بەرهەمەیدا بەراستی خۆی لە قەرەی گەورەترین ڕاڕەوی هونەری‌ی داوە.

گەلێك هونەرمەندانە لە کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ریالیزم کۆڵیوەتەوە. ئەرکێکی مەزنی کێشاوە چونکە گەورەترین ڕاڕەون کە سەرجەم مرۆڤایەتی، بۆ کاتێکی دوورو درێژ شوێن پێ‌ی هەڵگرتوون. چونکە ئەزانین کە کلاسیزم لەسایەی ئۆرۆستوکراتی‌و بەگایەتی‌و پاشایەتی‌و ئایین دا بەچەند یاسایەکی گشتی مێشك و ژیری کۆمەڵی لە قاڵب دابوو وە لە بازنەی پەرژەوەندیەکانیاندا خەڵکەکەیان گێژ دابوو.

هەموو دەرچوونێك لەو بازنەیە ڕۆچوون بوو بۆ ناخی زەوی‌و جارێکی‌تر روناکی خۆری نەئەبینیەوە، چونکە ئەو بازنەیە تاجێك بوو تەنها بەسەری خۆیانەوە، واتە بەسەری دەسەڵاتەوەو خەڵکەکە دەستی نەئەگەیشتێ. تەنها لە خەونەکانیاندا نەبێ کە هەرگیز نەئەهاتنە دی‌و تەنانەت گێڕانەوەی خەونەکانیشیان قەدەغە بوو.

ئەم دژایەتی‌یە بووە هۆی ئەوەی چینی بۆرژوا بەئاگابێنێتەوە و ڕادەی زانیاری‌و هۆشیان بەرز بکەنەوەو خۆیان لە تەقینەوەی شۆرشە مەزنەکەی «١٧٨٩»ی فەرەنسەدا ببینەوە. لێرەوە تاك جۆرە سەربەستی‌یەك بە خۆیەوە دەبینێ‌و ئەسپی خەون و خەیاڵەکانی تاو دەدات بۆ بە ئەنجام هێنان و بەدەرخستنی هێزە شاراوە دەروونی‌یەکانی و بازاڕێ دروست دەبێ بۆ بەهەمە هونەری‌یەکانی‌و دەبێ

بەدلخوازی سروشت و بە تەنهایی وەك دیوانە دەداتە كێوو هەرد، وەك قارەمانێ دەیـەوی هەمـوو یادگـارەكـانی منـالی بكـا بە دروشمی بەختیـاریی بۆ ژیـانی داهاتووی، وە هەموو سنوری بشكێنێ بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. خۆ ئەگەر كاریش لەكار ترازاو هیوای برا ئەوا خۆ كوشتن تاكە رێگای چارەنووسیتی. بەڵێ ئەمەیە گەورەیی رۆمانیزم.

پاشان نووسەری هونەرمەند هەنگاوی ناوەتە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمەوەو پێشـوازی لەسـەدەی نوێی بڕ لە شۆرش و گۆرانكـاری هەرە گەورە كردووە، باسی ریالیزمی كردووە.

ئەو رێبازەی لەسەر تیوری پێشاندانەوەی بوون و واقیع بەندە. ئەمەیە گەورەیی ئەم ئەركـەی مامـۆستـا ئەحـمـەد سالار. نەك هەر ە رووی هونـەریی‌یـەوە بەڵكـو لەرووی ئاكادیمیشەوە، بۆیە داخوازیم لە بخوێنی كورد ئەویە زۆر بە ووردی لاپەرەكانی هەڵ بدەنەوە.

ئیتر سوپاس

دارا حەمە سەعی

سلێمانی - ١٩٨٥/٤/٢١

بەختیاری لەوەدایە کە ئاکامی کۆشش و ماندووبوونت ببینیەوە. بۆیە پڕ بەدڵ گوشادو بەختیارم کە بەری ڕەنج و کۆششی چەند ساڵەم وا هاتەدی. ئا ئیستا هەست بە چێژی خۆشیەکی گەورەتر دەکەم کە سات وئانی خۆ ئامادەکردنن بۆ کۆششێکی دی.

ئەم بەردەوامیە واتاو مەبەشێکی جوان و تیرو تەسەل بە ژیان و بوونم دەدات. یان ڕەوانترە گەر بڵێم واتا ڕاستەقینەکەی ژیان و بوون دەگەتینی.

ئەوەی نامیە سەر کەڵکەڵەی ئەم نووسینە چەند هۆیەك بوو، بەر لە هەموویان، بوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە شارەکەم کە لە دامەزراندنیەوە مامۆستا مێژووی شانۆو ئەدەب و ڕەخنەم بۆیە بە پێوستم زانی کتێبێکی ئاوا بەزمانە کوردیە شیرینەکەم لە بەر دەست قوتابیەکاندا بێت. هەروەما گشت ڕۆشنبیرو کەسانێکی ئەدیب و هونەرمەند سوودی لێ وەرگرن، چونکە ئاوردانەوەیە لە کاروانی تەمدنی ئەدەب و هونەر، لەدێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ، مایەی ئەو دەسکەوت و شورش و گۆڕانکاریە مەزنانەیە، کە مرۆڤ بە دەستی هێناون.

چ گومان لەوەدانی‌یە کە کارێکی وەك ئەم کارە ئاسان و ئاسایی نی‌یە.

چونکە خۆی لە خۆیدا بەربڵاوە، کورد واتەنی ئاوکێشە، بەڵام خۆ بەستنەوەم بە پەپڕەوی کردنی پرۆگرامی زانستیانەی نووسین، دەربازکەرم بوو لەو مەترسیە. لەلایەکی دیەوە نووسینی ئەم بابەتانە بەزمانەکەمان. کارێکی دەسپێشکەری‌یە بۆیە گەلێك تەنگ و چەڵەمەی زمانەوانی بەرۆکی دەگرتم.

چونکە لەم جۆرە نووسینانەدا خاوەن ئەزموونم، بۆیە کەمێك بارو ئەرکم چاك و سووك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەردە کەم دەستیە هەر دیارە. ئەمانەو گەلێك گیروگرفتی دی.. لەرووی چاوگ و سەرچاوەوە سوودم لە دەیان چاوگ کردووە، بەچەندین زمان، بۆ چەند زمانێکی ئەوروپیانە وەك ئەڵەمانی‌و ئیتالی‌و فەرەنسی.. یارمەتیان داوم. ئەو کەسانە شایستەی سوپاسمن. لەگەڵ ئەوانەشدا هەرگیز نکولی لە ئاستی نووسین و بەرهەمەکانی مەزنە نیگارکێشی کورد «حەمە

عارف سیامەنسوری، ناکەم، کە هەمیشە بالادەستە لە پێناسینی هونەرمەنداتی جهــان بە کورد. یان هەوڵ و کۆشتــەکــانی پەیکــە تاشی جهـانی «دارا حەمـە سەعی»مــان، هەوڵی هونـەرمـەنـدو ئەدیب «سـەعیـد زەنگـەنـە». بەتـایبـەتی لە تەلـەفیـزیـۆن و رادیـۆدا کە رۆشنبیـری هونـەر بۆ خەڵکی پەخش دەکـات، ئەمە بەرێـزانـەو چەنـدین مامـۆستـای بەرێزی تر، کە جێگە پەنجەیان بە رۆشنبیری‌یە هونەریەکەوە ئاشکراو دیارە.

ئەوەی بەم بەرهـەمـەوە دیـاری، بریتی‌یـە لە زاڵبـوونی کێشەی شانۆو هونەرو ئەدەبی شانـۆیـە، ئەمـە کارێکی ئاسـایی‌یـە، چونکـە خۆم «درامـاتیست»م، شانۆ پیشەم، بۆیە زیاتر بەلای شانۆدا شکاندومەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە لەیاد ناکرێ کە شانۆ نەك هەر تەنها دیارترین دیادە شارستانیەتەکان و هەنگاوەکانی پەرەسەندی بیـرو بۆچـوونی مرۆڤـە، بەڵکـو کوکـەرەوەو لە ئامێـزگـری گشت بابـەتەکانی دی هونـەرو ئەدەبـەو پەروەردەکـەرو گۆش کەرەیـانـە. چاکتـرین پێوەرو راستگۆترین ئاوێنـەی رۆژگـارمکـانـە لەگـەڵ ئەو جۆرە تایبەت مەندیەی شانۆ، بابەتەکانی دی پشت گوێ نەخراون، بەپێی پێوست ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

ئەوەی من مەبەستم بوو تەنها رێبازە سەرەکیەکان بوو، بۆیە هەر سێ رێبازە سەرەیکەکەم بەیاد کردوونەتەوە، ئەوەندە گوێم بە رێبازە لاوەکیەکان نەداوە، کەلە بنـەرەتـدا زادەی بوونی رێبـازە سەرەکیـەکـەن، کە سەرجـەمیان رەنگدانەوەی ئەو شەپۆل و رەوتانەی کە لە پای گورانکاریەکنەوە راست دەبوونەوە وەك. «پەرناسیزم Parnasseism» ، «رەفـریـەت ـ Symbolism» ، «ئیـمپـرێشینیـزم ـ Impressionim» ، «تـەعبیـرییـەت ـ Expressionism» ، «کـوبیـزم ـ Cubsim» داوایـزم ـDadism» ، ، «سـریـالـیـزم ـ Sarrialism» «ئـەبستـراکشنیـزم ـ Abstractionism» ، لەگـەڵ ئەمـانـەشـدا گەلێکی وەك «رۆشـنـکـاری ـ Enlightment» و «وجـودیـەت ـ Existantalism» و چەنـدینی دی.. ئەوەی جێگـای سەرنجـە بریتی‌یـە لەو دەیـان و چەنـدەهـا لق و تەرزەی لە رێبازی ریالیزمەوە سەریهەڵداوە، ناچاری کردم بە کورتی لەم دوایین

ڕێبازەیانەوە بدوێم، بۆ نموونە هەر لە هونەری شانۆدا پتر لە بیست لقی سەرەکی لێ بوتەوە لە مەودایەکی وادا جێگای نابێتەوە، ئەوەیان بۆ کاتێکی دی. ئاواتمە بتوانم شوناسنامەی بوون و ژیانم بهێنمەدی.

ئیتر ئێوە سەربەرز

ئەحمەد سالار

١٩٨٥/٩/٢٥

* * *

بەشی یەکەم

# ڕێبازی کلاسیزم

## لە هونەری شانۆدا

«ووتەیەك»

کلاسیزم لە ژیانی بیرو زانست و هونەردا گەورەترین پانتایی داگیر کردووە.. هێندە فراوان بوونی ئاسۆکان فراوان بووە.. بۆیە بەردەوام بینی جوگەلەیەکی لێ هەڵگرمە سەر کێڵگەی ڕۆشنبیریمان.. وەنەبێ توانیبێتم گشت بابەتە کلاسیزمەکان باس بکەم، چونکە گەلێك زۆرەو ووزەو گوزیکی فرەی گەرەکە.. هێندەی لەدەستم هاتبێ باسکردنی ڕێبازی کلاسیزم لە هونەرداو بەتایبەتی لە هونەری شانۆدا دەگوترێ خۆ هاویشتنە نێو دەریای بێ بنەو خەونی مەلەوانە هەرزە سەرەڕویەکانەو باڵدانی فرینە هەوراری هەوران جێگە شایانی خەرمانە خولیای تازە باڵگرتووانە. ئەوا ئێمەش کاڵە پێناوی ئەو چوونە کلاسیزمەو لاتەمان نایە بەرو بە ئومێدین دیاری شوانکارانیش پتر بێ لە پیشوك و هەڵەکوك... خۆ گەلێك جاریش داستانی ئەڤین و بلوێر ژەندنی کێوان بزوێنیشان بۆ هێناوین.

# زاراوەی کلاسیزم

لەسەر دۆزینەوەی رەچەڵەك و نەژادی ئەم زاراوەی کلاسیزمە «Classicime» چەندین راو بۆچوون هەیە، بەلای یەکێ لەو بۆچوونانەوە وایە کەئەم زاراوەیە زادەی وشەی «کلاسکۆس ـ Classicus» ە کە بەواتای ـ چین «الطبقة» دێت. رایەکی دی لای وایە کە ئەم «کلاسیکیزم ـ Classicisme» ە لە ووشەی «کلاسیز ـ Classise» ی لاتینی‌یەوە کەوتوتەوە، کە بە واتای پارچەیەکی کەشتی گەل دێت، ئەگەرچی ئەو کەشتی گەلە جەنگی بێ یان دەریایی رووت. پاشان ئەم زاراوەو وشەیە تایبەتی هەندێ خوێندنگاه بوو بۆ نیشانەکردن و جیاکردنەوەی ئەو جۆرە ئەدەب و زانستانەی بابەتی خوێندن و شیاوی ئەون بیری نەوەکانیان پێ رۆشن بکرێ.

ئەو ئەدەبە دێرینەی لە چنگی لەناوچوون سەرفراز بووەو نەمریی بەدەست هێناوەو بۆتە کەرەسەیەکی گونجاوی سوود بەخشی‌ی پەروەر دەکردنی هەست و هۆش.

دیارە هەر بەبۆنەو بونی ئەمەوەیە کە لە زمانی فەرەنگ و ئینگلیزەکاندا بەواتاو مەبەستی پۆلی وانەخوێندن سەپاندراوە دەڵێن «Classe - کلاس» زیندوێتی ئەم زاراوەیە مەوداکانی زمانی چڕو پڕکردووەو گەلێ جار دەدرێتە پاڵ وشەی دی‌و شێوەی «وەسپ» پێدان وەردەگرێ، وەك دەووترێ هونەرو ئەدەبێکی کلاسیکی، رەفتارێکی کلاسیکیانە، بۆچوونێکی کلاسیکیانە.. هتد.. لێرەدا بەپێویستی دەزانم یەکەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بەسەر بکەمەوە کە لە لایەن « ئولیوس جیلیۆس ـ Auliscellius» ی نووسەری «لاتین» ەوە بوو، لەسەدەی دووەمی زاین دا، کاتێ ئەم نووسەرە لەنووسراوێکدا دوو رستەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی دوو جۆر لە ئەدەب دەستنیشان کات، لەرستەیەکیان دا ووشەی «کلاسیکی»ی بەکارهێناوە، دەڵێ «سکریپتۆر کلاسیکۆش ـ Scriptor Classicus» واتە ئەو نووسەرە ئۆرۆستوکراتیەی بۆ کەمە کەسانێکی تایبەتی دەنوسێ، بۆ کەمایەتیەکی

## زاراوەی کلاسیزم:

لەسەر دۆزینەوەی ڕەچەڵەك و نەژادی ئەم زاراوەی کلاسیزمە «Classicime» چەندین راو بۆچوون هەیە، بەلای یەکێ لەو بۆچوونانەوە وایە کەئەم زاراوەیە زادەی وشەی «کلاسکۆس - Classicus» ە کە بەواتای - چین «الطبقة» دێت. ڕێەکی دی لای وایە کە ئەم «کلاسیکیزم - Classicisme» ە لە ووشەی «کـلاسیـز - Classise» ی لاتینی‌یـەوە کەوتـوتـەوە، کە بە واتـای پارچـەیـەکـی کەشتی گەل دێت، ئەگـەرچی ئەو کەشتی گەلـە جەنگی بێ یان دەریـایی رووت. پاشـان ئەم زاراوەو وشـەیـە تایبـەتی هەنـدێ خوێندنگاه بوو بۆ نیشـانـەکـردن و جیـاکـردنـەوەی ئەو جۆرە ئەدەب و زانستـانەی بابەتی خوێندن و شیاوی ئەون بیری نەوەکانیان پێ ڕۆشن بکرێ.

ئەو ئەدەبـە دێـرینـەی لە چنگی لەنـاوچوون سەرفراز بووەو نەمری‌ی بەدەست هێناوەو بۆتە کەرەسەیەکی گونجاوی سوود بەخشی‌ی پەروەر دەکردنی هەست و هۆش.

دیارە هەر بەبۆنەو بونی ئەمەوەیە کە لە زمانی فەرەنگ و ئینگلیزەکاندا بەواتاو مەبەستی پۆلی وانەخوێندن سەپاندراوە دەڵێن «Classe - کلاس» زیندوێتی ئەم زاراوەیـە مەوداکـانی زمـانی چرو پرکـردووەو گەلێ جار دەدرێتـە پاڵ وشەی دی‌و شێوەی «وەسپ» پێ‌دان وەردەگرێ، وەك دەووترێ هونەرو ئەدەبێکی کلاسیکی، ڕەفتـارێکی کلاسیکیـانـە، بۆچـوونێکی کلاسیکیـانە.. هتد.. لێرەدا بەپێویستی دەزانم یەکـەم بەکـارهێنـانی ئەم زاراوەیـە بەسـەر بکـەمەوە کە لە لایەن « ئولیوس جیلیۆس - Auliscellius» ی نووسەری «لاتین» ەوە بوو، لەسەدەی دووەمی زاین دا، کاتێ ئەم نووسەرە لەنووسراوێکدا دوو ڕستەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی دوو جۆر لە ئەدەب دەستنیشـان کات، لەرستـەیـەکیـان دا ووشەی «کلاسیکی»ی بەکارهێناوە، دەڵێ «سکریپتۆر کلاسیکۆش - Scriptor Classicus» واتە ئەو نووسەرە ئۆرۆستۆکراتیەی بۆ کەمە کەسانێکی تایبەتی دەنوسێ، بۆ کەمایەتیەکی

بەرزە ژیان و جیاواز لەرەشە خەڵکەکە. لەرستەی دووەمیا دەڵێ: سکریپتور پرۆلیتاریۆس - Proletarius Scriptor» واتە ئەو نووسەرەی بۆ جەماوەری گەل دەنووسێ. بەکارهێنانی ئەم وشەی «کلاسیکی»یە لەلایەن ئەو نووسەرە لاتینی‌یەوە بەمەبەستی ئەدیبی تایبەتی هاتبوو. بۆ ئەوانە دەنووسێ کە خۆش گوزەرانن و رادەی رۆشنبیریان بڵندە.

وەنەبێ مەبەستی لەوە بووبێ بڵێ ئەو ئەدیبەیە کە بەرهەمەکانی شیاوی خوێندنگایە. لەگەڵ هەنگاوەکانی رۆژگاردا چەندەها ئاسۆی بەربڵاوو مەودای فراوان هاتە ئاراوە، چەندەها پێوەرو ئەندازەی نوێی، زاراوەکە باڵی سەد تەرزی بەسەر سەدان چڵ و لقی تازە سەووزبوودا راکێشاو خستیە ژێر سایەی خۆیەوە بۆ چەشنەها واتاو مەبەست بەکارهێنرا، ئەگەر سەرنجی فەرهەنگی کۆری زمانەوانی فەرەنگ بدەین دەبینین ئەم زاراوەی «کلاسیزم - Classicisme» ە بەواتای ئەو نووسەرانەیە کە لە پلەی یەکەمدان، ئەوانە لە پێشەوەن و بوونەتە رابەرو نموونەیەکی نەمر، هەرچۆن بەرهەمەکانیان بەرگی رۆژگاری گرتووەو بەنەمری ماونەوە، ئەوانەی خاوەن سەلیقەیەکی بەرزو تەواون و پەنجەیان بۆ رادەکێشرێ لەلایەکی دیەوە بۆ ناوی ئەو ئەدەبە بەکار دەهێنرێ کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا جێگای خۆی کردەوەو خاوەنەکانی ناوداربوون و پاشان لەسەدەکانی دوای ئەو سەدەیە شدا لەلایەن ئەدیب و هونەرمەندانی دیەوە شوێن پێیان هەڵگیراو لاسایی کرانەوە ئەوانەی بە «کلاسیزمە نوێ - یەکان - Neo - Classicism» ناو دەبرێن.

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە لەسەدەی بوژانەوەدا «رێنیسانس - Renaissance» و بەتایبەتی لەلایەن هومانیزمەکانەوە Humanists» بەشاکارە «گریك»ی و «رۆمان» یەکانیان دەووت «کلاسیکی».

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمیشدا ئەم زاراوەیە بەواتای ئەو ئەدەبە دەهات و بەکار دەهێنرا کە پێچەوانەی «رۆمانتسیزم - Romantisme» بێت. واتە ئەو ئەدەبەی شایانی شوێن پێ هەڵگرتن و لەسەر رۆیشتن و خاوەنی داب و

دەستووریکی تایبەتی ڕێك و پێکە لەسەر یاساکی ناوەنجی بۆیە «غونە»ی شاعیری بەناوبانگی ئەڵەمان سووربوو لەسەر ناونانی ئەدەبی باش و ساغ بەکلاسیك بەدەردەداریش بووتری «رۆمانتیك».
پووختەکەی ئەوەیە کە ئەم زاراوەیە دوو واتا سەرەکی دەگەینی:

یەکەم - ئەو نووسەرو بەرهە مانە دەگرێتەوە کە شیاوی خوێندنگان بۆ پێگەیاندنی قوتابیان و پەروەردەکردن.
دووەم - واتا زاراوەیی‌یەکەش ئەو جۆرە ئەدەب و هونەرە دەگرێتەوە کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا لە ئەورووپا سەری هەڵدا.
سێیەم - ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لەسەر ڕێو شوێنی چوار مەزنە شاعیرە داهێنەرەکەی گریك لەدایك دەبوو واتە شوێن پێ‌هەڵگرتنی - ئەسکیلیۆس - یۆربیدس - سۆفۆکلیس، ئەرستۆفانیس کە شاعیرانی گریك و پاشان رۆمان لەسەری ڕۆیشتن و ڕێ‌ی‌نماییان کردن. دوای ئەوانیش لەرۆژانی یوژانەوەدا «ریناسانس» هەمان ڕێچکەیان گرت واتە پێشوویان دەگێرایەوە. «محاکاة القدیم».
چوارەم - زاراوەی «کلاسیك» بە «کلاسیزم»ی سەدەی حەڤدەهەم دەوترێ.
پێنجەم - بەو بەرهەمە گەورانەی بایەخێکی مەزنی جیهانیو هونەرییان هەیە.
شەشەم - زاراوەیەکە بۆ گشت بەرهەمێکی پەسەندو دانسقەو ڕەسەن بەکار دێ، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیو کەلەپوورو پەروەردەو ئەدەب و هونەردا.

پەیدابوونی کلاسیزم

داب و دەستوورو یاساکانی ڕێبازی کلاسیزم لە دوو کتێبی ڕەخنە سازی‌یەوە هەڵێنجراوەو ئیلهامی لێ‌وەرگرتووە کتێبی «هونەری شیعر - Arspoetica» «ئەرستۆ - Aristotle, 384 - 22 پ ز»ی «گریك»یو «هۆراس - -.65 - 8 - Horace پ. ز» ئەوە بوو ئیتالیاییەکان لەسەدەی شانزەهەمدا بۆ چەند جارێك ئەو دوو شاکارە مەزنەیان وەرگێڕا بوونە دوو هەوێنێ بەپیتی‌ی چەشنەها باس و

خواس بواریکی فراوانی راهێنان و لەئـەنجـامـدا بنچینـەو بنـەمـا سەرەکیو سەرەتایی یەکانی کلاسیزمی لێوە هاتەدی. ئەوە بوو لەساڵی «1674 - ز» دابویلۆ ـ Boilod 1636 - 1711 ز» کتێبێکی بەناوی «هونەری شیعر Artpoetica» وە نووسی لەو نووسراوەیدا ڕەنگ و ڕواڵەتەکانی کلاسیزمی چەسپاندو بناغەکانی دارشت. توانی گیانێکی سەردەمانە بەرێبازەکە بدات. لەبەر ئەو هەموو گرنگیەی «ئـەرستـۆ»و «هـۆراس»و ئەو هەمـوو کارە زۆرەی لەسەر ڕێبازی کلاسیزم، بۆیە بەرەوام زانی لەم باسەدا نمایشیان بکەم.

لەسـەرەتـاوە «هـونەری شیعر»ی «ئەرستۆ»: ـ لەبواری هونەرو هونەرو ئەدەبدا گرنگتـرین کتێبی «ئـەرستـو» یە لە ساڵی «1498» ز. وەکـاتی بۆ یەکـەم جار لەشاری «ڤینیسیا» بەزمانی ئیتالی بڵاوبوویەوە، لەودەمەوە دەستەڵاتداری ئەرستۆ بەسەر جیهانی ڕەخنە سازیو را دەبرینەکان و تیۆرە هونەرییەکانیدا بری، واتە بەدرێژایی سەدەکانی شانزەهەم و هەژدەهەم لەکاردابوو، بەڵکو لە گورەی ڕەنگ دانەوە دابوو، لەتەك ئەم دا «هۆراس»یش وەك ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی کلاسیزم دەدرەوشایەوە.

ئەمیش بەهـۆی کتێبـەکـەیـەوە «هـونـەری شیعـر» «ئەرستۆ» لە نووسراوەکەیدا «هـونـەری شیعـر» بۆ یەکـەم جار لەمێـژووی مرۆڤـدا ڕەنـگ ڕووەکانی کلاسیزم بەیاساو توخم و گەوهەرەکانیەوە کێشرا.

«ئـەرستـۆ»ی زانـاو فەیلەسـووف و دامـەزرێنەری «منطق»و گەلێ لقی دیکەی زانیـاری. کە «مـارکس ـ Marx 1818 - 1883» بە «مـەزنتـرین بیـرکەرەوەی چاخە دێرینەکان» دایدەنێ، بەلای «لینین ـ Lenin 1870 - 1924 ز» یشەوە «ئـەو فەیلەسـووفـەیـە کە زۆر بەلای ماتەریالیزمدا نزیك دەبێتەوە» ئەم زانا مەزنە کارێکی ئەوتۆی کرد کە لەرۆژگاری بوژانەوەو «ریناسانس ـ Renaissance» تا ئەمـرۆکـە زۆربـەی سەرقـاڵیو کاری ڕەخنـەسـازان هاتـۆتە سەر شیکردنەوەو دەمەتەقی کردن لەسەر مەبدەئەکانی ئەرستۆ تالیسانەو نیمچە ئەرستۆییانە.

لەرۆژگـارێکـدا ژیـاوە کە هاوژیـانێ دەیـان شاعیـری شانۆ نامەنووسی شوێن

پێ‌هەڵگری سێ باوکە مەزنەکەی دراما کەوتبوون کە بریتی بوون لە «ئەسکیلیوس - سوفوکلیس، یورپیدس» بەرهەمی ئەو زنجیرە یەك لەدوای یەکەی دیبوو.

لەسەر ڕێبازی شی‌کردنەوە سەرنجی یەکە یەکەمی شانۆنامەکانی داوە. پارچە پارچە وەری گرتتوون و لەبارەی بایەخ و توخمە دراماتیکیەکانیانەوە دواوە، هەڵساوە بەجوێ کردنەوەی بابەتەکان و جۆرەکانی، پاشان ڕای لەسەر ڕەنگ و بۆو خاڵە گرنگ و جوێ کەرەوەکانی داوە، لەم تاوتوێ‌کردنەدا مەرج و هاوبەشەکانی بینیوەتەوە.

سەرەتا بەجۆرەکانی شیعرو پیشەکانی هەر جۆرەیان دەست پێ‌دەکان شیعر بەگێرانەوە «المحاکاة - Lmition» دادەنێ هەر لەسەر ئەم تیۆرەی جیاوازی جۆرەکانیشی دەست نیشان دەکات هەرچۆن بەپێی هۆو بابەت و کەرەسەو شێوەی گێرانەوەکە جوێ دەبنەوە، پاشان هۆی بوونی شیعرو دروست بوونی پێویستیی بەبوونی دەباتەوە سەر مرۆڤ خۆی‌و دەیباتەوە بۆ سەرچاوەی دوو «نزعە»ی سروشتیی مرۆڤ، «نزعە»ی گێرانەوە کە ئەمەیان تەنهاو تایبەتمەندی مرۆڤەو جوێ کەرەوەیەتی لەگشت گیانداارانی هەرچۆن ئەو ئامادە بوونەی بۆ گێرانەوە هەیەتی لە چ گیانداریکی دیدا نی‌یە.

ئەمەش کە لەمنداڵی‌و سەرەتاوە تیادا دەردەکەوێ. دووەمیان بریتی‌یە لە «نزعە»ی حەزکردن بەگونجاندن و تەبایی‌ی.

پاشان نووسەر لەبارەی پەرەسەندنی جۆرەکانی شیعرەوە دەودێ دەچێتە سەرباسی تەراژیدیا نامەو کۆمیدیانامە بەپێی ڕەوشت و خووی شاعیرەکەش جۆری بەرهەمەکە جوێ دەکاتەوە، گوایە ئەوانەی ڕەوشت بەرزن ڕووداوی بەرزو مەزن دەگێرنەوەو ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەوانن باسی ناشیرین دێنە ئاراوەو جنێوو هێرش بردن دەنووسن.

دوا بەدوای ئەو باسە دێتە سەر پێناسەکردنی بابەتی گاڵتەجار «فارس - Farce» جیاوازی‌یەکانی نێوانی‌و بابەتی «کومیدیا - Comedy» دەستنیشان دەکات ئەوسا خاڵە سەرەکیە جوێ کەرەوەکانی لە تەراژیدیا نامە دەردەخات

بەوردی پێناسەی تەراژیدیا دەکات و گەوهەرە بنەرەتیەکانی دیاری دەکات لەگەڵ هەڵوێستەیەك لەسەر مەبەستی سەرەکیی کە بۆ ئاکامی «پاگژ بوونەوەیە ـ Cathersis».

دەڵێ: «کەواتە تەراژیدیا بریتیە لە گێرانەوە مەزنە فەرمانێکی تەواو درێژیەکی دیاریی هەیە، بەزمانێکی ڕازاوە بەچەشنەها ڕەنگی جوانیی، دەگۆڕێ بەپێی پارچەکانی. ئەم گێرانەوەیەش لە ڕێگای کەسانێکەوەیە فرمان دەکەن نەك لەرێگای حەقایەت کردنەوە، ترس و بەزەیی دەبزوێنێو پاگژبوونەوە بەدەست دێنێ»[1].

لەبەشی حەوتەمدا «ئەوستۆ» لە «قیمە» دراماتیکیەکانەوە دەدوێ باسی فەرمان و ڕووداو دەکـات و دەڵێ دەبێ فرمـانێکی تەواوبێت مەبـەستی لەفـرمـانی تەواو ئەو فرمانەیە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی تێدابێت، دەبێ درێژەپێدانی تێدانەبێ.

ئەوەی شایـانی سەرنجـە بریتیـە لەبـاسیی یەکـەی ـ Unity» بابـەت. بەکارێکی پیویستیی دادەنێو لەبارەی کات و شوێنەوە بەڕەوای دەزانێ ڕووداوەکە لەشوێن و کاتێکی دیاریی کراودا بێت.

ئەم مەسەلەی یەکێتیە بوو لەلای زانایانی ڕەخنە سازیی «سەدەی ژیانەوە» بووە کەرەسـەیـەکی بەپیت و پێـزی چەنـدوو چوون لەسـەرکـردن مەبـەست لەو یەکێتیانە، واتە بابەت وز کات و شوێن لەوەبوو کە تاکە فرمان و ڕووداوێکی سەرەکی بێو چ ڕووداوێکی دی لەلاوە تێهەڵکێش نەبێو کار کاتە سەر ڕۆخ و دۆخی ئەم یەکێتی یەیان بە پێویست و یەکەم دانراوە. بەڵام ئەوانەی دی پەیوەستی بوونی هەرچـوّن دوویـەکـەی دی چ شوێن و چ کات بەهـۆی قەوارە بابـەتـەوە بەستراون، گەلێ لێکدانەوە بۆچوونی بۆ قووت بوویەوە. لەبارەی کاتەوە گوایە دەبێ لەمـاوەی ڕۆژێکـدا یان شەوو ڕۆژێکـدا بەسـەرهـاتـەکـان کۆتـاییان پێ بێ لەبارەی شوێنیشەوە لە شارێکدا یان شوێنێك زیاتر نەبێ. واتە شارەو زۆر دوور کەوتنەوەی تێدا نییە.

لەبەشی نۆیەمیشدا هەر لەسەریەکەی یەکەی فرمانەوە شیعرو مێژوو لێك جوێ ئەکاتەو. شیعر بەوەدا کە ئایدیایەکی نموونەیە بەڵام مێژوو وێنەو نیگاری ڕوداوە

ریالیستی‌یەکان دەکێشی.

دوابەدوای ئەم بابەتە دەچێتە سەر باسی داستان و چیرۆکەکانەوەو دەستنیشانی جۆرەکانی دەکات: دەڵێ: -

«وەك باسمان لێوە کردو ئاشکرایە کە کاری تەواوی شاعیر گێڕانەوەی شتەکانی نی‌یە وەك چۆن کە ڕووی داوە، بەڵکو گێڕانەوەی ئەوەی دەلوێ‌و دەبێ ڕووبدات، ئەو شتانەی کە دەبێ! یان بە پێی ڕەنگە ببێ، یان بەپێی پێویستی‌ی، چونکە جیاوازی نێوان مێژوو نووس و شاعیر لەوەدا نی‌یە کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێ ئەوی دییان بە شیعر... لەبەر ئەوەیەو کە شیعر لە فسەفە بەختیارترەو لە مێژووش بڵندترە، لەبەر ئەوەی شیعر گشت بەسەر دەکاتەوەو بەڵام مێژوو کەمایەتی![٢]».

بۆ جارێکی دی لەبەشی سیانزەهەمدا دەچێتە سەرباسی تەراژیدیا نامەو - لەبارەی گرێ ڕووداوو خوو ڕەوشتی پاڵەوانەکەیەوە دەدوێ، باسی ماقووڵی ڕووداوو پاڵەوان دەکات، لای وایە دەبێ لەبوون و خەڵکی نێو ژیانەوە بچێ، ڕەوشتی چاك بێ‌و لە هەڵەو نەزانینەوە گیرۆدەی دەردو بەلا بێ، نەك لەتاوانکردنەوە، ئەمانەو گەلێ هۆو شتی دی تا بتوانێ ترس و بەزەیی ببزێنێ‌و ئاکام بەچنگ خات.

دەڵێ. «دەبێ چیرۆکەکە ئاسان بێ تا چاك دەرچێ نەك وەك هەندێك دەیانەوێ کە تێکەڵ بێ، گۆڕانێك ڕوودات لە بەختیاری‌یەوە بۆ کوێرەوەری نەك بەپێچەوانەوە. ئەم گۆڕانەش لەتاوانکاری‌یەوە نەبێ، بەڵکو لە هەڵەو بێ ئاگایی‌یەوە...[٣]».

«ئەرستۆ» لەبەشی حەڤدەهەمی نوسراوەکەیدا ڕێنمایی شاعیرانی تەراژیدیا نووس دەکات، خۆیان لەهەڵەی نەگونجاندن بپارێزن، لەڕەنگ کێشانی «عاتفە»دا لاواز نەبن، کە دەنووسن خۆیان بخەنە شوێنی بینەران و لەچاوی ئەوانەوە سەرنج بدەن، لەکاتی نووسینەکەشدا شێوەی نمایشکردنەکەش، بهێننە بەر چاویان، هەروەها پێیان ڕادەگەیەنێ کە لەگشتەوە بچنە پارچەی بچووك نەك

بە ئاوەژووووەو، دەڵێ «لەسەر شاعیر پێویستە کۆشش بکات نمایشی کەسەکان لە بیـری خۆیـدا نمـایش بکـات، چەنـدەی پێکـرا، هەڵـوێست و جوڵاتـەوەیـان، بەتواناترین شاعیرانیش ئەوانەی هاوهەستی کەسەکانیان بەخەڵکی دەکەنەوە.

بەحـەق چاکتــرین کەسێ بۆ دەربــڕینی باری کوێـرەوەری ئەو کەسـەیـە لە کوێرەوەری‌دا بێ، لێهاتوترییش بۆ دەربڕینی توڕەیی ئەو کەسەیە بتوانێ دڵی پڕ لەتوڕە بوون بکات...»[٤]

پاشـان شاعیـری بلیمـەت کە بتـوانێ گرێی تەراژیـدیـاکـەی بکـاتەوە کە بە ووردی‌و چاپوکی چیرۆکەکەی هۆنیوەتەوە..

لە دوایین بەشەکاندا باسی «الحبكة ـ HPLOT» و ئاکام یان چارە «الحل Denouement» وەهـەروەهـا چوار جۆر تەراژیـدیاش ناو دەبات. دێتەوە سەر باسی بیـر «Idea» و فرمـان «Action». لەبـەشی بیستـەمیشـدا. خانە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی زمان دادەنێ‌و پێناسەیان دەکات، ئنجا لە زمانی شیعرەوە دەدوێ. بۆ جارێکـی دی سەر لەبــاسـی بەیت و داستــان دەدات و ئاوڕ لە هۆمیــرۆس «Homeros سەدەی 9 پ ز» شاعیری خاوەنی «ئەلیازە ـ وئۆدێسا» دەداتەوە.

لەبەشی بەر لە کۆتایی‌دا لە بارەی گیروگرفتەکانی ئەدەبەوە دەدوێ باسی هۆو بونیان دەکات.

لە دوایین بەشدا بەراوردی تەراژیدیا بە بەیت دەکات و تەراژیدیا بەچاکترو مەزنتر دەداتە قەڵەم ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو توخمە گرنگانەی کەتیایدا کۆبوتەوە.

ئەمە نمایشێکی سەرپێیانەی کتێبی «شیعر»ی «ئەرستۆ» بوو.

## کتێبی «هونەری شیعر ـ Ans Poetica» ی هۆراس: ـ

کتێبی «هونەری شیعر»ی هۆراس «Horas ـ پ ـ ز 65 - 8 ز» بەدووەم چاوگ و ئیلهام بەخشی پتەوی تیۆردانەرانی سەدەی بوژانەوە دادەندرێ لەتان و پۆی کلاسیزمدا خۆی دەنوێنێو لە دارشتنی بەردی بناغەو راگیرێکی گرنگە، بۆیە لەم باسەمدا شوێنێکم بۆ تەرخان کرد.

«باریت ـ H. Clark Barreytt -» لە بارەی ئەم بەرهەمەی «هۆراس»وە وتوویەتی: ـ «گرنگی لەباسی شێوەو نووسیندایە.. دەبێ شانۆنامە نووس لەقەوارەی پێنج بەش و مەسەلەی کۆرس و ئەوانەی دی دەرنەچێ، واتە لەرێك و پێکیو چێژ بەرزی دەرنەچێو پشت گوێی نەخات..»(٥) لە لای هەندێ رەخنەگران وایە کە چامەی «هونەری شیعر»ی «هۆراس» بەر لەوەی گوتارێکی رەخنە سازی بێ نامەیەکە. لەسەرەتاشەوە هەر بەنامەیەك دەست پێ دەکات کە ئاراستەی بنەماڵەی «پیزۆ»ی دەکات کە بنەماڵەیەکی خانەدانی رۆمانین، کۆتاییەکەشی بە ئامۆژگاری کورە گەورەی ئەو بنەماڵەیە دێنێ.

ئەوەی سەرنج راکێشە بریتییە لەو پچر پچرییەی بەم کتێبەوە دەبینرێ لە باسێکەوە بازدەداتە باسێکی دی، رەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێ کە وەك زانراوە نووسەر لەماوەیەکی پچر پچردا نووسیویەتی، وەنەبێ بۆی دانیشتبێو لە ماوەیەکی دیاری کراودا تەواوی کردبێ تەماشا دەکەین لەباسکردنی توخمەکانی وێژەوە باز دەداتە سەرباسی گیروگرفتەکانی رۆمان و لێوە کەوتووەکانی، پاشان خۆی لەباسی «دراما» دەدات و باسی رێو شوێنەکانی دەکات، کتوپر بەلای شیعری بەیتەوەی بادەداتەوە، دوا بەدوای ئەو باسە دێتەوە سەر باسی سەرهەڵدانی دراما. پاشان گێرمەو کێشەی هونەرو بەهرەو ئیلهام، جارێکی دیش بۆسەر باسی دراما دەگەرێتەوە، لەباسێکی دیدا باسی کارو پیشەی شیعر دەکات، ئنجا گەرانەوە بۆ سەر ئیلهام و هونەر، لەپردا بەسەر دەم لوس و خۆ بەرەوەپێشەکاندا دەتەقێتەوە، بۆ جاری چوارەمینیش لەتەنگ و چەڵەمەو گیروگرفتی هونەرەوە دەدوێو کۆتایی پێ دێنێ، لێرەدا پارچەیەك لە سەرەتای دەقەکە تۆمار دەکەم: «هۆ دۆستینە: ئایا

لەپێکەنین دەکەون ئەگەر هات و بۆ بینینی وێنەیەك بانگ کران کە وێنەکێشەکەی ویستبێتی سەری ئادەمیزادێك بەملی ئەسپێکەوە بلکێنێ، یاخود ویستبێتی لەگیانلەبەرێکدا ئەندامانی لەشی توخمە ئاژەڵە جیاوازکان کۆ بکاتەوەو بەپەر دایان پۆشێ، کە لە هەموو باڵداران ئەیانخوازێتەوە. یاخود ویستبێتی گیاندارێك دروست بکات کە نیوەی سەرەوەی ئافرەتێکی جوانی شۆخ و شەنگ؟ هۆ بنەماڵەی پیزۆ، کتێبێك کە ئەو وێنەو خەیالانەی تێدان هەروەك زیندەخەونی پیاوی نەخۆش نایەنە دیو دووبەش - جزء - لەبەشەکان لەیەك کۆی یەك پارچەدا پێکەوە نانووسین، ڕاست وەك ئەو وێنەیە کە بینیتان. «هەمیشە شاعیران و وێنەکێشان لەسەربەستی داهێناندا مافی وەك یەکیان هەبووە»(٦) .

لەبەشەکانی کۆتایدا دەڵێ: «ئەگەر دیاری یەکت بەیەکێك بەخشی یاخود ویستت پێی ببەخشی ئەوا لەو کاتەدا دڵی بە دیارییەکە زۆر خۆشە، شیعرێکی پێشان مەدە کە خۆت دات نابێ چونکە ئەو کاتە هاوار دەکات و ئەڵێ: «جوانە، باشە! «دروستە!»(٧)

لەهەمان بەشدا لەبارەی ڕەخنەگرەوە دەڵێ: «پیاوی ئەمین و زیرەك پەردە لەسەر شیعری لاواز لا ئەبات و ڕەخنە لە شیعری ڕەزا قورس ئەگرێو نیشانە لەسەر شیعری خراپ دائەنێو خۆی لەباق و بریقی بێ سوود دوور ئەگرێ داوات لێئەکات عیبارەتە تەم و مژاوییەکان ڕوون بکەیەوەو ئیشارەت بۆ ئەوانە ئەکات کە پێویستە بگۆڕدرێن»(٨) .

## بابەتەکانی «هونەری شیعر»ی هوراس: -

## یەکەم بابەت گریك و رۆمان: -

دەربڕینی ئەو هەمموو هەستەی «هۆراس» بەرامبەر گەیاندنی گشت شتێکی «گریك»ی لەپای بوژاندنەوەو تەکاندان بەراپەڕینی ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبی «لاتین».

لەم ڕووەوە سوور بوونێکی تەواوی پێوە دیارەو داکۆکی لەکارە دەکات، بۆیە بەپەرۆشی و سەرسوڕمانەوە لە جوانی و بەهرەو هونەر بەرزێتی «گریك»ەوە دەدوێ. بەرێزەوە چاو بەمەزنێتیی کەلتوریاندا هەڵدەهێنێ.

بۆنموونە لەدێری «323 تا 324» لەم ڕووەوە لەنووسراوەکەیدا دەڵێ «خواوەندی شیعر Muse بلیمەتی بەگریکەکان بەخشیوەو توانی دارشتنی ووشەی پڕ مۆسیقای بەگریکەکان داوە، چونکە ئەوان تەنها هەر تامەزرۆی شکۆبوون»[٩]

## دووەم بابەت: مەبەست و کاری شیعر: -

لەم ڕووە دەیەوێ دەست نیشانی مەبەست و کارەکانی شیعرو ئەدەب بکات و هەڵیان بسەنگێنێ و بایەخیان دیاربکات، هەروەها دیاری کردنی شوێن و جێگای ئەدەب لەنێوان دیاردە چالاکی یەکاندا.

لەدێر «333» وە لەم بارەیەوە، واتە لەڕوی مەبەست و ئەرکی شیعرەوە دەڵێ: «مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە، یاخود لەزەت پێ گەیاندنە یان لەیەك کاتدا: ئارەزو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە. ئەگەر بتەوێ سوود بیەخشی شت بەکورتی بڵێ، تامێشکی خەڵکی بەخێرایی و ئاسانی قسەکانت وەربگرێ و بەئەمانەت لێیان تێبگات»[١٠]

بەم پێیە «هۆراس» سێ مەبەستی سەرەکی بۆ کاریی شیعر دەست نیشان کردووە: کە یەکەمینیان سوود بەخشینەو دووەمینیشیان چێژی خۆشی پێگەیاندنە،

سێیەمینیشیان مەبەستی لەئارەزو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە.

## سێیەم بابەت: دراما: -

لەبارەی دراماوە کۆمەڵە رایەك دەردەبڕێ، کەتێکرایان لەراو بۆچونەکانی «ئەرستۆ»وە وەرگیراون کە لە کتێبی «هونەری شیعر»دا تۆماری کردوون.

«هۆراس» باسی پێویستیو جۆری پێکهێنانی دراما دەکات ورێ نمایی شانۆ نامە نووسان دەکات. ئەوەتا لەبارەی شارەزا بوون بەباری دەرونی کەسانەوەو ناسینی باری ئارەزووی بینەران، دەم دەکاتە شانۆ نامە نووسان و دەڵێ: «ئەگەر بتەوێ جمهورێك بە دەست بهێنی کە سڵاوت لێ ئەکات و چاوەڕێ بێ هەتا پەردە دادەدرێتەوەو ئەکتەرەکە ئیشارەتی چەپڵە لێدانی ئەداتێ، پێویستە لەخاسیەتەکانی هەموو قۆناخێك لەقۆناخەکانی تەمەن زۆر شارەرا بێت، ئەو «طبائع» انەیان پێ بدەی کە بەپێی جیاوازی ساڵەکانی تەمەن دەگۆڕێن»[11].

هەر لەسەر هونەری دراما نووسین دەرواو دەڵێ: «یان دەبێ رووداوە کانی دراما لەسەر شانۆ روو بدەن یان هەواڵی رووداوەکانیان بگێردرێتەوە ئەوەی بەگوێ دەیبیستین لەوە کەمتر کارمان تێ ئەگات کەدەکەوێتە بەرچاوێکی ئەمین و بینەرەکە خۆی بۆی ساخ دەبێتەوە، بێجگە لەوەش پێویستە ستێك لەسەر شانۆ پێشکەش نەکەیت کە بۆ پشت پەردەدەست ئەدات، وەدەبێ زۆر شتمان لێ بشاریتەوە کەپێویستە ئەکتەر لە کاتی خۆیدا لەبەر چاومان بیگێرێتەوە. رێگامەدە میدیا لەبەر چاوی بینەران کورەکانی سەربڕێ، یان ئەتریوس گۆشتی ئادەمیزادێك بە چێشت لێ بنێ، یاخود «پروکینە» ببێ بە باڵندە، یان کادمۆس ببێ بەمار، زۆر قینم لەوە دەبێتەوە کە ئەو جۆرە شتانەم پێ نیشان بدەی چونکە لەو راددەیە بەدەرن کە بەخەیاڵدادێ»[12].

لەبارەی جۆری پێکهاتنی شانۆ نامەوە دەست نیشانی چەند شتێك وەك «مەرج» دەکات. دەڵێ: «پێویست لەپێنج فەسڵ تێنەپەرێو لەوەش کەمترنەبێ»[13].

هەروەها داوای بەشدار نەبوونی ئەکتەری چوارەم لە دیالۆگدا دەکات. لەبارەی هاوبەشی کردن بەخواوەند لەکاری رووداوە درامی‌یەکەدا بەرەواو ماقول دانانێ. تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە «گرێی» شانۆیی‌یەکە پێویست بەو بەشداری‌یە بکات. لەبارەی کۆرسیشەوە بەپێویستی دەزانێ کە بەرەی کەسە چاکەکان بگرن و رێنمایی بکەن، هەق پەروەربن و رێگای راست بگرنەبەرو لەخوداوەندان نزامی گەرانەوەی بەختەوەری بۆکڵۆلان بکەن، چاکە سەر خەن و ئامۆژگاری دڵسۆزانە بکەن و تورە بوون بگۆرن بەهێمنی.

دەڵێ: «با کۆرس پیاوانە دەورو ئەرکی ئەکتەر بگێرێ ئنجا پێویستە لەنێوان فەسڵەکاندا تەنها ئەو گۆرانیانە بڵێ کەخزمەتی مەبەستی رۆمانەکە دەکەن و بەتەواوی لەجێگای خۆیاندان»[١٤] لەسەر بابەتەکان و بەشەکانی «دراما» دەدوێ.

تەراژیدیاو شێوەو ناوەرۆك و بابەتی، جیاوازی نێوانی ئەوو ئەواتی‌دی بەتایبەتی «ساتوری نامە».

دەڵێ: «لەتەراجیدیا ناوەشێتەوە کە بەشیعری بازاری دەببررێ، چونکە وەك خاتونێك دەچێ کە داوای لێ‌کرابێ لەرۆژی جەژندا سەما بکات و بە پارێزو شەرمەوە تێکەڵ بە ساتیرو ورێتە کانیان بێ»[١٥].

لە بەشێکی تردا یادی «تیسپس ـ Thespis» ی یەکەم ئەکتەر دەکاتەوە، کەچۆن جۆرە ئەدەبێکی نوێی هێنایە بوون و بەر لەو پەییان پێ نەدەبرد، کەچۆن چۆنی ئەو هونەرمەندە هونەرەکەی هەڵدەسوران و رایی دەکرد، ئەوسا ئاور لە «ئەسکیلۆس ـ Aischylos» دەداتەوە. ئەم پارچەیەی لەرووی مێژوویی‌یەوە بایەخێکی زۆری هەیە چونکە رۆژانێکی سەرەتای ژیانی «دراما»ی روون کردۆتەوە. دەێ جارێکی دیش بڵێیتەوە کە «ئەرستۆ» چاووگەو ئەمیش شوێن پێ‌هەڵگریەتی، لەبارەی بیرەوەری داهێنانەوە دەڵێ: «دەربارەی تیسپس وادەگێرانەوە، کەجۆرە ئەدەبێکی داهێناوە پێش خۆی نەناسراوەو بریتی‌بووە لەشیعری تەراجیدیا، هەروەها ئەگێرنەوە کەشانوگەری‌یەکانی لەنێو چەند عەرەبانەیەك داناوە بۆ ئەوەی کەسانێك کەدەم و چاویان بەپاشماوەو بەرماوەی

شەراب پیش بووە پێشکەشیان بکەن.
دوای ئەوە ئەسخیلیۆس داهێنەری ڕووپۆش و شەروالی بریقەدار، شانۆی بەلەوحەو داری کورت تەختەڕێژ کردووەو ئەکتەرەکانی فێر کردووە کە چۆن دەنگیان بەرزبکەنەوەو چۆن بەبێلاوی بەرز برۆن. ئنجا کۆمیدیا کۆن لەدوای ئەمانەوە هاتووە، کە جێگای وای تیابو کەستایش کردنێکی زۆر هەڵبگرێ»(١٦).

# چوارەم بابەت: پیشەی ئەدەب و هونەرو بەهرە: -

لەبارەی پیشە سازی هونەرەوە دەدوێ‌و باسی کرنگی کاری بەهرە دەکات. باسی بلیمەتی‌و بەهرەداری زگماکی‌و خەیاڵ فراوانی دەکات. ڕوو دەکاتە پیشە سازی شیعر لەبڕگەی «408» دا دەڵێ «ئایا قەسیدەی ناسك بەرهەمی سروشتە یان هی هونەر» پاشان لایەنی ڕۆشنبیری گشتی‌و بەهرەی زگماك بەزەمینەی زانمکەری سەرکەوتن دادەنێ. لەلای «هۆراس» بلیمەتی بەهرەیەکی یەزدانی‌یە. دەڵێ:
«فێزتان لەو قەسیدەیە بێتەوە کە ڕۆژگارو چاککردنی یەك لەدوای یەك دەیان جار مشت و ماڵیان نەکردبێ‌و کە ئەگەر وەك نینۆکی لەبنداکراو خاوێن نەکرابێتەوە».
لەبارەی نووسەری سەرکەوتووەوە ڕای وایە کەنووسەر دەبێ بابەتێ هەڵبژێرێ کە لەتەك توانایدا بگونجێ، هێندەی توانای خۆی نەکەم، نەزۆر، بۆ ئەوەی بینەرانیش بەپەرۆشەوە تێ‌ی بروانن دەبێ کەسەکان بەشێوەیەك خوڵقێنرابن وەك چۆن لەژیاندا هەن. هەروەها تێگەیشتنی تەواو بەبنچینەی هونەری نووسین دادەنێ. جگە لەمانە گەلێ تێبینی‌و ڕێنمایی لەبارەی نووسینەوە دەخاتە ڕوو.

## پێنجەم بابەت: شاعیر: -

بەرایەکانی «هۆراس» دا دەردەکەوێ بەهۆی زۆر بونی شاعیری بێ توانا، یان بڵێین بەزۆر بو بەشاعیر، وای لێهاتووە کەگەلێك بەتوندو تیژی هێرش بەرێتە سەر شاعیـران بەرادەیـەك کەبـە «شێت» دەیـانـداتە قەڵەم!، لەبڕگەی 465 وە دەڵێ: «بـەهـەرحـاڵ ئەو شێتـە، وەك وورچ وایـە کە ئەگـەر شیشی قەفـەزەکـەی خۆی بشکێنێ خەڵك بەزاناو نەزانەوە لەبەری هەڵدێن لەترشی ئەوەی توشی ئەو بەڵایە بن کە شیعرەکانی خۆی بۆ ئەوان بخوێنێتەوە».

## ئاکام و بەراوردێکی خێرا: -

هەرچەندە «هۆراس» لەنووسینی «هونەری شیعر»ە کەیدا ویستویەتی لاسایی «ئەرستۆ» بکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبواری بەراوردکردندا گەلێ جیاوازی دەچینینـەوە. لەسـەرەتـاوە شێـوەی دەست پێ کردن و چونـە ناو باسـەوە، پاشـان دابـڕبـونی «هـۆراس» لە ڕێبـازەشی کردنەوەکەی ئەرستۆ. وون بوونی ئەو جۆرە زانستی‌یەی لەسەر شێوەیەکی ڕێك و پێکی ماقوڵ دەڕوا. بەڵام لای «هۆراس» پچڕ پچڕێتی‌و هەڵبەزو دابەزو بازدان دەردەکەوێ‌و دەبینرێ.

«هـونـەری شیعـر» ەکـەی «هـۆراس» شێـوەی نامـەیـەکی ئامۆژگاری کردن و ڕێنمـایی گرتـوتـە بەر، بەپێچـەوانەی «ئەرستۆ»وە کە شێوەی شیکردنەوەی شیعرو بەتایبەتی درامای گرتوتە ئەستۆ، جگە لەوەی لەلای «هۆراس» ئەو جۆرە تایبەت مەندی یەکەی بابەتەی وەرنەگرتووە. وەنەبێ تەنها لەدراماوە بدوێ، بەڵکو گشت جۆرەکانی شیعرو ئەدەب.

ئەو ووردی‌و قوڵی‌یـەی لەکتێبـەکـەی «ئـەرستـۆ»دا دەبینرێ، لەلای «هۆراس»

بەپێچەوانەوەیە ساکارو لەڕووە، وەنەبێ زۆر پابەندی یاساو دەستوور بێ وەك «ئەرستۆ» هەر لەبەر ئەم هۆیە گرنگەش کەهێندە لەلای ئەوانەی گەلێك گوێ بەیاساکان نادەن بەسەندو دڵگیر بووە. ئەوە بوو لەسەدەی بوژانەوەدا «ریناسانس» هونەری ڕەخنەسازی گەلێك سوودی لەبیرۆکەکانی وەرگرتووەو لەسەریان دارشتوتەوە.



## «بەشی دووەم»

سەدەی بوژانەوەو بوژاندنەوەی رابووردوو:

رۆژگاری بوژاندنەوە - ریناسانس Renaissance - رۆژگاری ئاوردانەوەیە لەدوو شارستانیەتە مەزنەکەی - گریك و رۆمان - ئاوردانەوە لەپای بوژاندنەوەو ژیانەوەیدا. گیان بە بەراکردنێك لە لەدایك بونێکی نوێی رۆژگارە نوێیەکەدا.

ئەوەبو بارێکی ئابووری نوێ هاتە ئاراوە، گۆرانکاری‌یەکان خێراو زۆرو گەورە بوون. ململانێکە شانی لەترۆپکی تەقینەوەی بەلادا کەوتن دا. ژیانە نوێ‌یەکە چینێکی نوێی هێنایە پێشەوەو بووە خاوەنی کێشە بنەرەتی‌یەکەی ژیان و کوڵی بە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوراستەوە هەڵگرت. کەلەدەرە بەگایەتی‌و ئایین و کڵێسەو کۆنەپەرستی‌و بەستەڵەکی ئایدولۆژیدا دەبینران، بۆرژوای تازە سەرهەڵداو کەوتە تەخت کردنی زەمینەی پتەوی ئایدولۆژی، تابتوانێ ئاکامی گرەوەکانی مێژووی رۆژگارەکە بباتەوەو ئایندەشی مسوگەرکات.

ئەوەبو لەرۆژانی هەنگاونانی پەرینەوە خێرایەدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارسانیەتدا بیر لەهێنانەوەی خۆری شارستانیەتی کلاسیکی کرایەوە پاش هەموو ئەوسەدە تاریك و نوتەکانە.

بۆیە - برۆنی - بەوپەری برواوە گوتی: «وارۆشنی پاش ئەو هەموو سەدە تاریکانە، گەرایەوە». مەبەستی - برۆنی - لەگەرانەوەی «کلاسیکە» لەهونەرو ئەدەب و زانست و تەماشاگای مرۆڤە. سەر هەڵدانی رێبازی فەلسەفەی مرۆڤایەتی هۆمانیزم - Humanists» وەك ئایدولۆژیەتی بۆرژواو رووی کردە دوو شارستانیەتە دێرینە، بەوبونەیەوە کەهەڵوێستی ئایدولۆژیای پێ پتەوو بەهێز بکەن. ئەو بەرهەمانە یان بەپەسندترین بابەتی پەروەردەکردن و پێگەیاندن دادەنا. گیانێکی پشتگیری‌و نرخی مرۆڤ و رێزیان تیادیەوە.

هەرچۆن ئەو راپەرین و بەرپابونی رۆشنبیری‌یە مرۆڤایەتی‌یە لە گەوهەریدا لەسەر رێز لێنان و شکۆ پێدانی مرۆڤ و مشوور خواردنی خۆش گوزەرانی‌و پەرەسەندنی بنیاد نرابو. چ گومان لەوەدانی‌یە بە هۆی گورو گەرمی ململانێکەوە

ئایــدۆ لۆژیـەتێکی نوێ بێتـە پێشـەوە بۆ بەرگـری لەدەست کەوتـە نوێیـەکـان و راوەستـان بەرامبـەری گشت بەربـەست و رێگـرێکی نوێ خوازین. کەواتە وەك پێویستی یـەکی سەردەمـەکـە روانگەو روانینێکی نوێ دروست بوو، وەنەبێ تەنها «هـومـانیـزم» دیـاردەیـەکی تێـروانینی ئەو رۆژگـارەبێ، نەخێـر. مەزنی سەدەکە بەوگشت دەسکـەوت و گۆرانکـاریـانـەوە دەیـان بزوتنەوەو باری نوێی هێنایە ناو ناوانــەوە. ئەوەبــوو تێـروانینی نوێی جیـاواز بۆ کۆمـەڵگـاو تاکـە کەس لەسـەر بنەماکانی ماکیافیللی «Machiavelli» دروست بوو کەبەچاوێکی مرۆڤایەتی یەوە دەوڵەتی بینیو یاساکانی لەهۆش و تاقی‌کردنەوە بۆ دەخواست نەك لە «لاهوت»و ئاینــەوەو بروا بەوە هێنــرا کەپــەرە سەنــدن و هەنگــاو نانی کۆمـەڵگـا بەهـۆی سروشتـەوەیـەو بەرژەوەنـدی مادیو دەسـەلات هێزی بزوێنەری مێژووە لەرووی ململانێکـانی نێوان بەرژەوەندی‌یەکانی جەماوەرو چینە دەسەلاتدارەکانەوە دەدوا. داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی ئازادی نیشتمانی‌ی دەکرد کەتوانای کپ کردن و کوژاندنەوەی هەراو هەڵسانەکانی جەماوەری هەبێ.

هەر لەو رۆژگارە دابو گەلێ ئایدیایی نەتەوایەتی سەوز بوو.

ئەمانەو گەلێ رێبازی فەلسەفیانەی وەك «تەوباوی‌یەکان» بەتیورەکانی «مونزو - Monzr «1490 - 1525» خەیـاڵی پێکهێنـانی کۆمـەڵگـایـەکی بێ چینـایەتی‌یان کرد، یان بابڵێین جۆرە کۆمۆنیزمێکی خەیالانە. دەیان تیوری زانستی لەبابەتەکانی فیـزیـك و ماتمـاتیـك.. هتـد دکتـۆر کەمال مەزهە لەباری سەدەبی بوژاندنەوەوە گوتـویـەتی: «سـەدەی بوژانـدنـەوە خاڵێکی گەشی پتـەوە لەرێرەوی شارستانیەتی مرۆڤـداو سەردەمێکی پڕ لەوانـەو پەنـدو دەستکـەوتێکی بەرزە، لەبـەر ئەوەشایانی لێ‌تێگەیشتن و چنینەوەیە،

گەلێ لە مێژوو نووسان و فەیلەسوفە کان لایان وایە کەمرۆڤایەتی پێشتر رووداوی واگرنگی بەخۆیەوە نەدیوە»[(١٧)].

«فــردریـك ئەنجلس - Frederick Engeis - 1820 - 1895» هەرچـۆن

«ئـارنست بلوخ ـ Arnest - Blook» دیـاری کردووه بەوەی بوژانـدنـەوەی بەمەزنترین گۆڕانکاری جیهان داناوە. هەروەها «ئەلبەرت ـ - 1404 - 1472» Alderti هونەرمەندی خانوو ساز هەست و هۆشی سەردەمەکەیمان بەوە پیشان دەداتەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ بۆیە دەژی تاکاربکات ئاواتی سوود گەیاندنە»(١٨).

هەروەهـا «هـوتن ـ Hutten - 1488 - 1523» لاوانی هاوچەرخی هوشیـار دەکاتەوەو دەڵێ: «زانست پەرەدەستێنێ، چاوو گوێ بەرووی یەك دەبنەوە، ئای کەخۆشە بژین!»(١٩).

لەرۆژگاری بوژانەوەدا دەیان هونەرمەندو ئەدیبی باڵادەست پەیدابوون، لەوانەی ژینەرەوەی ـ کلاسیك ـ بوون لێرەدا بۆ نموونە ناوی چەند کەسێکیان دەبەم. لەپێشـەوە سێ مەزنـە هونـەر مەنـدەکـەی بواری هونـەری پلاستیـك کاری «Plastiquse» کەلە سالانی «1500 ز» ژیاوون. واتە هونەرمەندان «لیونارد دافنشی ـ Leonardo da Vinci - 1452 - 1519 ز»و «مـایکـل ئەنجیلۆ ـ Michel Angelo - 1457 - 1564» لەگـەڵ «رافـائیـل ـ - 1483 - 1520 Raphael ز»و «دورر ـ Durer» ی مەزنە نیگار کێشی ئەڵەمان و «ئیراسمی ـ Erasme» ی ئینگلیـزو شای دراما نووسـانی جیهـان ولیەم شکسپیـر - 1616 «Shakespeare - 1564 ز»و «سیرفانتس ـ Cervantes - 1547 - 1616 ز». کەواتـە سەردەمی کێـوە هونـەرمـەنـدان ئەو مرۆڤانەی ئەرکی بوژاندنەوەکەیان لەئـەستـۆ گرتبـو، رێچکـەی هونـەرمـەندانی گریك و رۆمانیان گرتەبەر، لەیەکەم هەنگاوی چەسپاندنی یاساکانی کلاسیزمەوە بەتایبەتی لەرووی لاسایی کردنەوەی ـ گریـك ی‌و ـ رۆمـانی‌یـەکـان واتـە گێـرانەوەی Lmitation ـ کۆن ـ بۆیە لەم باسەماندا ئاورمان لەم رۆژگارە دایەوە چونکە رۆژگاری چەسپاندن و رەنگ رشتنی رێبازی کلاسیزمە.


هەر لەتەك هەنگاوەکانی سەرەتای بوژاندنەوەو ژیانەوەی رۆشنبیریە دێرینەکان، نووسـەران و هونـەرمـەنـدان بەپەرۆشەوە بەدوای دەسنووسە کۆنەکاندا دەگەڕان.

سەریان بەکتێبخانە دێرینەکانی کلێسەو کۆشکی دەوڵەمەنداندا دەکرد. «گەلێ دەستنووسی وون بوویان دیەوە. وەك گوتارەکانی «کۆنتیلیاس» لەبارەی هونەری گوتار بێژیەوەو نووسینەکانی «شیشرۆن ـ Ciceron» هتد[1] ئەوەبوو کە کلاسیزم لە نێو چینە رۆشنبیرەکەی ئەورووپادا بەتایبەتی لەسەدەی شانزەهەمەوەکە زۆربەیدام و دەستگاکانی خوێندن و زانکۆکان بابەتە کلاسیزمەکانیان لەخۆ گرت، بەتایبەتی لە «ئیتالیاو ئەڵمانیاو سویدو ئەسکتلەندە».

کاتێ «لویستی چواردەهەم» ساڵی «1661» هاتە سەر تەخت بەهەموو شێوەیەك پشتگیری «هونەری کلاسیزمی» دەکرد.

لەشاری «فلۆرەنسە» «لورینزو» سەربنەماڵەی «مدینشی» بەپارە دەسگیرۆیی «هۆمانیزمە» کانی دەکرد لەپێکهێنانی کتێبخانەیەك بۆکتێبی ـ گریك ـ و ـ رۆمان ـ ی کۆن.

«فەرنسوا»ی یەکەم پادشای فەرەنگ هانی هونەرمەندانی دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو رێبازە رۆشنبیری‌یە کلاسیزمە.



# خاسیەتەکانی کلاسیزم:

یەکەم خاسیەت کۆن گێرانەوە «Old - Imiton» : -

گێرانەوەی سەرگوزشتەو چیرۆك و ڕووداوی مێژووی دێرین وەك بابەت و کەرەسەی بابەتە هونەرییەکان گێرانەوەی شێوە ئەدەبیو کەرەسە کۆنەکانی گریك و ڕۆمان بونە خالێکی پەیویست و دیار بەرەنگ و ڕووی کلاسیزمەوە. تەماشا دەکەین کلاسیزمەکان لەداستان و چیرۆك و مێژووی ئەو لایانەیان بۆ دراماکانیان هەڵدەهێنجا. کەمە کەسانێك لەو ڕێچکەیە دەرچونایە بە دزێو دەبینران، دەبیستین هەندێ جار کەسێکی وەك «جان ڕاسین - 1639 - 1699 ز» Racin ی فەرەنگ کەهەندێ ڕووداوی مێژوویی نزیکی بۆ تەراژیدیا نامەکانی خواستبێ بەچەوتیو چەوێلیو ناپەسەندی باسکراوەو هەزار هەراو هوریای لەسەر قەوماوە. کەواتە ئەو دوور خواستنە ڕەواو مەرجی کلاسیزمەکان بووە. هەروەها کلاسیزمیەکان تیوری - گێرانەوە - ی ئەرستۆ - یان بەچاوگی سەرەکی دادەنا.

هەر چۆن دکتۆر محمد مەندوور دەڵێ: «ئەم تیورە بۆ ئەدەبێ بابەتی «Obiective» گونجاوتر بو لە ئەدەبی خۆیی «Subjective» «٢١».

چ گومان لەوە دانییە کە زۆربەی ئەدەبێ کلاسیزم لە جۆری باباتەتی - تەماشا دەکەین بەداستە بابەتی خۆیی، یان هەیە یان هەر نییە وەك جۆری شیعری گۆرانی. نووسەر هەڵس و کەوت و خەوم و ئەشکەنجەی کەسانێکی ترمان بۆ باس دەکات، چ لە دراماو چ لە بەیت و ئەفسانەکان.

دووەم خاسیەت هۆشمەندی. -

عەقل سەرچاوەی کلاسیزمەو ڕابەریتی، عەقل لەبری عاتفە، بەڵکو گەورەترین هێزو گوریەتی.

بویاو «Biolod - 1636 - 1711» لە پێناوی بەدەست هێنانی نووسینی بەرزو وورشەداردا هاوار دەکات «با هەمیشە بەدەنگ بانگەوازی هۆشەوەبن، با

هەر تەنها لەوەوە چ جوانیو بایەخ هەیە وەربگرن»[٢٢]. هەروەك چۆن پۆسان «Poussin» یش تەنها هۆشی بە دادوەری هەڵسەنگاندی هونەری نیگا کێشان ڕەوا بینیوە. ئەوەنــدە مەسـەلـەی هۆش پەیـوەنـدی بە بنـەڕەتیو تونـدو تۆڵی بە کلاسیزمەوە بەڕاددەیەك وای لەئینگلیزەکان کردبوو سەدەکانی تافە تافی کلاسیزم لە فەرەنگستان بەناوی سەدەکانی هۆش ناو بەرن «The Age of Reason».

. لە ڕووی ئەوەشـەی کە هێنـدە کلاسیـزم پابـەنـدی هۆشـە پەیوەندی بەو ناونیشانەوە ڕەوتیو قورس گرتنەوەیە کە هەر لەگەوهەری بوونیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. هۆش جڵەو گیریەتریو نایەڵێ لەئەندازە دەرچێو پێی لغیهەڵگرێ. ئەم لایـەنـەش لەڕاددەیـەك ناوەنجیـدا ڕای وەستـاندووە، واتە لەپلەیەکی ماقووڵی پێویستی دروستدا، بەپێچەوانەی «ڕۆمانسیزمەوە».

## سێیەم خاسیەت: ڕوونی : -


ئەو توخمە سەرەکیانەی دێ کە هاوبەشی پێکهێنانی کلاسیزمیان کردووە لەم ڕووەشـەوە دەوریـان لە مەسـەلـەی ڕوونێتی کلاسیـزمدا هەبووە، ئەویاساو ڕێو شوێنانەی بۆ دروست بونی کێشرا، ڕێگای بۆ ئەم لایەنە ڕوون کردوتەوە.

تەمـاشـا دەکـەین کلاسیـزمـەکان ڕایان وابووە کە گشت تەم و مژو ئاڵۆزییەك نیشانەیە بۆ پەك کەوتەییو ناتەوانیو ناتەواوی مێشکی نووسەرو هونەرمەندەکە. کە نەیتوانیوەو دەست کورت بووە بەسەر بەرهەمەکەیداو هۆشی ئەو ووزەو هێزەی نەبووە تابتوانێ بە ڕوون و ڕەوانیو بێ تەم و تاریکی کەرەسەکەی بخاتەڕوو.

واتە بەلای کلاسیزمەکانەوە ڕوونێتی بابەت مەرج و پێویستییە لەبەرهەمدا. بەپێچـەوانـەشـەوە نیشانەی دەست کورتیو ئاڵۆزییە کەواتە پەیوەندی بنەڕەتی بە بۆچوون ون ڕادەی تێگەیشتنی نووسەرەوەیە، بۆیە «بۆیلۆ» لە «هونەری شیعر»، کەیـدا سوورە لەسـەر ئەوەی کە : «ئـەوەی بە ئاسـانی لێی بگـەڕێ دەتـوانـرێ بەڕوونی دەرببڕێ».

کەواتــە یەکێ لەمــەرج و خاسیــەتـە سەرەکی‌یەکانی کلاسیزم بریتی‌یە لەکێشەی «ڕوونێتی». واتە بەبێ پێچ و پەناو چاوخستنە ڕەشکەو پێشکەو بەبێ تەم و مژو سەرلێ شێواندن بابەت دەخرێتە بەر چاو.

د. محمــد مەنــدوور لەبــارەی ئەم خاسیــەتەوە بەم شێوەیەدا دەردەبڕێ: «وەك بلووری بێگەردە، چ مانایەکی لە پشتەوە بێ دەیخاتە بەرچاو، یان سۆزێك بەبێ تەم و مژو پێچ و پەنا»(٢٣).



## چوارەم خاسیەت: زمان بەرزی: -

ئەو گشت گرنگی دانە بەیاساو رژێمێکی رەنگ کێشراوی ووردو بەئەندازەو کەسان و بابەت و باسێکی ئاواهی شایان و شایستەی جۆرە دارشتنێکە کەهاوتای بێت و لەئەندازەیا هەڵسورێ، بۆیە گرنگی پێدانێکی بێ هاوتا لەمەوداکانی دارشتن و جۆری زمانـدا دەبینین، کارامەیی‌و ووردی لە پێشەی زمانەوانی‌و دارشتندا، بەراددەیەکە کە گشت رستەو ووشەو تەنانەت پیتێك حسابێکی گەلێ ووردی بۆ دەکرێ تا بە تەواوی پر بەپێستی بابەتەکەبێت. تا ووردتربێ لەپێشەکەیدا سەرکەوتوترو دەست رەنگین ترە، لێهاتویی لەرووی هەڵبژاردنی رستەو ووشەی گونجاوو هەست گەیەرو بزوێنەرو کەمترین ووشە بۆ گەورەترین مانا. واتە ووشەی پر ئاوازی پرمانا. هەڵبژاردنی بە یەك شوبهاندن لە شوێنی خۆیداو بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی تابتوانێ خزمەتی مەبەست بکات. گرتنەوەی جڵەوی خەیاڵ و دابربوون نەکا توخمە سەرەکی‌یەکانی وەك روونێتی‌و ئاسانێتی‌و راستێتی وون بکات.

ئەم خاسیەتی جوانبێژی‌یە بەراددەیەك پەیوەندی بەکلاسیزمەوە هەیە، لەرەنگ و بۆ باوو ناسراوەکانێتی، کە زۆر جار نووسەرێك بە توانا بێ لە رووی زمان و دارشتنـەوە پێی دەڵێن کلاسیکە. یەکێ لەو هۆیە گرنگانەی کە وای لەدراما نووس و ئەدیبانی سەر بەرێزەوی کلاسیزم کردووە کە بە زمانی «شیعر» بنووسن. چونکە شیعر لە پەخشان جوانترو فراوانترو مەودا بەربلاوترو کاریگە رترە. ئەوەی ئاشکراشە لە لەدایك بوونی دراماوە کلاسیزم هەربەزمانی شیعر نووسراوە.

پەیوەندی یان بەوەوەیە، ئەوەبو دراماکان لەخولیاو خەم و ئەشکەنجەو ئارەزووی مەزنە مرۆڤانێکەوە ئالا بوون و والایان دەکردن، ئەو کەسانەی گیرو گرفتە چارە نووسی‌یەکانیان دەبوونە خولیاو خەمی هەموان و پانتایی‌یەکی بەربلاوی نیشتمان و گەل و مێژووی داگیردەکرد. بەپێی باس و بابەت و کەسەکان دەبوو وەك - «ئەسکیلۆس»ی بابی دراما وتەنی: «زمانێکی بەرزی جیاواز لەبازاری بەکار بهێنن». لە لایەکی دی‌یەوە کەرەسەو باس و خواسەکان لە داستانەکانەوە یان

لەو لاپەڕانەی مێژووەوە وەردەگیران کە دەستی شانازیو پیرۆزی گەیاندبونیە ڕادەیەك گشت دڵنیایی‌یەکانیا تیادا دەبینیەوە.

کەواتە چ لە ڕووی بوزورگیو چ لە ڕووی گرنگی پێدان و نزیك بونەوەی گیانی ئەو بابەتانە لە شیعرەوە، بۆیە شیعرپە سەندتر بوو.

## پێنجەم خاسیەت شێوازی گشتی‌یان کۆ گرتنەوە: -

یەکێ لەخاسیەتەکانی بریتی‌یە لەبابەتی «موضوعي» واتە بەدەربوون لەهەواو هەوەس و ئارەزو خەم و خەیاڵی خۆیی «ذاتي». باوەش بەکارێکدا دەکات کە زۆر لە خۆ بگرێو یان با بڵێین خولیای زۆربەی زۆر کۆ بکاتەوە. گرنگی دان بەگشت شتێکی گشتی نەك تاکە کەسی. نووسەرو هونەرمەندەکە بەرەوانی داتانێ سەر گوزشتەو خەون و کورێنی خۆی بگێرێتەوە، بۆیە کێشەیەکی گەورەتر دەگرێتە دەست. نەك هەر هی خۆی باس ناکات بەڵکو لەگەعل ئەورایە دانی‌یەو بۆ کەسی‌دی.

ئەوەتا لە «ئەفگینیالە ئۆلیس - Lphigenie From The Aulis» ی «یۆر پیدس - Euripides » «480 - 406 پ - ز» شاعیری گریك باسی کێشەیەك دەکات پەیوەندی بەبەرژەوە ندیو شەرەفی گشت «گریك»ەوەیە! یان «ئۆدیپۆس بە پادشایی - Oedipus rex» شاکارەکەی «سوفۆکلیس - Sophokles» پەیوەندی بە نەفرەتێکی گەرەی یەزدانەوەیە، کە گشت خەڵکەکەی خستوتە گەروی گێژاوەوە. یان شانۆنامەی «پارس - » ی «ئەسکیلۆس» پەیوەندی بەشکۆداریو شانازیو بەرگری گشت نەتەوەکەوەیە. بەو شێوەیە نەنگی‌یەك دەبێتە تێکدانی باری هەموان و پێویست بەراست کردنەوە دەکات، ئەمەش گەرانی دەوێ بەدوای ڕاستیدا «الحقیقة» هونەریش ئەرکی ئەو گەڕان کاری‌یەی گرتوتە ئەستۆ.

## شەشەم خاسیەت ڕێك و پێكیو یاسا: ـ

هەمیشە کلاسیزم کەرەسەیەکی ساکاری خاوی نارێك و پێك دەگۆڕێ بۆ شێوازێکی ڕێك و پێکی جوان دامەزراوو دارێژراو.

بەستنەوەی کلاسیزم بەیاساو ڕژێمێکی دانراو وەك گەوهەری کلاسیزم وایە، واتە پەیرەوی کردن لەو کاری ڕێکوپێك کردنەدا بەیاساوداب و نەریتێکی نەخشە کێشراوەوە. تەماشادەکەین سەرتاپای بەرهەمە کلاسیزمەکان لەگشت بوارەکانی هونەردا ڕاگیرو مل کەچی بەردەمی ڕژێمێکن، لەوەدا ڕووی تەواو بوون دەبینرێ. ڕێگا بەتێکەڵ و پێکەڵ کردن نادات. واتە لە کاری دروست کردنەکەدا دەبێ سەربەستی بابەتەکە بپارێزرێ تا ڕەنگ و ڕوو توخمە سەرەکی یەکانی وون نەکات. کەواتە دەبێت لەژێری چاودێری ئەو ئەندازانەدا بێت نەکا بەدەردی زۆر پێ لێ هەڵکێشاندا بڕوات یان کورت بینێ.

ئەوەتا لەنەری شانۆدا چەند خاڵێکی گرنگ دیاری کراوە کە دەبێ دراما نووس پەیڕەویان بکات و بەهیچ کلۆجێ لێیان دەرنەچێ، وەك خاڵی دوور کەوتنەوە لە پیشاندانی مەرگ و خوێن و کوشتن لەسەر شانۆ. بەڵکو دەبێت لە جیاتی ئەوە لەلایەن گێرەوە یان کۆرسەوە یان نێردراوەوە بگێردرێتەوەو بگەیەنرێت، یان بە ستنەوە بە یاسای سێیەکەکەوە، واتە یەکەی کات و شوێن و ڕووداو.

ئەمانەو چەند مەرجێکی پێویستی پەیرەوی کردن.

هەر لە بنەرەتیشەوە کلاسیزم لەسەر ئەوە پێکهاتووەو ڕاهاتووە کە پارێزگاری کۆن و یاساکانی بکات و ئەو کەلتورە مەزنە هونەرییانە بەرێبازەکەیەوە لە دەستی ڕوژگارو دەستکاریو گۆڕیین بپارێزێ، بۆیە بەڕاددەی پەرستن دڵسۆزە بۆ ئەو یاساو نەریتانە.

## گۆشه نیگای کلاسیزمانه: ـ

بەر لە هەمــوو شتێ گەڕانــەوە بۆ ڕابــوردوو، یان ڕێــزو شانــازی بۆ پێشــوو، تەمــاشــا کردنی گشت دێــرینێــك بەپیــرۆزی تێــروانین و بە گرنگ زانین، کەواتە هێندەی پەیوەستی ڕابوردووە هێندە پەیوەستی ئایندەنی‌یە.

لەژیــانــدا حەز بەڕاگــرتنی ڕژێم یاســاکــان دەکــات و دژ بە تێکــدانیان یان لێ لادانیان دەوەستێ، بەو پەڕی خوێن گەرمی‌یەوە داکۆکیان لێ دەکات و ڕێز لەو بوونە دەگرێ. لەڕۆما نسیزمێ کەمتر گەشبینەو لەڕیالیزمێکیش کەمتربێ لایەنە.

خێرو خراپە بەتوانای سروشتی مرۆڤەوە دەبەستێو داوای سنوور دانان و ڕێگا پێ نەدانی دەکات لەزۆر ڕووی کۆمەلایەتی‌یەوە لە ترسی گێرەشێوێنیو ڕەووشت بەرباد بوون، بۆیە بە پەرۆشەوە پێشوازی لەو دەستگایانە دەکات کە ڕێگرەوەن لە لەردەم دابربوون و دزێوەکارو ڕۆچووندا، وەك ئەو دەستگا پارێزگار کەرانەی ـ کلێسەکان و پاشایەتیو داردەستەکانی. لەسەرو ئەوانەشەوە پەڵە هەورێکی چڵکن ڕەش بینی بەسەر گشت نیگاکانی‌یەوەیە.

## شانوی كلاسیزم و میژوو: -

میـژوو وەك كەرەسـەو چاوگێكی گرنگی شانـۆی كلاسیـزم بەچاوی ڕێزەوە لە میژوو دەروانیو بەكاری دەهێنێتەوە هەر لەڕۆژانی سەر هەڵدانی «دراما»وە، واتە لەسەدەی پێنجەمی بەر لەدایكبونی مەسیحەوەو بەردەوام ئەوەتا نووسەرانی وەك - شكسپیـر - مارلـۆ - ڕاسین - كورنی... هتـد سەر گوزشتـە میـژوویی‌یـەكـانیان بەرەواترین كەرەسەی تەراژیدیا نامەكانیان داناوە، ئەوە وەك كەرەسە دەیان بەڵگە نامەی وەك - پارس - بایزید - شالیر - یۆلیۆس سیزەر - ڕیتشارد - هەنری چوارەم - تەیمـووری لەنـگ... هتـد. ئەوەبـو لەلای نووسـەرانی «ئینگلیـز» بەتـایبەتی «شكسپیـر» زیـاتـر سوودیـان لەو ڕووداوە میژوویی‌یانە وەردەگرت كە پەیوەندیان بەمیژووی ئینگلیزەوە هەبوو.

كۆنترین شانۆ نامەی كەرەسە میژوی ئینگلیزی كەپێمان گەیشتووە بریتی‌یە لە «سەر كەوتنەكانی هەنری پێنجەمینی بەناوبانگ» كە ساڵی **1588** دەركەوتووە. ئەومـاوەیـە كەوتـوتـەپێش داگیـر كردنـەكەی «ئەرمادا»و پاشی بەپیت ترین ڕۆژانی شانـۆنـامـەی میژوویی دا دەنرێت. تەنانەت «كۆرنی» شاعیری فەرەنگ بەمیژوو نووس بەناوبانگ بووە بەرادەیەك كە لە سەرەتای شانۆ نامەكانیا لیستەی سەرچاوە میـژوویی‌یـەكـانی نووسیـوە، وەك چاووگی نووسینـەكەیی‌و گەلێ جاریش داوای بەخشینی كردووە ئەگەر هەندێ گۆرانكاری تێدا كردبن.

هەروەهـا «ڕاسین»یش بەهـەمـان پلە ڕیـزی میـژووی لەلا بووە بەڵكـو بگـرە پتریش لەو. ئەگەر چاوێك بە «هونەری شیعر»ەكەی «ئەرستۆ» دابخشێنینەوە ئەم كێشەی میژووەمان پتر لا ڕوونتر دەبێتەوە(٢٤).

زیـاتـر لەڕووی بەراورد كردنی - شاعیـرو میـژوونـووس - ئەرك و تێـروانینی هەردوولایان، لەگەڵ میژوو لەبواری درامادا.

چ گومان لەوەدانی‌یە کەپرسیاری: ئایا مێژوو لەسەر شانۆ نمایش دەکرێ؟ ئەم پرسیارە لەخۆیدا دەروو بۆ هاتنە ناوەوەی لێشاوە باسێك دەخاتە سەرپشت، لای هەندێ کەسی ساویلکە وایە کە دەبێ کت ومت پیشاندرێتەوە. نەخێروانی‌یە! راستە کلاسیزمەکان بەرێزەوە مێژوویان لە ئامێزی بەرهەمەکانیان گرتووە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بۆ مەبەستێکی ئایدۆلۆژی پێویست بەکاری نەهێنابێ.

هەرچۆن - ئەرستۆ - باسی جیاوازی ڕووداوی درامایانەو ڕووداوی نێو ژیان دەکات، کاتێك دەڵێ: «گێرانەوەی ئەو شتەی کە خۆی ڕویداوە ئەوە کاری شاعیر نی‌یە، بەڵکو ئەوشتانەی کە لەوانەیە ڕووبدەن بەپێی یاسای پێویستی‌و بوون..» (٢٥).




## کلاسیزم و ئایینی مەسیح : -

لەسەرەتاوە زۆر بەتوندو تیژی بەرەنگاری کلاسیزم دەکرا چونکە ژیانەوەی بابەتانێك بوو کە دەگەڕانەوە بۆ ڕۆژانی بت پەرستی «الوثیقة»، گریك و ڕۆمان بەر لە پەیدا بوونی ئایینەکەی «مەسیح» جگە لەوەی کە زۆر بەی زۆری ئەو ئەدەب و هونەرە دێرینانە هەرچۆن بابەتێکی وەك «دراما» کەزادەی عەنعەنات و تقوسە «دیۆنیزیۆس»ە کە بوو، بابەتەکانی دیش تێکەڵی ئەو بیرە ئایینی‌یە بت پەرستبانە بوون، گەورە پیاوانی ئایینی مەسیح ترسی ئەوەیان لێ نیشتبو نەکا کلاسیزم بێتە هۆو ڕێگای بلاو بوونەوەی بت پەرستێتی ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە «هۆمانیزم»ە کان کلاسیزمیان کردە پشت ئەستوورکەی هەڵوێستی ئایدولۆژیان کاتێ دژ بە دەرەبە گایەتی‌و پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەستان. کلێسەش لەو بەرەیەدا بوو. بەلام بوونی ئەو گۆڕا نکاریانەی کەباری ئاینی گرتووە کە کلاسیزمیش لەخستنە ڕووی کەم و کوڕی‌و نەنگیەکان و لەنگیەکانیدا دەستی هەبوو. بۆ خۆشکردنی گری ئەو شۆرشە ئاینی‌یانە ڕێ‌خۆشکەربو بۆ ئەوەی کاریگەربێ لەگۆڕانی تێروانینی ئایین بۆ کێشەی کلاسیزم. ئەوەبو بە ڕێگایەکی چاکیان دانا بۆ خزمەتکردنی شارستانیەتی ئەورو پاو پەرەپێدانی، مێژوو بۆمن دەگێرێتەوە کە هەندێ لە پاپاکان بونە هاندەری پەرەپێدانی کلاسیزم. «بەتایبەتی پاپا نیکولای پێنجەم کەدەستی لەکلاسیزمدا هەبووەو پاداشتی گرانی خەلاتی ئەوانە کردووە کە لەبەر دەسنووسە کۆنەکانیان گرتوتەوەو ژمارەیەکی زۆری لەکتێبی کلاسیزمانەی لە «فاتیکان» کۆکردەوە. وگەورەترین خەلاتیشی بۆ ئەوکەسەدانا کە بەباشترین شێوە «ئەلیازە»و «ئۆدیسا»ی «هۆمیرۆس» وەر بگێرێ» [٢٦] .

زامدار بووەو کاتێ گریکی‌یەکان کۆمەڵیان لێ کردووە خۆی بەشێت پیشانداوە، لەبەر ئەوەی ئەو دوو رووداوە بەیەکەوە نابەسترێن، چونکە یەکەم رووبدات بەپێ پێداویست و حتمی ئەوی دیش روودەدات. بەڵکو «ئۆدیسا»ی نووسیوە. هاتووە تاکە شتێکی کردۆتە مەودای فەرمانەکە، بەو مەبەستەی دەمانەوێ، هەروەها لە «ئەلیاذە» شدا.

هەرچۆن لە گشت جۆرەکانی هونەری گێرانەوەدا یەکەی گێرانەوە لەیەکەی باسەوەیە، هەروەها لە ئەفسانەشدا چونکە فەرمان گێرانەوەیە دەبێ فەرمان تاك و تەواو بێ»[٢٨] بەهەرحاڵ بەپێی شیکردنەوەو بۆچوونی زانایانی سەدەی بوژاندنەوەو سەدەکانی پاشی بەتایبەتی پاش لێکدانەوەکەی «سکالگیر ـ **1484 - 1558** **Scaligero** ز»ی زانای ئیتالیایی کە لە ئەوروپادا بەتایبەتی لای فەرەنگەکان چەسپاو «بۆیللۆ»ش ئەوەندەی دی چەسپاندی وەك مەبدەئێکی بنەرەتی درامای کلاسیزم.



# شانۆی کلاسیزم و کێشەی یەکەکان : -

لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە باسی یەکەکان «Unity» هاتە ناو باسانەوە، بەلاَم ئەو مشت و مروو چەندو چونە زۆرەی لەسەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا هاتە ناوەوە! چ دەمێکی دی بە خۆیـەوە نەدیبـوو «بـویللۆ» لە «هـونەری شیعر»ە کەیدا باسی دەکات و گرنگیی پێدەدات.

«سولی پرودوم - Sully - Prudhomme 1839 - 1906 ز» ی شاعیر لەو چامـەیـدا کەبـەبـۆنـەی دروست کردنی پەیکـەری «کـورنی» یەوە یادی سێ سەد ساڵەی لەدایکبونی‌یەوەی، کە لە شاری «روان»ی فەرەنگستان ڕوویدا، دەڵێ: «هونەرێکی لە ووشەی قەشەنگداو لە هەمان کاتدا کەم کردن لەیەك شوێن و کاتی ڕوودادا»[٢٧] بۆ یەکەم جار باسی «یەکە» لەلایەن «ئەرستۆ»وە هاتووە، هەر لەوە شەوە بووە کە دراما تا کە گیرو گرفتێکی سەرەکی دەکـاتـە کەرەسـەو ململانیکەی لەسەر دروست دەکات. لەم تاکە شتەوە بونی یەکـەی بەبیـردا هاتـووە. پاشـان لە شانـۆی کلاسیزمـدا بەسێ یەکـەکـە ناودەبـرێن، ئەوەی بنچینـەیـە بریتی‌یـە لە یەکـەی بابـەت، واتـە باس و کێشـەی دراماکە. «ئەرستۆ»ش لەسەر ئەم یەکەی ڕووداوو بابەتە سوور بووەو بۆ چەند جارێـك باسی کردوٚتـەوە. مەبـەستی لەوەبـووە کە شانۆ نامەیەك تەنها گیروگرفتێ باس دەکات، ئەو دوو یەکەیەی‌دی، واتە «کات و شوێن»، شوێن یەکەی بابەت کەوتوون، بوونی ئەو حوکمی بەبوونی ئەو دوو یەکەیەی دی داوە.

ئەوەتا «ئەرستۆ» لەبارەی یەکبوونی «فرمان»ەوە دەڵێ: «یەك بوونی داستان وەك کەسـانێ وادەزانن. لەوەوەنی‌یـە کەبـابـەتـەکەی هێنی تاکە کەسێکە، لەبەر ئەوەی ژیـانی تاکـە کەسی ئەوەنـدە ڕووداوی تیـا پێچـراوەتـەوە کەرێگـا بە یەك بوون نادات.. بەلاَم «هـۆمیـرۆس»کـە لە گشت شتێکـدا شوێن بەرزە، بەزێـرەکی‌و کارامەیی، بەنهێنی هونەرەکەوە بەچاکی ڕاستی پێکاوە. کاتێ «ئۆدیسا»ی نووسیوە گشت سەر گوزشتەکانی «ئۆدۆسۆسی» بەیاد نەکردووە، ئەوەی کە لە «فارناسۆس»

لێـــرەدا پەنجــە بۆ لێکـدانـەوەکـەم «مـاجی ـ V. maggi» سالی «1550» رادەکێشم کە بانگی هەڵدا بەیەکەی شوێن کە گوایە گشت شانۆ نامە گریکی‌یەکان تاکە غرووداوێك دەگێرنەوە کەبەسەرهاتەکەی لەتەنها شوێنێکدا ڕوو دەدات.

لەبارەی یەکەی کاتەوەوا دانرا کە ڕووداوەکە پتر لە ڕۆژێ‌یان شەوو ڕۆژێك نەخایەنێ.

یەکـەی شوێنیش ئەوە دەگـرێتـەوە کەڕووداوەکـە ئەوەنـدە دەگـرێتەوە کە شارو شوێـن گۆڕیـن نەکــات. یان دەبێ ئەو شوێـنــانــە بەلای یەکــەوەبـن و دوور نەکـەوتـوبن. «بـۆیللۆ»ش لەم بارەیەوە ووتوویەتی: «لەشوێنێکداو لەیەك ڕۆژداو تاکەڕووداوێك تا کۆتایی شانۆ»[٢٩].

ڕەخنەگرە کلاسیزمەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ یەکەکانیان بەپێویست دەزانی گەر تۆزقالێك نوسەرێك لادان و کەم تەرخەمی تیادا بکردایە بەڕوویدا دەتەقینەوە.

کاتێ «کـورنی» شانـۆنـامـەی «گـەورە»ی پیشاندا، شۆڕشێکیان بەڕویدا بەرپا کرد! گوایـە لەیـەکـە پەیـرەوی کردن دەرچـووە، هێـدی نەبـوو نەوەتا ئاکادیمیای فەرەنـگ لیـژنـەیـەکی تایبـەتی بۆ ئەو مەبـەستـە بەسەرۆکایەتی «شبلان» پێکهێنا، لەئەنجامدا «کورنی» بەدلی نەبوو بە نۆ ووتار بەرپەرچی دانەوە.

پوختــەکــەی ئەوەیــە: بونـی یەکــەی فەرمــان یان ناوی بنێین ڕووداو یان بەسـەرهـات و کارەسـات بۆتە هۆو دەستنیشانکەری بوونی یەکەی کات و یەکەی شوێن لەسەرەتاوە واتە لەلای گریك و ڕۆمان ئەوەندەی کلاسیزمەکان، بەتایبەتی کلاسیـزمـە نوێ‌یـەکـان «Neo classicism» ئەوڕێبـازە هونـەری‌یەی لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە سەدەی بیستەمدا پەرەی سەند چونکە بە تەواوی پەیرەوی یاساو ڕێرەوەکانی هونەری کۆن و سەدەن بوژاندنەوەیان دەکرد، تارادەی پەرستن بۆیە لێ دەرچونیان بەتاوان دەزانی.

لەڕاستیشـدا ئەم شێـوازە کرایـە هۆیـەك بە دەست ئایـدولۆژی‌یە بۆرژواکانەوە

---

تاکـەم و کوری‌یـەکـانی پێ بشـارنەوە. لەئەڵەمانیای نازیو ئیتالیا کرایە ڕێبازێکی ڕێ پێدراو «رسمي».

# بینراوی خویناویو شانوی کلاسیزم

لە ڕۆژانی سەرهەڵدانی دراماوە بە درێژایی شارستانیەتی «گریك»و هەندێ بینراوهەبوون نەدەبوو لە بەرچاوی بینەران، واتە لەسەر تەختەی شانۆ پیشکەش بکرێت، ئەمە دیاردەیەکی لەگەڵ ئەوانی پاشی کلاسیزمە کۆنەکە «Old classicism» بوو. دەبوو نووسەرە شانۆییە لەکاتی نووسینەکەیدا بەوردی ئەو خاڵەی ڕەچاوبکردایە. ئەمە داب و نەریت و باو بوو. ئەو بینراوانەی مەرگ و کوشتن و خوێن ڕشتنی تێدایە بە باس و وەسپ کردن دەگوێزرایەوە ئەمە وەك مەرجێکی لێ هاتبوو نەدەبوو لێی دەرچن. «ئەرستۆ»و «هۆراس» یش ئاوڕیان لەم سنورکێشانە داوەتەوە.

کەواتە نەدەبوو ئەو بینراە چاوترسێنانە بخرێنە بەر چاو، بۆیە ڕێگای تری بۆ بینراوەتەوە. لێرەدا پرسیارێکی ماقووڵ ڕاست دەبێتەوە، دەپرسرێ، ئایا هۆو بەربەست و مەبەست لەم ڕێگا پێنەدانە چییە؟

ئەگەر سەرنجێکی باری کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕۆژانی ژیریو هۆشیاریو هەڵچوونی فەلسەفەیە ڕۆژانی [illegible]کۆداریی مرۆڤ و سەربەرزیەتی بۆیە نەدەکرا کە پێشاندانی هەموو ئەو جۆرە [illegible]انەی مرۆڤ بیزیان ئەو - هەست و هۆشانەی بزواندنیان شیاوی ئەو ڕۆژگارە نەبوو. لەڕووی پەروەردەییەوە پەسەند نەدەکرا، بەتایبەتی لەشانۆی ئەو ڕۆژگارەشدا کە کۆکەرەوەی گشت گەلەکە بوو لەکۆیلەو سواڵکەرو ژن و مناڵ و پیرو پەککەوتەو مەزنەمرۆڤان. کەواتە چ دەستەو بەرەو چینێك لەبینینی شانۆ [illegible] نەبوو.

هەندێ جار کەمرۆڤی بەسارهاتێك دەگێڕێتەوە، بەهۆی کارمەیی و ڕەوانبێژی و دەم و دوویــەوە وا لە بیســتــەری دەکــات کە گشت دڵ و هەست و دەروونیکی پێبدات، ئەوەندە کاریگەرانە بەیادی دەکات کە گشت یەکێ لە هەستەکانی ئەو مرۆڤــە زۆر لەهــەستی بینینی بەهێــزتــرو ورد بینتــر بێ. کەواتــە باسکــردن و گێــرانــدنــەوەی مرۆڤــە هونــەرمــەنــدە لێهــاتــووەکــە کەگــەلی کەرەســەی ئەوتۆی بەدەستەوەیە زۆر کاریگەرترە لەبینینەکە. هەر لەمەشەوەیە کە کلاسیزمەکان رایان وایە وەسپی چاك زاڵترە لە بینینی ڕاستەوخۆ. ئەتایبەتی بۆ بزواندنی هەست و هۆش.

تەمــاشــادەکــەین «جورج هامێل»ی نووسەری فەرەنگ لە کتێبەکەیدا «داکوکی کردن لە ئەدەب» لەســەر ئەم بنچێنــەیــەوە دەگێــڕێتــەوە. کە جاری وا هەبــووە هاوڕێیــەکی فلیمێکی سینــەمــای دیــووەو کاتێ بۆی گێــراوەتــەوە بەتــەواوی حەپــەســانــدوویــەتی، بەڵام کاتێ بەچاوی خۆی دیــوویــە وا دەرنــە چووە کەواتە باسکــردنی هاوڕێی ئەدیبــەکــەی «هــامێــل» کاریگــەرتر بووە لەبینینەکە. هەروەها «هامێل» بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتە چەند نمونەیەکی دیی هێناوەتەوە.

بۆمــان هەیــە بپرسین ئایــە ئەو نووســەرە کلاسیــزمانە هەندە دەست ڕۆیشتوو بوون. لەوەرامــدا دەڵێین بەڵێ بۆگەوامی ئەم واتــەیــەمــان بروانــە وەسپــەکــانی شاعیــرانی گریــك، کارەســاتــەکــەی «ئۆدیب»و «جــۆکــاستــا»ی دایکی، کاتێ «ســۆفــۆکلیس» باسی دەکــات. یان ـ «یــورپیــدس» لە شانــۆنــامــەی «ئــەفگینیالە ئولیس»دا کاتێ ـ نێردراو ـ ەکە باسی ڕووداوی نێو بەختگاکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. یان باســەرنجی کلاسیــزمــەکــانی فەرەنــگ بدەین «کۆرنێ»و «راسین» ئەم خاڵیی باسکردنە یەکێك بوو لە خاڵە جوێی کەرەوەو چەندووچوون لەسەر کردن لەنێوانی سەر بە «کــلاسیــزم»و سەر بە «رومــانسیــزم». بەڵکــو «رومانسیزم»ەکان بەتەواوی پێچەوانەی پێشوو بوون.

هەر وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد کێشە زماتەوانیو سەنعەتکاری بواری شیعرو زمــان کەرەســەی نووســەری کلاسیــزمــانــە بوو. زمانێکی پاراوی پڕ لە چەشنەها

دەنگانە وەو ئاوازی رەنگینی هەست و هۆش بزوێن. نەخشاو بە جوانترین تەلی موسیقاو ووشەو رستەی ورشەدار رو پر لەرینەوەو کەمترین ووشەو زۆرترین واتا. تا بە کەمترین ماوە گەورەترین کار بکەنە گیان و هەستی بینەر لەپای هێنانەدی مەبەستی سەرەکی بوونی دراما. پەندێکی ئاشکراشە کاریگەرترین شانۆنامە سەرکەووتوو ترین شانۆنامەیە.

ئەم باسکردن و گێرانەوەیەشی لەرێگای - کۆرس - یان - سەرۆکی کۆرس - یان ئەوەتا لە رێگای نێردراوێك و هەندێ جار نامە بەرو پەیامبەریش دەبوونە هۆ.

هۆیەکی دی گرنگ لەم کێشەیەدا بریتی‌یە لەدروست کردنی - ایهام - ی شانۆییانە، واتە خولقاندنی ئەو بارو دۆخە پێویستەی کە کت ومت لەبوون و راستی بچێت. کە رووداوە جەرگبرەکە باسکرا، واتە خەیاڵ و بیری بینەرەکەش هاوبەشی خەیاڵ و باسی شاعیرەکە دەبێتەوە لە وێنە کێشانی رووداوەکەدا. کەواتە زیاد لەسەر ئانێ دێتە ئاراوە. یارمەتی دروست بوون و رەخساندنی بارە دەروونی‌یەکەی بینەر دەدات. دیارە کاتێ رووداوە دڵتەزێنە چاوتۆقێنەرەکان بێنە سەر شانۆ گەلێ لایەنی ئەو دروست بوونە شانۆییانە دەرەوێننەوەو ئەوەتا تا ئەمرۆش رووداوی لەو جۆرانە لە لاوازترین بەشی سەر شانۆ پێشکەش دەکرێن واتا لە بەشی سەرووی شانۆ، تا دوور بێ لەبینەر بۆ ئەوەی بینەر هەندێ لایەنی بینراوەکە هەیە زۆر لێی نزیك نەبێ نەکا - ایهام - برەوێتەوە. چونکە جگە لەبارە دەروونی‌یەکە بینەر سەرنجی راستێتی مەرگەکە دەدات، ئایا هەناسە ئەدات یان نا؟ رەنگی خوێنەکە.. هتد.

لەسەرو ئەو لایەنە رێگرانەوە هەندێ لایەنی ئاینی‌ی‌و زەوق و کۆمەڵایەتیش بەربەست بوون لەبەردەم پێشاندانی بینراوی خوێناوی لە شانۆی کۆندا.

* * *

# شیوەو ناوەروك

هەردوو چاوگــە دێــرینەکـەی کلاسیـزم، «هـونـەری شیعـر»ی «ئـەرستۆو «هۆراس». باسی ئەوەیان کردووە هەر بابەتەو شێوەی خۆی. هەر کالایەو بەقەدەر بالایەك. پەیرەوی کردنی دارشتنی هەر باس و خواسە لەشێوەیەکی زادەی بوونی ئەو بابـەتـەدا. واتـە بوونی پەیـوەنـدیـەکی توونـدو تۆلی دیالەکتیکی نیوان شێوەو ناوەرۆك «Form and Content».

ئەگەر شێوە لە ئاستی گەیاندن و دەربرینی ناوەرۆکدا دەست کورت بوو ئەوە بابـەتـەکـە بێ بایـەخ دەکـات، ئەگـەر کەرەسەکانی شیوە نەیانتوانی بیرومەبەستی هونەرەکە بگەیێننە بینەران ئەوە نیشانەی بوردەلەیی‌و ناتەواوییە.

هەروەهــا هیــچ بیــرێکیش بەجــەمـاوەر ناگـات و کاری خۆی ناکـات گەر لەشێـوەیـەکی هونـەرییـانـەدا دانـەرێـژرێ. کەواتـە شێـوەش تەواوکـەری بوونی ناوەرۆکـەکـەیـە. بەڵێ لەنیـوانیـاندا جۆرە پەیوەندیەك هەیە کە هەریەکەیان بەوی دیان دەگاتە ئاستی تەواوێتی «الکمال ـ «Perfection».

چ گومـان لەوەدانـاکـرێ کە ناوەرۆك چاوگی پەرەسـەنـدن و گۆرانەکانە وشێوەش دوای دەکەوی، ناوەرۆك دەبزوێ‌و شێوەش رەنگ وروی بزواندنەکەی تیادا دەردەکەوێ.

چەنـدەش بیـرو کاکـڵ بەرزو بەهێـزبێ ئەوەنـدەش لەشێـوەدا دیاری دەدات. هونـەرمـەنـدە کلاسیـزمـەکـە گرنگیەکی لەئەندازە بەدەری بەکەرەسە گەیێنەرەکانی شێـوەی دەدا، بەرادەیـەك خۆی بۆ جوانکـاریـەکـانی دەرەوە دەرەتـاند. «هیگل - Hegel - 1770 - 1831 ز» گەیشتۆتە رادەیەك بڵێ: «جوانکاری کلاسیزمانە.. خەلاتـێ بووە گەڵـی گریکی پێ خەلات کراوە، سـتـایشکــردنی ئەم گەڵــەمـان لەسەرە، چونکە هونەرێکی نەمری بالایان بەدیهێنا»(٣٠)

کەواتە ئەو جوانکاریی‌یەی کلاسیزم کارەکان گرنگی‌ی پێ دەدن بەهۆی پەیرەوی کردنی بابەت بلندیی هونەرو ڕێبازەکەیەتی، هەرباسەو بەرگی پڕ بەبەری خۆی بەبەردا کراوە.

لەراستیدا ئەم باسە گەلێ فراوانەو ئەم دەرفەتەش هەر ئەوەندە لەخۆ دەگرێ جگە لەوەی گەلێ لایەنی دیکە ماوەو بەڵام وابزانم مەبەستمان پێکەوە بەشارەزا بوونێکی کلاسیزم.



پەراوێزەکان: -

١ - ارسطو، فن الشعر، ترجمة عبد الرحمن بدوي ص ١٨.

٢ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٦.

٣ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣٥ - ٣٦.

٤ - هەر ئەو شەرچاوەیە، ل ٤٨ - ٤٩.

٥ - د. حسين رامز، الدراما، ص ٨٢.

٦ - هۆراس، هونەری شیعر، حەمید عەزیز کردوویە بە گوردی ل - ١٥.

٧ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل - ٣٥.

٨ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل - ٣٦.

٩ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل - ٣٠.

١٠ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣٠ - ٣١.

١١ - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٢ - ٢٣.

١٢ - هەر ئەو، ل ٢٣- ٢٤.

١٣ - هەر ئەو، ل ٢٤.

١٤ - هەمان سەرچاوەل ٢٤.

١٥ - هوراس - هونەری شیعر - حەمید عزیز کردویە بەکوردی ل ٢٦.

١٦ - سەرچاوەی پێشول ٢٨.

١٧ - د. کمال مظهر - النهضة ص ١٦.

١٩ - سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ - د. محمـد محمـد صالـح - تاريـخ اوروپـا من عصـر النهضـة حتى الثورة الفرنسية - ص ٨٤.

٢١ - د. محمد مندور - الكلاسيكية - ص ١٢.

٢٢ - الكلاسيكية في - الاداب والفنون العربية والفرنسية - ص ٩.

٢٣ - د. محمد مندور - الكلاسيكية ص ١٨.

٢٤ - سەرنجی کتێبی - نظرية الدرامان من ارسطو الى الان - د. رشاد رشدی ل

٢٥ - ٢٦ - ٢٧ بده.
٢٥ - د. رشاد رشدي - نظرية الدراما من ارسطو الى الان - ص ٢٥.
٢٦ - د. محمد محمد صالح - تأريخ اوربا من عصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية ص ٨٧.
٢٧ - الكلاسيكية - ل - ٨٨.
٢٨ - ارسطو - فن الشعر - ترجمة عبد الرحمن بدوى ص ٢٥ - ٢٦.
٢٩ - الكلاسيكية في الاداب والفنون ل ٩٢ - ٩٣.
٣٠ - هيكل - الفن الكلاسيكى - ل - ١٨.



# نمایشکردنی شانونامەی «ئافرەتە پاڕاوەکان»ی ئەسکیلیۆس

ئافرەتە پاڕاوەکان **Les Suppliantes**

نووسەر: -

ئەسکیلیوس «Aischylos - ٥٢٥ - ٤٥٦ پ ز» دامەزرێنەرو باوکی ڕاستەقینەی درامای گریکە[1].

شانۆنامەکە: - لەو داستانەوە هەڵهێنجاوە کە پەیوەندی بە بنەماڵەی داناووس «Danaus» و ئیجیپتۆس «Egyptus» ەوە هەیە. داستانەکە دەگێڕێتەوە گوایە ریناکۆس «Lnachos» ی خوداوەند کچێکی دەبێ‌و «ئایۆ»ی ناو دەنێ. «هێرا»ی خوداوەندی ژنی «چۆپیتێر» دەیکاتە زەیوانی پەرستگاکەی، «چۆپیتێر» دڵی دەچێتە سەری‌و حەزی لێ دەکات. خۆی دەخاتە شێوەی گەواڵە هەورەوەو لێی نزیك دەبێتەوە. «هێرا» بەم کارە دزێوەی «چۆپیتێر» دەزانێ، ئەوسا کە ئەو کیژە زێوانە بەگوڵك دەکات، تا ئیتر «چۆپیتێر» توخنی نەکەوێ.

بەڵام ئەو گۆڕینە هیچ دایەکی نادات، چونکە، «چۆپیتێر»یش خۆی بە گایەك دەکات و هەر پێی دەگات. ئەوسا «هێرا» لەناچاریا، پاسەوانێکی زیت و وریا کە ناوی «ئارگۆس» دەبێت پەیدا دەکات، گوایە نیوە خوا دەبێت، پادشای خەرامی شاری «ئارا گوس»ە. بە پێی داستانەکە، ئەم پاسەوانە سەد چاوی دەبێ، لە خەوتنیشدا پەنجا چاوی کراوەو ئاگادار دەبێ. کاتێ «چۆپیتێر» بەم کارە دەزانێ، ئەوساکە «هەرمس»ی کوری دەنێرێ بۆ کوشتنی. «هەرمس» بەتار ژەندی خەو لە پاسەوان دەخات و دەیکوژێ، ئیتر «هێرا» مێشە سەگانە لە ئافرەتەکە بەر دەدا، تا بێ هۆش دەکات و تووشی چەرمەسەری دەبێ، تا لە وولاتی «میسر»دا خۆی دەگرێتەوە، ئەو کاتە «چوپیتێر» دەیگاتێ‌و دەیخاتەوە شێوە مرۆڤیەکەی‌و «ئیبافۆس»ی وەچەی لێوە دەخاتەوە، کە «ئیجیپتوس»ی لێ‌بووە. کە

له داستانه گریکیه‌کاندا به باوکی میسریه‌کان ده‌ناسریٚ‌و به‌یه‌که‌م پادشای میسری دا ده‌نێن.

براکه‌شی، واته «داناووس»، هه‌ر له هه‌مان داستانی گریکدا به پاشا خه‌رامیه‌کانی میسری داده‌نێن، گوایه به‌ر له براکه‌ی پادشایی کردووه‌و پاش ئه‌وه‌ی براکه‌ی له میسر ده‌ری ده‌کات ده‌بێته پادشای «ئاراگۆس» له وولاٚتی گریك.

«داناوس» په‌نجا کچی ده‌بیٚ‌و «لایچیپتۆس» ی براشی په‌نجا کوری ده‌بیٚ. ئه‌م په‌نجا کوره ده‌یانه‌ویٚ ببنه خاوه‌نی په‌نجا کچه‌ی ئامۆزایان. کچه‌کان ریٚگا ناده‌ن. باوکیشیان پشتیان ده‌گریٚ. به‌ناچاری له‌گه‌لٚ باوکیاندا ولاٚتی «میسر» به‌جیٚ ده‌هێلٚن و روو له‌شاری «ئاراگوس»ی نیشتمانی ئه‌ژداديان ده‌که‌ن، خۆیان ده‌گه‌یێننه په‌رستگای شار ئه‌وسا «پیلاسگۆس»ی پادشای شار په‌یدا ده‌بیٚ‌و له ئاکامی چه‌ندو چوونیانه‌وه، بریاری میوانداریٚتی کردنیان ده‌دات، به‌لاٚم «ئیجیپتوس» سوپایه‌کی جه‌نگی به‌دوياندا ده‌نێریٚ تا ناچاری شووکردنیان بکات.

که کاره‌که روو له ناچاری ده‌کات، ئه‌وساکه باوکی کچه‌کان به‌هه‌ریه‌که‌یان چه‌قۆیه‌کی تیژ ده‌به‌خشیٚ‌و که له شه‌وی بووکێنیدا مێرده‌که‌یانی پیٚ بکوژن، گشتیان ئه‌و راسپارده‌یه‌ی باوکیان به‌جیٚ دینن، ته‌نها کچێکیان نه‌بیٚ، که ناوی «ئیپرنستر» ده‌بیٚ، شه‌یدای «لنسی» هاوسه‌ری ده‌بیٚ‌و ده‌ست له کوشتنی هه‌لٚده‌گریٚ، هه‌ر دوویان هه‌لٚدێن. له ئاکامدا ئه‌م «لنسی» یه تۆلٚه‌ی چل و نۆ براکه‌ی له «داناوس» ده‌کاته‌وه.

خواوه‌ندیش سزای کچه‌کانی‌تر ده‌دات به‌وه‌ی پاش مه‌رگیان «تار تار ـ Tartare» که نزمترین پله‌ی ناو ئاگره به مه‌نزلٚگایان ده‌کات، کاریشیان بێته سه‌ر پرکردنی ئاو به‌ته‌شتی بیٚ بن، واته له‌و دنیای نه‌مرییدا بیٚ ئارام و بیٚ پشووبن.

ئه‌مه بوو چیرۆکه داستانیه‌که‌ی که «شاعیر» به که‌ره‌سه‌و باسی دراماکه‌ی کرد بوو.

## میژووو له دایکبوونی شانونامه‌که:

نازانری له چ سال و رۆژیکدا پیشکه‌ش کراوه، چ به‌لگه‌یه‌کی ئه‌و تۆمان به‌ده‌سته‌وه نی‌یه. ئه‌گه‌ر له ڕووی هونه‌ریی‌و نووسینه‌وه سه‌یری بکه‌ین ڕه‌نگ و رواله‌تی ساکاریی‌و سه‌ره‌تایی پیوه دیاره. زیاتر به‌وه ده‌چی به‌رهه‌می سه‌ره‌تاو رۆژانی یه‌که‌می شانۆنامه نووسینی شاعیر بیت، یه‌که‌میان گری‌ی‌و جۆرو شیوازی چاره‌سه‌رکردنی زۆر ئاسایی‌و ساکارو ئاسانه. پاشان گیان و مۆرکه شیعریه که زاله به‌سه‌ر به‌رهه‌مه‌که‌وه. «کورس» زۆر به زۆری شانۆنامه‌که‌ی راگیر کردووه، به‌لکو زوربه‌ی ڕووداوه‌کانی له ئه‌ستۆ گرتووه. ئه‌گه‌ر کۆرسه‌که‌ی لی ده‌ربهینری‌و، چ مه‌به‌ست و بیریك ناگه‌ینی. له‌سه‌رو ئه‌مانه‌شه‌وه گیانی وتار بیژی‌و گیرانه‌وه‌و باسکردن بۆته دیارده‌ی دیاری شانۆنامه‌که. ڕووداوه دراماییه‌کان ده‌گمه‌ن و بی هیزن، چه‌ند بینراویکی که‌م نه‌بی، پیوست به ئه‌کته‌ری دووه‌م ناکات، له‌گه‌ل ئه‌م رایانه‌ی ئیمه‌شدا هه‌ندی ڕای ڕه‌خنه‌گرو میژوونووسانی دراما وایه که گوایه، له ده‌وروبه‌ری سالانی «٤٩٢ ـ ٤٩١ پ ـ ز»دا پیشکه‌ش کراوه، به‌لام ئه‌وه‌ی سه‌ر سوڕهینه‌ره، ئه‌وه‌یه له سالی «١٩٥١ ـ ز» له شاری «بهنسه»دا تۆماریك بینرایه‌وه، له‌و بینراوه‌یه‌دا سای نووسینی ئه‌م شانۆنامه‌یه به سالی «٤٧١ پ ـ ز» دانراوه، واته پانزه سال به‌ر له مه‌رگی شاعیر.

کەسانی دراماکە:

١ - داناوس **Danaus**

٢ - پیلاسگوس **Pelasgus** پاشای ئاراگوس «**Argos**» ٣ - نیردراو لەلایەن ئیجیپتوس «**Aegyptus**» ەوە نێردراوە.

٤ - کۆرس: -

یەکەمیان - کچانی داناوس،

دووەمیان - دەست و پێوەندانی نێردراوە میسری یەکە، سێیەمیان - کچان و ژنانی ئاراگوس.

تێبینی: - تەنها سێ کەسی سەرەکی تیادایە: «داناوس» باوکی کچەکان، نێردراوە میسری یەکەو سێیەمیان «پیلاستکوس»ی پادشای «ئاراگوس». لە کاتی خۆیدا بەدوو ئەکتەر کارەکە راپی کراوە. ئەکتەری سەرەکی «پروتاگونیست - **Protagoniste**» بۆ یاری کردنی «داناوس»و نێردراوە میسری یەکەش، ئەکتەری دووەم «دیلیتراگونیست **Deleteragoniste**» جێ بەجێی کردووە.

نمایشکردنی بەسەرهاتی شانۆنامەکە: -

شوێن: پەرستگایەکی کەنار دەریای نزیکی «ئاراگوس»ە، پەیکەری چەند خوداوەندێك دیارەو لەگەڵ بەخشگەیەکی گشتی، کچانی داناووس لە تەك پەیکەرەکانەوە دانیشتوون و دەستی [illegible] بلند کردوتەوەو بەم [illegible] [illegible] بە دەست پێدەکەن:

«کۆرسی کیژان: کاشکای «زیوس»ی پشت و پەنای نزاکاران، بە چاوی چاو دێری‌یەوە لە کۆمەڵەکەمانی دەروانی، ئەوانەی بە پشتی کەشتی لەچاوگی «نیل»ی لم نەرمەوە، لە زەوی‌یە پیرۆزەکانی تەنیشت سنووری سوریاوە هەڵهاتووین. لە راستی‌دا لەبەر بریارێکی گەل هەڵنەهاتووین کە لە ئەنجامی کارێکی خوێن رێژیمانەوە درا بێ، بەڵکو بە ئارەزووی خۆمان. لەبەر ئەوەی رازی نین شوو بە کورانی «ئیچیپتۆس» بکەین، ئەو بەدەو، «داناوس»یش باوکمانە، رابەرو سەرکردەی کۆمەڵەکەمانە، وای بەچاك زانی، لەکاتی هەڵبژاردنی لایەکدا کە هەردووکیان شەرن، یان ئەوەتا بە پەلە بەسەر شەپۆلی دەریاوە هەڵبێن، و لە کەناری ئاراگوس دا لانە بنێنەوە. ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە رەچەڵەکمان لەم شوێنەوە دەستی پێ کردووە».

لەراستی‌دا وەك دەڵێن، توخمەکەمان لە دەست بەرکەوتنێکی زیوس ی خولقێنەرەوەو لە گڕی هەناسەی خۆشەویستی‌یەوەو بۆ مانگایەکە کە مەگەز ئازاری دەدا...».

بە دایلۆژێکی دوورو درێژ، سەرگوزشتەی خۆیان و نەژدایان، واتە داستانە ئاینی‌یەکە بەسەر دەکەنەوە، پتر لە سەدو بیست دێر دەخایەنێت، زیاتر بە گوتارێکی ئاینی دەچێ. پاشان «داناوس»ی باوکیان دێتە قسەکردن و رێی نماییان دەکەن، بەم شێوەیە: «کچەکانم، دەبێ وریابن، لەتەك باوکە دانا دڵسۆزەکەتاندا هاتوون کە کەشیتەکەی لێ خوڕ بوون، ئێستا ئەزانم چی لە کەناردا روو دەدات، ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە هەر شتێکتان پێ دەڵێم، بەچاکی لە گوێی بگرن. لە دوورەوە تەپ و تۆزێك بەدی دەکەم، . ئەوە نیشانەی پەیدا بوونی سوپایەکە..». کچەکان گوێی رایەڵی تەواوەتی بۆ باوکیان دەنوێنن، ئیتر دەکەونە نزاکردن و پارانەوە. پادشای ئاراگۆس پەیدا دەبێ‌و دەکەونە یەکتری ناسین، لەسەرەتادا پادشا بەم وتانە رووی پرسیاریان تێ دەکات: «پادشا: ئەمانەی رووی قسە کردنم تێ کردوون، لە کوێی‌وە هاتوون، کەوا بەرگێکی جیاواز لەبەرگی گریکیانیان پۆشیوە، بەرگی بێ گانەیان لەبەر دایە؟ جلەکانتان لەو جۆرە نی‌یە کە

ئافرەتانی ئاراگۆس دەپپۆشن، یان ناوچەیەکی دی وڵاتی گریك، چۆن ویراوتانە بەبێ ترس وا بێئاگاداری کردن، یان بەبێ هاوڕێیەك کە میوانداریتیان لێ بکات، یان رابەری رانمایشتان بکات؟ ئا لەمە سەرم سوور دەمێنێ».

پاشان لە نێوان دەمەتەقێی هەردوولاوە مەرام و مەبەستیان دەردەکەوێ، کە چۆن لەتاو ئامۆزاکانیان هەڵهاتوون و ئەم وڵاتەشیان هەڵبژاردووە، لەبەر ئەو هۆیە بنەرەتیانەی کە نەژادو رەچەڵەکیان بە یەکەوە بۆ ئەو نیشتمانە دەباتەوە، هاتوون پەنا بدرێن و بە دڵنیاییەوە لە پەنایندەیاندا بژین، پاش ئەوەی پادشا بروا بەرەوایی داواکەیان دەکات، بەچاکی دەزانێ بریاری رەزامەنێتی ئەنجوومەنی وڵاتەکەی بۆ وەرگرێ، چونکە کارەکە ترسناکەو پەیوەندی بە ئاسایشی وڵات و نەتەوەکەوەیە، لەوانەیە جەنگێکی خوێناوی گەورەی لێوە بەرپا بێ، بۆیە بەم شێوەیە داوایان لێ دەکات: «پادشا: ـ لە راستیدا ئێوە لەناو خانووی تایبەتیما دانەبەزیوون. ئەگەر شار تووشی بەڵایەك هات، دەبێ گەل بۆ بینینەوەی چارەسەر تێ بکۆشێ. بەڵام من تا لەگەڵ گشت نیشتمانیەکمدا قسە نەکەم، ناتوانم هیچ بەڵێنێکتان پێ بدەم».

کۆرسی کچان رووی زاری تێ دەکەنەوەو دەڵێن: ـ

«تۆ شاری، تۆ گەلی. لەبەر ئەوەی تۆ فەرمان رەوانی بەختگاو ئاگری پیرۆزی نیشتمان دەکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ تاك و تەنهای لەسەر تەخت، تۆ خاوەن دەست و فەرمانی».

بەڵام پادشا بۆیان روون دەکاتەوە، کە لە کاری وادا دەبێ بریارو رای گشت نەتەوە وەگیرێت، ئەوەتا دەڵێ: «پادشا: بریاردان لە کارێکی ئاوادا ئاسان نییە، پاشان بە دادوەرم مەکەن، هەرچۆن لەپێشدا خستمە روو کە هەر چەندە فەرمان رەوام، بەڵام لە کارێکی وادا بەبێ رەزامەندی گەلەکەم ناتوانم هیچ بریارێك بدەم، تا رۆژێ لە رۆژانێ نەوترێت، ئەگەر ئاکامێکی خراپی لێوە کەوتەوە، «پێشوازی غەریبانت کردو خاکەساریت بۆ شارەکەت هێنا».

کار دەگاتە ئەوەی کیژەکان هەرەشە لە پادشا دەکەن، بە خۆکوشتنیان ئەوسا

پادشا ناچار دەکەن کە پیاوەکانی ڕابسپێرێ تا ڕوو لە پەرستگاو بەخت گاکانی شار بکـات، بۆ ئەوەی کێشـەکـەیـان بخـەنـە بەرچاوی گەل. داوا لە کچەکانیش دەکەن کە لە پەرستگاکەوا بمێننەوە . . . لەم ماوەیەدا کۆرسی کیژان بەدایلۆژێکی دوورو درێژی ئاینی‌یانەی نزاکارانە کاتەکە بەسەر دەبەن، تا باوکیان دەگەڕێتەوەو مزگێنی ڕەزامـەنـدی گشت گەلیـان دەداتێ، ئەوەتـا بۆیان دەگێڕێتەوە: «داناوس: کێشـەکـەمـان لەلایـەن خەڵکی «ئـاراگۆس»ەو بەبێ دوو دڵی‌و هیچ دڵە ڕاوکی‌یەك تەمـاشـا کرا، بەڵکـو بەشێـوەیـەك کە گەنجێتی هێنـایـەوە دڵە پیرەکەم، لە دەستی ڕاست بەرزکـردنـەوەی هەمـوو گەلـدا بووە باهـەڵکـردن، کە ئێمە بۆمان هەیە بە ئازادی بەبێ ئەوەی کەسێ بمان گرێ لەم وولاتەدا بژین . . . ». کۆرسی کیژان دەست بەنزای ستایش و سوپاس دەکەن. لەپرا باوکە ئاگاداری کیژەکانی دەکات کەوا کەشتی بەرەو ڕوویان دێت دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئازایەتی لە دڵیان دەنێ‌و فێری خۆ گرتنیان دەکات.

نێـردراوی میسـریـەکـان و پیاوانی دەگەنە سەر کچەکانی داناوس و دەیانەوێ بەزۆرەملێ کێشیـان کەن. لەوکـاتـەدا پادشـا ئامـادە دەبێ‌و دەست درێـژیـەکـە ڕادەگـرێ‌و هەڕەشـەیـان لێ دەکـات و بڕیـارەکـەی گەلی «ئـاراگـوس»یـان پێ ڕادەگەیێنێ، پاشان دەڕۆن. واتە چیرۆك و مەبەستی چیرۆکەکە دەگاتە ئاکام، واتە دەربـاز بوون و سەرفـرازی ئەو پەنجـا کچـەو باوکیـان لەدەست پەنجا کورەکەی ئامۆزایان. ئاکام باوکەو کچانی دەستی نزاو پارانەوە بۆ بەختیاری‌و سەرفرازی‌و خۆش گوزەرانی گەل و پادشای ئاراگۆس دەخوازن.

بەم دایلۆزە کۆمەکیەکە، کە گشت هاوبەشی تێدا کۆتایی بە شانۆنامەکە دێت کە تیادا باسی نەواو مەزنی «زیوس»ی.

خوواوەنـد دەکـات، بەم دێـرە کۆتـایی دێت کە دەڵێت: «یـاسـاکان لە پێناوی دادوەریدا بێت، بەپێی ڕاکانی ئاسمان لە پای سەرفرازیدا».

* * *

«لـەم بەشـەدا شاكـارێكی كلاسیكی فەرەنسی، كە بریتی‌یە لە «ئەندرۆماك»ی شاعیری مەزن «ژان راسین» نمایش دەكەین. بۆیە ئەم شانۆنامەیەم كردە نموونە چونكە گشت ڕواڵەتەكانی ڕێبازەكەی پێوە دیارە».

«ئەندرۆماك ـ Andromaque»

سەرنج: لەلایەن یورپیدس ـ Euripide - ٤٨٠ ـ ٤٠٦ پ - ز»ەوە لە ساڵی «٤٢٣ پ ـ ز» هەمان شانۆنامە نووسراوە، بەسەر هاتەكەی لە كۆتایی‌یەكانی

جەنگی تەڕوادەوە وەرگرتووە. بەڕای مێژوونووسانی دراما ساڵی «٤٢٤ پ - ز» نمـایش كراوە، گوایـە نمـایش كردنـەكـەش لە شاری ئەسینـا بووە. یەكێكـە لەو بەرهەمانەی بەشی دووەمی ژیانی یورپیدس واتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی جەنگی «پیلۆبونیز»، ئەو جەنگەی لە نێوان ئەسپارتایی‌و ئەسینایی‌یەكاندا هەڵگیرسا.

سەرچاوەكان:

ئەلیازە: واتە «بەیتی ئەلیۆن» كە لەلایەن «هۆمیروس ـ Homeros - سەدەی ٩ پ ـ ز» مەزنە شاعیری یۆنانەوە هۆنراوەتەوە، لە دەوروبەری ساڵی «٩٠٠ پ ـ ز» لە «٢٤» بەش پێـكـهـاتـووەو «١٦٠٠٠» دێـرە شیعـری لەخـۆ گرتـووە، سەرگوزشتەی ئەو ڕووداوە داستانیانە بەسەر دەكاتەوە كە لە جەنگی سەرشاری «ئـەلیـۆن» لە دەوری ساڵی «١٢٠٠»یـان «١١٠٠» پ ـ ز ـ واتـە «١٨٠٠» یان «١٧٠٠»ی كۆچی. ئەلیۆن دەكەوێتە ئەو زەویەوەی بە «تەڕوادە» بەناوبانگە، بۆیە جەنگەكەش هەر بەناوی جەنگی تەڕوادەوە ناسراوە.

جەنگـەكـە دە ساڵی خایـانـد، بەڵام وەنەبێ «ئەلیازە» سەرجەمی ئەو جەنگەی باس كردبێ، بەڵكو باسی ئەو ڕووداوانەی دوا ڕۆژانی ساڵی دەیەمین، واتە ساڵی كۆتایی هاتنی جەنگەكە بەسەر دەكاتەوە. هۆی سەرەكی بەرپابوونی جەنگەكەش بەپێی داستـانـەكـە بۆ هەڵگـرتنـەكـەی «هیـلانە»ی ژنی پادشای «ئەخایین»ە كانە لەلایـەن «پـارس»ی كوڕی پادشـای «ئـەلیون»ەوە بوو. ئەوە بوو «ئاگامەمنوون»و سوێندخوارانی كۆمەكیان كردو ڕوویان لە تەڕوادە كرد.

کەرەسە سەرەکیەکە کە کراوەتە باسی شانۆنامەکە، لەبەشی هەشتەمی «ئەلیازە»وە دەست پێدەکات، واتە لە چوونەکەی «هکتۆر»ی مێردی «ئەندرۆماك»ەوە بۆ جەنگ، ئازایەتیەکانی تا مەرگی، ئەوەی کەرەسەو هەوێنە بەسەرهاتی «ئەندروماك»ە پاش ڕووخان و شکانی «تەروادە» بەتاڵانی دەبێو دەست «نیوبتولیم»ی کوڕی «ئەخیل» دەکەوێ.



## ئەندرۆماکی یورپیدس: -

لە لایەکەوە جوانیەکی بێ هاوتای ئەندرۆماك و پەیوەندی بە «هکتور»ی هاوسەریەوە، پاشان کە دەبێتە کەنیزەکی «نیوبتولم»و «هرمیون»ی ژنی دلی لێ پیس دەکات و ئالۆز دەبێ، دەکەوێتە هۆنینەوەو دانانی پیلان و کاریی کوشندە بۆ تۆلەسەندن و رزگاربوونی. تەراژیدنامەکە لەسێ بەش پێکهاتووە، یەکەمیان پەیوەندی بە «ئەندرۆماك»ەوە خۆیەتی، چۆن لە مەرگ رزگاری دەبێ، پاشان دووەم بەش پەیوەندی بە «هرمیون»ەویە کە چۆن پاش دەست کەوتنە رووی‌و ئاشکرا بوونی، هەڵدێ‌و رادەکات، سێیەم بەش پەیوەندی تایبەتە بە «نیوبتولیم»ی دوورە کۆشك و کۆچ کردووەوە. بەڵام هەرسێ لقەکە لەمەبەست و گرێی سەرەکی‌و کاری بنەرەتیدا یەکانگیر دەبن. لە رووی دەروونی‌یەوە بەریالستی‌یانە کاری لەتەك کەسەکاندا کردووە. ئەو ئافرەتە سەرەکی‌یەش وەك بەخت بوویەکی دەستی نەفرەت و جەنگ پیشان دەدات، نووسەر بە دوای ئەو بابەت و رووداوانەدا گەڕاوە کە گەورەترین کاریی لە بینەر کردووە.

نووسەر لە سنووری پارێزراوی هەرسێ یەکەکەدا ماوەتەوە، لەگەڵ پاراستنی هاوتایی‌و شکۆداریی‌و بەکار هێنانی مەزنە مرۆڤان و خولیای بێ‌سنوورو گەورە، لەگەڵ خۆ بەستنەوەی تەواو بەگشت داب و نەریتێکی شانۆنامە نووسیندا. واتە وەك شانۆنامە نووسێکی کلاسیکی کۆن «Oldclassicism» پارێزگاری رێبازەکەی کردووە.

ئەنیادە ـ Eneide:

یەکێکە لە چاوگە گەورەکانی نووسینی تەراژیدنامەی «ئەندرۆماك»ی «ژان راسین»، لە نووسینی شاعیری مەزنی لاتین «فرجیل ـ Virgile ـ ٧٠ ـ ١٩ پ ـ ز»ە ئەم بەرهەمەی شاعیر لە سەر شێوەی «ئەلیازە»و «ئۆدیسا»ی «هۆمیرۆس»ی گریك نوسراوە، لە نێوان سالآنی «٢٩ بۆ ١٩» پێش زایین لە شێوەی چامەیەکی بەیتیانە هۆنراوەتەوە. لە دوانزە سروود پێکهاتووە. بە گیانێکی نەتەوایەتیەوە هۆنیویەتەوەو گۆرانی شانازیو سەربەرزی بەسەر رابووردووی شکۆداری رۆماندا هەڵدەدات، سەرگوزشتەی قارەمانانی تەروادە بەسەر دەکاتەوە کە پاش وێران بوونی شوێنەوارەکەیان روویان لە ئیتالیا کرد.

تا لەوێ نیشتەجێ بن لە ژێر سەرکردایەتیو چاودێری یەکێ لە خواوەندەکانی «ئۆلمپ»دا، هەر بە دەستووری بەیت و داستان پرە لە خەیاڵ و پیاهەڵدان و شاخ و باڵ بۆ کردن و فرین. لە سروودی سێ بۆ پێنجەم سروود، واتە لە دێری ٢٩٢ بۆ ٣٣٢ پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە.

* * *



## ڕاسین و ئەندرۆماك:

«ڕاسین ـ J. Racine» یەکێکە لە نوێنەرە هەرە دیارەکانی کلاسیزم، ڕەواترە بووتـرێ کلاسیـزمـە فەرەنسایی‌یەکـە، کە لەگـەڵ کەسـانی وەك «کـۆرنێ ـ Corneille» و «بـوالـۆ ـ Boileau» و «بـۆفـۆن ـ Buffon» دارابـەرایـەتی‌و نوێتنـەرایـەتیـان دەکـرد. «ڕاسین» وەك مەزنترین بلیمەتی تەراژید نامەنووسی ئەو بزوتنـە کلاسیـزمـە ناسـراوە. پەیـوەستی ئەو دەستـوورانـە بوو کە بە دەستـوورە ئەرستـۆییـەکـان ناسـراون. بەتـایبـەتی خۆ بەستنـەوەی بەسێ یەکـەکەوە «کات و شوین و بابەت»، ئەمانە گشتی لە گریکیەکان و ڕۆمانیەکان ماونەتەوە، «ڕاسین» هەمـان «ئـەنـدرۆمـاك»ی لەسـەدەی هەڤـدەهـەمـدا کردە کەرەسـەی جوانتـرین تەراژیـدنـامـەی‌و بەهـەمان ناوەوە. لە ساڵی «١٦٦٧»دا هێنایە ژیانەوە. کە سانی تەراژیدنامەکە بریتین لەمانە: ـ

- ئەندرۆماك ـ **Andromaque:** بێوەژنەکەی هیکتۆرەو ئەسیری «بیروس»ە.
- پیرۆس ـ **Pyrrhus:** کوڕی «ئەخیل»ەو پادشای «ئەبیر»ە.
- ئۆرست ـ **Oreste:** کوڕی «ئاگامەمنوون»ە.
- هرمێون ـ **Hermione:** دەست گیرانی «پیروس»ەو کچی «هیلانە»ەیە.
- پیلاد ـ **Pylade:** هاوەڵی ئۆریستە.
- کلیۆن ـ **Cleone:** کەنیزەکی «هرمیون»ە.
- سفیز ـ **Cephise:** کەنیزەکی «ئەندرۆماك»ە.
- فنیکس ـ **Phoenix:** سەر بە ئەخیل بوو پاشان بووە پیاوی «لبیروس».

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە «بیروت»و لە هۆڵێکی کۆشکی «پیروس»دا ڕوو دەدات..

## «چیرۆکی شانۆنامەکە»

لەسەرەتادا «ئۆریست» دەردەکەوێ کە تازە گەیشتۆتە کۆشکی «پیرۆس»ی کوری «ئەخیل» و لەگەڵ «بیلاد»ی هاورێی ئەمەکداریا خەریکی دەمەتەقێن.
لە وت و یژەکانیانەوە دەردەکەوێ کە گریکیەکان بۆ داواکردنەوەی «ئەستیاناکس»ی کوری «هکتور» لە پیروس» پاشا ناردوویانەتە ئەو شوێنە..
ئەم هاتنەی زۆر بەلاوە خۆش بووە، چونکە بەو هۆیەوە بە دیداری «هرمیۆن» شاد دەبێ کەشێت و شەیدایەتی، وەك خۆی باسی لێوە دەکات:
«خۆشم دەوێ.. چاوەروانی ئەوە مەکە، ئەو ئاارە بەتینەی لە دڵمایە بکوژێتەوە یان کزببێ، چی ئەبێ، هەر مەترسیەکە، بابێ، گەلێك هەوڵم داوەو لە ژمارە نایەن، خۆراگوتنم لە لووت بەرزیمەوە بوو، دەباخۆم بەدەستەوە بدەم و چارەنووس چ دەبێ بابێ، من خۆشم دەوێو لە پای وەرارتنی خۆشەویستی «هرمیۆن»دا هاتوومەتە ئەم شوێنە، تا نەواو سۆزی بدەمێ هەڵی ارم یان ئەوەتا بە بەرچاویەوە بمرم. تۆ «پیروس» دەناسی، چی دەکات؟ بۆم باس بکە چی لە کۆشك و سەرا یا روو دەدات؟ لە دڵیا؟ ئایا ئێستاش «هرمیۆن»ی خۆشەویستم زاڵە بەسەریا؟ بڵێی بۆم باەرێنێتەوە، ها «پیلاد، ئەو سامانەی لێی فراندم؟».
پاشان باسی حەزلێ کردنی «پیروس» لە «ئەندرۆماك» دەکات و دەڵێ «هرمیون»ی بیرچۆتەوە. لەهەمان بەشدا ئااادار دەبین کە «پیروس» رازی نابێ منالەکە بۆ اریکیەکان باەرێنێتەوە.
هەروەها داوا لە «ئەندرۆماك» دەکات شووی پێ بکات، بەڵام «ئەندرۆماك» بە نەنای دادەنێو دەیەوێ بە وەفاداری بۆ «هکتۆر»ی کۆچ کردووی بمێنێتەوە.
لەدوا بینراوی بەشەکەدا «پیروس» لەیەك کاتدا خۆشەویستیو ریاای سزا لە بەردەم «ئەندرۆماك»دا دادەنێو سەرپشکی دەکات لە هەلبژاردنا و دەڵێ: «برۆ خانمەکەم، برۆ چاوت بە کورەکەت بکەوێ، بەڵکە بە چاو پێکەوتنیت کەمێك خۆشەویستەکەت ئارام بارێ، تا تورە بوون بەرابەری نەبێ، دیمەوە لات تا

ئەنجامەکەمان بزانم، خانمەکە هەر کە ماچت کرد بیر لە رزااری کردنی بکەرەوە».

لە دووەم بەشی شانۆنامەکەدا «هرمیۆون» دەبینرێ کە لە تورە بوونیا لە تلو «ئەندرۆماك» ئااری ارتووەو هەرەشەو اورەشەیەتی. کە چۆن ئەو خانمە شەناه تەروادەییە لە دڵی «پیروس»دا شوێنی ئەمی داایر کردووە بۆیە لە داخا بە «ئۆریست» دەڵێ کە بۆ وڵاتەکەی دەگەرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە تەماشا دەکەین «ئۆریست»یش لەداخی ساردوسری «ئەندرۆماك» لەاەڵیا، ورەی بەرداوەو، لەناچاریا بریاری هێنانی «هرمیۆن» دەدات، ئەوەتا لە بەر خۆیەوە دەڵێ: -

«بەڵێ.. بەڵێ.. لە اەڵما دێ، لە ئێستاوە دڵنیات دەکەم کە رازی دەبێ. هیچ سکالایەك لەوە مەکە، لەئاکامدا لەوە ناترسم «پیرۆس» الی بداتەوە. ئێستا ئەو جاه لەو خانمە تەروادەییەك چی دی نابینێو لەبەرچاوی نییە، تەنها ئەوە نەبێ هەموو شتێ ئازاری دەدات، خوا خوایەتی «هرمیون»ی لە کۆڵ بێتەوە... ئەی خۆشەویستی وەرە با قسە بکەین، چاوەکانم بنوقێنە تا ئەو هەموو جوانیە نەبینم؛».

لەبەشی سێیەمدا: هەست بەبێ ئارامیو رەنجەرۆیی «ئۆریست» دەکەین، سەیری ئەم دەمەتەقێیەی نیوان «بیلاد»و «ئۆریست»:

«بیلاد: هێمن بەرەوە، اورەم ئەم هەڵچوون و تورەییەت خاوکەرەوە ناتناسمەوە، خۆشت خۆت بزر کردووە.

ئۆریست: نەء؛ چ بابەخێك بۆ ئامۆژاریەکانت لام نەماوە، ئارەزووی گوێگرتنی هۆشم نەماوە، ئەوە زیاتر درێژە بەئازارو خەمەکانم دەدات. یان ئەوەتا هەڵی دەارم و هەڵدێم یان ئەوەتا با تیا بچم - بریاری ئەوەم داوەو دەبێ جێبەجێی کەم. بەڵێ ئەمەوێ».

پاشان «ئەندرۆماك» دەبینن کە چۆن لە بەردەم «هرمێون»ی ارژبوودا بە چۆکدا دێو بەپارانەوەوە داوێن ایری دەبێ، تا «ئەستیاناکس»ی کوری بۆ بپارێزێ.

ئەندرۆماك: خانمەکەم ئوغربێ؟ لەبەر چاوت جوان نییە کەوا بێوەژنەکەی

«هکتـور» لەبـەر پێتـا دەار؟ نەهـاتـوومـەتـە ئێـرە تا دڵت بەداخی دڵپیس بوونێك بچزێنم. ئەی هاوار چاوم لەدەستی بێ بەزەیی‌یەوە بووە؛ ئەو سینەیەی دەبری بەتـەنهـا خۆم دەمتـوانی تێی بروانم. لە کۆنـدا «هکتـور» اری ئەشقی تیـامـدا داایرساندو پاشان ئەو خۆشەویستیەی لەگەڵ خۆیدا لە گۆردا گیر کرد. بەڵام تەنها کوڕێکم بۆ ماوەتەوە، خانمەکەم خۆت دەزانی خۆشەویستی دایك بۆ کوڕ تاچ رادەیەکەو چی لە دایك دەکات».

دوا بە دوای ئەوە ڕوو دەکاتە «پیروس»و لێی دەپاڕێتەوە ئەویش هەر ڕوو بەڕووی هەڵبژارد نەکەی دەکاتەوە، واتە یان شووی پێبکات یان ئەوەتا بەقسەی ناکات.

**لە چوارەم بەشـــدا «ئـەنـدرومـاك» چاری ناچـار دەبێو بریـار دەدات شوو بە «پیروس» بکات لە پێناوی پاراستنی کوڕەکەیدا.**

**هەروەها لە دڵی** خۆیدا بڕیار دەدات، کەهەر پاش جێ بەجێ کردنی ڕەسم و دەستووری **مارە** کردنەکە دەسبەجێ لەناو پەرستاگدا خۆی بکوژێ لە ڕووی جێ **بەجێ کردنی وەفـاداریـ**ـەوە بەرامبـەر گیـانی «هکتـۆر»ی خۆشـەویستی، لەم دەمـە **تەقی‌یـەی نێـوان** «سفیـز»و «ئـەنـدرۆمـاك»دا هەست بەڕادەی ئازارەکانی ناخی لە **ئاستی بڕیارەکەیدا** دەکەین:

**ئەندرۆماك:** کوڕەکەم ئەتوانم شەڕی مەرات لێلادەم، نابێ بمری، ناتوانم خۆم **بێ رانـاگیـریو** لەوزەمـدا نەمـاوە، دەی خێـرا کە «سفیـز» ایـانی خۆشەویستم با «ببروس» ببینین، تۆ برۆ لەبری من بیبینە.

...فیز: دەبێ چی بێ بڵێم؟

ئەندروماك: **بێی** بڵێ خوشەویستی بەسەرما زاڵ بووە.. لەو بڕوایەدای لەاەل ...ۆیدا بڕیاری خۆکوشتنی داوە، ئەری خۆشـەویستی ئەتوانێ هێندە لەدڵ ڕەقیا دە... ت بلاوبێ، ئا بەم ئەندازەیە؟

... ئەڵێی ...، ئەوە جارێکی تر دەمارایر بوویەوە.

ئەندروماك: ... بڕۆو دڵنیای‌کە...

سفیز: بەچی؟ بە خۆشەویستیت؟
ئەندرۆماك: ئەی هاوار؛ ئەم خۆشەویستیەم هەیەو ناتوانم... ئای بۆ خولەمێشی مێرد؛ ئای بۆ تەروادەییەکان؛ باوکە هاوار، کورەکەم، ژیانت زۆر لە سەر دایکت کەوت... دەی.
سفیز: خانمەکەم بۆ کوێ؟ چی دەکەیت؟
ئەنـدرۆمـك: بۆ سەر گۆڕی مێردەکـەم، تا ڕاوێـژی کـەین. ئاارینی قین و تۆڵـەسـەنـدنی «هـرمیـون» شالاوی بەرز دەبێتـەوەو، دەکـەوێتە کاری سزادان.. کوشتنی «پیرۆس» بە «ئۆریست» دەسپێرێ:
ئۆریست: ئای خانمەکەم؛ ڕەوایە «ئۆریست» بێت و مل کەچی فەرمانت ب ێ؟ ئایە بەهیوا درۆینەیەك فریوو نەدراوم؟ بەڕاست ئەتەوێ بمبینی؟ بڕوا بکەم وا لە دوایی‌دا چاوەکانت چەکیان فڕێ فڕێ داو دەیانەوێ...

هرمیون: گەورەم ئەمەوێ بزانم خۆشت دەوێم؟
ئۆریست: خۆشم دەوێ‌ی؟ ئای خوایە؛ ئیمان و اشت شتێکم بۆ تۆیە ڕاکردن و اەڕانەوەو شکۆمەندیم، سووك بوونم لە اەڵتایەو، نامرادی‌و هەمیشەش چاوەکانتم پڕ لە فرمێسکن، چ اەواهێك و بەڵایەکی ترت دەوێ اەر بڕوا بەم هەموانە ناکەی؟
هرمێون: تۆڵەم بۆ هەموو شتێ ڕاستاوترە.
ئۆرێست: فەرمووخانمەکەم با جارێکی دی گڕ لە گشت وڵاتی گویك بەردەین، دەی بەهێزی بازوی من و ناوی تۆ دەست پی‌بکەین، شوێنی «هێلانە» بارەرەوەو منیش «ئاگامەمنوون». با لەم وولاتەدا کوێرەوەری تەراژیدنامە ئەوەیە گەورەترین کار لەسـەر بینـەرانی بکـات، بۆ بزوانـدنی هەر دووسـۆزیـان، سۆزی ترس و بەزەیی، لەپای پاکژبوونەوەدا.
هەڵبژاردنی بابەتێکی وای وەك بابەتەکە «ئەندرۆماك» زامنە بۆ نەمرێتی، ئەو نەمرییەی خەڵاتی «کـلاسیـك» کراوە. بەلایـەنێکی ترەوە، جۆری کەسـەکان،

لەسەر هەمان دەستوور لە مەزنە مرۆڤانن نەك رەشە خەڵك و مرۆڤی ئاسایی، ئەوەتا پادشاو وەچەی پادشان،.. لە بارەی زمان و شێوەی دارشتنەوە، لەسەر یاسای شوێن پێ هەڵارتنی گریکیەکان و رۆمانیەکان، بەزمانێکی شیعرانەی بڵندو نازدار رازێنراوەتەوە. زمانێك کە جوانترین دەربرینە لە ئەدەبێکی باڵای فەرەنسایی.

لە رووی پیشاندانی بابەتەکەوە، روون و رەوانەو هیچ پێچ و پەنایەکی تیادا نییەو گەلێك ئاسایی و ئاشکرایە.

هەر لەیەکەم بەشەوە گشت توخمەکان بەئاشکرایی خۆیان دەنوێنن، بەشێوەیەکی ماقووڵ و مەنتیقی وا رادەبوورن، لەرێگای پەرەسەندنی حەزو ئارەزووی کەسەکانەوە بەزنجیرە رووداوێکدا رادەبووری تا دەاتە ئاکام، وەك پێویست، لە ئاکامیشدا، پڕ بە پڕی رۆخە کلاسیکیەکە، مەرا و چارە رەشی و خوێن...

مەرای «پیرۆس» بەدەستی «ئۆریست»و لەلایەکی ترەوە خۆ کوشتنی «هرمیون» لەهەست کردینەوە بە تاوانبارێتی ی، ئامانەو مەرای «ئەندرۆماك» لە وەفاداریەوەی بەرامبەر «هکتۆر»ی قارەمان، لەسەرو ئەمانەشەوە شێت بوونی «ئوریست» وەك پەندی زەمانەو بەرپابوونی شۆرشی توورەیی اەلەکەش لەسەر هەموانەوە. بەڵێ ئاکام بەمەرا شکایەوە، بەڵام لە ناوەخنی هەموو مەراەکاندا رەوایی و هێنانەوەی تای نەنای بارە اشتی‌یەکەی تیادا دەبینرێ.

دیاردەیەکی تری ئەم بەرهەمە بریتی‌یە لە ئاور دانەوەی «راسین»ی نووسەر لەباسێکی دێرین، واتە لە داستانێکی اریکی‌یەوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شوێن پێ هەڵارتنە کلاسیکیانەکەیە. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێ کە شاعیر شارەزایی‌یەکی چاکی نەك هەر بەدراماو دراما نووسانی اریك و رۆمانەوە بووە بەڵکو بە تێکرایی شارەزای کەلتووورە اشتیان بووە.

## ...ئەندرۆماك لەنێوان یوربیدس و راسین دا

...ەروەوە

...کارێکی رەوام زانی شاکارێکی دراما بە نموونە بکەم بە بەرهەمێکی بالای ...ی دراما ...وو... - رابەرو مەزنی دوو قوناغی هەرە دیارو پرشنگداری مێژووی ...ارستانیەتی مرۆڤ لە گوڵبژیرەکەدا تەراژیدنامەی ئەندرۆماك ـ Andromache ...م کردە گوڵی سەرپـــەرچـەم و یەخـەی ئەم بۆنـە پیـروزە. کە کاری دوو دەست رۆیشت...ـووە گۆ بردەوەی مەیـــانی شورەسـواریو لێهـاتـووی هونـەری شانـۆن ـ یەکەمیان: دەسپێشخەری بابەت یوربیدس ـ Euripide ٤٨٠ ـ ٤٠٦ پ. ز ..

گریـکـیـــە کە ساڵی ٤٢٣ پ. ز نووسیـــویـــەتی، بەســـەر هاتـــەکـــەی لە سەرگـوزەشتـەکـانی رۆژانی کۆتایی جەنگی تەروادە وە وەرگرتووە. بەرای مێژوو نووسـانی درامـا ساڵی ٤٢٤ پ. ز نمـایش کراوە. گوایـە نمـایشکـردنەکەش لە دەری شاری ئەسینا بووە، ئەم بەرهەمەش لە نێو بەرهەمەکانی شاعیر دایە، واتە بۆ رۆژانی جەنگی پیلۆبونیز دەگەرێتەوە. واتە ئەو جەنگای لە نێوان ئەسپارتاییو ئەسیتاییەکاندا هەڵگیرسا. دووەم نووسەری شانۆنامەی ئەندرۆماك ژان ـ راسین ـ J. Racine ـ ١٦١٩ ـ ١٦٩٩ ە ز کە ساڵـی ١٦٦٧ ز نووسیـــویـــەتی و یەکـــەم شانـۆنـامـەی ئەو هەشت شانـۆنـامـە گرنـگ و بە ناوبانگەیەتی کە لە دوای ساڵی ١٦٦٥ ەوە نووسیویەتیو درەوشاوەترین ئەستێرەی ئاسمانی تەراژیدیای کلاسیکی فەرەنسین.

بەهـەمـان رێوشـوێنی یوربیـدس گەوهەری چیرۆکی شانۆنامەکەی بۆ هەمان رووداوی جەنگی تەروادە دەگەرێتەوە..

لەم باسـەدا بەراوردی هەردوو شانۆنامەکە لە بەردەم جۆری هەڵهێنجان و کارکردن لە تەك کەرەسە سەرەکیەکاندا. لەگەڵ ڕادەی پەیوەستیو پەیرەوی کردنیان بۆ داب و دەستوری تەراژیدیا نووسین. بەپێی یاسا ئەرستۆتالیەکان ئەو پێناسە کردنانەی لەکتێبی شیعر بۆ درامای کردووە. لەسەرو ئەوانەوەو جۆری چنین و دارشتن بابەتەکە، کێشەی یەکبوونیان، لە ڕووی شانۆی ئافرەتانەو بارەبوونی لە هەردوو تراژیدیا نامەکە.

وەك سەرنجێك حەز دەکەم بڵێم لەڕێگای زمانی عەرەبیەوە «ئەندرۆماك»م ناسیووە. کە ڕەواتر بوو لە ڕێگای هەردوو زمانەکەوە ـ گریکیو فەرەنسەییوە بمناسینایە. چونکە جێگای گومان نییە کە زۆر لە هەقیقەتەکەو هەرینەکانی ون دەبن و گەلێك ئەمانەی هونەریمان لە دەست دەچێ بەهەرحاڵ بووە مەسەلەی پێڕاکێشان بەقەدەر بەرەکە.

چاوگەکانیان: ـ

لێرەدا چاوگەکان «١»، واتە ئەو چاوگانەی هەردووکیان لێیان هەڵهێنجاوە بەسەر دەکەمەوە. چ گومان لەوەدا نییە کە جگە لە چاوگی سەرەکی شانۆنامەکەی یوربیدس بوتەوە نەگ تەنها بە چاوگ بەڵکو بە ئیلهام بەخشێکی گەورە بۆ پێزی خامەو بیرو خەیاڵی ڕاسین. جیاوازی سەردەمەکەشیان پتر لە دوو هەزار ساڵە ـ ئەمەش خۆی لە خۆیدا زامنکەرەی بوون و هێنانەوەی نەك هەر دەوری تر، بەڵکو گورو هێزی تر. هاتنی ڕاسین بە شوێن پێی یوربیدس دا کارێکی ئاساییە، چونکە ئەوە لە کردەی کلاسیزمەکانە ـ کە شوێن پێ هەڵگرتن لە تەراژیدیا نووسیندا، شوێن گریکیو ڕۆمانیەکان بکەون. بەتایبەتی لاسایی سێ مەزنە شاعیرەکەی گریکیان دەکردەوە. واتە ئەسکیلۆس ـ Aischylos ٥٢٥ ـ ٤٥٦و سۆفۆکلیس Sophokles ٤٩٦ ـ ٤٠٥وە یوربیدس ی لەمەڕ خۆمان و لە شاعیرانی ڕۆمانیش ئەوە سینکا Seneca ٤ ـ ٥ ب ـ ز ٦٥ز نموونەی باڵا بوو، بەهەر حاڵە، لە ڕۆژانی ڕیناسانس Renaissance ەوە ئاوڕ دانەوەی پڕ بە بڕوا بەرامبەر شکۆداریو مەزنێتی ئەو دوو شارستانیەتە درایەوە، ئاوردانەوەی ڕاسین لە

ڕۆخی ئەو ڕووبارە گەورەوە دایە، نمایشکردنێکی خێرایی ئەندرۆماکی یوربیدس هکتۆری قارەمان دەکوژرێو «ئەستیاناکس»ی کوری لەسەر شوراکانی تەروادەوە هەڵـدێـرێ تا وەچـە بڕ کرێن. پاشـان ئەنـدرۆمـاك ی ژنی بەتـاڵانی بۆ کۆشکی «نیـوٚبتلم»ی پادشـای کوری «ئـەخیـل»ی پاڵـەونی تەروادە کێش دەکـرێ، وەکو کەنیزەك جوانی‌یەکەی دڵی پادشا زەوت دەکات و کوڕێکی لێ‌ی دەبێ بەناوی «ملۆسۆسە»وە.

بوونی ئەنـــدرۆمـــاك، ئاگــری قین و تورەیی لەدڵی «هــرمیســـۆن» شاژنـــدا دادەگیرسێنێ، لەبەر ئەوەی دڵی مێردەکەی لێ داگیر کردووەو دەبێتە هاوبەشی لە مێردەکەیا، جگە لەوەی کە خۆی نەزۆکەو «ئەندرۆماك»یش منالی لە مێردەکەی بووە.

«هرمیون» بەتەواوی دڵ لە «ئەندرۆماك» پیس دەکات و نەزۆکی‌یەکەش بەسەر ئەودا دەهێنێ. بۆیــە لەگــەڵ باوکیا دەکـەونـە پیـلان کێشـانێـك بۆ لەنـاو بردنی «ئـەنـدرۆمـاك»و کورەکـەی، ئەو کورەی کە تاکە هیواو بزەیەکە لە ژیانیدا، پاش ئەوەی دەستەکەیان لای پادشا ئاشکرا دەبێت، ئەوسا ڕوو دەکەنە کارێکی تر، لەپـــای بەمــــەرام گەیشتینـــانـــدا ئەوەش «ئـوریـەست»ە کە کاتێ خۆی دڵخـوازی «هرمیون» بووە داوای هەڵگرتنی لێ دەکات، خەڵکەکەش هاندەدات بۆ کوشتن و ڕسـواکـردنی «نیـوبـوتم» کە گوایـە بۆ نویـژو نزاو تۆبەکردن نەچۆتە پەرستگاکەی «دلف»ەوە، بەڵکـو بۆ ڕسـوا کردنی «ئـەپـۆلـۆن»ە و تەماعی لە زێڕەکانی پەرستگا کردووە. بەڵێ «ئـۆریست» سەربـازەکـان و گەلی لێ هانـداوەو بەدەستی کەسێك دەکوژرێ. . لێرەدا «تیتیس»ی خواوەند دەردەکەوێ کە «بیلی» لە هەرزەییا خۆش دەویست، لێ‌ی نزیـك دەکـەوتـەوە «ئـەخیـل» لە لەش لێکـەوتنی ئەو خوایەوە بۆ «بیلی» هاتە دونیاوە. هەر لەو خۆشەویستی‌یەوە بەزەیی دەبزوێو داوا دەکات کە کوڕەزاکـەی واتـە پادشـای کوری «ئـەخیل» لە پستگاکەدا بنێژێ «ئەندرۆماکیش» هەر لەو شارەدا بمێنێتەوەو بەشێوەیەکی شەرعیانەش شوو بە «بهلینۆس» بکات و دڵنیایان دەکات کورانی «مولۆسۆس» پادشا بەختیاریان لێ دەردەچێ لە کۆتاییدا

داوای لێ دەکات کە لە ئەشکەوتێکدا چاوەڕوانی یەکەم خۆشەویستی بکات تا بۆی بهێنێو بیکاتە خواوەندێکی بەختیار.



## «پووختەی شانۆنامەی ئەندرۆماکی ڕاسین» -

سەرەتـا «ئـۆریست» دەردەکـەوێ، کە تازە گەیشتـۆتـە کۆشکی «پیرۆس»ی پادشای کوڕی «ئەخیل»و لەگەڵ «پیلاد»ی هاوڕێی ئەمەکداریا خەریکی گفت و گۆن، لە ووتـەکـانیـەوە مەبـەستی هاتنـەکـەی دەردەکـەوێ کە گریکـەکان بۆ داواکـردنـەوەی «ئـەستیـانـاکس»ی کوڕی «هکتـۆر» ناردووپیـانـە، لەگەڵ ئەمەدا هەست کردن بە خۆشی پێوە دیارە، چونکە بەو بۆنەیەوە بە دیداری «هرمیۆن»ی دڵبەری شاد دەبێ، پاشان ئاگاداری شەیدابوونی «پیرۆس» بە «ئەندرۆماك» دەبێ دەیەوێ شووی پێبکات، بۆیە پەڵپ و بیانووی پێدەکرێ.
هەڕەشـەی کوشتنی کوڕەکـەی لێ دەکـات. «ئـەنـدرۆماك» شووکردن بە نەنگیو بێوەفایی دادەنێ بەرامبەر «هکتور»ی کۆچ کردوو. کار دەکاتە سەر دوو ڕێیان بڕیارو سەرپشکی هەڵبژاردن دەکرێ..

یان شووکـردن، یان مەرگی کوڕەکـەی. لەدووەم بەشـدا تووڕەییو هەڕەشـەو گوڕەشەی «هرمیۆن» لەتاو ئەندرۆماکی جێ گرەوی کڵپە دەسێنێ. بۆیە لەداخ و تۆڵە سەندندا داوا لە «ئۆریست» دەکات بییاتەوە وولاتەکەی. لە لایەکی دیکەوە «ئۆریست» لە داخی کەم مەیلیو ساردو سڕی «ئەندرۆماك» گفت بە «هرمیۆن» دەدات..

لە سێیەم بەشدا، ناڵەی بێ ئارامیو ڕەنج خەمباری لە «ئۆریست»ەوە دێ - پاشـان «ئـەنـدرومـاك»ی کەسـاس بە چۆك دادێو داوێن گیـری پارانـەوە دەبێ لەبـەردەم «هـرمیـون»ی گرژبـوودا دەبیـزێ، بۆ ژیـانی «ئـەتیـانـاکس»ی کوڕی دەپـاڕێتـەوەو دەکـرۆزێتـەوە. دوا بە دوای ئەم بینـراوە، جارێکی دیکـە لە ئاستی سەرپشکییەکەی «بیروس دا» دەبینرێ، لە چوارەم بەشی تەراژیدنامەکەدا بە بێ چاری بڕیـاری شووکـردن بە «پیـرۆس» دەدات، بەڵام پێشـەکی لە دڵی خۆیـدا بڕیـاری خۆ کوشتن دەدات، لێرەوە «هـرمیـون»ی تووڕە، دەگـاتـە بڕیاری جێ بەجێ کردنی نیـازو تۆڵـە. بۆیـە کوشتنی «پیـرۆس» بە «ئـۆریست» دەسپێـرێ،

هەرچەندە «ئۆریست» دەیەوێ خۆی لەم کوشتنە لادات، بەڵام «هرمیون» گشت ڕێگـایـەکی لێ دەبـەستێتـەوە، لە دواییشدا «پیرۆس» لەناو پەرستگاکەدا بەدەستی «ئۆریست» دەکوژرێ، بەڵام پاش گەیشتنەوەی هەواڵی کوشتنەکە بە «هرمیۆن» شێت گیـر دەبێو سۆزو نەوای بەرامبـەر «پیـرۆس» گشت سۆزو هەستێکی دی رادەماڵێ، و لەتاوا وەك لە زاری «بیلاد»ەوە دەبیسترێ، خۆی دەکوژێ، کۆتایی شانۆنامەکە بە شێت بوونی «ئۆریست» کۆتایی پێ دێ..

رۆژگارەکان: -

یەکـەمیـان بە سەردەمی ئەتیکی «Periade Attigue» ناسـراوە، لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زاینەوە تا کۆتایی‌یەکانی سەدەی چوارەمینی بەر لەزایین دەگرێتەوە مەزنتـرین و باڵاتـرین بەروبـومی ڕۆژانی شارستـانیـەتی گریکـە، نایـابترین بیرو هونەرو ئەدەب و ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی تیادا دەرکەوتووە، گریك بە پلەیەکی ئەو تۆ گەیشتبـوو کە پێشتـر بە خۆیـەوە نەدیبـوو، مەزنتـرین هونەرمەندو لێهاتووترین سەرکـردەو بەرزتـرین زانـا. ئەمـانـە گشت خەونە هونەری‌و زانستی‌یەکانی سەدە دێـرینـەکـانیـان هێنایە دی، «ئەسینا»ی پایتەختی «ئەتیکا» بووە قیبلەگاهی جیهانی زانست و هونـەر، جگـە لەوەی لە ڕووی نەتـەوایـەتی‌و نیشتمـانیـەوە گەورەترین گۆڕانکاری بە خۆیەوە دی، «یۆربیدس» کوڕی ئەو ڕۆژگارو ژیانە پڕ لە بازدانە گەورانەیە، ڕۆژانی لەدایك بوون و پەرەسەندنی هونەری دراما.

ئەو ڕۆژگارەی بەرۆژانی زێرین ناو دەبرێ شوێنەواری شانۆ گریکیە کۆنەکان ئەو حەقیقـەتـە دەسـەلمێنن، بەخـۆڕای نەبـووە شانۆی هەندێ شار تا چل هەزار کورسی تیـادا بووە، جگـە لە پایـە بەرزێتی هونـەرمـەنـدی شانـۆ کە لە پلەی سەردارای نەتەوەو گەورە کاهنەکانی دیۆنیزیۆس دا بوون. چەند بەڵگە نامەیەکی یادگـاریش ماوەتـەوە لەو یاسـاو بڕیـارانـەی کە ئەنجـومەنی شارە یەکگرتووەکانی گریك دەریان کردووە..

دووەمیان :

ڕۆژانی ژیانی «ڕاسین» :

لەسەردەمی پاشایەتی «لویسی چوارەم»دا ژیاوە، ئەو ڕۆژگارەش ڕۆژانی بەهێزیو بە خۆدا هاتنەوەی فەرەنسایە، ئەوسێساڵەی پاشایەتی تیادا کرد گەلێك وولات و کاروباری ڕێك و پێك کرد، فەرەنسا بووە بە هێزترین گەلی ئەوروپا. هەر فەرمان ڕەوایی یەکە بووە هاوتای بوونی کلاسیکیە توێیەکە. ئەوەی مەبەستە، بریتی‌یە لە بەهێز بوون و باڵاکردنی هونەرو ئەدەبی کلاسیزم بە ڕادەیەك کە پێشتر نەیدیبوو.

دەرگای کۆشك و سەرا لە ڕووی مەزنە ئەدیبان و هونەر مەندانا والا بوو، بەتایبەتی بۆ سێ بلیمەتەکەی شانۆی فەرەنسا کە بە دامەزرێنەری ئەو هونەرە باڵایە دەناسرێن، یەکەمیان «کۆرنێ - Corneille» - «١٦٠٦ - ١٦٨٤»و دووەمیان «مۆلێر - Moliere - ١٦٢٢ - ١٦٧٣ - ز» باوکی کۆمیدیای فەرەنك، سێیەمیان «ڕاسین»ی مەزن.

هەروەها پێشوازی گەرم چیرۆك نووسانی وەك «لافۆنتین - Lofortaine ١٦٢١ - ١٦٩٥»و ئەوانی دی. ڤرسای بوو بووە مەڵبەندی ئەدەب و هونەر هەر چۆن لە بواری ڕامیاریو جەنگ دا قیبلەگاە بوو، بەکورتیەکەی لەچاك بەختی «ڕاسین»دا لە ڕۆژگاریکا ژیاوە کە پادشاکەی گەورەترین پشتیوانی هونەرمەندان و ئەدیبان بووەو مێژووگەلێ بەڵگەی زیندووی بۆ هێشتوونەتەوە، لەگشت بوارەکانی هونەرو ئەدەبی ئەو ڕۆژگارەدا بەهەمان شێوەی گریك لە شانۆ ڕۆژانی بازار گەرمی بووە، بۆیە تەنها لە شاری پاریسدا لە ڕۆژانی «ڕاسین»دا ساڵی «١٦٦١» شەش تیبینی شانۆیی هەمە جۆرە لەکار کردندا بوون، کەواتە لە پشت هەر یەکێ لەو هونەرمەندە باڵا بەرزانەوە جەماوەرێکی باڵا هەبووە..

«هەردوو شانۆنامەکە لە ئاستی بایەخ و مەرجەکانی درامای کلاسیك دا»...

هەردوو «ئەندرۆماکە» کە سەر بە کلاسیکی، یەکەمیان بە کلاسیکی کۆن - «Old Classicism» دووەمیش بەکلاسیگی نوێ ناودەبرێ‌و دووەمیش بە

کلاسیك هەنـدێ کلاسیکی نوێ ـ «New Classicism» دەنـاسن. بەر لە دەست نیشـان کردنی بایـەخ و مەرجـەکـان تا بزانین هەردوو نووسـەر لە رووی بەراوورد کردنەوە چەندە کاریان لەتەکدا کردوون. بە رەوانی دەبینم پێناسەکەی «ئەرستۆ ـ Aristo ـ ٣٨٤ ـ ٣٢٢ پ . ز»، کە بۆ تەراژید نامە کردوویەتی تۆماری بکەم. «کەواتە تەراژیدیا گێرانەوەی فرمانێکی تەواوەتی کارێکی بەرزە، درێژیەکی دیاری کراوی هەیە، بەزمانێکی رازاوە، بە پێی جیاوازی بەشەکانی، ئەم گێرانەوەیەش لە رێگای کەسانێکەوە دەبێ کە فرمان دەکەن، نەك لە رێگای وتنەوەو بەزەیی‌و ترس دەبزوێنێ‌و پاکژ بوونەوە دەخاتەوە»[1]. هەروەها مەرجە سەرەکیەکانی تەراژیدیای کۆن لەم خاڵانەدا کۆ بووەوە:

یەکەمیان: توخمە سەرەکیەکان لە کێشە دڵ تەزێنەکانەوە هاتبێ، واتە باسێکی خەمناکانە.

دووەمیـان: چیـرۆکـەکـەی لەو داستـانـە مێژوویی‌یـانـەوە بێ کە بەتـایبـەتی «هۆمیروس»ی بەسەری کردوونەتەوە.

سێیەم: یەکەی بابەت و کات و شوێن.

هەر شاعیـرە بۆ رۆژگـاری خۆی دەنـووسێ، ئەو رۆژگـارەش چەنـدەی بۆ رەخساندبێ، هێندەی ئەو رەخساندنە بە بەرهەمەکەیەوە دەردەکەوێ. کەواتە ئەو دوو هەزار ساڵەی نێوانیان، گەلێك گۆران دەهێنێتە ئاراوە...

یەکـەمیـان بینـەر، ئەو بینـەرە گریکی‌یـەی «یـوربیـدس» کە شانـۆی بە شوێنـەوارێکی پیـروز دادەنـاو دەروونی تیـادا پاکـژ دەکـردەوە، زۆر جیـاوازە لە بینـەرەکـەی رۆژانی راسین ی سەردەمی حەڤـدەهـەم. شانـۆ واتـاو مەرامێکی تر دەگـەیـەنێ، بۆیـە ئەو کێشـەیـەی «یـۆربیـدس» لەلای «راسین» بە جۆرێکی دی دەکەوێتەوە. جەماوەرە گریکیەکە بە جەماوەرێکی فەرەنسایی دەگۆڕێتەوەو وریاو حەز لەبـەزم و رەزم کەرە بەلای کێشـە سۆزی‌و دڵـداریـەکـانـەوە دەچوون، بۆیە راسین دەستی لە ئاستی جیهانی سۆزداری‌و خۆشەویستی «ئەندرۆماك» زۆر زیاتر شل کردووە وەك لەلای

«یوربیدس». تەماشا دەکەی لە لای راسین ئەو دایلۆژانەی لەباسی خۆشەویستی و ئازارەکانیەوە دەدوێ، بەرادەیەك کە وەك شاعیر مەبەستی نووسینی شاکارێکی دڵدارانە بێ، نەك تەنها حاڵەتێکی درامیانە، بەڵام لەلای «یوربیدس» ئاگاتە ئەو ئاستە، هەردوو شاعیری درامانووس شانۆکەیان بە شانۆی ئافرەتە بەناوبانگە، ئافرەت بەگشت هەست و نەست و هەڵس و کەوتیکەوە دایك، دەسگیران، کچ و خوشك. . . هەردوو شاعیر کێشەی بنەرەتیان لەسەر ئافرەت دامەزراندوە، واتە ئافرەتیان بەدڵ و داینەموی هەڵسورێنەرو درووست کەری کەسان و حاڵەتەکە نیشانی کردووە، گرێ درامیەکانیان لەسەر بەندەو لاوانەوە دەست پێ دەکات، سەرهەڵدانی گیروگرفتەکان و چارەنووس و چارە رەشیەکانیش بەگەردن شکاندنیان دەشکێتەوە. دەڵێی بۆ بەدبەختی دروست بوون نەك تەنها «ئەندروماك» بەڵکو سەرجەمی کارەکانیان، بەڵام لە رووی بەراوردەوە «ئەندروماك»ی یوربیدس بەپێی بۆچوون و سەردەمی بیرورامیتافیزیکیەکە، قەدەر، یان هێزە نادیارەکان وەك بوونی خواوەندو دەست خستنە ناو کارەکەوە، وەك لە ئاکامدا دەبینرێ - ئەمە لای «راسین» دەگۆرێ بەکەسانێك لە ئافرەتانی سەدەی حەڤدەهەم. ناسکی و هەستی دەروونیان و سۆزی گەرمیان. . . هەڵس وکەوتیان پێ دەکات. . شۆربوونەوە تا دوا بنی ناخی ئافرەت. . سەرنجیشم ئەوەیە هەردوو نووسەر لە رۆژانێکدا ژیاون کە هەناسە بە بوونی ئافرەت دراوە، هەر چەندە لای راسین بەبێ سەردەم گەلێك زیاد بووە لە رووی یەکەکانەوە. کە یەکێکە لە مەبدەئە بنەرەتیەکانی کلاسیك و ئەبێ ئەمە بۆ دەقەکانی کتێبی «شیعر» بگەرێتەوە بەڵکو مایەی لێکدانەوەشی کردنەوەی رایەکانی «ئەرستۆ»یە لەلایەن رەخنەگرانی ئیتالیاو فەرەنساوە لەسەدەی شانزەهەمدا، لە شانۆنامەکەی «راسین»دا زۆر بە توند تر پێوەی پەیوەستە. ئەمەش خۆی خاڵێکی گرنگ و جوێ کەرەوەی نێوان هەردوو کلاسیکیەکەیە، جگە لەوەی لە رووی یەکەی ئاوازەوە، واتە سەرجەمی شانۆنامەکە لە چوار چێوەیەکی هاو ئیقاعی یەکگرتوودا رادەوەستێ. دڵ تەنگی تا ئاکام بەبێ هەناسەیە. . خەندەیە، یان هەر دەرچوونێ، واتە ئەو رژێمە

کلاسیکیـەی لای «راسین» هەیـە. بەو شێـوە نابینـرێ لە شانـۆنـامـەکـەی «یوربیدس»دا. هەر کەسانیش گشتیان لەمەزنە مرۆڤانێکدان کە ئاغریو نەفس بەرزیـان جۆرە جدیـەتێکی پێ داون هیـچ سوکـە گاڵتـەیـان لادان لە ئاکـام بە خۆیـانـەوە نابینن. یەکێ لە خاسیـەتـەکـانی «تـراژیـدیـا» بەڕای «ئـەرستۆ» زمان بەرزییە، بەشیعر دەنووسران و گشت وردەکاریو هونەرکاریەکی تیادا دەنوێنرا، تا گەورەترین کار بکات.. هەرچۆن مەوداکانی زمانی شیعر لە زمانی پەخشان فراوانتـرەوە جگـە لەوەی گونجـانـدن لەتـەك چاوگـەکـانی دراماڵدا.. داستـان و بەیتـەکـان.. شیعـر بۆ لەبـارتـر بوو لە پەخشـان، لەسەرو ئەوانە شەوە ئەو مەزنە مرۆڤـانـە وەك «ئـەسکیلۆس» واتـەنی دەبـوو بە زمـانێکی جیـاواز لە زمـانی ڕەشە خەڵکـەکـە بدوێن. بەهـەرحاڵ بە بەراوردکردنێکی زمانی هەردوو شاعیرە هەمان شانـۆنـامـەدا دەردەکـەوێ کە ئەو جوانـکـاریو دەست ڕەنگینیـەی «راسین» کردوویـەتی، بەڵام هەست بەسنوور مەنـدیـەك دەکـەین. ئەمەش پەیوەندی بەو ڕەنگ ڕیشان و سنوور دانان و هەڵبەستنانەوەیە کە کلاسیکیە نوێیەکە بۆی دانا، زۆر لە زمانە شیعریەکە «یوربیدس» جۆی دەبێتەوە.

بەپێی ئەو گشت جیاوازیانەی چ لە ڕووی کۆمەڵاییو ئاشێوەی شانۆو جۆری دانیشتن و پێش کەش کردنی شانـۆنـامـەکـان بگـۆڕێ، بۆیـە بە بەراوردیکی خیـرایـانـە، ئەو جیـاوازیـانـەمان لە شێوان هەردوو شانۆنامەکەدا بۆ دەردەکەوێ، دەبینین ئەو ماوە تەسکە دیاریکراوەی گریك گۆڕاوە بە شانۆیەك لەبارترە. ئەمە بە بەلەمەکەە دیارە، چ لەڕووی گێرانەوە چ لە ڕووی نەتوانینی دەرخستنی زۆر شت، بۆ نموونە بوونی کۆرس لەلای «راسین» نەماوە. یان زۆر شتی تر.

لە ڕووی کەسەکانەوە بەپێی یاساکانی تەراژیدیای ئەرستۆتالیانە دەبێ مەزنە مرۆڤـان بن، چونکـە خەمی ئەوانـە کۆڵـە خۆ دەگـرێو خەڵکی تریش پێـوە تێ دەگلێو نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەموان و وڵات دەگرێتەوە، بۆ نموونە کێشەی «ئودیوس» بە پادشایی یان ئەفگینیا لە ئولێس» هتد.. هەردوو شانۆنامەکە مەزنە مرۆڤـانیـان لە خوگـر تووە، بەڵام کەسـەکـان «یـوربیـدس» چاوبـەستی ویستی

خواوەندەکانن زیاتر لەوەی هی خوودی خۆیان بن، پێچەوانەی کەسانی «راسین»ەوە.

لەڕووی بەکارهێنانی داستانەکەوە.. جیاوازییەکی یەکجار گەورەی هەیە، ئەمەش لە جیابوونەوەی گۆشە نیگای دوو سەدەمەکەوە داستان لەلای گریکییەکی واتایەکی دەدا کە زادەی ڕوانگەی ڕۆژگارەکەیەتی هەڵقوڵاوی ئارەزوو خولیاکانیشی بەدەم نا دیارەکانەوە داستانەکە دڵنیاییەکی بەگیانی دەبەخشی لەمەوداکانی بوون و نەبووندا.

فەلسەفە سەرەتاییەکەی گەشە پێ دەکرد بۆ مەرامێکی کە لە خەون و خەیاڵات دەچوو.. بەڵام لەلای «ڕاسین» مەبەستی بەکار هێنانەکە شکومەندی دانە بە هونەرێکی باڵاو ئاوڕدانەوەیە کە بەپێی داب و نەریتی کلاسیزم. لە ئاکامی ئەم کورتە باسەدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە «ڕاسین» زۆر ڕێنایی «یۆربیدس»ی کردووە ئەو کار تێکردنەش بە ئاشکرایی بە «ئەندرۆماك»ە کەیەوە دیارە.

بەشی دووەم

# ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەب و هونەردا

دەروو: ـ

تا مرۆڤایەتی هەنگاو بنێ، هونەر مەزنتر دەبێ، مەزنتر بە ئەرك، بە روح و رەوت. باڵــە ئاسـۆیی‌یـەکـانی جیهـانێکی دی دەژێنێ و کێشـەی گەورەتـر لەخۆ دەگـرێ. شادەمـاری ژیـانـدنـەوەو شارستـانیـەتە. دەنگی بەر دەوامی و بۆ پێشەوە چوونە. ئامێزی خۆشەویستیەکە نەتەوەو نیشتمانی لە خۆ گرتووە.

ئەم باسـەمـان دەربـارەی رێـبازی «رۆمـانسیـزم»ە دەتـوانم بڵێم «دیلاکـروا. Delacroix» ی مەزنە نیگارکێش نا هەقی نەبووە کاتێ لە ناخەوە هاواری لێ هەڵساوە! «جوانی ـ Aesthetics» لە کوێی‌وە دەست پێ بکەم؟

باسێکی بەر فراوانە، ژیانی گەلێك نووسەرانی بەناوبانگی قووت داوە. . . «١»

«رۆمانسیزم ـ Romanicism» بازنەیەکی گرنگە لە زنجیرە ئەزموونە مەزنەکانی کاروانی ژیانی مرۆڤ. شۆرشێکی بەر بەرەڵاو سنوور نەناسە، گشت لایەنەکانی ژیانی گرتەوەو پەرچ کردارو رەنگدانەوەی بە شوێنێکی تایبەتیەوە نەوەستایەوە.

ئەدەب و هونـەر رەنگـدانـەوەی پەیـوەنـدی نێـوان مرۆڤ و جهـانەکەیەتی ئەو پەیوەندیەش خاوەنی پاسا تایبەتیەکانیەتی، کە لە جۆرە پەیوەندیەکانی دی جوێ‌ی دەکـاتـەوە، قوتـابخـانـە هونـەریەکان بە دەنگەوە هاتنی پێوستیە جوانکاریەکانە لە بوونێکی مێـــژوویی کۆمـەڵایـەتی دیـاری کراودا، کەواتـە بوون و لە دایکبـوونی قوتابخانەو رێبازەکان بریتی‌یە لە کاری بەدەنگەوە هاتن و بە تەنگەوە هاتنی باری پەرەسـەنـدنی کۆمـەنگـاکـەو پێـوستییـەکی گیانی‌و ئایدۆلۆژی‌و جوانکاری‌یە، یان هەڵوێستێکی پێویستە بۆ بەردەم باری ژیانەکە.

دەست نیشانی حەقیقەتەکانی بوونی کۆمەڵایەتی دەکات، لێکدانەوەی بوون و هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە.

بارێکی ئابــووری چینێکی هێنــایـە پێشـەوەو بووە مایـەی شۆرشێـك لە پای بەدەست هێنانی گۆرانکاریەکاندا.

بەڵێ لە ئکامی شۆرشی «١٧٨٩»ی فەرەنگەکانەوەو لەپای بەرژەوەندی چینی

ناوەراست، دژ بە دەرەبەگایەتی‌و کلێسەو دەستگاکانی ئۆرستوکراتیزم لە سالی
رژێمی دیمکراسیزم دا پەروەردە بوو، بە کەرەسەی سوزو ئەندێشەو خەیاڵ و
سروشت دا بەرەتێکی ئازادیانەوە بۆ پێشێل کردنی یاساو داب و رەسمە کۆنە
کلاسیزمیەکان و پشت بەستن بەخودو خۆیی هەنگاوی نا، لەسەرەتاوە لە
ئینگلستان و فەرەنگستان و ئەڵەمانیا دەستی پێ‌کرد پاشان شوێنەکانی دی
ئەوروپای گرتەوە.

دڵنیام بابەتێکی وەك «رۆمانسیزم» شایستەی خۆ بۆ ماندوو کردنە هەرچەندە
بەباسێکی کەم دەرفەت، ناتوانرێ گشت مەبەستێکی بەدەست بگات.



## «هەڵوێستەیەك لە ئاستی ڕۆشنكاری فەلسەفەی هۆشمەندیی».

لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەهەمدا ئینگلتەرە گەورەترین هەنگاوی پەرەسەندن و جم وجوڵ و چالاکی لەبواری ئابووری دانا بوو، بوو بووە یەکەم وڵاتی سەرمایەدار، لە هەمان کاتدا مەڵبەندێکی پڕ تەوی فەلسەفەی بۆرژواو گرنگترین شوێنی هونەرو ئەدەب، شارستانیەت بەگشتی. وڵاتی ڕۆژگاری نوێ. لێرەوە یەکەم هەنگاوی «ئەستاتیکا» جوانکاری ڕۆژگاری ڕۆشەنی دەستی پێ‌کرد، لە کتێبی «پوختەی مێژووی تیۆرەکانی جوانکاری»دا دەست نیشانی سێ ڕووداوی بەناوبانگ کراوە، کە بوونەتە گەینەری جۆشی کۆششی بۆرژوا بۆ ترۆپکی مەبەست.

ڕووداوەکانی ئەمانەن: -

یەکەم: - چارەسەرکردنەکەی ئەڵەمانیای سەدەی شانزەهەم، ئەمەیان لەسای ئایینداکرا.

دووەم: - شۆڕشی ئینگلیز لە سەدەی حەڤدەهەمدا کە کۆتاییەکەی بە پێکهاتنی بۆرژواو ئۆرۆ ستوکراتیەکان شکایەوە.

سێیەم: - شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنگ کە دام و دەستگای دەرەبەگایەتی ژێرپێ نا.

ئەم سێ ڕووداوە لەسای هەر پەردەیەکی شاراوەوە بووبن، گرنگ ئەوەیە چەمکی نوێی بۆگشت بارو بۆچوونەکان هێنایە ئاراوە، دەنگی نوێ بۆ ژیانی نوێی. لێرەدا گرنگترین ڕواڵەت و مەبەستی ئەستاتیکای سەرەی ڕۆشنکاری بەسێ خاڵ دەست نیشان دەکەم: -

- یەکەمیان کە گرنگترینیانە، بریتی‌یە لە شی‌کردنەوەی مرۆڤ، شی کردنەوەیەکی ڕیالستیانە.
- دوەم بەرپەرچ دانەوەو دژ وەستان بەرامبەر «پۆریتانیەکان - Antipuranism»
- سێیەمیان، دانانی هونەر بە ڕێ‌نمایی‌کەرو ڕابەری ڕەوشتی جوان و پاك.

بەر لە چوونە ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەوە دوویادگار بەسەر دەکەینەوە کە پێ... پێی ڕانەهاتبوون و جوانترین دەربڕینە بۆ ڕۆژگارەکە، یەکەم یادگار ئەوە بوو: سالّی ۱۷۵۵ لە شاری «لشبـونـە» بوومە لەرزەیـەکی ترسنـاك ڕوویدا، لە ئاکامدا سێ هەزار کەسی تیادا چوون، «ڤۆلتێر - Voltaire ۱٦۹٤ - ۱۷۷۸» کە یەکێکە لە ڕابەرە مەزنەکانی ڕۆشەنکاری، ئەم ڕووداوە هەژاندی، بەتایبەتی کاتێك پیـاوانی ئاینیی فەرەنسـا بە نەفـرەتێکی خوداوەنـدانـە دایـانـە قەڵەم، ئەویش بەم شیعرەی کاریگەرە بەروویاندا تەقیەوە: -

من بەشێکی گیچکەم لە هەموانێکی گەورە
بەڵێ، ژیان بۆ گشت ئاژەڵێك دانراوە
بەیەك یاسا هەموان لە دایك بوون
وەك من ئازار دەکێشێ‌و وەك من ئەمرێ
هەڵۆ چنگ لە نێچیرەکەی توند دەکات
بە نینۆکە خوێناویەکە پەلە لەرزۆکەکانی زامدار دەکات
تا ماوەیەك هەموو شتێ بەئاسایی دەبینێ
بازە هەڵۆ خراپترین شڕوپڕ دەکات
مرۆڤ تیرێك دەگرێتە بازو دەیکوژێ
مرۆڤیش لە تەپ وتۆزی جەنگاکاندا دەکەوێ
خوێنی تێکەڵ خوێنی هاوڕێ کوژراوەکانی دەبێ
ئەوسا ئەوانیش دەبنە خوانی باڵندە درندەکان
ئا ئاوا هەموو شتێ لە جهاندا دەناڵێنێ‌و دەکروزێتەوە
هەموو بۆ مەرگ و ئازار لەدایك بوون
لەسەرو ئەم ئاژاوە ڕەنگ زەردەوە دەڵێ
شەڕ بەسەر یەکێکدا دەبارێ بۆ خێری هەموان»

ئەم شیعرەی «ڤۆلتێر» «ژان ژاك ڕۆسۆ - Jean - Jacques Rousseau ۱۷۱۲ - ۱۷۷۸»ی بزواند، کە نوێنەری چەپ ڕەوەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنکاری

فەرەنسا بوو، هاتە وەرام و بەم شێوەیە بەدەنگە هات: -
«گەر لە کێڵگەکانی دەری شاردا بژینایەو شارنشین نەبووینایە، ژمارەی کوژراو بەم رادەیە نەدەبوو. گەر لەژێر ئاسماندا، نە لە خانوودا، خانوومان بە سەردا نەدەرما.....»

دوو تۆمـــارە، نەك هەر ڕواڵـەتی ڕێـرەوی ڕۆشنکـاریی پێـوە دیـارە بەڵکـو بە پووختی پووختەی ڕۆمانتیکیشی هێناوەتە بەرهەم.
بەهەر شێوەیەك بێت ناتوانرێ «ڕۆمانتیبك» چ لە فەلسەفەی هۆشمەندی یان ڕۆژان و ڕێبازی ڕۆشەنی جۆی کرێتەوە «ڕۆمانتیك» بوون و بەر سای فەلسەفە هۆشمـەنـدیـەکـەیـەوە «Enlightment» . هەر چەنـدە لەئـاکـامـدا بەرەوویدا تەقیەوەو سەربەستە ڕێگای گرتە بەر. بە پێویستی دەزانم ئاورێك لە ڕۆشەنیو ناخ و بۆچوونەکانی بدەمەوە. ئەم ڕێبازە نەك هەر لە شوێن و کاتێکدا بەڵکو لە چەنـدین شوێن و چەنـدەهـا سەردەمـدا خۆی نوانـدووە، بەڵام بە شێوە تەواویو ڕاستـەقینـەکـەی بۆ سەدەی هەژدەهـەم دەگەڕێتەوە کە لە ئینگلترەو فەرەنسا چاوی بوون و بەردەوامی هەڵهێنا.
لە دێر زەماندا لای شارستانیەتە مەزنەکەی «گریك» لە لای «سەفسەفائیەکان - «Sophistes» کە لەسەدەی پێنجەمی بەر لە زایین دا باو بوو ئەمانە هەرچەندە سەر بە قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبوون، بەڵام لە زۆر بارو ڕاو بۆچووندا یەکیان دەگـرتـــەوە، بۆ نمـــوونـــە، لە کێشـــەی ڕەت کردنـەوەی ئاین، لە سەر بنچینـە هۆشمـەنـدیـەکـەش دیـاردە سروشتیـەکـانیـان لێکـدەدایـەوە، هەروەها مرۆڤ بە بڵنـدتـرین پێـوەری سروشت دانـاوە، بۆ چەسپـانـدنی ئەم لایـەنەیان، واتەیەکی «پـرۆتـاگـۆراس - Protagoras - ٤٨١ - ٤١١ پ . ز» تۆمـار دەکـەینـەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ پێوەری گشت شتەکانە، ئەوانەی هەیە، کە هەن، ئەوانە نیین، کەنیین».
لە ڕووی شوێنیشـەوە کە گەلێ شوێنی جیـا جیـا سەری هەڵـداوە، جگـە لە

ولاتی هیندستان و چین، بەلام کە لە سەدەی هەژدەهەمدا وەك بزوتنەوەیەکی پێویست خۆی نواند، وەك شۆرشێکی ئایدولۆژی ناسرا کە گشت شتێك بە پێوەری هۆش و مەنتیق هەڵدەسەنگێنێ و گونجاندنی هۆش و مەنتیق و یاسا سروشتیەکان و گرنگی دان بە پێشکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ پاراستنی مافەکانی، ئەمانەن کە سوود بەگشت مرۆڤایەتی دەگەێنن و ئایندەی ئاسوودەی بۆ دەرەخسێنن.

پوختەی فەلسەفەو رۆژگارەکەی لەم چوار خاڵە گرنگەدا کۆدەبنەوە بەشی یەکەمیان ئەوانە لە خۆ دەگرێ کە بەر لە قۆناغی رەخنە سازی‌یە.

دووەم بەش، بەشی رەخنە سازیی‌یە، گرنگترین بەرهەمی ئەم قۆناغەی ئەمانەن: -

١ - رەخنە لە هۆشی پووختە، ساڵی ١٧٨١.

٢ - رەخنە لە هۆشی براکتیك، ساڵی ١٧٨٨.

٣ - رەخنە لە بەهرەی فەرمان رەوایی، ١٧٩٠.

لەم سێ کتێبەیدا تیۆرە رەخنە سازیی‌یەکەی «النقدیة - Criticism» دەخاتە روو، کە سەرجەم دەیەوێ ئەو فەلسەفەیەی دەرخات کە توانا زانیاریەکانی مرۆڤی تیادا باس بکات، ئینکاری توانای مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتنە مەرامی زانیاریی گەوهەری شتەکان بە واتا ئایدیالیزمیەکە، مەودای زانینی مرۆڤ سنووردارە، تەنها شارەزا بوون، بە پێی راهاتن تاکە چاوگە بۆ زانیین.

لەم شوێنەدا تەنها ماوەی ئەم ئاورە خێرایەمان هەبوو، بۆ ئەوەی بزانرێ کە چ پەیوەندیەکی توونەدو تۆڵ لە نێوانی بزوتنەوەو رۆژگاری رۆشنایی و فەلسەفە هۆشمەندیەکەی «کانت»و رێبازی رۆمانسیزم دا هەبووە، لێرەدا دەست نیشانی ئەو کاریگەییەی بزوتەوەی رۆشنکاری دەکەین کە چەندە جم و جوڵیەکانیان کاریگەر بوو بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەلاتی ئایدولۆژی کڵێسەو دەرەبەگایەتی، نەك تەنها دژ کڵێسە بوون، بگرە دژ بە هەموو بیرو باوەرە ئاینی‌یە رەق و تەقەکانیان و

دژ به ڕێبازی بیر کردنەوەی قوتابخانەی «سکۆلائیزم - Scholasticism»، شعوبیەکانی ڕووس «نارۆدیسزم - Narodism».

یەکەم: هێنانی سروشت لە جێی ئەو دیو سروشت «Metaphysics».

هەروەها زانست لەبری «زانستی خوداوەند اللاهوات - Theology» لەگەڵ دانانی یاسا سروشتیەکە بە دەسەڵات و بەڕێوەبەری جهانە ماتەریالیەکە.

دووەم: بایەخ دان بە هۆشی مرۆڤ و بەکارهێنانی لە پای بینینەوەی یاساکانی سروشت و ڕاهێنان و گونجاندنی ژیانی تاکە کەس بەو پێ‌و شوێنە.

سێ یەم: بەکار هێنانی هۆش و بیر کردنەوەو گوێ ڕایەڵی یاسای سروشت ئەمانە دەبنە مایەی پێشکەوتنی خیراو ئاکامیش بە پلەی تەواوەتی - کەماڵ - Perfecion - دەگات.

چوارەم: گرنگی دانی بەمافەکانی مرۆڤ و کۆشش کردن بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی چاکتر.. چ گومان لە وەدانی‌یە کە ڕێبازی هۆشمەندیی «الفلسفة العقلية» نەك تەنها کریگەرێکی گەورەو بەهێز بووە لەسەر «ڕۆمانتیك بەڵکو لە زۆر لایەنیش لەیەکچوون و نزیکبوونەوەو یەکبوونیان تیادا بەدی دەکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا لەهەندێ ڕواڵەت و بۆچوونیشدا دژ بە یەکتر دەوەستن و جوێی دەبنەوە.

ئەوەی شایەنی باس و بایەخە، ئەوەیە کە بوون و پەرەسەندنی ئەم فەلسەفەیە بۆ «ئیمانۆئیل کانت - Emmanuel - ١٧٢٤ - ١٨٤٠» دەگەڕێتەوە - فەلسەفەی کارێکی زۆری لە سەر مەزنە هونەرمەندانی «ڕۆمانتیك» هەبووە، بەئاشکرایی لەسەر کەسێکی وەك «کۆلریج - Coleridge» خاوەنی کتێبی «Biographia Lireaia» هەروەها دەوری باڵای دیوە لەسەر «گۆتە»و «شیلەر».

«کانت»ی فەیلەسووفی ئەڵمانی‌و دامەزرێنەری کلاسیزمی ئایدیایی ئەڵمان، هەروەها باب و خاوەنی ئایدیالیزمی ڕەخنە سازیی‌یە،

# «رۆمانسیزم»ی زاراوەو چاوگ: ـ

زاراوەی «رۆمانسیزم ـ Romanicism» لای فەرەنگەکان «رۆمانتیسزم - Romantisme» و لای ئینگلیزەکان «رۆمانتیسیزم ـ Romanticim» و بەزمانی ئەڵەمانی «Romantik» - بە ئیسپانیو دلاتنیش «رۆمانتیکیسمۆ - Romanticismo».

وشەی «رۆمانتیك ـ Romantic» ئەوەڵناوی وشەی «رۆمانتیکیزم - Romanticism» ە کە بەواتای خەیاڵاوی دێت، یان خەونیانەو خەرافیانە. ئەم زاراوەیە بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر وشەی «رۆمان ـ Romun» ی فەرەنگی، کە وشەیەکی کۆنەو بۆ رۆژانی سەدەکانی ناوەراست دەگەڕێتەوە. ئەوساکە بە واتای ئەو چیرۆکانە دەهات کە سەرگوزشتەو چیرۆکی دلێرانەو قارەمانێتیو رووداوی پڕ مەترسیو کاری جەربەزەییو شۆرەسواری تێدا بوون، لەگەڵ دڵخوازیو دڵداری پڕ وەفاداریو خۆبەخت کردن و پاکێتی بێگەردیی. جا ئەو چیرۆکانە بەزمانی شیعر هۆنرابنەوە یان بەپەخشان نووسرابن.

گەلێ جار هەر وشەی «رۆمانت ـ Romant» بەکار دەخێنراو سەوی پێدەکرا، هەر بە شێوەو لهجەی «رۆمانت»ەوە چوە ناو زمانی ئینگلیزیشەوە. لەلای ئینگلیزەکان بە «رۆمانسیت» راهات، هەرچۆن وشەکە بۆ ناوی «رۆمانس - Romance» دەگەڕێتەوەو کە «ic» چۆتە سەر واتە بۆتە «رۆمانسیز - Romanceic» واتە چۆتە شێوەو دۆخی وەسپەوە، بە پێی گرامەری زمانی ئینگلیز، دوا «سین ـ c» کە لە ئاخافتندا بە «تای ـ T» هەڵدەگەڕێتەوە، واتە بە «رۆمانیست» دەخوێنیرێتەوەو کاری پێ دەکرێت. تا زەمانێکی نزیك هەر بۆ ئەو واتاو مەبەستانە بەکار دەهێنرا. ئەم زاراوەیە چ «رۆمانس ـ Romans» یان لە هەندێ شوێن بە «رۆمانز ـ Romanz» لەبز دەکرا، گۆرانی بەسەردا هات و مەوداکانی فراوان بوو، تا گەیشتە ئاستی داستان و چیرۆکە ئاینیەکانیش لە

لارۆمانی ... بە ... پەیوەندی پەیوەندی ئەم وشەیە بەسەدەکانی ناوەراستەوە پەیوەندی بە رۆمانە دا ... انی و کارە سەیرەکانی ئەو دەمانەوە، بۆیە کاتیك بەزمانی ئەڵمانی گەیشت بە «رۆمانتیش ـ Romantisch» ناو دەبرا، واتە ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ژینی ئەو رۆژگارەوە بوو. لێرەدا ئەوە بەر چاو دەخەمەوە کە بەسەرکردنەوەی سوارچاکی و چیروکە مێژووی ئەو رۆژگارەی سەدەکانی ناەراست دیاردەیەکی زەق و لەبەرچاو بوو. ئەو رۆژگارەی ئەم رێبازی «رۆمانسیزم»ەی خولقان، ی بەروو بوومی ئەو شۆرشانە بوو لەو سەردەمەدا بەرپابوون. لە پێشیانەوە شۆرشی «١٧٨٩» فەرەنگستان بووە داینەمۆی ئاگرینی گەلێك بزوتنەوەو گۆرانکاری پاشای شۆرشی ئەمەریکاییەکان. کارێکی پێویستەو شتێکە هەر دەبێ ببێ، دەبێ فەلسەفەو روانگەو گۆشەنگای نوێ لەدایك بێ، چ بۆ ئاوردانەوە لە رابووردووو چ ئەو دەمەوە یان بۆ تێروانینی ئایندەو داهاتوو. کەواتە رووداوێکی سەیر نییەو کارێکی یەك جار ئاساییە بەرەنگار بوونەوەو بەرپەرچ داناوەو دژ بەیەك وەستان بێتە ئاراوە. واتە بەر لەهەموو شتێ بوونی ئەم رێبازە نییە، دژ وەستانە بەرامبەر بەرێبازی «کلاسیزم». ئەوە بوو لە ساڵی «١٧٦٠» وە لە لایەن زۆربەی زۆری مێژوو ناسانی ئەدەب و هونەرەوە بەواتای هونەری ناکۆکی «کلاسیزم»و ئاوەژووی بەکار دەهێنرا یەکەم کەسێکیش کە گەواهنامەی دەستمانە بۆ بەڵگەی ئەو بەکارهێنانە بریتییە لە «فردریك شلیگل ـ Friedrich Schlegel» ی رەخنەگری ئەڵمانی ئەم نووسەرە بانگی بۆ ئەم رێبازە هونەرەییە نوێیەدا دژ بە رێبازی «کلاسیزم ـ Classicime» پاشان «مەدام دی ستال ـ Stsel - Mdamde ١٧٦٦ ـ ١٨١٧» چووە سەر ئەو رایەو لە وولاتی فەرەنگ دا بانگی بۆ هەڵدا، کە ئەم رێبازە ئەو هونەرەیە رابووردووی نیشتمانی تیادا دەژی، هەر ەو واتایەشەوە چووە ئیسپانیا، لە دەوروبەری ساڵی «١٨١٥»دا.

«رۆمانسیزم» دابربوونە لە یاساکانی «کلاسیزم» لە گشت خاسیەتە گەوهەرییەکانی دوور دەکەوێتەوە. هەر چۆن سەدە نوێیەکە ئەو چونکە «Concept» و بۆ چوونانەی گۆری، کەواتە خۆی لە خۆیدا ئەفراندیە، بۆیە

لایەنی، [illegible] پەیوەستی پەیوەندی ئەم وشەیە بەسەدەکانی ناوەڕاستەوە پەیوەندی بە ڕۆمانە داستانی‌و کارە سەیرەکانی ئەو دەمانەیە، بۆیە کاتێك بەزمانی ئەڵمانی گەیشت بە «ڕۆمانتیش - Romantisch» ناو دەبرا، واتە ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ژینی ئەو ڕۆژگارەوە بوو. لێرەدا ئەوە بەر چاو دەخەمەوە کە بەسەرکردنەوەی سوارچاکی‌و چیرۆکە مێژووی ئەو ڕۆژگارەی سەدەکانی ناڕاست دیاردەیەکی زەق و لەبەرچاو بوو. ئەو ڕۆژگارەی ئەم ڕێبازی «ڕۆمانسیزم»ەی خوڵقان، کە بەروو بوومی ئەو شۆڕشانە بوو لەو سەردەمەدا بەرپابوون. لە پێشیانەوە شۆڕشی «١٧٨٩» فەرەنگستان بووە داینەمۆی ئاگرینی گەلێك بزوتنەوەو گۆڕانکاری. پاشای شۆڕشی ئەمەریکاییەکان. کارێکی پێویستەو شتێکە هەر دەبێ ببێ، دەبێ فەلسەفەو ڕوانگەو گۆشەنگای نوێ لەدایك بێ، چ بۆ ئاوردانەوە لە ڕابووردووچ ئەو دەمەوە یان بۆ تێروانینی ئایندەو داهاتوو. کەواتە ڕووداوێکی سەیر نی‌یەو کارێکی یەك جار ئاسایی‌یە بەرەنگار بوونەوەو بەرپەرچ داناوەو دژ بەیەك وەستان بێتە ئاراوە. واتە بەر لەهەموو شتێ بوونی ئەم ڕێبازە نی‌یە، دژ وەستانە بەرامبەر بەڕێبازی «کلاسیزم». ئەوە بوو لە ساڵی «١٧٦٠» وە لە لایەن زۆربەی زۆری مێژوو ناسانی ئەدەب و هونەرەوە بەواتای هونەری ناکۆکی «کلاسیزم»و ئاوەژووی بەکار دەهێنرا یەکەم کەسێکیش کە گەواهنامەی دەستمانە بۆ بەڵگەی ئەو بەکارهێنانە بریتی‌یە لە «فردریك شلیگل - Friedrich Schlegel» ی ڕەخنەگری ئەڵمانی ئەم نووسەرە بانگی بۆ ئەم ڕێبازە هونەری‌یە نوێی‌یەدا دژ بە ڕێبازی «کلاسیزم - Classicime» پاشان «مەدام دی ستال - Stsel - Mdamde ١٧٦٦ - ١٨١٧» چووە سەر ئەو ڕایەو لە وولاتی فەرەنگ دا بانگی بۆ هەڵدا، کە ئەم ڕێبازە ئەو هونەرەیە ڕابووردووی نیشتمانی تیادا دەژی، هەر ەو واتایەشەوە چووە ئیسپانیا، لە دەوروبەری ساڵی «١٨١٥»دا.

«ڕۆمانسیزم» دابڕبوونە لە یاساکانی «کلاسیزم» لە گشت خاسیەتە گەوهەرییەکانی دوور دەکەوێتەوە. هەر چۆن سەدە نوێیەکە ئەو چونکە «Concept» و بۆ چوونانەی گۆڕی، کەواتە خۆی لە خۆیدا ئەفراندیە، بۆیە

کەسانێك لە نووسەرە عەرەبەکان وشەی «الابداعیة» یەیان بەرامبەر وشەی «رۆمانسیزم» راگرت و بە ئامباڵایاندا دوری.
زۆر گەل ویستویەتی وشەیەکی خۆماڵی بۆ بێنێتە ناوەو جێگرەوەی بۆ پەیدا بکات، ئەوە بوو لەلای ئینگلیزەکانیش وشەی «پیتۆریسك ـ Petorick» یان هاوتای «رۆمانتیك» کردەوە، ئەم هاوتا کردنەوەیە گەلێك چەندو چوونی لێوە پەیدا بوو، واتە شوێنی داتاشراوە «پیتۆریسك» دەست نیشانی سەرنج راکێشانی بینراوێك دەکات، بەڵام «رۆمانتیك ـ Romantik» بەر لەگشت لایەنێك دەست نیشانی ئەو پەرچ کردارە سۆزی گەریانە دەکات کە بینراوەکە لەناخی مرۆڤ دا دەیانخاتەوە. «٢»
«ژان ژاك رۆسۆ ـ Ronsseau ١٧١٢ ـ ١٧٧٨» لە لاپەرە پەنجای کتێبی «خەونەکانی گەریدەیەکی تەنها ـ Reveiesdu Premeneur Solitaire» دەڵێ: «کەنارەکانی دەریاچەی بیسین» رۆمانسی ترە لە کەنارەکانی دەریاچەی «جنێف». «٣»
هەر لە بارەی پەرەسەندن و واتای زاراوەیەوە «لیلیان ـ رفرست ـ - Lillianr» Furst جێگای «رۆمانهافت ـ Romanhaft» ی کۆنە وشەی ئەڵەمانی گرتۆتەوە، کە بە واتای هەموو جۆرە بینراوێکی سروشتی یان کێویلە دەهات.
بۆ دووجار ئەم وشەی «رۆمانس»ە وەك ڕێبازێکی سەربەخۆو قوتابخانە ناوبرا، ئەوەتا «قوتابخانەی رۆمانتیکی ـ Romantik School» ئەم قوتابخانەیە بۆ یەکەم جار لە کۆتای یەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی نۆزدەهەم لە ئەڵەمانیا هاتە ژیانەوە.
بەڵێ وەك قوتابخانەیەك لە ساڵانی «١٧٩٨ ـ ١٨٠٠ ز»
لەو پەری گورەی پەرەسەندن و پێشکەوتن دابوو. لە کاتێکدا کۆمەك کاری یەکی بێ هاوتای بەهێز لە «یینا ـ Yuna» لە نێوان رەخنەگرانی ئەوروپای «فردریش ـ Friedrich» و «ئوگسن شلیگل ـ - A - W» Schegel «کارولین شلیگل ـ Carolen Schegel» و شاعیران «تیسك ـ

فەیلەسووفان «شلینگ Tisig» و «نۆڤالیس - Novalis ١٧٧٢ - ١٨٠١» «فریدریش شلایرماخر - Friedrich Schelling ١٧٩٢ - ١٨٢٤»و «Shlamikar» دا دروست بوو ئەم قوتابخانەیەش بۆ بەرهەڵستی قوتابخانەی هۆشمەندی «Rationalism School» سەدەی ڕۆشەی «Enlightenment» «التنویریە» بوو کە دژ بە هۆشمەندی دوورەگیانی «العقلیة غیر الروحیة» وەستابوو.

بۆ جارێکی دی ئەم زاراوەیە تایبەتی بوو بۆ ئەو ڕێبازە هونەرەی‌یەی کە لە ساڵانی بیست و سی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەوروپادا بڵاو بوویەوە، ئەو ڕێبازەی جێگای کلاسیزە نوێیەکانی گرتەوە.



# «پوختەو ئاكام»

یەكـــەم: ـ ئەم زاراوەی «ڕۆمـانتسیـزم»ە بەواتـای ڕێبـازێكی هونـەر دێ، كە لە سالأنی بیست و سیـەكـانی سەدەی نوزدەهـەمـدا جێگای كلاسیزمی گرتەوەو وەك قوتابخانەیەكی سەربەخۆ كەوتەكار.

دووەم: ـ چاوگ و سەرهـەڵـدانـی بۆ شۆڕشـەكـەی «١٧٨٩»ی فەرەنسـا دەگـەڕێتـەوە، ئەو شۆڕشـەی چینی بۆرژوا بەرپـای كردو دام و دەستگـاكـانی پاشـایـەتیو نۆبڵەكـانی هەڵگـرت، كە بەهـۆی ملمـلانێی گەلانـەوە بەرامبـەر دەرەبەگایەتیو دام و دەستگا بەر بەستەكانی ئازادیەوە دروست بوو. لەو ئەنجامەوە شێـوەو شێـوازەكـانی كۆن پووت بوونـەوەو هەرەسیـان هێنـا، ئەو بزوتنـەوەو گۆڕاكاری‌یە سەراپای ئەوروپای گرتەوەو بەرامبەر حەقیقەتی سەدەكەیان هۆشیاری كردۆنەتەوە. لەم ڕووداوە مێژووی‌یە گرنگەوە گەورەترین گۆڕانكاری لە جیهانی هونەردا ڕوویدا.

سێیەم: ـبۆ بەكار هێنان و مامەڵە كردن بەم زاراوەیە، لە چەندەها كاتی جۆراو جۆردا بەكار هێنراوە، بۆ نموونە: ـ

لە ناوەڕاسـتـی سەدەی حەڤـدەهـەمـم دا ـ ساڵـی «١٦٥٤» لە كتـێبی «بیرەوەریەكانی ئیڤیلین»دا بەكار هێنراوە.

لە سەرەتـاكـانی سەدەی هەژدەهـەمـدا ساڵی «١٧٠٥» لە لایـەن «ئـەدیسۆن ـ Edison» وە لە كتێبی «تێبینی‌یەكان لەسەر هەندێ ناوچەی ئەوروپا» بەكار هێنراوە.

ساڵـی «١٧١١» «ئـەلیـرال» ئۆف شافـتسیـری ـ **Chafestry**» لە كتێبی «خاسیەتەكان» بۆ چەند جارێ ناوبراوە.

چوارهـەم: ـ وەك هەمـوو زاراوەیـەكی دی لەتـەك پەرەسـەنـدن و شارستانیەتدا پەرەی‌سـەنـدووە هاوڵ بۆتـەوە، بۆیـە مەودای بەكـارهێنانی نوێو جۆراو جۆری وەرگرتوە. بەتایبەتی بۆ ئەو شتانەی، یان ئەو دیاردانەی لایەنێكی بۆنی خاسیەت و

هەری «رۆمانسیزم»ی لێ هاتبێ.
پێنجەم: - ئەم وشەیە بە واتا لاتینیی‌یە کۆنەکەی، عەوام، واتە رەش و رووت و زۆربەی جەماوەر دەگرێتەوە.

# هەوڵێك لەپای پێناسەدا

بەخۆرای نەبووە وتویانە: «ئەوەی بیەوێ پێناسەی «رۆمانسیزم» بکات، ئەوە خۆی لەقەرەی کارێکی پڕ مەترسی دەدات. زۆر کەس بە قوربانیی بوون». «٤»

ئەو ئاگاداری‌یەی سەرەوە لە دوو توێی باسێکدا بوو کە لەلایەن «ی. ب بۆرگۆرم - Y. B - Porgorm» ەوە، ساڵی «١٩٤١» بڵاوکرایەوە. بەر لەو نووسەرەش، ساڵی «١٩٢٣» «گریرسن - Greirsn» هەر لەم بواری پێناسەکردنەدا وتویەتی: «زاراوەیەکە وەك کلاسیزم، لەوە دەچێ گشت هەوڵی بۆ پێناسەکردنی نەتوانێ بروا بەخاوەن هەوڵەکەو خەڵکی بێنێ «٥».

لە ساڵی «١٩٢٥»دا لێکۆڵەرەوەیەکی بەلچیکایی بە نیازی پێناسەکردنی ئەم «رۆمانسیزم»ە، سەدو پەنجا پێناسەی کۆکردەوە.

«فردرێك شلیگل»یش لەناو نامەیەکیدا کە بۆ براکەی نووسیوە دەڵێ گوایە «کۆششێکی زۆری لەپای پێناسە کردنی «رۆمانسیزم»دا کردووەو توانیویەتی بەسەدو بیست و پێنج لاپەڕە پێناسەی بکات. «٦»

«بۆل ڤالیری - Valery ١٨٧١ - ١٩٤٥» بەرادەیەك ورەی بەرداوە، گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە کەسێ هۆشمەندبێ، بیر لەو کارە ناکاتەوە.

لەبەر ئەوەی «رۆمانسیزم» گەلێ فراوانەو چەندەها لق و تەرزو لایەنی لێ بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی لە خۆیدا ئازادیی و بەرەڵا بوونی تیادایە، سنوور نەناسە، بۆیە ئەو کەسەی بیەوێ بە ئاستی قەناعەت بگات، دەبێ زۆر بە چاکی رۆژگارو گشت شۆڕش و گۆڕانکاریەکان، لە تەك سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رێبازەکەو بەئاشنا بوونی تەواوەتی بەگیانی رۆمانسیزم، لە جیهانی

فراوانی خاسیەتەکانیەوە، لەگەڵ ئەو حەقیقەتەی کە نابێ پشت گێ بخر، ئەوەش بریتی‌یە لە کێشەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا، بەو هونەرو ڕێبازە، لەگەڵ زایننی ڕادەی بە دەنگەوە هاتنی، لەوبەر فراوانی‌یەوە کە لەبارەیەوە وتراوە: «هێندەی ژمارەی ڕۆمانسیزمەکان، جۆری ڕۆمانسیزم هەیە». «٧»

جگە لەوەی گەلێ کەس کاتێ ویستوویانە پێناسەی بکەن، دەسبەجێ «کلاسیزم» یان هێناوەو لەسەر بنچێنەی جیاوازی خاسیەتەکانیان لە ڕووی بەراورد کردنەوە پێناسەیان کردووە. یان ئەوەتا کت ومت ڕەنگ و ڕووی شۆڕش گۆڕانکاریەکانیان پێداوە. بەڵێ بەبێ ئەوەی دەستی دیاری کردن بخەنە سەر گەوهەری بوون و مایەو چەمکی «مفهوم ـ Concept» ی مەبەستەکە. ئەوەتا «شارل نۆدیسە ـ N . Charles» ش لە ڕووی پێناسە کردینەوە وتوویەتی: ـ «ئەگەر ئەدەب وێنەی کۆمەڵگا بێت. . دەتوانرێ بووترێ کە «ڕۆمانسیزم» جگە لە «کلاسیزم»ی نوێ خوازەکان، چ شتێکی دیکە نی‌یە، واتە دەربڕینە لە کۆمەڵگا نوێ‌یەکە». «٨»

یان ئەوەتا «مەدام نیکر ـ Madam Necker» پێشنیاز دەکات، بە ئەدەبی «ڕۆمانسیزم» بووترێ ئەدەبی کۆمەڵایەتی. «فیکتۆر هیگۆ Victor Hugo ١٨٠٢ ـ ١٨٨٥» ش ڕای وایە کە «ڕۆمانتیك» هەمن شۆڕشی فەرەنسایەو لە ئەدەب دا بەرپا بووە، چونکە ئازادی ئیلهام و برایەتی هونەرەکان و یەکبوونی ڕەگەزەکانی ئەدەب، بەڵکو تێکەڵ بوونیان تیادایە.

لەم دەرفەتەدا چەند نموونەیەکی بەناوبانگی ئەو پێناسانە تمار دەکەم، کە فروانی ڕێبازەکە دەردەخەن:

- «ڕۆمانسیزم» دەردەداری‌یەو «کلاسیزم»یش لەش ساغی. «گۆتە».
- «کلاسیزم» لە چوارچێوەی سنووردا وێنە دەکێشی، «ڕۆمانسیزم» یش لە بێ سنووری‌دا. «هاینە».
- گەڕانەوەیە بۆ سروشت. «ڕۆسۆ.»
- سەربەستی‌یە لە ئەدەب دا. «هوگر».

● هەوڵدانێکە بۆ لە واقیع هەڵهاتن. «ووترهاوس».
● لە گشت کاتێکدا «ڕۆمانسیزم» هونەری ئەمڕۆیە، «کلاسیزم» یش هی دوێنێ «ستندال».
● سۆزە زیاتر لەوەی هۆش بێ، دڵە بەرامبەر سەر. «جۆرج ساند»
● ئەو پەرەسەندنەیە کە بەسەر ڕاهاتوودا زاڵ دەبێ و لە ناسکی خەیاڵدایە. «هێرفورد».
● سەر سووڕمانە. «واتس دتسن».
● حەپەساندن خستنە سەر جوانی‌یە. «پیتر».
● ڕێبازی ئەفسووناوی‌یە لە نووسیندا. «کیسیر».
● گیان لە شێوە بایەخدارترە. «گریرسن».
● زالبوونی هونەرە بەسەر ژیان دا. «ئیشعیا» برلین».
● ڕۆمـانتیـك ئەو هونـەرەیـە، کە بەرهەمی شاکاری باڵا پێشکەشی خەمڵیون. توانایان هەیە زۆر تر چێژی خۆشی بەگەلان بدەن. «ستاندل».
● ئەوەی «ڕۆمانتیك» یانە بڵێ، ئەوە هونەرێکی نوێ دەڵێ. «بۆدلێر».
● ڕۆمانسیزم، گولە سۆزەو لە خوێنی «مەسیح »ەوە سەوز بووە. «دریرسون».
● سەربـەستی‌و داهێنـان و نوێی کردنـەوە دادەنـرێن بە گرنگتـرین ڕواڵـەتـەکانی ئەدەبی ڕۆمـانتیـك کە لەو ئەدەبـەی بە کلاسیـزمی ئەوروپـایی‌یـە هاوچـەرخەکان ناسراوە جوێ دەبێتەوە. «کیوخیلبیکر».

پوخته : -

رۆمانسیزم ڕێبازێکی هونەریانەی ئەوروپای‌یە، لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئینگلترەو ئەڵەمانیا دەرکەوت، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لای فەرەنسایەکان و ئیتالیایەکان و ئیسپانیای‌یەکان چاوی بوونی هەڵهێنا، لە ساڵانی بیست و سیەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، جێگای «کلاسیزم»ی گرتەوە.

هەروەها دیاردەیەکی سایکۆلۆژیانەیە سۆزێکی هەڵچووکە ئارەزووی سەربەستی‌یەتی لە کۆت و بەربەست تێکەڵ بە نائومێدیەکی تەواو، کە لە بنچینەدا بۆ نەمانی بروا بەهۆشی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

«لە ئاکامی ئەو بزوتنەوەیەی شۆرشی «١٧٨٩»ی فەرەنسا نایەوە و لە ئاکامی ململانێی گەلانەوە دژ بە دەرەبەگایەتی، هەروەها بەهۆی نوشستی دەستگا کۆمەڵایەتیەکانەوە، لەمەوە دوولقی سەرەکی پەیدا بوو، یەکێکیان دەنگدانەوەی سەرکەوتنی ڕژێمی بۆرژوا، لە هەمان کات دا ترسی دەربرین بوو لە بزوتنەوە شۆڕشگێریە میللی‌یەکان. دووەم لقیان ڕێگایەکی شۆڕشگێرانەی پێشکەوتن خوازی گرتە بەر، هەڵچوو بە ڕووی دەستگا کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژواو ڕژێمی دەرەبەگایەتی و سیاسەتی کۆنەپەرستانە»(٩).

لە دایکبوون : -

شتێکی سەلمێندراوە کە پەرەسەندنی هونەر، پا بەستە بە سەراپای پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکانەوە، پەیوەندیەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ، بەستراوە بە ململانێی چینایەتیەکەوە، بۆیە هەمیشە ڕەنگ و ڕووی ئایدۆلۆژی چینێکی پێوە دیارە، هەردەم هەوڵ و خولیای بۆ ئەو چینەیە، بۆی دەرەنجێ‌و داکۆکی‌و پشتگیری لێ دەکات، بەرەنگاری چینە دژەکانی ڕادەوەستی‌و دەجەنگێ. پاش ئەو بوژانەوەیەی بۆرژوا، مرۆڤایەتی پێ‌ی نایە قۆناغێکی نوێی ژیان و کاروانی پێشکەوتن و پەرەسەندنەوە. کەواتە دەبێ گۆڕانکاریەکی بێ هاوتاو هاوشان بەرامبەر ئەو بارو دۆخە نوێ‌یە ببێتەوە.

کەواتــە دەبێ ئەدەب و هونـەر لە قوناغی «کـلاسیـزم»ی‌یـەوە بچێتـە قوناغی «ڕۆمانسیزم». ئا ئەمەیە گەوهەری بوونەکەو خالی جوێ کەرەوەو هوێ سەرەکی هونەر وەك دیاردەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتیو ڕوویەکی ڕوناکی هۆشیارانەی، کە دەڵێین هونــەر مەبــەستمــان لەو هەمـوو جیهـانـەیـە، لە جۆرەکـانی دەربـڕینی هونەرییانە، لە گشت شێوە هەست پێکراوە جۆراو جۆرەکانی هونەر، وەك ئەدەب بەگشت دەروو مەوداکـانیـەوە و نیگـارکێشـان، مۆسیقـا، پەیکـەرتـاشی، شانـۆو سینەما... هتد، دەگرێتەوە..

بەو گشت لایەن و سەرهەڵدانیەوە، هەر لە کانگای پێویستیەکانی ژیانەوەیە، واتە بەر لە سەرهەڵدانیان تۆوی پێویستی ژیان ناشتوونی، بەڵێ ژیان ماتەریای خەڵك و خواکە پەروەردەی دەکات.

دروست بوونی لەپـای یارمـەتی دانی مرۆڤـە بۆ زانستی بوون و بینینـەوە، لە نێوان مەوداو خاسیەتە جوانکاریەکانیەوە، کەواتە بێگومان کارێکی ڕەوا بوو کە لە کۆتـای‌یـەکـانی سەدەی هەژدەهـەمـەوەو لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ئەم ڕێبازە تازە لەدایك بووە، دەست بەسەر شوێنە گرنگ و دیارە هەرە بەکارەکانی هونەردا بگرێ گەر لە خاسیەتە گەوهەرینەکانی «ڕۆمانسیزم» ورد بیتەوە ئەوساکە زۆر بەچـاکی هەست بەهـۆی حەقیقـەتی بوون و لەدایـك بوونی دەکەین، جگە لەوەی لەگشت خاسیـەتـەکـانیو سەرجـەمی تەقەلاکانیدا، دەیەوێ مرۆڤ چاوگ بێ، مرۆڤ مەبەست بێ، مرۆڤ... لەسەری سووروهەتەرە.

بەڵام نەك مرۆڤ بە هۆشی‌یەوە، نەك بە بیریەوە، نەك بەتوانایەوە، بەڵکو بە تەنهای و تاکەیی‌و خەیاڵاتیەوە، بەلێشاوی سۆزو خەونەکانیەوە، بە گۆشە نیگاو بۆچـوونی خەواڵـوانـەو خەیـاڵ نیگارییەوە، بەویژدانیەوە بۆ ئامێزی سروشت، بۆ دڵنیابوون و سەردەرکردنی سەرفرازی لەتاو هەراو هوریاو خەم و مەراقی شارنشینی.

«وردز وێرث ـ Words Woth ـ ١٧٧٠ ـ ١٨٥٠» کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی بزوتنەوەی «ڕۆمانسیزم»، لەو پێشەکیەدا کە بۆ کۆمەڵە شیعری «لیریکاڵ باوداس -

Lyricd Bauads» ی لەسالی «١٨٠٠»دا نووسیوەتی و دەلێ: «مەبەستی سەرەکیمان لەم هۆنراوەیە ئەوەیە کە رووداوو هەلویستەکان لە ژیانی عادی هەلبژێرین، وەک بومان بلوێ، بەزمانێك وەسفیان بکەین، کە بەراستی ئەو زمانە بێت لەلایەن خەلکەوە بەکار دەهێنرێت، بەلام هەر لەو کاتەیشدا دەمانەوێ هەندێ رەنگی خەیال بخەینە سەر شتە ئاسای‌یەکان بە چەشنێك کە لەمێشکدا بەرو رواڵەتێکی نائاسایی خۆیان بنوێنن..»[9].

رابەرانی «رۆمانسیزم» خۆیان بەرابەری خێر خوازیو مسرگەرکەری بەختیاری مرۆڤ دادەنا، داخیان بۆ ژیانی پر لە کلۆلیو چەرمەسەریو بەدبەختیو چەوساندنەوەی جاران دەخوارد، ئەوەتا لە «ئینگلترە» کەسانی وەك «بایرۆن - Byron - ١٧٨٨ - ١٨٢٤»، «هوگو - Hogo» لەلای فەرەنگ «گوتە - Goethe - ١٧٥٩ - ١٨٠٥»و «شیلر - Schiller - ١٧٥٩ - ١٨٠٥» شاعیرانی ئەلمان. لەلای رووسەکان «پوشکین - Pouchkine ١٧٩٩ - ١٨٣٧» سەرەنجێکی سەرپێیی بەرهەمەکانیان ئەو راستی‌یەمان بۆ دەسەلمێنێ.

رابەرەکان «رۆمانسیزم» کەم و کوریەکانی «کلاسیزم» یان دەنایە پێش چاوی خەلکیو لەگەل ئەوەشدا ئەو خالانەیان دیارو زەق ئەکرد کە جەماوەرەکەی دەهەژان و دەورژاند، وەك خالی پێ بەستنەوەی کلاسیزم لەگیانی داهێنان، یان ئەو قالب کاریە رەق و تەقانەی کلاسیزم بە هونەری رەوابینیی بوو، قالبی ئامادەکراو، یان زۆر لە خۆکردن و زۆرە ملێ.. هتد.

لەگەل ئەم کەموکوری دەرخستنەشدا، هەر سەرهەلدان و دەم کردنەوەیەکیش بۆن و بەرامەی کۆنی لێ بهاتایە، خێرا دەم کوتیان دەکرد، یان کەسێ نیازی داکۆکی لە کۆن کردنی بەخەیال دا بهاتایە، ئەوەش سەر کوێر دەکرا.

کارەکە بەمەشەوە رانەوەستا دەنگی بیری مۆرك و رەنگ و رواڵەتی خۆیی بەرز بوویەوە، نەك هەر لاسای کردنەوەی کۆن ناپەسەند تەماشا دەکرا، بەلکو لاسایی کردنەوەی کەسانی شوێنانی دیکەش، ئەوە بوو هەر لە سەرەتاو یەکەم هەنگاوەوە «رۆمانسیزم»ە ئەلەمانەی‌یەکان، شۆرشێکیان بەرامبەر لاسایی کردنەوەی ئەو دیوو

سنووریانەوە بەرپا کرد. هەلپەی وەستانی ئەو شەپولە لاسای کارییە.
هونەرمەندانی فەرەنگ و ئیتالیایان بوو. «لسنگ - Lessng - ۱۷۲۹ - ۱۷۸۱»
هێرشی توندو تیژی بردە سەر ئەو هونەرە کلاسیزمەی لەو دیو سنوورەوە خۆی
دەکرد بە ولات دا.

لەلای رۆسەکانیش «پووشکین» کەوتە هاوارو کارکردن بۆ بژارکردن و
پوختەکردنی هونەرە رۆومانسیزمە رۆسیایییەکە، لەپای مۆرك و رەنگ و رووی
خۆمالی پێدان دا.

گەلێ کۆششی کر، بروانە چامەی «قەرەج» چ ئاور دانەوەو لاسای کردن و لێ
وەرگرتنێکی کۆن و کلاسیکیانەی پێوەنییە.

بەشێوارێکی نوێی بایرۆنییانە نووسراوە، بابەتێکی رۆمانسیزمانەیە،
بەراوردی ژیانی خێلە قەرەجێك بەژیانی شارنشینی دەکات، مەرگی «زیمفیرا»ی
تۆمار کردووە، ئازارەکانی قەرەجە سالْ دارەکەی بەسەرکردوتەوە. «۱۰»

پۆوشکین لەچامەی «قۆزاقی» دا سالی «۱۸۱٤» بۆ چیرۆکێکی کۆنی
رووسیایی گەراوەتەوە، لەو چامەیەدا وێنەیەکی دلگیری دلداریی قۆزاقیو
کیژۆلەیەکی جوانی بۆ کێشاوین، لێرەدا نموونەیەکی: -

جارێکیان، لە نیوە شەودا،
قۆزاقیەکی ئازا، سواری کۆلی دەریا بوو،
بەناو تەم و تاریکیدا.
قۆزاقیەکە جلەوی ماینەکەی کردەوە
ئاو زەنگی لێدا
وەك تیير دەرپەری،
بەلای کووختەکاندا وەرگەرا
لەتەم و مژدا... مانگ ئاسمانە دوورەکانی بەزیوو رەنگ دەپۆشێ،
کیژێکی جوانکیلەی خەمبار دادەینشێ، شەوگار تار تر دەبێ،
مانگ ئاوا دەبێ، «وەرە دلبەرەکەم ماینەکەم ئاودە». کاتێ هونەری «فەرەنگ»

نەش ونمای کرد لەلای هونەرمەندانی ئەورووپا بووە جوانترین نموونەی باڵای هونەر، تەنانەت شاری «پاریس» یان بەپایتەختی جیهان دادەنا، لەو بڕوایەدا بوون جێگای شاری «ئەسینا»ی شارستانیەتەکەی «گریك»ی گرتۆتەوە، هەرچۆن شۆڕشەکەی فەرەنگ و هونەرمەندانی بانگیان بۆ گشت جیهان زامن دەکات، لە شۆڕشەکەدا ژیانێکی گەلێك مەزنیان دیەوە، هونەرمەندانی پێشرەوی وەك «ئەندریە شینیە - Andre Chenier ١٧٦٢ - ١٧٩٤»و شاتۆبریان - Chateau Briand - ١٧٦٨ - ١٨٤٨» پاشان «لامارتین - Lamartine ١٧٩٠ - ١٨٦٩» و «هۆگۆ - Hugo ١٨٠٢ - ١٨٨٥»و «ئەلفرید دیمۆسیە - Alfred De Musset ١٨١٠ - ١٨٥٧» لەگەڵ «ئەلفرید دیڤینی - Alfred De Vigny ١٧٩٧ - ١٨٦٣» ئەو ڕابەرانە چ بەچاکیو چ بەخێرایی لە تەك شۆڕشەکەدا هاتن، بێگومان دروست بوونی ناکۆکیو گۆشە نیگای جیا جیا کارێکی ئاسایی‌یە، پاش ماوەیەك شۆڕشەکە چەوتە ڕێی گرت و بە دیوێکی دژواردا کەوتەوە، نائومێدیو ڕەنجەڕۆی بەزۆر لا بەخشی تارمای ڕەشبینی نایە سەرچاوی زۆر لەوانەی بە گەشبینی‌یەوە تێیان دەڕوانی، لەو خراپ شکاندنەوەی شۆڕشەکەوە گەلێك بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەی نوێ هاتە ئاراوە، وەك پەرچ کردارێکی ماقووڵ و مەنتیقی، ئەو هەڵپەو تەماکاریو دەست درێژیە، بزواندن و گەشاندنەوەی گیانی نیشتمان پەروەری لە دڵ و هۆشی هونەرمەندانی گەلانی وەك، ئینگلیزو ئەڵمان و ڕووس دا دروست کرد. ئیتر خوویان دایە ژیاندنەوەی کەلتووری نیشتمانیان و بوژاندنەوەی عەنعەناتی نەتەوایەتی، تا بارمتە بێ بۆ زامن کردنی هونەرێکی خۆماڵیو بەڕوونی شەقاسی خۆخۆیەتی پێوە بدرەوشێتەوە.

* * *

لەبارەی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزیەوە، سەرەتای بزوتنەوەکەی بۆ کۆتایەکانی سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە، ئینگلیزەکان هەرچۆن خوو و ڕەوشتی‌یانە، ئەو شتەی وەری دەگرن، بەپەلە گۆڕانکاری تێدا دەکەن و گیان و بۆیەکی ئینگلیزیانەی پێدەبەخشن.

سەرەتــا لە ئەفرانـدنـەکـانی «ڕۆبـرت بزنـر - Robert Biznir» پاشان لە شیعرەکانی شاعیرانی ناسراو بە شاعیرانی دەریاچە ئەم سێ شاعیرەی کە گۆرانیان بەسەر سێ دەریاچەکەدا هەڵداوەو لە جوانییەوەی دووان! «وۆردزورس Words Worth - ١٧٧٠ - ١٨٥٠»و «کولریدج - Colerdge - ١٧٧٢ - ١٨٣٤»و «ســاوزی - Southey - ١٧٧٤ - ١٨٣٤» گەلێ شاعیــری لێ هاتــووی وەك «شیلی - Shelly - ١٧٩٢ - ١٨٢٢»و «کیتس - Keats - ١٧٩٥ - ١٨٢١». ئەم شاعیرانە دەستێکی بالآیان لە ڕۆمانسیزمی ئینگلیزیدا هەبووە.



## خاسیەتەکانی ڕۆمانسیزم: -

یەکـەم: - سەربـەستی، سەربـەستی لە کۆت و پێـوەنـدو کلێشـەی ئامادەکراو، لەگشت داب و ڕەسم و نەریت و یاسـایـەکی کلاسیـزمـانـەو کۆن. ئازادبـوون لەگشت بەربەست و سنوورو عوزمێکی کومەڵایەتی. بەرەڵابوون پڕ بە گیانی ئارەزوو.

«هیگۆ - Hugo» و کەسانی دیکەی هاوڵانی، «ڕۆمانسیزم» یان، بەهونەری سەربـەست و ئازاد بڕو لە کۆت و پێـوەنـد پێناسـەکردووە، بەڵێ زاڵبوونی هەواو هەوەسی تاکـە کەسـیو خود ویـستی لە سەرووەویـە. سەربـەست بوون لە هەڵبژاردنی کەرەسەو جۆری دەربڕین، شێوازو شێوە... هتد.

هەر لەم خاڵـەشـەوەیـە بانگی ئەفـرانـدنی هونـەریـان بانـگ دەدا. لەم ئازادی ویست و بۆچـوونـانهـوە، دەیـان لق وپۆپی نوێ، ڕۆژ لە درەختەکەی ڕۆمانسیزم زیـادی دەکـرد، چونکـە بیـرو خەیـاڵ و دەستی هونـەرمـەنـدیـان ئازاد کرد. هونەرمەندانی ئینگلیز هونەری «بالادس - Ballads» یان هێنایە پێشەوە، کە بریتی بوو لە کورتـە چامـە، و بە گۆرانی بالادس دەنـاسـرا، بەر لە هەمـوان «وردزۆرس - Words Worth» خاوەن دەسـت بوو. شاعیـرانی ئەڵـەمـان و ئینگلیـز، هونـەری چیـرۆکـە چامـە «القصيدة القصصية». هەروەها مێژووەچامە «القصيدة التاريخية» ڕۆمانی مێژوویی.

پاشـان شێـوە داستـانیوبـەیت، پڕ لە کاری سەیـرو سەرسـوڕهێنـەر لەگـەڵ بەکارهێنانی داستان «بایرون - Byron» ی شاعیر خاوەن دەست پێشکەری ئەم داهێنانەیە، بۆیە هەر بە ناوی ئەوەوە بەبایرۆن چامە «القصيدة البايرونية» ناسراوە بەسەرهاتێکی پڕ لە مەترسیو ئەشکەنجەی قارەمانی دەگێڕێتەوە. کە ئەوقارەمانە دەستی هیوا لە خەڵکی دەشواو بێزی لێیان دەبێتەوە خۆی لێیان دوور دەخاتەوەو دژ بەگشت دیاردەیەکی ڕەوشت نزمیو بەرباد بوونیی دەکات و خۆی بەتاکیی چاکیی دەهێڵێتەوە.

بۆیە تەنها پشت بەخۆی دەبەستێ. کەواتە زۆربەی بابەتەکان لەسەر بنچینەی جەربەزەکاری‌و سوار چاکی، ئەم پاڵەوانێتی‌یە ڕەنگ و ڕوویەکی هەرە دیاریانە بۆ بەڵگەی ئەم واتـەیـەم دایلۆژێکی شانـۆنـامـەی «مرۆڤ و چەك ـ Arms And Theman» ی «جۆرج برناردشۆ ـ Shoo ـ ١٨٥٦ ـ ١٩٢٣» دەهێنمەوە کە لەســەر زاری «ڕاییـنـا ـ Raina دەڵێ : «بـاشــە، ئێستا وام ئەزانی سەرگیس لەباوەشی گرتبووم و ئەیروانیە چاوەکانم.

لەوەیـە بیـرو باوەڕی پاڵـەوانێتیمـان تەنهـا لەبەر ئەوە هەبوو بێ چونکە ئێمە گەلێ حەز بە خوێندنەوەی «بایرون»و «پۆشکین» ئەکەین، هەروەها چونکە ئێمە گەلێ شەیـدای ئۆپـرای «بـۆخـارست»ین. ژیـانی ڕاسـتـەقینـەی وا کەمە وەکو من بۆی چووبێتم، هەرنییە..»

بەڵام چی‌بـوو بە گەوهـەر؟ بوونی گرنگی دان بە هەڵچـوونـەکـانی ناخ لەسەر ناکـۆکیـە تونـدو تیـژەکانی پاڵەوانەکە، ململانێی ئایدۆلۆژی‌و سایکۆلۆژی لە تەك دەورو بەردا بڕوانە ڕۆمانەکانی «هۆگۆ»و «گۆتە».

جگـە لەوانـە لەبـواری شانـۆنـامـە نووسیندا یەکەکان «Unitys» واتە یەکەی شوێن و یەکەی کات و ڕووداو، نەك هەر پشت گوێ خران، بەڵکو گاڵتەشیان پێ‌دەکرا.

لەبـاسێکـدا «دوگـلاس کۆپـر ـ Doglas Cooper» کاتێـك کە «گـراهـام سازرلاند ـ Graham Sazrland» دەناسێنێ لەبارەی شێوازە هونەریی‌یەکەیەوە دەڵێ: «سازرلاندیش وەك گشت ڕۆمانسیزمەکان بە ڕوودی خانەبەندیدا ڕاست دەبێتـەوە، هەتـا لەبـەرهـەمـەکـانی وردبینـەوە، زیـاتـر ڕێـز لە تاك ڕەویی‌و سەربەخۆیی‌یەکەی دەگرین».

«دیـلاکـروا»ی نیگـارکێش ووتـویـەتی «دەستـوورو ڕێگالۆ هونەرمەندی گەرە نەکراوە، مەگەر بۆ ئەوانەی ئەزموونیان کەمەو باش ڕانەهاتوون، مەگەر کەمێکیان لە ڕێگای مەشق و خوێندنەوە وەرگرتبێ». «١١»

هەر لەسەر هەمان کێشەو خاڵ و داهێنان «گۆگان ـ Gauguin ـ ١٨٤٨ ـ

«١٩٠٣»ی نیگـار کێش و داهێنـەری قوتـابخـانـەی دوولایـەن و ساکـار. دەڵێ «هونەرمەند لە توانای گۆڕیندا دەر دەکەوێ». «١٢»

ڕاستـە، کاتێ هونـەرمـەنـد دەگـاتە ئەو مەبەستەی «ڕۆمانسیزم» ئاواتیەتی، کە بریتیـیـە لە دەربـڕینێکی خۆیی، ڕاست گۆی تەواو، ئەمـەش بە سەربـەستیکی تەواو لە گشت کۆت و دەست بەستێك دێتە دی.

ساڵی «١٨٢٣»دا «گیرۆ - »جظشطط بەم شێوەیە باسی قوتابخانەی ڕۆمانسیزم دەکـات: گۆشکـراوی سەدەی حەڤـدەهـەم گۆڕینـەوەی بابـەتی‌ی «مـوضـوعی - Objective» بەخۆیی «الذاتی - Sabiective» ئاڵ و گۆڕی هۆش بە دڵ.

کەواتە دەبێ ڕۆژێ ئەو هونەرە بێ کە لە بنچینەوە لە سەر سۆزێکی تایبەتی فرەو هەژاندنێکی لە ئەندازەیەدەرە.

**دووەم:** - تەم ومـژ، زاڵـبـوونی هەستی تەم و ‌.ژاوی بەسـەر بیـری ڕۆشن و ئاشکـرادا، چونکـە لەسـەر خەون و خەیـاڵ دەرواو هۆش و ڕاهـاتـویی بەجێ دەهێڵێ، بۆیە ئاڵۆزی‌و جۆرە ڕەشکەو پێشکەو خستنە ناو جیهانی ئەندێشەو پێوە دیارە، تەواو بە پێچەوانەی ڕوونێتی‌و ڕۆشنی «کلاسیزم»ەوە وێنەی ڕانەهاتووانە دەخاتە شوێن ڕاهاتوو، بە پێی ئەو شاخ و باڵ بۆکردن و جیهانە دەستکردەیەوە، گرنـگ ئەوەیـە جەمـاوەرەی بخـاتـە جیهـانێکی تیـاڕامـان و سەر سوورمـان و نامۆبوونەوە، بەبڕوای خۆیان جیهانێکی ڕازاوە ترو دڵنیایی تر بۆ مروڤ دەخوازن.

سێ یەم: - ڕەشبینی‌و دڵە ڕاوکێ‌و خەمناکی و پارە پارە بوون و هەست کردن بە وون بوونی هاوتایی سایکۆلۆژیان، واتە ئاڵۆزی باری دەروونی، هەست کردن بە بۆشای.

وردتـر بڵێن گوایـە تووشی دەردەسـەردەم بوون، ئەمـانـە زۆربـەی بەهـۆی چوونـەوە ناوخـۆو خۆخـواردنـەوەیـانـە، گۆشـەگیری‌و تەریکی‌و تاریك و تەنهای ویستن، جیهـانی تایبـەتی. سکـاڵا کردن و نارەزای بەبـەش و حاڵ، بەبـوون و ڕۆژگارو شوێن و سەردەم، خۆیان بەشایستەی زۆرشت دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا

ژیانەکە هیچی وەهای دڵخۆشکەرەی پێ نەبەخشیوون.
وا دادەنێین کە دەبوو هێندەی لیهاتووی‌و بلیمەتیان شوێن و پلەیان هەبوایە. دەبوو لە ژیانێکدا بوونایە ئیتر خۆزگەیان نەخواستایە. لەلایەکی دیکەوە دڵە ڕاوکێ‌و ترس لە ئایندە، پیریتی‌و کەنەفتی‌و مەرگ، ئایندەیەکی بێ بزەو ڕووناکی. لەم خەم و مەراقانەوە تووشی گیرو گرفتێکی هەمیشەی دەبن، بەهۆی ئەوە وەی کە هاوتایی لەنێوان ئارەزوو و توانای گۆڕینیاندا نایەتەوە. بۆیە بەو مەریە دەچن و یاری دەروونیان ئەوەندە ئاڵۆز دەبێ ناچارن پەنا بۆ تەریکی‌و خەڵوەتنشین بەرن. لە سەرخوانی خەون و خەیاڵ هەڵبکەن. لەهەمان کات دا وا بە خۆیاندا ڕادەبین کە لە خواو، لەخەڵکی دی جیاوازن بە بەهرەو وردبینی‌و ئایندەزانی‌و دەرك دەکەن بەو شتانەی مرۆڤ ئاسایی پەی پێ نابات.
تەنها ئەوان شایستەی ئەو خەڵاتە لێ هاتوویەی خوداوەندن، بەهەر حاڵ «ڕۆمانسیزم»ەکان بەهەست و هۆشیانەوە نامۆی ڕۆژگارەکەیانن.
لێرەدا حەز دەکەم تێبینیەك تۆمار بکەم، کە پەیوەندی بەهۆی هەڵهاتنەکەوەیە. بریتی‌یە لەوەی کە ڕۆمانتیکەکان لەتەك فەلسەفەی «ئەگنۆستیزم - Agnosticisme» دا یەك دەکەون، ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازو فەلسەفەیە، ئەوە دەگەیێنێ کە هۆش ناگاتە زانیاری، واتە دەرك بەمەبەست ناکات، بەتایبەتی بۆ زانینی ئەو شتانەی لەو دیوو سروشتەوە هەن، بۆیە ئاکام دەستیان لە هەموو بینینەوەیەکی ئەو دنیاو نهێنیەکانی شت، و بەخۆماندوو بونێکی خۆڕایی بێ بەرهەمیان دانا، ڕاستە ڕۆمانسیزمەکان خۆی بۆ ئەو شتانە کووتا، کە بەر لەوان پەی پێ نەبرا بوون یان بیرکردنەوە لێیان کرێکی مەحاڵ و نەلواو بوو، ئەمان ویستیان ئەو بەستەڵۆکە مێژوویی‌یە بشکێنن، تا دوا پلە سەرکێشیان کرد. ناچار بەدەستی بەتاڵ هاتنەوە، ئەمە ئەوەندە تر نائومێدی کردن.
زیاتر ئەو قورەی خەست کردەوە کە لە ناهتنەوەی تای ویستەکانیان بەرامبەر تای هاتنە دی ئەو ویستانە، یان بڵێین نەگەیشت بەو خەونانەی خۆیان بە شایستەی دەزانی، ئەم نەهامەیتە خەیاڵی کۆچ و ڕووکردنە دونیایەکی دی نایە

بەریان، لەلایەترەوە هەست بەزۆر لێکردن و تیارامان پەرەی سەند.
چوادەم: - ڕێبازەکە بەوە ناسراوە کە بە تاڵی خەیاڵدا سەردەکەوێو زەمینەی «واقع» بەجێ دێڵێو لەم خەیاڵی چوونەشدا ڕوو دەکاتە ئامێزی گیار، لەو دەستەو ملانێ گیانەشدا، ئاشت بوونەوەو یەکبوونی نێوان خوو دوو جیهانی هەستە. خۆی لە خۆیدا شاد بوونە بە خودا، یان بڵێین تواندنەوە لە تاسەی چێژی ژیانێکی داخوازدا. خەیاڵ خستنە پێش هۆشەوەو بەچاکتر زانینی بەرەواتری دەبینین لە شی کردنەوەی ڕەخنە گرییانە «التحليل النقدي» هەڵهاتن لە ژیان و پەنابردنە بەرخەون و خەیاڵ و خەرافات، هەڵهاتن بۆ دوورە وولاتان، بۆیە ئەم سەرو ئەوسەری جیهان، یان ئەوەتا لەسەر هەوای وولاتانی ڕۆژهەلات، بەتایبەتی لەسەر بەزمی ژیانی ناو هەقایاتەکانی هەزارویەك شەوە... یەکێك لەهۆیە هەرە گرنگەکانی ئەوچوونە جیهانی خەیاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشتی «الانطوائي».
خۆ پێچەرە وەیەکەیان، ئەو دەرگا لەسەر خۆ داخستنە، بەرووی دەوورو بەرداو چوونەوە ناو ناخ و خۆیە، وای لێ دەکات وەك مرۆڤێکی چاو بەستراو، یان خنکێنراوی ناو ژوورێکی بێ پەنجەرە، لە ڕۆژی ڕووناکدا بەپەرە مووچی خەیاڵ جیهانێکی دی بەگشت دەورو بەروو ئاسۆوە دروست بکات.
یارۆ هەر لە هەمان ئاستەوە جڵەو بۆ ئەسپی خەیاڵ شل دەکات و ختووکەی ئارەزووەکانی دەدات و تاسەی تامەزرۆی پێ دەشکێنێ، لەو کاتانەدا دەستەو ملانی ئاوات و خۆزگەکانی دەبێتەوەو ئۆخەی پشووی گیان دەچرپێنێ، هەر لەبەر ئەوەیە، کە لەلای لە جیهانە ڕاستەقینەکەی ئارام دڵ و دڵگیرترە، بۆیە نایەوێ هیچ کلۆجێ لێی دابربێ، ئەگەر هاتوو خەونەکانیشی بێنەدی. وەك «ژان ژاك ڕۆسۆ» واتەنی گریمان خەونەکانیشم بێنەدی هەر دەست هەڵناگرم، بەڵکو هەرخەیاڵ دەکەمەوەو خەون دەبینم، ئارەزووەکانم نابڕێنەوە، چونکە هێشتا وەکو بۆشایەك لە خۆمدا شك دەبەم، بۆشایەك کە بەهیچ پڕ نابێتەوە. جۆرێکە لەدل فڕین بۆ چاوگی خۆشییەك کە لێی بێ ئاگام هەست دەکەم پێوستیم

پێیەتی، بگرە هەر لەو خەیاڵ چوونەدا هەست بەچێژی خۆشی دەکەم، چونکە لایەنەکانی دەروونم بەهەستێکی بە گوڕی زۆر بەهێز داگیر دەکات، بەخەمناکی‌یەکی وا قووڵەوە ڕام دەکێشێ کە هەرگیز نامەوێ لێی دابڕێم». «١٣»

کەواتە هەمان چێژە گری بە «گۆتە - Goethe» گرتووە بۆ بینینی یادگارو شوێنەوارە فیرعەونیەکان و بڵێ «هۆی حەزکردنم بەو وڵاتەو وڵات لە وەڕس بوونمە لە ڕۆژگارەکەم». «١٤»

یان لەسەر پلیکانەکانی کڵێسەی «ۆرتۆنی» یەوە دڵی بۆ وڵاتان لێبدات و بۆ کروزی ئۆف و ئاخی بۆ کچۆڵە سەماکەرە فیرعەونیەکی سینە ڕووتی شاڵە کشمیری بەشان بێ.

لەبارەی خەون بەشوێنانی دیکەوە، بۆ سەبووری بەگیان دان «هیگۆ»ی کەلەمێردی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەڵێ:

«ڕۆماو قورتبەو بورجەکان، لە خۆمدا دەبیمەوە، گەشت و گوزار، دوورە وڵاتان، کۆچەکان، خولیایەکی شێتانە! ئەمە بەسە بۆ کۆچکردنێکی نەمر..». «١٥»

دەبێ باسی ئەوە بکەین کە کاری گەڕیدەکان بۆ ڕۆژهەڵات و جۆری گێڕانەوەو باسکردنیان گەلیك لەسەر خەیاڵی هونەرمەندەکان کاریگەر بوو.

لە ڕووی کێشەی هۆشەوەو بێبایەخ بوونی لە ئاستی خەیاڵدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا، بەردی بناغەی خانووسازی ڕۆمانسیزمە، بەڵێ هۆش بەتاڵبوون لە بەردەم خەیاڵ و سۆزدا، ئەم کێشەی هۆش نەویستنە دوو ڕێیانی هەرە گرنگی نێوان کلاسیزم و ڕۆمانسیزمە. «یوسف الیوسف» لەباسکردنی تیۆری ڕۆمانسیزم دا، ڕەگ و ڕەچەڵەك و نەژادگی باری ئایدۆلۆژی بۆ سەر «مارتن لۆسەر - Martin Luther ١٤٨٣ - ١٥٤٦» دەباتەوە کە وەسپی هۆشی بەلەبری «سۆزانی» کردووە. نووسەر دەڵێ: -

«لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانسیزم ڕەگی لە فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە هاتووە، بەتایبەتی «کانت - Kant ١٧٢٤ - ١٨٠٤» ئەوەی لە نێوان هۆش و

«واقیـع»دا دابـڕینی دروست کرد، بەوکـارەی بەشیـوەیـەکی ناراستـەوخـۆ وەرامی فەیلەسووفەکانی سەدەی ڕووناك کردنەوە، یان سەدەی ڕووناکی هۆش «ڕۆشنگار - التنویریە» «Aurklarimg» کە باوەڕیان وابوو «واقیع» لەبەردەم هۆشیاریدا ڕوون و ئاشکرایە. هەرچەندە «هیگل - Hgel ۱۷۷۰ - ۱۸۳۱» ئەم وتەیەی «کانت»ی بەسووك کردنی هۆش داناوە.» «۱٦»

پێنجەم: - تاکەیی، یان تاکە کەسیو خۆیەتی، یان خود ویستیو خود پەرستی لە ڕێبـازی کلاسیـزمـدا خولیـای کەسـانی دیو کۆی خەڵکەکەی لەخۆ دەگرت، بەڵام لەڕێبازی ڕۆمانسیزم دا کار بەپێچەوانەوە سوور دەخوات. خەون و خولیای ئارەزووەکانی تاکە کەس، یان جیهانی تایبەتی تاکە کەس گشت جیهانەو هەموو شتێك لە خزمەتی ئەو ویست و ئارەزووە سەربەخۆیەدایە. هەرچۆن ڕۆمانسیزم بەتــەواوەتی پشت بە سۆز دەبـەستێ، سۆزیش خۆی لەخــۆیدا تاکـە کەسیو خوودیانەیە، بۆیە تاکێتی لەسەروو هەموانەوەیە.

لەمــەوەیــە کە هونــەرەکــەیــان تەنهـا ڕەنـگ دانـەوەی هەست و ئارەزووە تایبەتیەکانیانە. هونەرمەند لەژیانی دەوروبەرو و کۆمەڵگا فراوانەکەدا دادەبڕێت و لە جیهـانێکی باڵاتـردا کە جیهـانێکی دەستکـردەی خۆیـانـە هەڵـدەسـوڕێ، بیـر دەکەنەوەو دەژین، چونکە هەر لەبنەڕەت دا دڵیان بۆ ژیان و خەڵکەی دی خۆش نەبووە.

کەواتـە ئەو هونـەرە تەنهـاو بەتـایبـەتی تاسـە شکێنی حەزی هونەرمەندەکەیە. «نـۆڤـالس - Novalis ۱۷۷۲ - ۱۸۰۱»ی شاعیــری گۆرانی غرۆمــانسیـزمی سۆفیزمانەی ئەڵەمانی، بە دڵنیایەوە دەڵێ: «هەتا شیعر خۆ خۆی بیو مۆرکی خۆمـاڵێتیو ڕەنـگ و بۆنی ئێستـای پێـوە بیو خوودیـانـە بێ، ئەوە بە ناخی شیعر نزیکترە». «۱۷»

کاتێکیش «ئـۆجین دیــلاکــروا - Eugene Delacroiy ۱۷۹۸ - ۱۸٦۳» دەیــەوێ وەسفی «شـۆپــان - Chopin ۱۸۱۰ - ۱۸٥٦»ی مەزنـە مۆسیقـاژەن بکـات، دەڵێ «ئـەو هەست و جۆش و خرۆشـانـەی لە سەرەپـای کارەکـانیـا تافە تافیانە، ئەوە هەستێکی زۆر ڕۆمانسیزمانەیە، خودییو تایبەت مەندی

خۆیەتی»«١٨»

شەشەم: - داکۆکی لەلاوازان و زۆر لێکراوان، ئەگەر مرۆڤە یان ئاژەڵە، ئیتر ئەمە گەلانی ژێر دەست و چەوساوە، چونکە ڕۆمانسیزم دروشمی جیهانێکی ئاسوودەتری یەکسانیو دادوەری بەرز کردوتەوە، خۆشەویستی بۆ هەموان، کە لە خەڵکیش هەڵدێن وەك «بایرۆن - Byron» ی شاعیر ئەڵێ: - ئەو لە خەڵك دوورکەوتنەوەیە لە ڕق لێ بووەنەوەیان نی‌یە. «هوگۆ - Hugo» ی دەم ڕاستی ڕۆمانسیزمەکان دەڵێ: - «جگە خزمەتی مرۆڤایەتی، چ شتێکی دیکەم لە بیردا نی‌یە. . داکۆکیم لە گچکە مرۆڤان و کلۆڵان کردووە ئەی نۆبڵ لەقەمەکان وا ئاسۆ دەرکەوت، بەڵام گیان نەگۆڕا. پەلەی سبەینێیەکی لەمە چاکتری خێرو خۆشی مەزنمە بۆ مرۆڤایەتی». «١٩»

هەمان نووسەر، لە بارەی نەواو و بەزەیی داری‌یەوە بۆ بەخت بووچووەکانی دەستی کۆمەڵ دەڵێ: «سەرلەنوێ خوداوەندی شیعر دەردەکەوێتەوە دەستمان بەسەردا دەگریو ڕێنیمایمان دەکات، بۆ خاکەساریو باری کلۆڵی مرۆڤایەتی دەگری». «٢٠»

لە شوێنێکی دیکەدا هاواریەتی لەتاو ئازاری مرۆڤ و دەڵێ: «لە شەوی قوڵماندا خاچێکی مەزن دەکشێ لە کاتێکدا چاومان لێ‌یە، لەهەرچوار لای جیهانەوە چوار بزمارەکەی عیسا خوێنی لێ دێ». «٢١»

«فریدرش دورنمات - Friedrich Durrenmatt» ی شانۆ نامەنووس لە کۆمیدیانامەی «زانیانی فیزیك - Diepysiker» لەسەر زاری «دکتۆر ماتیلدەفون اتساند» دەڵێ: «ڕۆمانتیکانە هەمیشە مرۆڤایەتیمان خۆش دەویو چ خواست و ئاوتێکیشمان نی‌یە».

«بایرون» کە ویستوویەتی کۆمەك لە گریکەکان بکات، بەر لە چوونەکەی بۆیان دەڵێ:

«مردووان بەئاگا هاتن، من بخەوم؟

جیهان بەڕووی زۆرداریا ڕاپەڕی من ژێر دەستبم؟
وادەی درووێنەیەو خاوێتی بکەم؟» «٢٢»
لەبارەی بەزەیی ڕۆمانسیزمەکانەوە بۆ ئاژەڵ، نموونە بە شیعرێکی «بایرۆن» دەهێنمەوە کە بۆ سەگەکەی دەلاوێنێتەوە: «لاشەی جوانێك بێ غرور لەم شوێنەدا ڕاکشاوە، بە هێزی بێ ڕەقیێتی، ئازایەتی دوور لە درندەیێتی، گشت خوە چاکەکانی مرۆڤی هەبوو بەبێ خراپەکانی..
ئەگەر ئەم ستایشە لە سەر گۆڕی مرۆڤێك بنووسرایە دەبووە درۆو دەلەسە، بەڵام بۆ یاد کردنەوەی «بوتسوی»ی سەگ گەواهیێکی ڕاست گۆیانەیە» «٢٣»
حەوتەم: - گرنگی دان بەشیعری میلی و بابەتی فۆلکلورو چیرۆك و ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، هەموو شتێکی سەیرو نامۆو سەر سووڕهێنەر، ژیاندنەوەی بەیت و شیعرە میللیەکان، چونکە ڕەنگ و بۆی ساکاریو بێگەردیو خۆییان لێ دەهات، کەمێك بۆ ژیانێکی دوور لە ئاستی بوونەکەیان دەی بردن، هەر چۆن ژیانی گەلە تەریك و دوورە دواکەوتوەکان کەرەسەیەکی بەپیت بوون، پاشان لە شیربازیو سوارچاکێتیو جەربەزەیی قارەمانانی سەدەکانی ناوەڕاست، زەمینەیەکی خۆش ڕەوتی ئەسپی خەیاڵ یان بوو.

بۆ نموونە شانۆنامەی «گلیوم تیل - Guillaume Tell» کە شانۆنامەیەکی پێنج بەشی «شیلر - Schiller - ١٧٥٩ - ١٨٠٥»ی شاعیرە باسەکەی لە مێژووی سویسراو لەداستانێکی بڵاووباوەوە وەرگرتووە. پوختەی ئەوەیە کە نوێنەرانی ناوچەکانی سویسرا لەیەکێ لە کۆبوونەوە نهێنیەکانیاندا سوێند لەسەر یەکێتی دەخۆن دژ بە داگیرکردنی نەمساوی بۆیان، کە «گسلر»ی زۆردار نموونەیەتی.
ڕۆژێ لە ڕۆژان «گلیۆم» ناوێك، کاتێ بە گۆڕەپانی «ئەلتدورن»ی گشتیدا ڕادەبووری، سەرپێچی ئەوە دەکات کە کرنووشی ڕێزلێنان بۆ شەپقەی دۆکیانەی سەر ئاڵاکە بەرێ، وەك پێویست و ئەرك. لەم سەرپێچیەوە بە یاخی بوو دەدرێتە

قەلەم، فەرمانی دادگا دەردەچی بەسزا دانی بەوەی کە بەتیریك ئەو سێوە بپێکێ کە لەسەر سەری کورەکەی دایدەنێن. «گلیوم» چونکە بەخۆیدا رادەپەرموێ کە یەکەم دەست راستی ولاتـەکـەیە، رازی دەبێ و کارەکـە مەیسـەر دەکـات. بەڵام رق و کینەیەکی زۆر بەرامبەر فەرمان رەوا لە سینە دەنێ و هەرکاتێ «گسلر» پیرۆزبایی لێ دەکات، لەوەرامدا دەڵێ: -

تیرێکی دیکەم پێ بوو گەر لەیەکەمدا هەڵەم کردایە، ئەوا دووەم تیرم لە دڵی تۆ دەنـا. فەرمـان رەوا گرژ دەبێ و بریـاری گرتن و هەواڵـە کردنی دەدات، بەڵام لەرێگاداچابووکانە هەڵدێ و دەرباز دەبێ، ئیتر خۆی بۆ دوژمنەکەی دەنێتەوە. تا رۆژێ دێ و لە کەناری دەریاچەیەکدا تووشی دەبێ، ئەوسا بەتیریك بە ناکامی مەرگی دەگەیێنێ.

ئاوا فەرمـانـرەوایـەکی داگیـرکەر لەناو دەبات. لەم کارەوە شۆرشێکی گەورەی جەماوەریانە بەرپا دەبێ. بەم شێوەیەش «گلیوم تیل» دەبێتە مایەو نیشانەی گەلەکە بۆ پێکهاتنی گەلی سویسرا. تەماشا دەکەین، شاعیر چۆن داستانێکی بۆ مەبەستی ئازادی و رزگـاری ژیـانـدۆتـەوە لەپـەنـا ئەمـەوە ویستـوویـەتی ئازادی بۆ ئەڵەمان بخوازێ و رقی گەورەی بەرامبەر داگیرکەر دەربرێ.

هەروەهـا بۆ جارێکی دی و بۆ زیـاتـر سەلمـانـدن وا لێـرەدا بەنمـوونە رۆمانی «ئیڤانۆی - **Ivanhoe**» ی «ولترسکووت - **Wolter Scott**» «١٧٧ - ١٨٣٢»، ئەم رۆمـانـە مێـژوویییـەی لە ساڵی «١٨١٩»دا بڵاوکردەوە، سەرگوزشتەکانی بۆ رۆژانی ژیـانی ناوکـۆشـك و تەلار قەڵاکـانی سەدەکـانی ناوەراست دەگـەرێنەوە، باسی جەنگ و پیلانەکانی نێوان سەکسۆنی و نۆرماندیەکان دەکات، لە رۆژگـاریی فەرمـان رەوایی «ریـسـار پاشـای یەکـەم». باسی «ئیڤـانـۆی» کوری «سدریك»ی وەجاغ زادەی سەکسۆنی دەکات کە گیرۆدەی خۆشەویستی «لیدی رۆینا» دەبێت کە نەوەی «ئەلفرید پادشا»یە. لە بەسەرهاتەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە «سر» دەیەوێ تەختی ئینگلترە بۆ سەکسۆنیەکان بگەرێتەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە «لیدی رۆینـا» کچی ژنـەکـەی بەمێـردیـکیـان شووبکات. لەبەر ئەمە دژ بە خۆشەویستی

کوڕو کچـه دەوەستێ، هەر لەبـەر ئەمـە کوڕەکـەی لە کۆشك و خۆشەویستەکەی دوور دەخاتەوە.

پاشـان «ئیڤـانـۆی» لەتـەك «ڕیشـارد شیـردڵ»دا هاوبـەشی جەنگی خاچەکان دەکـات، لەمـەوە هاوپـەیمـانیو دۆستـایەتی لە نێوانیاندا پتەو دەبێت، لە کاتێکدا «ڕیشارد شیردڵ» لە وڵات نابێ، براکەی واتە «میرشارل» دەست بەسەر تەخت و وڵاتدا دەگرێ، کت وپڕ «شیردڵ»و هاوڕێکەی بۆ ئینگلترە دەگەڕێتەوە، تووشی کوشتـارێکی قورس دەبن ئاکـام سەر دەکـەون و ئەوسـاکـەش «ئیڤـانـۆی» «لیدیڕونیا»ی دڵخوازی لە ئەسارەت ڕزگار دەکات و دەیهێنێ.

ئەمـە نمـوونـەیـەکی ئاوڕدانەوەی مێژوویی ئەو ڕۆژگارەو داستان و چیرۆکە پڕ عیشق و دلاوەریەکانە.

هەروەهـا بۆ نمـوونـەی بەکـارهێنانی داستان و چوونە جیهانی خەیاڵەوە، ئەوە شاکارەکەی «ئارنست هۆفمان ـ Hoffmann Ernst ـ ١٧٧٦ ـ ١٨٢٢» چیرۆکە داستـانیەکـەی «Casse - Noisette Etleroi Desrats» کە ساڵی «١٨١٦» بڵاوی کردۆتـەوە. نووسـەر لەمـاڵێکی بۆرژواوە دەزوو بۆ کۆلارەی خەیـاڵ شل دەکات و بە ئارەزووی خۆی دەیداتە دەمی، خەون و ڕاستی لەیەکدا تواندۆتەوە.

پووختەی حەقایەتەکە بەم جۆرەیە: خێزانی «ستالبۆم»ی پزیشك لە شەوێکدا جەژنی لە دایکبوون دەگێڕن، دوو مناڵەکەی بەسەر سامیو خۆشیەوە چاویان لەو دیاریانە بریووە کە بە درەختی لەدایکبوونەدا هەڵواسراوون. بەتایبەتی ئەو دیاریانە کە لەلایەن «دروٚلماڵر»ی دۆستی خێزانەکەیانەوە هاتووە.

دیـاریـەکـە بریتیـیـە لە کۆشکێکی خنجیـلانـەی جوان، خاوەن دیـاریـیـەکـە دروەوست کەریـەتی کەسـانی ناو کۆشکـەکـە دەست بە گەشت دەکـەن و لەسـەر ئاوازی مۆسیقـا هەڵـدەپـەڕن و سەمـا دەکـەن. بەرە بەرە چاوی منـاڵەکان دەچێتە سەرشتی تر.

«فـریتـز» یان خەیـالی دەچێتـە سەر سەربـازەکـان و «ماری»یش بەلای بووکە شووشەکاندا دەڕژێن، پاشان کونایی بەنا..نگە ..ی و ... ڕەنگی دادی، ئاهەنگی

چۆڵ دەبێ کاتی خەو دێ. ئەوساکە تەنها «ماری» لەژوورەکەدا دەمێنێتەوە. لە نیوەشەودا گیان بەبەری بووکە شووشەکانی ناو کۆشکە دیاری‌یەکەدا دەکرێ دەکەونە هەڵس و کەوت. جەنگێك لە نێوانی جرجەکان و سەربازە سواری‌یەکان بەرپا دەبێ، «ماری» لەجەگ و کوشتارەکە دەترسی‌و دەخزێتە کەنارێکەوە. لە ژوورەکەدا گۆشە گیر دەبێ، پاشان بەزەیی بە سوارەکەدا دێتەوەو دەترسێ بشکێ بۆیە ئەمیش خیرا هاوبەشی جەنگەکە دەکات و کۆمەکیان لێ دەکات...

هەشتەم: - سروشت بازی‌و چوونە ئامێزی‌و گەڕانەوەبۆی:

ئەم خاسیەتە یەکێکە لەهەرە گرنگترینی خاسیەتەکات، لە سروشتە ساکارەکەدا دڵنیایی‌و هێمنی‌و گۆشە گیریان دەبینینەوە، کە کێشەی هەڵهاتن لە ژیان، بە ئاژاوەو کۆت و پێوەندو دەست گرتنەکەیەوە.

واتە گەوهەری سەربەستی‌یەکەی گیانیان ئەم ڕێگای سروشتەی دەنایە بەریان. زۆر حەزیان بەگەشت و گوزار کردووە، بۆ نموونەی کۆچ و گەشت و گوزار. شیعری «تشیلد هارۆلد - Childharold» ی «بایرون - Byrrhon - ١٧٨٨ - ١٨٢٤» شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی. کە لە ئاکامی ئەو گەشتەیەوە بۆ ڕۆژهەڵات کردی‌و پاشان بەدوو سروودی «تشیلدهارولد»ەوە گەڕایەوەو گەورەترین ناوبانگی پێ وەرگرت سەرەتا ساڵی ١٨٠٩ لە ئەلبانیا دەستی پێ‌کرد، ساڵی ١٨١٢ دوانیانی بڵاوکردەوەو سێ‌یەمیان ساڵی ١٨١٦و چوارەمیان ١٨١٨.

چامەکە لە گەشتەکانی «تشیلدهارولد»ی گەشتەوان و بۆ چوونەکانیەوە دەدوێ. کەوتە شوێنی سەیرو سەرسوڕهێنەرەوە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە ڕوانگەو چەمەکی مرۆڤی «ڕۆمانتیك»ەوە دەردەکەوێ. بەباسی «پورتوگال»و «ئیسپانیا»و دوورگەکانی «ئایۆنیا»و وڵاتی «ئەلبانیا» دەکات و پاشان داخ بۆ وڵاتی «یۆنان» دەخوات. لە سێ‌یەم سروودا گەریدەکە «بەلجیکا» دەبڕێ‌و پاشان کەنارەکانی «ڕاین»، ئەوسا چیاکانی «ئەلپ»... لەهەر بینراوێکی سروشت بیروڕاو بۆچوونێکی ڕامیاری‌و مێژوویی‌و مرۆڤایەتی بەسەر دەکاتەوە.

بەڵام چوارەم بەشی چامەکەی تایبەت مەندی «ئیتالیا»یە، لەوێدا لە «بتراك - Petrarca - ١٣٠٤ - ١٣٧٤»-ەوە بۆ «لۆکانس - Lucanus ٣٩ - ٦٥ ز»و گەلێکی وەك «دانتی - Dante - ١٢٦٥ - ١٣٢١».

ئەوسا ئاور لە شارەمەزنەکانی وەك «فنیسیا»و «فلۆرەنسا»و «ڕۆما» دەداتەوە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەم شیعرە بەناوبانگە زۆر لایەنی ڕۆمانسیزمی لە خۆگرتووەو دەبنین شاعیر زۆر بە سروشتەوە بەندە، هاوبەشی خەمی خەڵکی دەکات و لە ناخەوە لەتەکیاندا ئازار دەچێژێ، خەم و دڵتەنگیەکی تەواو، هەست کردن بە ناسۆیی ئارەزوو کردنی ئەو شتانەی چنگ کەوتنیان مەحاڵە. لەگەڵ دەرکەوتنی گشت دەردە سەردەمێك، گەلێك تێروانینان بۆ سروشت هەبوو، بەڵام لە خاڵی هەڵهاتن بۆ ئازادی تێکرایان یەك دەگرنەوە.

«دیلاکروا» لەبارەی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ بەم جۆرە دەردەبرێ: «مرۆڤ دەستی بەسەردا دەگرێ‌و لەهەمان کاتدا سروشتەکەش کار لە مرۆڤ دەکات». «٢٤»

بەڵێ خولیا بوو لەشار هەڵهاتن و ڕووکردنە گوندو شوێنە دوورو دواکەوتووەکان یان پشت کێوان و دوورگەی دووری نێو دەریا لوشەکان، یان ژیانی کۆچەریەتی‌و قەرەج و ڕەوەند، یان ئەو شوێنانەی هێشتاکو لە دەوری بەردین دا دەژیان.

لەڕووی وەرزەکانی ساڵیشەوە وەرزی پایزیان پێ شیرین ترو جوان تربوو، ئەوەندە گیانیان لە تەك ئەو وەرزەدا هاوەڵ دەبوو، لەتەك وەرزەکانی دیدا نەدەبوو، چونکە لەوەرزی پایزدا خەم و خەزان و کۆچ و گۆرانیان دەبینی، ئەو مەرگە خەمناکیەیان لاشیرین تر بوو، چونکە دەبووە برای رەشبینیەکەیان.

هەر بینراوێ خەمناکانە بێ، لەگەڵ دڵێ تەنگیاندا نزیك دەبێتەوە. لەهەمان کاتدا، وەك بینینەوەو دۆزینەوەیەکی نوێ، گوایە لەو بینراوەدا ئەوەندە ڕەنگ و شێوەی جوانی تیادایە کە لە هیچ بینراوێکی وەرزەکانی دیکەدا نیین.

بەهەمان شێوە شەوگارو مانگەشەو، جریوەو تریفەی ئەستێرە بەسەد ڕۆژی

ڕووناکی خۆری پڕتەو ناگوڕنەوە، شەو: مەودای لە باڵدانی زۆر دووردوور بە

مەلی خەیاڵی دەدات، شەو دەروویەکی فراوانە بۆ چوونە ناو جیهانی نایابی

ناخی خۆیەوە.

دەبینین زۆربەی هەقیقەتەکان لە شەودا دەبینینەوە، ڕاستی لەشەودا دەدرکێنێ، ئاکام بەلایەکدا دەخەنەوە گیانەکان دێنە دەری هەڵس و کەوت و ویستیان بە سەربەستی ڕادەردەبڕن. ڕاستی بەسەر چەوتیدا زاڵ دەبێ، پاڵەوانەکان پێی دەکەنەوەو دەگەنە ئەنجامی مەبەست. هۆی ئەنگی تای تەرازووی گیان و دەروونیان دەدۆزنەوە.

لودڤیك تیك - Ludwig Tieck - ی

شاعیری ئەڵەمانی لەچەند دێرێکی بەناوبانگیا ڕادەی ئەم پەیوەستی ڕۆمانتیکیەکان بە شەو و بۆچوون شەوانە دەردەخات، لێرەدا ئەم پارچەیەی لێ تۆمار دەکەینەوە: -

Mondbeglaenzte Zaubernacht»

Die and siss ge Fangen haelt

Wun dervolle Maercenwelt

«Steig auf in der alten pracht

«ئەفسوونی شەو، لەتریفەی مانگدا

جادوو لە چاوو هۆش دەکات.

بۆ جاری دووەم، جهانی سەیر دێنێتەوە.

بەجوانی وەك ڕۆژانی ڕابووردوو».

هەروەها لە دیاردە سروشتیەکاندا، گەلێ بینراو هەن زۆر لەلایان بایەخدارە، بۆ نموونە: باوبۆران، شەپۆلی هەڵچوو، گەردەلوول، توف و دەریای بێ‌بن، ترۆپکی چیای ون بووی بڵندیتیی ئاسمان، بینراوی قوتب و ئەو دیوو کێوە دوورەکان زەرد پەڕو خۆر ئاوا بوون و ئێواران.

بەرادەیەك ڕۆمانسیزمەکان سروشت ویسن، کەسانێکیان لە ئەندازە بەدەریان کردووەو گەیشتونەتە ڕادەی سروشت پەرستن. خواو هێوایان تیادا بینیووە.

## «بەراوردێکی خێرا»

لە سەرەتاو بنەرەتەوە بزووتنەوەی رۆمانتیک بۆ بەرهەڵستی و دژایەتی و بەر بەرەکانێی کلاسیک هاتە ئاراوە. دو رووی دژ بەیەکن لە بوون و فەلسەفەوە، بۆیە رۆمانتیک بەگشتی شێوەو جۆرەکانی بەوە لەگەڵ کلاسیک دا ناکۆکە.

لێرەداو بە پێی پێویست دەست نیشانی لەیەک نەچوونیەکانیان دەکەین وەک بەراوردێکی پەلە: -

● لە هونەری «کلاسیک»دا هۆش دەسەڵاتدارەو هەموو شتێک لەوەوەیەو بۆ ئەوە لەسای فەرمانی دایە، بە کورتیەکەی رابەرو داینەموّیە. بۆیە پێی وتراوە هونەری هۆش چونکە جڵەوگیرەکەی هەست و هۆشە.

بەڵام لەلای «رۆمانتیک» زۆر بەپێچەوانەوەیە، ئەم حاڵە گرنگترین حاڵی جوێ کەرەوەیە. لە هونەری «رۆمانتیک»دا جڵەو بەدەست دڵەوەیەو هەر دڵە کانگای ئیلهام و تواناو رێ پیشاندەر، واتە لەبری هۆش هەست و سۆز رابەرن.

«ئەلفرێد مۆسیە - Alfredde Musset ١٨١٠ - ١٨٥٧»

بە مەرامی رێ نمای و ئامۆژگاریی رووی زاری لە هاوڕێیەکە دەکات و پێی پێی دەڵێ: «لـە دەرگـای دڵ بدە، چونکـە بلیمـەتی بە تەنهـا لەنـاو ئەو دایە. ئازارو تەواو خۆشەویستی تیا دایە. بەردی بیابانی ژیانی تیا دایە..» «٢٥»

هەر لەم کاریی دڵ و سۆزەوەیە «رۆمانتیک»ەکان تووشی دابڕبوون و خولیاو خەیاڵات فڕین و ناکۆکی نێو ناخ و دەروون و گەلێ شتی‌دی دەبن. لەزۆر کاتدا رۆمانسیزم هیچ گوێ بەبوارەکانی هۆش و هەست داریی دیار نادات، بەڵکو گوێ بەلایـەنـەکـانی وەك، زیندەخەو نەبێ ئاگـایـیـەکـان و نیمچـە ئاگای‌یەکان دەدات. بەڵێ هەر شتێك مێشکی پێوە ماندوو بێ، ئەوە نەویستە.

● هونەری «کلاسیك» هونەرێکی ئورۆستوکراتیانەی پارێزمەندەو لە نێوان کۆمەڵە داب و رەسم و نەریت و دەستورو عەنعەناتێکدا پەنگی خواردوّتەوەو ترازان و لێ دەرچـوونی بونیـیـە. لەخـزمـەتی یاسـاو رژێمی راوەسـتـاو وجێگیـر دایە، بڕوای

## «بەراوردێکی خێرا»

لە سەرەتاو بنەڕەتەوە بزوتنەوەی ڕۆمانتیك بۆ بەرهەڵستیو دژایەتیو بەر پەرچ دانەوەی کلاسیك هاتە ئاراوە. دو ڕووی دژ بەیەکن لە بوون و فەلسەفەوە، بۆیە ڕۆمانتیك بەگشت شێوەو جۆرەکانیەوە لەتەك کلاسیك دا ناکۆکە.

لێرەداو بە پێی پێویست دەست نیشانی لەیەك نەچوونیەکانیان دەکەین وەك بەراوردێکی پەلە: -

● لە هونەری «کلاسیك»دا هۆش دەسەڵاتدارەو هەموو شتێك لەوەوەیەو بۆ ئەوە لەسای فەرمانی دایە، بە کورتیەکەی ڕابەرو داینەمۆیە. بۆیە پێی وتراوە هونەری هۆش چونکە جڵەوگێرەکەی هەست و هۆشە.

بەڵام لەلای «ڕۆمانتیك» زۆر بەپێچەوانەوەیە، ئەم خاڵە گرنگترین خاڵی جوێ کەرەوەیە. لە هونەری «ڕۆمانتیك»دا جڵەو بەدەست دڵەوەیەو هەر دڵە کانگای ئیلهام و تواناو ڕێ پیشاندەر، واتە لەبری هۆش هەست و سۆز ڕابەرن.

«ئەلفرێد مۆسیە - Alfredde Musset ۱۸۱۰ - ۱۸۵۷»

بە مەرامی ڕێ نمایو ئامۆژگاریی ڕووی زاری لە هاوڕێیەکە دەکات و پێی پێی دەڵێ: «لە دەرگای دڵ بدە، چونکە بلیمەتیی بە تەنها لەناو ئەو دایە. ئازارو تەواو خۆشەویستی تیا دایە. بەردی بیابانی ژیانی تیا دایە..» «۲۵»

هەر لەم کاریی دڵ و سۆزەوەیە «ڕۆمانتیك»ەکان تووشی دابڕبوون و خولیاو خەیاڵات فرین و ناکۆکی نێو ناخ و دەروون و گەلێ شتیدی دەبن. لەزۆر کاتدا ڕۆمانسیزم هیچ گوێ بەبوارەکانی هوش و هەست داریی دیار نادات، بەڵکو گوێ بەلایەنەکانی وەك، زیندەخەو نەبێ ئاگاییەکان و نیمچە ئاگاییەکان دەدات. بەڵێ هەر شتێك مێشکی پێوە ماندووبێ، ئەوە نەویستە.

● هونەری «کلاسیك» هونەرێکی ئورۆستوکراتیانەی پارێزمەندەو لە نێوان کۆمەڵە داب و ڕەسم و نەریت و دەستورو عەنعەناتێکدا پەنگی خواردوتەوەو ترازان و لێ دەرچوونی بوونیە. لەخزمەتی پاساو ڕژێمی ڕاوەستاو وجێگیر دایە، بڕوای

بەرەوایی مافی لە خوداوەیی شاهان هەیەو بروای بە ئاین بەهێزە. هەقی لەسەر چینەکانەوە نی‌یە. لەلای «ڕۆمانتیك» گشت ئەو کێشانە لە پێچەوانەوەیە. تەماشا دەکەین ئەوەی دڵ بیەوێ بەسەر گشت یاساو داب و کۆمەڵێکدا زاڵە. بەهەوەسی خۆیو پڕ بە دڵی هێرش دەباتە سەر ئەو دام و دەستگایانەو دروشمی نارەزایی هەمیشەیی بەرزەو دەشەکێتەوە. ئەو بەرهەڵستی‌یە چ بەرووبی بیروباوەڕە رامیاری‌یەکاندا بێ یان ئاینی‌یەکاندا، چونکە گشت شتێك بەشایەنی لێ‌پرسینەوەو هەڵگرتن و دانان دادەنێن.

لە گەوهەری دروست بوونەکەیدا خواستی لەناو بردن و ڕوخاندنی چینی تر لەخۆ ناوە، بەتایبەتی دەرەبەگایەتی‌و بەرە ئۆرۆستوکراتیەکان کە بوو بوونە سپلی لاورگ، دەبوو پابکرێنەوە تا ڕێگا بۆچینی بۆرژوا خۆش بێ.

تا دام و دەستگاو دەسەلاتی چنگ کەوێ.

● هەرچۆن «کلاسیك» هونەرێکی ئۆرۆستوکراتیانەیە بەوەی کەلتووری ڕۆژانەی تۆمار دەکاو لە ڕابووردویشیا بەرزو بالاترین نموونە دەبینێ، ئەوەبوو هونەری «گریك»و «ڕۆمان»یان بە بایەخترین و پیروزترین هونەر دادەناو بەرێزەوە شوێن پێیان هەڵدەگرت لاسای‌یان دەکردنەوە، ئەم ئەرکەیان بەکارێکی پێویست و مەبەست دادەنا.

سەیر دەکەین «ڕۆمانتیك» وەك هونەرێکی پێشکەوتن خوازی ڕۆژگاری خۆی لە ئایندەدا هەموو جوانی‌و پیت و فەڕو بە هەشتێ دەنەخشێنێ. لە ئایندەی دەروانێ تا ئێستای بەچاکتر بگۆڕێ. وە نەبێ ئێستای لەلا مەبەست بێ ئەوەندە نەبێ کە بۆ دروست کردنی کۆشکی خەونی ئایندەی یارمەتی ئەدات.

ڕابووردوو بێ بایەخەو هیچ ڕێزو ڕێزلێنانێکی بۆ ئەو کەلتوورەی «گریك»و «ڕۆمان» نی‌یە، بروای بە تاکە کەسی‌و هەست و هەڵچوونیەتی، بۆیە خۆیان لە رکێفی هونەری دێرزەمانە ڕزگار کرد.

● لەلای «کلاسیك» سروشت ئەو شوێن و بایەخ پێ دانەی نی‌یەو چ کاتێکیش مەبەست و مەرام یان کێشە نەبووە. لەلای «ڕۆمانتیك» سروشت ئامێزی دڵنیایو

ئارام و ئاسـه شكێنـه. هەرچـۆن خرى داوـتـه دەست هەست و سۆزى. چێـژ لەجـوانى سروشت وەردەگـرێ و ئازادى لەو جیهـانـە وەردەگـرێ. ئاشقى دەبێ و بەسەريا هەڵدەداو دەيلاوێنێ، حەز بەتەنهاى ناو ئەو جيهانە دەكات، گۆشەگيرى و تەريك بوون لەجيهانى شارستانيەت.

● لەلاى «كلاسيك» هێمنى و لەسەرخۆيى و مەنگى و راوەستاو و راگيريى لەسەر باريك دياردەو دەستووره، ئەم دياردەيەش دەگەرێتەوە بۆ هۆش جڵەوگيرێتيەكەى. لەلاى «رۆمانتيك» هەڵچوون و دەرباز بوون و گۆرانكاريى و شۆرش و خولياى ئازادى دەبينرێ و هەست پێ دەكرێ، چ كاتێ لەسەر بارێ خۆ ناگرێ و هەر دەم لە هەڵپەى نوێ كردنەوەدايە.

● لەلاى كلاسيزمەكان بەهيچ جۆرێ شيعرى گۆرانى «Lyrical» نىيە چونكە لەرۆژانێكدا كە هۆش و «منطق» لەسەرو گشت شتێكەوە بوو، نەدەبوو سۆزى خودیى زاڵبێ و دڵدارى و باسيى جوانى سروشت بشنێ و بازار گەرميى بێ.

● «كلاسيك» ناكۆكى و جياوازى‌يەكانى نێو ژيانى پيشانداوەتەوە لەتەك پەيوەندى‌يە كۆمـەلايـەتيـەكـاندا. ئەمەش بەشێوەيەكى وردو چاك دامەزراو لەسەر بنچينەيەكى ماقووڵ. بەلام «رۆمانتيك»ى‌يەكان نەك هەر ژيان و واقيعيان نەخستۆتەوە بەرچاو و وێنەيەيان نەكێشاوە، بەڵكو بەشێوەو شێوازێكى زۆر سۆزدارانە خستوويانەتەوە بەرچاو.

● لە هونەرى «كلاسيك»دا رووى جيهانيانە لە رووەو پێشاندەدات و لە سنووره نەتەوايەتيەكان دەسرێتەوە.

بەلام لەلاى «رۆمـانتيـك» مۆرك و رەنـگ و رووە نەتەوايەتيەكە لەدايك دەبێ و دەنـوێنێ، هەرچـۆن پەيـدا بوون و پەرەسـەنـدنى پابەستى بزوتنەوە نەتەوايەتيەكە بوو، لەتەك فراوان بوونى ئەو كێشەيەدا ئەميش پەرەى سەند. ئەوە بوو تايبەت مەنـدى ولاتـان و گەلان دروست بوو، ئەو جۆرە مێـژووى هونـەرى ئينگليـز و فەرەنگ، يان مێژووى هونەر بۆ ئەڵەمان پەيدا بوو. كەواتە ئەو هەمەلاى و گشت لە خۆ گرتنە جيهانى‌يە بەجۆ خۆى گۆر درايە. دەبێ چاك ئەوە رەچاو بكەين كە

رۆمانسیزم رەنگ و ڕووی پەرەسەندن و ژیانیی چینی بۆرژایە، یەکێ لەهەرە گرنگترین ڕۆڵەتەکانی ئایدۆلۆژیی بۆرژوا کێشەی ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی‌یە.

● یەکێ لە خاسیەتەکانی «کلاسیك» ڕونێتی‌و ئاشکرایی لە دەربڕین و شێوەداو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی بێ پێنچ و پەناو سەر لێ‌شێواندن و لێڵی‌و تەم ومژ.

بەڵام «ڕۆمانتیك» بیرو تێ‌گەیشتن و بۆچوون، بۆ جەماوەرەکە دەهێڵێتەوەو بەهۆی هێماو کەمە دەرخستنێکەوە یارمەتی کەسەکە دەدات تا بزانێ چی دەوێ‌و دەڵێ. گەلێ جار بە پەردەیەکی تەنراوی تەم و مژو ڕەمزو ورموز بەرهەمەکەی دادەپۆشێ.

● لە ڕووی کەسایەتی‌و قارەمان و کەرەسەوە «کلاسیك»ەکان خوویان بەمەزنە مرۆڤانەوە گرت بوو، خەم و خولیای ئەو کەسانە هێندە گەورە بوو گەل و ڕۆژگارێکی دوورو درێژوو، تەنانەت بوونی نەتەوەکە بەچارە نووسیەوە دەبەسترایەوە.

بەڵام لەلای «ڕۆمانتیك»ەکان ئەو جورە تابەتی‌یە نی‌یەو هەموان دەگرێتەوە، گرنگ خرۆش و سۆزو ئارەزوو و خەوی خۆیەتی، واتە خۆی‌یە «Subjectve» نەك کێشەیەکی بابەتی «Objectve» ئەمەیە هۆی جیاوازی لەیەك نەچوونیان.

لە ئاکامی ئەم بەراوردکردنەدا دەست نیشان کردنێکی «هاینی ـ Hene - ١٧٩٧ ـ ١٨٥٦» نووسەری ئەڵەمانی تۆمار دەکەم کە جیاوازی نێوان هەردوو ڕێبازەکەی دیاریی کردووە، وتوویەتی: «کلاسیزم ڕێبازی دەست بەستەوەیە.. ئەو ڕێبازەی مەبەستەکان دیاریی دەکات و لە ئاستیاندا رادەوەستێ، دەبینین هونەرمەندە کلاسیزەمەکە بەو یاسا تواندانەوە دەبەسترێتەوە کە بیرەکەی لەپا بەستەکانیا گەر دەخوات... هەمیشە لە چوار چێوەیەکی ماتەریی دیاریی کراودا دەردەکەوێ...

بەلام رۆمانسیزم ڕێبازی دەرچوونە.. ڕێبازی سۆزو سەربەستی‌ی.. ئەو ڕێبازەی بە باڵی بەهێزو لەجهانی گیانی‌ی بێ‌سنووردا دەفڕێ، بۆیە دەبێ ئەدیب و هونەرمەند هێما بکاتە چاکترین کەرەسەی». «١»



## موسیقاو ڕومانتیك: -

«هەر شتێ توندیو بەر لەگشت شتێکی دی خەیاڵ و سۆز بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، هەرشتێ بێ لەسەر ئەو خاسیەتە خەیاڵیو سۆزداریە، و گشت ڕێگایەکی بۆ ڕەخساوی بۆ بگرێتە بەر دەتوانرێ بەڕۆمانتیك ناوببرێ».
«هوگۆ لایختنتریت»

* * *

«ئارنۆلد هازر - **Arnold Hauser**» رای وایە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە کە ڕۆمانتیك چاوی هەڵهێنا مۆسیقا گەیشتە دوا ترۆپکی بەرزیتیو بازار گەرمی.

بزوتنەوە پەیدا بوونی جهانی ڕۆمانتیك لە هونەری مۆسیقادا، وەك گشت بابەتەکانی دی هونەرو ئەدەب. واتە مۆسیقاش تەریك و بێبەری نەبووە لەو گۆڕانکاریو بزوتنەوە ئەوروپاییە فراوانە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا وەك بوون و بەشێك هاوکاری کردووە. بەڵام ئەوەندە هەیە کە لە ئەدەب و هونەری نیگارکێشاندا گوڕو دەسپێشکەری زیاترو پێشتر بووە.

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەوە کە لە باری ئابووریو رامیاریدا کەوتەوە بەپێی ئەو شۆڕشە پیشەسازیو زانستیانەوەی کە ڕۆژانێکی نوێ هەڵهێنا. ئەو موسیقایەی جاران تایبەت مەندی دەستەو دائیرەیەکی تایبەت بوو، واتە تەرخانی چینی خاوەن دەسەلات و سەرمایە، چوە ڕۆژانی مۆسیقا بۆ چینی نوێی دەسەلاتداری ژیان. بەتایبەتی چینە ناوەڕاستەکان، هونەری مۆسیقا مەودای بڵاوبوونەوەی فراوانی گرتەبەر.

ژیانە نوێیەکە جیاواز بوو لەژیانی رابووردوو ئەو تەرخان مەندیەی نێو چواردیواری یالای کۆشکی مەزنە مرۆڤان بوو مەودایەکی بەربلاوی بیستن و بڵاوبوونەوە. زیاتر هەر لەم هەنگاوی سەربەستیەوە دەیان قاڵبکاریو کۆتی

کلاسیکیانەی داماڵی‌و لەشەقەی باڵی بەرەلا بوونی‌دا بۆ جوانی بەربلاوی پڕ لە سەربەستی. لەو گواستنەوەیەدا لە کۆمەڵگا ئۆرۆستوکراتیەکەرە بۆ بەردەم کۆمەڵگا بۆرژواکە. بە هۆی گۆڕانی بیستەرەکانەوە داخوازی بابەتی نویی هاتە ئاراوە، بابەتی ئاسان و ئاشناش بی‌بەگیان و ئارەزووەکانیان. لەمەوە قالبی ئاسان و کورت باوو بوو. زیاتر خۆش دەداو هەمە جۆرتریش بوو. بەلام ئەمە خۆی لە خویدا بووە زامنەکەرەی دابەش کردنی مۆسیقاکە بەدوو جۆری سەرەکیەوە، یەکەمیان مۆسیقایەکی گرنگ لەگەڵ مۆسیقایەکی سووك و ئاسان.

هونەرمەندنی مۆسیقای وەك «ڤیبر - Veir ١٧٨٦ - ١٨٢٦» و «شۆمان - - Schumann ١٨٠ - ١٨٥٦»و «لیست - Liszt - ١٨١١ - ١٨٨٦» هەر یەکەیان شوێن پەنجەیان نەك هەر دیارە بەڵکو ڕێرەوی کاروانێکی گەورەیە.

گەلێك لەسەرچاوە مێژوویەکان دەست نیشانی ڕۆژی «٧»ی ئەپریل ی ساڵی «١٨٠٥» بە ڕۆژێکی مێژویی مەزن و دیاری مێژووی مۆسیقای ڕۆمانتیك دەکەن، بەڵێ لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار سێیەم سیمفۆنیەی «بیتهۆڤن - Beethoven ١٧٧٠ - ١٨٢٧» واتە سیمفۆنیەی «پاڵەوانێتی» پێشکەش کرا، ئەم هونەرمەندە گەلێ شتی نوێی‌و هەندێ گۆڕانکاری گرنگی لەبواری سیمفۆنیەدا بەرەست هێنابوو. هەرچەندە «بیتهۆڤن» وەك هونەرمەندێکی «کلاسیك» ژیابوو، بەلام بوونی شۆڕشی فەرەنساو ئەو گۆڕانکاریانە بزواندی‌و ئەنجامەکەی ئەو بەرهەمەی پێ خوڵقان، بۆیە لەم سیمفۆنیەدا شکۆداری‌ی ناپلیۆن - - Napoleon ١٧٦٩ - ١٨٢١» دەکات. قاڵبکاریەکەی ڕابووردی شکاندو سەربەستی‌و دەربازبوونی بەگیانی سیمفۆنیەدا. لەبری «٣٠» چرکە بووە «٥٠» چرکە، جگە لە بەردانی خەیاڵی‌و هەڵچون. هەرچۆن لە سەرەتای باسکردنی ڕۆمانتیکمانەوە، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هەمە جۆرە، ئەمەش بەپێی شوێنەو ڕووداو، ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە واتە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە سێ ڕێبازی ڕۆمانتکیانەی جیاواز هاتە ئاراوە، یەکەمیان قارەمانێتی لەلایەن «بتهۆڤن» بەکار تێی‌کردنی ڕۆمانی دەرەبەگایەتی‌و نەمانی کۆیلەیایەتی.

دووەمیان ڕێبازی شاعیریتی، ئەمەش زیاتر لەلای «شومان» دیاری دەدات، لەلای «شۆمان» وشەی «شاعریتی» هاوتاو بەرامبەری «مۆسیقایی»یە. دەیویست مۆسیقایەکی شاعیریانە بێنێتەدی. ئەمەش بەهۆی کارتی‌کردنی‌یەوە لەلایەن سەرچاوە ئەدەبیەکانەوە، دەیویست ئەو گیانە شیعریانەیە لەگیانی مۆسیقادا بروێنێ. لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستیە بین کە ڕۆمانتیاك لە سەرەتاوە دەیووست بابەتە هونەری‌و ئەدەبیەکان یەکنخلت و تێکەڵیان کات یان بڵێن گیانیان لەیەکتردا بتوێنێتەوە. زۆری ئەو مۆسیقارانە گەنجەکان بوون، وەك «شوبرت ـ Shubert ١٧٩٧ ـ ١٨٢٨»و «شۆبان ـ - Chopin ١٨٠٩ ـ ١٨٤٩» لەگەل «شۆمان ـ Schumann ١٨١٠ ـ ١٨٥٦»ی پێشەنگ دا.

سێیەم هێڵیان، دەستەی زیادەرچووەکان، ئەوانەی زیاد لە پێویست پێیان هەڵگرت و لغاوی هەڵچوونیان بەردابوو، وەك «ڤاگنر ـ Wagner - ١٨١٣ ـ ١٨٨٣»و «بروکنر ـ Bruckner ١٨٢٤ ـ ١٨٩٦»و «ماهلر ـ Mahler ١٨٦٠ ـ ١٩١١».

لێرەدا بەپێی ماوەی باسەکە ئەوەندەمان بۆ دەکرێ کەگرنگترین مەبەست و خاسیەت و ڕوالەتەکانی مۆسیقای ڕۆمانتیك دەست نیشان و سەر ژمێر بکەین یەکەمیان: ـ سەربەستی‌و کردنەوە، واتە دەرباز بوون لە کوت و یاساو قالبە کلاسیکیەکان نەگۆڕاوی‌و ڕاوەستاوی جێهێشت بەرەو ئاسۆ فراوانەکانی ژیان چوو.

دووەمیانە: ـ گرنگی دان بەگیانی نەتەوایەتی‌و شانازی‌و شکۆداری پێوەکردن. لەگەڵ ئاوردانەوە لە کەلتوورو بابەتی نەتەوایەتی فولکلۆرو بوژاندەوەی گۆرانی گەلییانە، ئەمە تەواو بە پێچەوانە کلاسیکیانەوەیە. فەرموون بەرهەمەکانی «هیندل ـ Haendel ١٦٨٥ ـ ١٧٥٩» یان «موزارت ـ Mozart - ١٧٥٦ ـ ١٧٩١» چ بونێکی ئەو بابەتانەی لێ نایە، ئەگەر «باخ ـ Bach ـ ١٦٨٥ ـ ١٧٥٠» یش ئاورێکی لێ دابێتەوە مەگەر تەنها لەرووی گاڵتەوە بووبێ.

سێ یەمیـان : ـ خەون خەیـاڵ و بەریـلاوی خەیـاڵ، چوونـە جیهـانی سەیرو سەرسـوڕهێنـەری دروست کراوەو، نمـوونـە بەم چەنـد دێـرە شیعرەی «فردریك شلیگل»ی ئەڵەمانی دێنینەوە کە «شۆمان» کردبوویە دروشمی مۆسیقاکەی:

Darch all toene toenet»

Im bunten Frdentraum

Ein Leiserton gezogen

«Fuer and der heim lich lauschet

«لەناو ئەو هەموو دەنگانەی

لە خەون و خەیاڵەکانی ژیاندا دەنگدایەوەیان هەیە

ئاوازێکی ڕەنگ زەرد دەنگی دێو رادەبووری

تەنها وردبینێك دەرکی پێ دەکات»

چواردەمیـان :ـ بـاری سۆزداریو هەڵچـوونـەکـانی ناخ و سۆزو هەست، دیاردەیەکی ئاشکرای مۆسیقای «ڕۆمانتیکە. خرۆشاندنی ناخی بینەرو بزواندنی هەستەکانی. بۆ نموونە بەرهەمەکانی «شۆپان» وەك «نوکتورن»و یان پێشەکیەکانی یان مەشقەکانی.

پێنجـەمیـان : ـ گونجـانـدنی نەتـەوایـەتی لەتـەك جهـانیدا، بە تێکـەڵ کردنی شێـوەگیـانی مۆسیقـای گەلان بە مۆسیقـای نەتـەوایەتی، واتە شێوازێکی جهاینان بەدەسکـاری کردنێکی وریـایـانـەوە دەهێنـایـە ناو نەتـەوەکـەیان و بەئاوازو ئامێرو گیانێکی خۆماڵی دایان دەچاند.

بۆ نمونە ئۆبرائیتالیو فەرەنسەییو ئەڵەمانیاییەکان کۆکردنەوە لەنێون ئەو گیانە پر بزوتنـەی لە گۆرانی ئیتـالیـاییدا هەبـوو لەگەڵ چابووکیو جوانی ئۆرکسترالی ئەڵـەمـانیـاییدا، و تێکـەڵ کردینـان بەو لایـەنـە پرشنگـدارانـەی فەرەنسایییەکان لەشـانـۆدا دایـان هێنـابـوو. لەم بارەیـەوە کەسـانی وەك «بـاخ»و «مـوتسـارت» سەرکەوتنێکی بالایان بەدەست هێنابوو.

شەشەمیان : - لە ڕووی دارشتن و داهێنانەوە، ڕۆمانتیکیەکان زیاتر ئارەزوویان لە پارچـەی کورتی‌یـەك جوولـەیی بوو. ئەوەنـدە ئارەزوویـان لە چڕی‌و کاری «معقـد» نەبـوو. گرنـگ ئەوە بوو بتـوانێ ئەو هەست و جۆش و خرۆشـەی ناخ و ئارەزوو بیروبڕی دەرببڕێ‌و کاریگەر بێ، تا زیاتر کاریگەر بێ واتە سەرکەوتووترە.

حەوتەمیان : - ڕۆمانتیکیەکان دەیان ویست هونەرەکان لەیەك نزیك کەنەوە. نەك هەر نزیـك کردنـەوە بەڵکـو تێکـەڵ کردینـان، شیعـرو چیـرۆك و شانـۆنامەو داستانەکان بوونە کەرەسەو هەوێن، مۆسیقای شاعیری‌و وێنەکێشی هاتە ئاراوە، هونەری نیگار کێشان و مۆسیقا لەزۆر ڕووەوە بوونە هاوەڵ و هاوتا، لە گرانی ڕۆمانتیکیا شیعرو ئاواز دەبنە تەواوکەری‌ء یکتری‌و لەیەکتردا دەتوێنەوە. لە ڕووی هونەری نیگارکێشانیشەوە، بابەت و کەرەسەکانی تێکەڵ بە مۆسیقا بوو، ڕەنگ و دابـەش کردنی ڕوونـاکی‌و سێبـەرو گۆڕانی تۆنی ڕەنگـەکـان لە تێـرەوە بۆ کاڵ بەپێچەوانەوە ئەمانە بوونە ووشەو کرداری فەرهەنگ و ژیانی هونەری مۆسیقاش. لەبارە ئەدەبەیشەوە چ نکۆڵی لەوە ناکرێ کە زۆربەی زۆری دانراوە مۆسیقاییەکان بۆ چاوگە ئەدەبیەکان دەگەڕێنەوە. لێرەدا وتەیەکی «ڤاکنر» تۆمار دەکەمەوە کە لە بارەی پەیوەندی نێوان هونەرەکانەوە ووتویەتی: -

«وشە تەنها ئەو هۆیەیە کە بیر دەگوێزێتەوەو پەیوەندی بەخەڵکی‌یەوە دەکات. بەڵام کارکـردنـی بە تەواو نابێ تا بە مۆسیـقـای دەنگی مرۆڤـانـە نەبێ.. بە تەماشاکردن بە هیما..، تا بتوانێ لەبار بێ بۆ گەیاندنی ناخی بیرو هەستەکە.. تا بتوانێ بە تەواوی کاریگەری‌و تێرێتی مەبەستەکەی بگەیەنێ».

هەشتـەمیـان : - سروشت و جۆری دەبـرین لە بینـراوی سروشت و سروشت واتـاو ئاسـۆیـەکی نوێی بۆ ڕەخسـا. واتـە لە هونـەردا چەمکێکی تری وەرگرت. هونـەرمـەنـدە ڕۆنسیـزمـەکـە ئەوەندەی وەدەرخستنی واتاو مەبەستە سۆزداریەکەی مەرام بوو هێنـدە گوێی بە وردەکـاریی‌و لایـەنـەکـانی دی نەدەدا، واتـە ئەوەندە خۆی بۆ وێنە فۆتوگرافیەکەی سروشت نەئەرەتان، بگرە هەر مەبەستیشی نەبوو،

ئەو جهانە بزوێنەرە سۆز داریەکەی لاگرنگ و نیاز بزو. «ڤیر - Veideir ١٧٨٦ - ١٨٢٦» دەوڵـەمـەنـدتـریـن هونـەرمـەنـدی ئەم بابـەتـەیـەو ئۆپـرای «Derfreischuetz» نەمرترین بەرهەمیەتی.

نۆیـەمیـان : - خاڵێکی گرنگی جۆی کەرەوەی نێـوان مۆسیقـای کلاسیك و رۆمـانتیـك، بریتی‌یـە لەوەی کە جیـاوازی نێـوان مۆسیقای تەنیا «الموسیقی ذات المجـردة»و مۆسیقـای بابـەت داریـان بەرنـامـەدار «الموسیقی ذات الموضوع او البـرنـمـج» واتـە ئەو پارچـە مۆسیقـایـەی کە باس و خواس و بابـەتێکی‌دا لە خۆ گرتـووەو بینـەر دەخـاتـە ناو باس و هەست و بینراوێکی تایبەتیەوە. بە پێچەوانەی کلاسیکەکەوە کە بە مۆسیقای ڕووت و تەنها دەناسرێ.

دەیـەمیـان : - بزوتنـەوەی مۆسیقای ڕۆمانتیك و گەشە کردن و گونجاندی لەتەك ئامێـری «پیـانـۆ» دا پتـرە لە گشت ئامێـرێکی تری مۆسیقـا، بەر لە هەممـوشتێ بریتی‌یـە لە گونجانـدنی ئەم ئامێـرە لەگـەڵ کێشـە سۆزداریـەکـەی ڕۆمـانتیك دا هەرچۆن ئەو پەرەسەندن و چاکردنەی لەم ئامێرە گرنگەدا ڕووی دا جگە لەوەی ڕابەرانیو مۆسیقای ڕۆمانتیك زۆربەیان لە هەرە مەزنترین پیاوو ژنەکانی جهان بوون وەك شوبرت و لیست و شومان. . . هتد.

یانـزەیـەمیـان :-بـەهـۆی فراوانی جهـانە ڕۆمانتیکیەکەوە دەیان بابەتی نوێی لە جهانی مۆسیقادا سەری هەڵدا، وەك ئۆپرای مێژوویی وەك بەرهەمەکانی «مایربیر - Meyerbeer ١٧٩١ - ١٨٦٤» ئەوانـەی لە بارەی ڕووداوێـکـی مێـژووی گرنگـەوە دەدوات بۆ نمـوونـە «کـوشتنی هگنـوتبیین»و «شـەوی سان بارتلمی لە باریس دا». . گەلێکی دی. .

دوانـزەیـەمیـان : - بەر لە داهاتنی مۆسیقای ڕۆمانتیك، ئەوەندە گوێی بەلایەنی خۆشیو ڕابواردن نەدەدرا، بەڵام بە پێی پێویستی چینە نوێی‌یەکە وای پێوست کرد کە لایـەنی خۆشی گەیـانـدن ببێتـە لایـەنێکی زۆر گرنـگ. لەمـەوە بەشێکی جیاواز هاتە ئاراوە. .

# «گۆرانی هاوینی خۆشی بۆ دوو گیان»

تۆماس مان» وا هەست دەکات و دەبینێت، کەوا ئەم گۆرانیە لە خۆشیو چێژیا زۆر لە ئارەزوی خوێناوی زیاترەو بەرزترە، ئەو ئارەزوە خویناوی‌یەی کە هەستی پێ‌دەکەین لە ئۆپەرێتی «ترستیان و ایزولدە»ی «فاگنر».
جوانتریی گەیشتن بە یەکتریو لە دوو کاتدا، «کاتی خۆشەویستی، و کاتی ئێوارەی هاوین»، دوا پلەی نەرم و نیانی لە ئاوو هەودا تا بگاتە ئەوپەڕی خۆشیو دڵ و دەروون. ئێستا لێکان لەم گەشتە جوانەدا هەیە. ئێستا بەتەنها سروشت مل کەچمان نی‌یە، بەڵکو لەو لە پێش تر هەیە، ئەویش دڵ و دەروونی ئەو بەشدارەی کە خۆشی خۆت بەســـەرمـــانـــا دائـــەبـارێنێت. ئای کە مانـــەوەی شەوی هاوین خۆشـــەویستیمـــان بەســـەردا ئەرژێنێت. بە دوای باس و وشـــەیـــەکی شیـــرنیتـــردا دەگەرێت تا پێشکەشمانی بکات.

لە کاتێکا کە پچوکتریی دەنگ هەست پێ‌دەکرێت، وگوێی ئامادەو چاوەڕوانی بیستنیەتی، ئارەزووی بیستنی چپەو چرپەیەتی، دڵ و دەروونیش شەیدای بیستنی رازو نیـــازی دڵخـــوازانیـــانـــە، نازانم لەبـــەرچی هەمیشـــە ئادەمیـــزاد ئارەزووی شاردنەوەی رازو نهێنیەکانیەتی لە گۆشەو کەنارە تاریکەکاندا؟
دەیـــەوێ گشـــت شتـێـکی هەر نهینیو شاراوە بێت! بەڵێ لە کاتێکـــا پەردە بۆ ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی هەڵدەماڵێت، ئەوکاتە دڵ و دەروونی بۆ خەڵکی دەکاتەوە.

ئایە خۆت لەم نێوەیە رزگار ناکەیت؟ لە کاتێکا هەست بە پەژارە دەکەیت. خۆت چەشنی فرمێسك بێگەرد بکەیت، دڵنیابی لەوەی کە لە تەکتا دەدوێت ئەوە خۆشیت، هەر خۆت لە خۆت دەپارێتەوە. بگرە زیاتریش، تەنها خۆت دەزانیت چیت بەسەر دێت و چیت لەدەست دەچێت.

ئایە مرۆڤ لەخۆت دەشارێتەوە.

لە ساتێکا بمانەوێ خۆرێشتیمان کپ بکەین، ئایە نابێ خۆمان بۆ بەخشین و توانەوەی بەیانی، ئامادە بکەین تواندنەوەمان، تك تك بۆ ناو پەیمانەکەیان، دیارە شەوگــار گشت پەردەیــەك لەنێــوانی ئێمــەو ئەوانــدا لا دەدات و هیــچ شەرمێـك ناهێڵێ. ئاوازو گۆران بەدوا پلەی نەرم و نیانیو بێگەردی گەییوە.

ئەوا هاوینیش لە خۆشیدا چوّتە دوا ترۆپکی روونیو رەوانیی.

هەرچۆن لە کۆتایی ئاهەنگدا دوا هەناسە دێت، هەروەها دوا زارو دوا فوو لێکردنی کوژاندنەوە مۆمەکان دێت. ئا بەم جۆرە لە کۆتایی شەودا ئەستێرەکان رووەو کوژانەوەی ئاوابوون دەچن، یەك لە دوای یەك.

* * *

ئێتــاش فەرمــوون سەرنجی دەقی ئاوازەکــەی «شــوپــان» بدەن کە بەنمــوونەی «رۆمانتیك» هێناومانەتەوە.

## «خۆشەویستی و ڕۆمانتیك»

«كە یەكەم گزنگی خۆری سەرەتای بەهار گەییە پارچە سەهۆڵێك، سەهۆڵەكە وتی: خۆشەویستم هەیە، و وا دەتوێمەوە، ناكرێ خۆشم بووێ و بشمێنمەوە: دەبێ یەكێ لەو دوانە هەڵبژێرم: بوونی بێ خۆشەویستی، ئەمەیان، زستانێكی ساردو سەختە، یان خۆشەویستی بەبێ بوون، ئەمەشیان مەرگێكە لە سەرەتای بەهاردا»

«ئۆستروفسكی - Ostrovski»

خۆشەویستی وا كە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرزو ناسك وەك هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران
(گوران)

سەرەتـــا: - خۆشـەویستی واتـەیـەكی قووڵ و فراوانـە، بوونی مرۆڤـە، بوونی هەست و هۆشی مرۆڤانەیە، پەیوەندیو پەرەسەندنی شارستانیەتە، خۆشەویستی خولیاو ئارەزوویەكی هەرە پرشنگدارو مەزنی ژیانە.

لەیەكەم تۆوی بوونەوە، وەك شت و دیاردە زگماكیەكان وایە، خۆشەویستی خوداوەنـدو دڵنیـایی و گەشبینیی بوونـە، پارێـزەرو زامنكـەری بوونـە، دوا پلەی بنچینەی سەرجەمی ئاینەكانیشە. ئەنانەت یەكەم خاسیەت و وەسپی خوداوەندە، پێغەمبەرەكانیش بە میهرەیان ناوبراون و ناسراون. یان بانگ دەرو مزگێنی دەری خۆشەویستی. یان خۆشەویستی خوداوەند. ئەوەتا لە قورئاندا بۆ چەندین جار وشەی خۆشهویستی ناوبراوە، بۆ نموونە: «یحبهم ویحبونه» یان: «قل ان كنتم تحبون الله. فاتبعوني یحببكم الله». یان ئەوەتا: «ومن ایاته ان خلق لكم من انفسكم ازواجـاً لتسكنـوا الیهـا وجعـل بینكم مودةً»، نەك ئەوەنـدە بەڵكـو خۆشەویستی دیارترین خاسیەتی خوداوەندە، «وهو الغفور الودود»، «وان ربك

لهو العزيز الرحيم».

لەسەر زاری «داود» پێغمبەرەوە دەگێرنەوە که وتوویەتی: «خوایە خۆشەویستی تۆم دەوێ، خۆشەویستی ئەوانەی خۆشیان دەوێ، یان ئەو کارەم پیشانده کە بە خۆشەویستیتم شاد دەکات، خواکەم: تۆم لەخۆم و کەس و کارم لە لا خۆشەویسترە».

خۆشەویستی بەواتا بەرین و فراوانەکەیەوە، کە گشت بەدڵا چونێك و شیرینی چێشتن و نەواو سۆزێك دەگرێتەوە. لە ئەزەلەوە لە گشت کێڵگەکانی ژیاندا شین بووەو ژیاوە، نەك تەنها لە هونەردا، بەڵکو لە بەیەك تێروانینی یەکتریدا، لە درووست بوونی هەستی داکۆکی لەیەك کردنی مرۆڤەوە، ڕۆژانی سەرەتای ژیانی ڕووت و قوتیی باوەشی سروشتە کاڵ و ساکارەکە. واتە ئەو هەست بە خۆشەویستی پێکەوە هەڵکردنە، پلەیەکی پیرۆزو باڵای خۆشەویستییە. مەبەستمان لە خۆشەویستی گەلێکە تا دەگاتە ساتەکانی گەیشتنە پشووی دڵ ئاوخواردنەوەی بەهێز بوون و هەست بە سەرکەوتن و بەرگری کردن.

ئەمە دەوروبەرە لە خۆرو مانگ و ئاگرو دارستان و هەورو باران و ئاژەڵ و جوانی.. هتد.

یان ناخ و هەستە لە نەواو سۆزو جۆش و خرۆش ساتەکنی ڕەزامەندی گیان و ویژدان.. هتد.

خۆشەویستی بەرامبەر گشت ئەو شتانەی باری گوزەران و کاروانی بەردەوامی بۆ مسوگەر دەکات. لە داستانە دێرینەکاندا، کە بریتین لە فەلسەفەی سەرەتایی مرۆڤ، تیڕوانین و بۆ چوونەکانی بەرامبەر ژیان و بوون و ئایندە. تەماشا داستان و بەیت و ئەفسانە کۆنەکان، هەقایەتەکان. خۆشەویستیو خۆبەخت کردن، دڵداریو دڵخوازی.. هتد.

لە داستانەکانی گریکیەکان و میسریە کۆنەکان و گەلانی عێراقی کۆندا، سەرجەمی بوون و درووست بووەکان، پەیدا بوونی دیاردەکان و بنچینە ئاینییەکانیش لەسەر خۆشەویستیو خۆش ویستنی بەندن و زادەین. چونکە

بەئاشکرا دەیان بەڵگەی وەك لەشەیدا بوونی «زیوس»و «هیرا» وە وەچەکەوتەوەو بەردەوام بوون، یان داستانەکەی «عەشتەڕووت»و دەمووزی» سومەر، یان هەزران حەقایەتی سەیرو سەرسوڕهێنەر لەسەر خۆشەویستی، جگە لەوەی دەیان حەقایەتی مێژوویی، لەبارەی دڵداریو ڕەنجەڕوییەوە ئەوە «مارك ئەنتونی»ی ڕۆمانیو «کپلیۆپاترای» فیرعەونی. بەسەرهات و سەرگوزشتەی دەیان پادشای تچت و تاج لەدەست چوو، داناییانی هۆش وون بوو، دەربەدەریو کوێرەوەری قارەمانان، چەندین «شیرین و فەرهاد»و «لەیل و مەجنوون»و «شیرین و خەسرەو»... هتد.

داستانەکانی «گریك» بە چەشنەها جۆرو شێوەی خۆش ویستن ڕازاوەتەوە، ئەوەتا خۆشەویستی «ئۆپۆلۆ» بۆ «سیباریسوس»ی ساوا. یان شەیدا بوونەکەی «سیکلۆسبن»ی درنج بە پەری دەریا. یان داستانی «بیگمالیۆن»و «گالینا»ی ئافرەت.

ڕۆژان هات و چەشنەها خۆشەویستی هاتە ئاراوە، بووە ڕێبازو فەلسەفە. «سوکرات»ی فەیلەسووفی گریك، خۆشەویستی بە لە دایکبونێکی لەش و گیانی ناو جوانیی دادەنێ، خۆشەویستی بە بەردەوامی مرۆڤ و زادەی بارێکی خۆش ویستنە. بڕوانە ووتەکانی «ئەفرتوون» کە ئاراستەی «سوکرات»ی کردووەو ڕواڵەتی جۆرەخۆشەویستەکەی پێ خستۆتە ڕوون «ئەفلاتون» خۆشەویستیی بەگیان کردووە. بەڵێ خشەویستیەکی نزیك بەو خۆشەویستیە «سۆفیزم» یەی ئیسلام پەرەی پێ سەندو لە بەردەستی ڕابەرانی وەك «غەزالی»و «ذو النون»و «رابعة العدوية» «سمنون»و «حسين بن منصور الحلاج»و «ابن الفارض»... هتد.

خۆشەویستەك کە جوانترین بەهای بەشیعرو ئەدەبی خۆشەویستی بەخشی. بۆ بەڵگەی پەیوەندی پتەوی نێوان هەردوو خۆشەویستییەکە، واتە ئەفلاتوونیو سۆفێتی، ئەوە «ئیرۆسی گریکیی»، بە واتای خۆش ویستێکی بێ سنوور.

بەرادەی تواندنەوە لەیەك گرتنێكی سوفییانە لەتەك موتڵەق یان خوداوەندا. واتە عاشق لە ئاستی نزیك بوونەوەی خۆشەویستدا ناوەستێ بەڵكو رووەو بەخودا گەیشتن رێی دەكەوێ. ئەم باس و سەرەتایەم بۆ مەبەستی نزیك بوونەوەیە لە بەردەمی خۆشەویستی رۆمانتیكدا، كە پاشان لێوەی دەدوێم و گەوهەرو رواڵەتە هاوبەشەكانی لەتەك ئەو جۆرە خۆش و یستنانەدا دەخەمە روو.

بۆ نموونە نزیكبوونەیەكی تەواو، بگرە لە یەكچوونێكی تەواوەتی لە نێوان خۆشەویستی لای رۆمانتیكەكان و خۆشەویستی «العذري» كە لە چوار چێوەی شارستانیەتی عەرەبدا دەركەوت، كە لە پایەستی ئەو سیانەیەدا كۆدەبێتەوە كە یەكەمیان ئەو واتاو وەسپانەی دلبەر دەكرێتەوە، كە تەنها شەیداكەی دەركی پێ دەكاو لێ‌ی دەگات، دووەمیان شەرەف و راستگۆیی‌و پاكی‌ی وەفاداری‌و هەتا هەتایش سی‌یەم خالیەتی. هەرچەندە ئەم بابەتە بۆ دەری «الجاهلیة» دەگەرێتەوە بەڵام ئەو پاكی‌و بێ‌گەردی‌و وەفاداریە، لەلایەن ئاینی ئیسلام و رابەرانی‌یەوە پەسەند كراوە، بۆ بەڵگەی ئەم واتەیەمان، لە «محمد»ی پێغەمبەرەئیسلام(د) دەگێرنەوە وتوویەتی: -

«من أحب فعف فمات، مات شهیداً»یان «من عشق فعف فمات، دخل الجنة»، هەروەها دەگێرنەوە گوایە لە بۆنەیەكدا «عمری كوڕی خەتاب» وتوویەتی: «لو ادركت عفراء وعروة لجمعت بینهما». «عبد اللطیف شرارە» لە كتێبی «فلسفة الحب عند العرب» دەڵێ: رابەرانی بزوتنەوەی ئیسلام، بەچاوی رێزو نەاو لە خۆشەویستیان دەڕوانی، بۆ بەڵگەی واتەكەی شیعرێكی «الشعبی»ی مامۆستای «ئەبی حنیفە»ی هێناوەتەوە، كەوتوویەتی:

«اذ انت لم تعشق ولم تدرماالهوای
فأنت وعیر في الفلات سواء»

هەندێك شیعرەكەیان بەم شێوەیە گۆڕیووە:

«اذ انت لم تشق ولم تدرما الهوای
فكن حجراً من یابس الصخر جلمدا»

له ئەدەبی عەرەبیدا گەلێك شیعری ناسراو بەشیعری خۆشەویستی «عذری» هەیە، دەیانی وەك «جمیل بثینه»، تەماشا ئەم نموونەیە، کە بەکوردیش هەمان شت لەلایەن «کمالی» شاعیرەوە وتراوە. لەگەڵ جیاوازیاندا ئەو لە جیابوونەوەو ئەم لەدیداردا: دەڵێ: -

«یموت الهوای منی اذا مالقیتها

ویحیا اذا فارقتها، فیعود

کوردیەکە دەڵێ: -

«تۆ ڕۆحی کە دەڕۆی دەسبەجێ دەمرم

گەر بێتەوە دوبارە ڕۆح دێتەوە بەبەرما»

دوا پلەی ئەم جۆرە خۆشەویستیەش بریتی یە لە مەرگ لە قوڵایی خۆشەویستدا. بەهەر حاڵ خۆشەویستی گیانێکە لەچەندین شێوەدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لەگشت کات و شوێن و سەردەمێکدا. خۆشەویستی هەر خۆشەویستی‌یە.

له ئەدەبی ڕەنگین و نازداری کوردا گەلێك نموونەی جوان لەم جۆرە خۆشەویستی بێگەردە یەزدانی‌یە هەیە، ئەوە شیعرەکانی مەولەوی‌و سالم و مەحوی.. ئەمشا «مستەفا بەگی کوردی»و ئەم هەستە ناسکەی لەم شیعرەدا:

«شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران

گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم

یان تەماشا ئەم بایەخ و بەها گرنگی عەشقە لە لای «پیرەمێرد»:

«بەیادی ڕوی گوڵی، چاوم لەسەر بەردێ کە گریا بێ

کە بەردیان کرد بە شووشە پڕ گوڵاوە عەشق ئەبێ وابێ.

ئەوە «هەردی» شاعیری گەورەمان بۆ خۆی ئاسمانە شیعرێکە لەم بوارەدا.

# ڕۆمانتیك و هەڵكردنی چرای خۆشەویستی:

کاتێ ڕێبازی ڕۆمانتیك هاتە ئاراوە، جێگای گەلێ شتی دی گرتەوە. هەرچۆن خۆی لە خۆیدا جۆرە دەربڕینێکە لە بارو دۆخێکی تازە خوڵقاو. چونکەو ڕۆمانتیك لەسەر سۆز بەندە بۆیە گەورەترین جهانی بۆ کێشەی خۆشەویستی ڕەخساندووەو مەوداکانی بەرین کردووە. «هیگڵ» دەڵێ:
«خۆشەویستی دووەم سۆزە لە ڕۆمانتیکدا». ئەو گەشە کردنی سۆزە بووە مایەی بەرپا کردنی گەورەترین شۆڕش لەهەڵچوونی سۆزی خۆشەویستیدا، گشت بەربەستێکی ڕامالیو ئەندازەکانی جێهێشت.

واتە ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە هونەری سەدەی هەژدەهەمدا ڕوویدا، لەو فەلسەفە سۆزداریەوە. ڕۆمانسیزمەکان واتی دی لە دایك بوو، وشەکەیان تێرو تەسەل تر کرد. خۆشەویستیان کردە گرنگترین پێوستی بوون و ژیان، بەڵکو ژیانی بێ خۆشەویستیان بەمایە پووچیو بەتاڵی ناونا. یان «گۆران» واتەنی «بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز».

«سیوودرو دی بانڤیل - Theodorde Banville - ١٨٢٣ - ١٨٩١»
شاعیری غرۆمانسیزم، لە بارەی خۆشەویستیەوە دەڵێ: «شاعیر ئەڵێ: خانمەکەم لێم دەپرسی، لە چەند ساڵیدا خۆشەویستی سەر هەڵدەدات؟ لە وەرامدا دەڵێم: هەر دەست پێکردنیشی نییە. خۆشەویستی لەگەڵ بووندایە، زالیە.. هەر وەك ئەوە وایە کەسێك بە پێست ڕەشی لە دایك بێ.. هەموو وابوون..
هەرچۆن «شکسپیر» بەو گشت بلیمەتیەوەی ئیلهام بەخشی کرد، وای دەربڕیوە کە «ڕۆمیۆ» خەریکە لەو خەمەی «ڕۆزالین»ەوە بمرێ، لەو کاتەش دا کە بەژوانی «جولێت» شادبوو...». «٢٦»

* * *

چەند لایەنێکی گەوهەرینی خۆشەویستی ڕۆمانسیزمانە: ـ

●بۆ فەلسیەفەی خۆشەویستی ئەفلاتۆونیانە دەگەڕێنەوە: . بەڵکو بە تارای کەژاوەی بووکی نیازیان کرد. خۆشەویستی خاوێن و بێگەرد، گیانی بەگیانی، سووتانی تاسەرئێسك دوور لە گشت چێژکردنێکی هەستیانەو خۆش بەخشینی لەش. بۆ نموونە «هیگۆ ـ **Hugo**» لە شانۆنامەی «ڕۆی بلاس ـ **Ruy Blas**» دا «ڕۆی بلاس» بەم شێوەیە خۆشەویستی‌یەکەی بۆ خاتوونە شا دەدرکێنێ:

«خۆشم دەوێ‌ی، خۆشەویستی‌یەکی ڕاستگۆیانە، ئای بەداخەوە!

خەونت پێوە دەبینم، وەکی خەوبینینی نابینا بە ڕووناکی‌یەوە. خانمەکەم: گوێم بۆ ڕادێڵە! خەونەکانم گەلێکن و لەژماردن نایەن، لە دوورەوە، لە نزیکەوە خۆشم دەوێ‌ی، لەنـاخی تاریکـایشـدا هەرخـۆشم دەوێ‌ی، ناوێـرم دەستم بەر سەر پەنجەیەکیشت کەوێ». «٢٧»

● خۆشـەویستی‌یـەکـە، نزیـك بەخـۆشـەویستی سۆفیـزمانە «**Safism**» بە پلە بەرزی‌و گەیشتنـە ئاستی تەواوێتی دادەنـرێت. واتـە ئەو مرۆڤـە تەواو هەست بە بوون دەکـات. دەبێ ئاگـاداری ئەوە بیـن، کەچ ڕۆمـانسیـزم و چ سۆفیـزم هەردووکیان لەسەر بنچینەی فەلسەفەی سۆز بەندن.

● خۆشەویستی کارێکی پیرۆزەو دەچێتە شێوەی جۆرە پەرستنێکەوە «شارل بۆدلێر ـ **Chorles Baudelaire** ١٨٢١ ـ ١٨٦٧» لە دیـوانـی «گـوڵانـی شەڕ»دا لەشیعری «ئەڤین»دا دەڵێ: ـ «ئەتپەرستم، وەك ئاسمان پەرستنم، لە شەوێکدا ئەی خەم ویستەکە، ئەی کچی‌یە ترسناکەکە چەند لێم هەڵێ‌ی، هەر دەمەوێ‌ی، پتر خۆشم دەوێ‌ی».

هەر چۆن ئاشقـەکـە خوداو خۆی تیـادا دەبینێ‌و دەبینێتـەوە. یان ئەوەتا بڵێن، وەك دەووترێ بە تەنها ویژدان لە نێوان خوداو خۆشەویستی دایە.

هەر لەم بابـەتـە نمـوونـەیـە شیعرێکی «شێخ نوری شێخ صالح» دەهێنمەوە،

دەڵێ: -
«کە میحرابی برۆی تۆم دی ئیتر لەو وەختەوە رامم
خەریکی ئامشۆی مزگەوت و نوێژو ویردو سیواکم»
یان دەڵێ: -
«ساتێ بەهیواو مەی پەرستی بە گوڵی ڕووت
جێی مەسجیدە بۆ سوجدەیی میحرابی دوو ئەبرووت
بەینێ بە خەیاڵاتی کەو و پێچی سەری مووت
پابەندی کڵێسایە بە زیناری دو گیسووت
حەیرانە لە دەسی ڕووت و پەرێشانە لەبەر مروت
گاه کافرو گەهە شێخ و موسڵمانە دڵی من».
● یەك گرتنی دوو ڕووی ناکۆك، یەکەمیان خۆشیو بەختیاری، دوەمیان خەم و ئازارو سزا. بەڵام لەو خەمەوە جۆرە خۆش چێژییەکی لێ وەردەگرن، واتە حەز بەئازار چەشتن لەپای خۆشەویستیدا. «مۆسێ - **Musset**» دەڵێ: «ئەی خوای شیعر:
گوێ نە بە مەرگ، نە بە ژیان دەدەم. خۆشم دەوێ، ڕەنگ زەردیم گەرەکە. خۆشەویستم هەیەو ئازارم دەوێ! خۆشم دەوێ، لێهاتوویم خەڵاتی تاکە ماچێکی دەکەم، دەمەوێ لە سەر ڕوومەتم هەست بەجۆشی ئەشکم بکەم». «٢٨»
«پۆشکین - / **Poubkine ١٧٩٩ - ١٨٣٧**» لە شیعری «ئاوات»دا دەڵێ: -
هۆن هۆن فرمێسك دائەبارێنم،
فرمێسك ئارامم بۆ ئەهێنێ -
بێدەنگ ئەبم، ورتەم لێوە نابێ،
خەفەت گیانم لە ئامێز ئەگرێ
. . . . . . . . . . . . . . .

..................

ئەی خەوی ژیان بفرە!

من ئاخت بۆ هەڵناکێشم.

لەناو تاریکیدا ون بە

ئەی ئەندێشەی بۆش و بەتاڵ

..................

من ئازاری ئەوینم لا پیرۆزە

با هەر بمرم. بەڵام کە مردیشم.

با هەر بەدڵداری‌یەوە بمرم! «٢٩»

لەبارەی یەکەم ڕوویەوە، واتە بەختیاری ئەو لەسەر ڕای «ڕۆسۆ - **Roso**» کە بەختیاری لەسۆزی ڕاستی‌و خۆشەویستی یەوەیە. هەر خۆشەویستی‌یە مرۆڤ کۆ دەکاتەوە. بەڵکو بنچینەی جیهانە، هۆی بوونی زیندەوەرانە. یەکەم خاسیەتی خواش هەر خۆشەویستی‌یە، هەر ئەو خۆشەویستی‌یەشە کە مرۆڤی پێوە پەیوەست کردووە.

«هیگۆ» دەڵێ: «ڕووی خوا ڕۆشنی‌یە جگە لە خۆشەویستی چ ناوێکی دیکەی نی‌یە، هەر دەمێکیش جیهان بێ خۆشەویست بو، ئەو کاتە خۆریش دەکوژێتەوە». «٣٠»

● حەزکردن بە هەڵهاتن و دوورە پەرێزی‌و گەڕانەوە بۆ ئامێزی پڕ لە دڵنیایی سروشت. لایان وایە کە هەر دەم بە دلخوازەکەی گەیشت ئیتر پشت لە هەموو شتێ بکات.

«سالم و حافظ واتەنی:

ویسالی دولبەرە «سالم» موعەزەمتر لەهەر مەتڵەب

متی ماتلف من تهوی دع الدنیاو امهلها.

● خۆشەویستی ڕابەرو چاوساغی ڕێگای ڕاستەقینەیە کاتێ لەشەوێکی پڕ مەترسیدا ئاگری‌ی عیشقی «جولێت» خان گلاراوی بەگیانی «ڕومیۆ»ی سەرەڕۆ گەیاند، گەیاندیە ئاستی بانێژەی ژوورەکەی «جولێت» و لەوەرامی حەپەساویی

«جوڵیت»ەوە وتی: -

«ئاخ: ئەو ترسەی لە نێو چاوە جوانەکانتایە زۆر زیاترە لە دەیان شمشێری دەستی ئەو خێڵەت کە تینوی خوێنمن! خانمەکەم ئەوەی لەسەرتە، تەنها ئەوەیە بە چاوی ڕەزامەنـدیو خۆشـەویسـتیەوە سەیـرم کەیت. تا لە دوژمنـانی چاوو سوور بپارێزرێم. مەرگم پێ ڕەواترە لە ژیانێکی هەزار ساڵەی ناخۆش و بێ بەریی لە خۆشـەویستیت، ئا ئەوە ژیـانمـە، لە چاوەکـانتـا، لە لێـوەکانتا. جولێت - چۆن هاتیـت؟ کێ ڕێـی نمـایی کردی؟ ڕۆمێـو - خۆشـەویستی ڕابـەرم بوو، ڕێی پیشاندەری هەنگاوم و ڕێنماکەر. کەشتیەوان نیم بەڵام ئەگەر هاتوو لەوپەڕی ئەو کەنـارە دوورانـەوە بێ کە ئاوی دەریـا لمـەکـانی دەشواتەوە، هیچ گوێ بە دەریا برین نادەم، گوێ بەهێچ شتێك، لەپای بە تۆ گەیشتن دا.».

● خۆشەویستی نەك هەر لە سەرگشت داب و ڕەسم و نەریت و پێوستیەکی دی کۆمەلاتی‌یەوەیە، بەڵکو سەراپایان بەجێ دێڵێو لەبان ڕژێم و یاساکانەوەیە، خۆی بەیاسا دەبێت - وەك «کەمالی» دەڵێ: کە من تەوراتی ڕووی تۆم دی نیگاری پەلکە خورمایی/ بەکوڵێ عیلمەوە چارم نی‌یە دەبمە مووسایی.

● گشت ڕۆمانسیزمەکان، داکۆکیان لە مافەکانی خۆشەویستی کردووە. تەنانەت هاوسەر بوونی بێ خۆشەویستی‌یان بەبەتاڵ بووەوە داناوە.

● پاکیو بێ‌گەردی، بەڕادەیەك کە چ شتێکی دی لەم جیهان و ژیانەدا بەهاوتای نەبێ. جگـە لەوەی خۆی کاری پاکـژ کردنـەوە «Cotharsis» چ لە ڕووی فیسیـۆلـۆژیـیـەوە دەدات، واتـە پشـوودانی پاش خاو بوونـەوە لە خرۆش «Emotion» ی گرژ بوون لە ڕووی ڕەوشتیشەوە هەست کردنە بە پلە بەرز بوونەوە.

● لە خۆشـەویستی ڕۆمـانسیـزمـانـەدا، زیـاد پیـا هەڵدان، واتە لە ئەندازە بەدەر بوونی تیـادایـە. ئەوەتـا کە «کیلۆپـاتـرا» لە «ئـەنتـۆنیۆ» ڕادەی خۆش و یستنەکەی دەپرسێ، لەوەرامدا دەڵێ: بڵێم هەندەی ئەم جیهانە؟ نەء جیهانێکی دیکەی بێنەرە سەر..

یان کامەرانی شاعیر لە ڕووی پیرۆزیو بەرزیی خۆشەویستی‌یەکەوە دەڵێ:
عەشقی من، یا گیانی ساوا، یا فریشتە پاکترە
ژینی جیایی، یامەرگە، کامیان لە کامیان چاکترە
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

شێخ نوری دەڵێ:
«خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەك خوا ناگردە گیرابێ دوعای ناڵانی شەو
یاوەرو یارو ئەنیسم ئاهو ئەشکی حەسرەتە
ئافەرین ئەی بارەك الله دیدەیی گریانی شەو
دڵ ئەبێتە قەطرەیی خوێن و لە دیدەم سەر دەکا
هەر کە ڕابووری بەدڵما سوحبەتی جارانی شەو
ئەشکی حەسرەت لازمی جەمعی سیەهـ بەختانەهەر
شەبنمی صوبحە دەلیلی قەطرەیی موژگانی شەو
هەر کە ڕووی تۆی دی ئیرادەی بەیعەتی کرد ئافتاب
تورەیی موشکین تازەی کردەوە ئیمانی شەو»

کۆتـایی خۆشـەویستیو جوانیی بێ ئەنـدازەیی ڕۆمـانتیـك بەم واتـەیـەی «شکسپیر»ی هەرە مەزن دەهێنم کە دەڵێ:
«بیبەن و بیکەنە ئەستێرەی ورد ورد، ئەوساکە هێندە ڕووی ئاسمان جوان دەکات، کە هەموان گیرۆدەی ئەڤینی شەو ببن، ئەو سکە دەست لە پەرستنی خۆری سوتێنەر هەڵگرن».

# «مەی و ڕۆمانتیك»

مەی داهێنـراوێکی دێـرینی مرۆڤـە، لەئـاستی بوونە پیرۆزو مەزنەکاندا بووەو جهانێکی نهێنیو سەیرو سەرسوڕهێنەری بۆ لێکداونەتەوەو چارەسەری خولیاکانی کردووە، بۆتە کارێکی پیرۆز لە ڕایکردنی کارە ئاینیەکان و لەبارەی ئابووریدا گرنگیەکی زۆری هەبووە، بۆیە جەژنی تایبەتی بۆ دانراوە. لەم سالآنەدا لە ولآتی گریك و قوبرس بووم، ئاگادار بووم خۆ ئامادەکردنێکی زۆر لەگشت لایەکەوە بۆ جەژنێکی گەورە دەکرا، جەژنی مەی لە ڕواڵەتی نیگارو نیشانەکاندا شێوەی چەند هەزار ساڵـەیـەکی پێش ئێستـای تیـا دەردەکـەوت. جەژنەکانی دیۆنیزیوس، ئەمە جەژنی «لینـانـە»و ئەوە جەژنی «دیـۆنیـزیـا» یان کۆمۆسە ئاهەنگەکان. بە خۆڕایی نەبووە کە گرنگییان بەڕادەیەك گرنگیەکان بەمەیو ڕەز داوە کە وەك دیاردەیەکی گەورە لە ئابـووریو ژیـانیـادا گرنگیـەکی زۆری هەبـووە، بۆیـە خۆشەویسترین خواوەندیان، واتە «دیۆنیزیوس» یان بەخوای مەیو ڕەزو پیت و فەڕ داناوە، پاشان «بـاخـۆس»ی خواوەنـدی ڕەزومـەی ئەمە لای ڕۆمان و لای عێراقیە کۆنەکانیش، کەواتە ئەم مەیە خاوەن ڕەچەڵەتێکی چاك بە قوڵایی مێژوویی هەیە.

مەی هەیـەو جۆرەهـا مەستی، مەستی بێ مەیو مەستی بەمـەی، مەستی بۆ گۆڕینەوەی ئاگایی بەبێ ئاگاییو هۆشمەندی بەبێ هۆشی، هەڵهاتن و ڕاکردن لە دەست خەم و ئازارو نامرادی، یان ئەوەتا مەستی دەروێشانەی لای سۆفیەکان کە بە چەندین شێوە دەیگاتێ، یان بەخەلوەنشیی، یا ئەوەتا بە زیکرو ڕیاضات یان بەسەمای دەروێشی کە بەهۆی جووڵەی خێرای لە شەوە لەتەك ڕاکێشانی ناخ و ئارەزوو بۆ عەشقێکی بێ سنوور، ئەمانە دەگەنە ڕادەیەك کە گیان بەسووکەڵەیو تەنگی سنووری لەش بەجێ دێڵێو لە جهانێکی فراوانی بێ سنوورو سەرحەدا دەشنێ، نووقم بوونێکە وەك نزا پێش نوێژیەکەی «محی الدین العربی» کە لە خوا داوای نووقم بوونی دەریا بێ بنە گەورەکە دەکات.

سەر خۆشی‌و مەستی‌و بارەی نێو دەرویشان، وەك «الحلاج» باس دەكات:

«وسكر ثم صحو ثم سوق     وقرب ثم وصل ثم انس»

«وقبض ثم بسط ثم محو     وفرق ثم جمع ثم طمس»

هەروەها زۆرجار ناوی مەی‌و مەی خواردن و كۆڕی بادەنۆشان كراوە. لەوە «مەولەوی» مەزن و ئەمەش «مەحوی» كە چەند جاری باس و ناوی ئەو بادە نۆشینەی كردووە بۆ نموونە دەڵێ:-

بەنووری بادە كەشفی ظوڵمەتی تەقوا نەكەم، چبكەم!

بەشەمعێكی وەها چاری شەوێكی وا نەكەم، چبكەم!

ئەم جۆرە بادە نۆشینە، نۆشینی دەریایەكی خۆشەویستی‌ی لەبن نەهاتووە، كە سەرخۆش بوونە بەئەوینی خوا. بە پێچەوانەی مەیی ترەوە، نەسەرگێژ‌و وێژ دەكاو نەهەست بەهەست دەكات، بەڵكو دەروون بەئاگا دێنی‌و دەرووی دڵی فراوان دەكات، ئەم كێشەی بادەو بادەنۆشینەش وەك كێشەی خۆشەویستی‌و دڵخوازیەكەیان وایە.

تەماشا دەكەین «حافظ ـ شمس الدين محمد ـ ١٣٢٠ ـ ١٣٨٩ چی بۆ مەی دەكات:

«ئەی مەیخانەچی، هۆ مەیخانەچی

پارەی كرینی مەیم پێ نەما

بەڵام ئەتوانم، بێ‌فرۆشم پێت

بەرگی زاهیدی‌و ڕێزو وقارم»

فەرموون «خەیام ـ عمر النسیابوری ـ ١١٢٣ ز»، لەم چوارینەیەدا كە «شیخ سەلام» كردوویە بە كوردی، چی دەڵێ:

«دڵۆپێ شەراب دونیا دەهێنێ

خشتی سەر كووپە ڕۆح دەجوڵێنێ

ئەو پەشتەماڵەی لێوی پێ دەسڕن

قیمەتی هەزار بەرماڵ دەشكێنێ»

بەهــەر حاڵ مەی وەك کێشـەی خەیـاڵ و کێشـەی هەڵهـاتن و خوود ویستی و چوونـەوە ناو خۆیـەکـەی ڕۆمـانتیك، کارێکی گونجاوو تەواوکەری ژیانەکەیانە، بەڵکـو یاریـدەرێکی بەهێـزی بەمـەرام گەیشتنیانە. لەم پارچە شیعرەی «هەژار»دا بەتەواوی مەبەستی مەی نۆشینی ڕۆمانتیکەکان دیاری دەدات: -

دوژمنی خەفەت مەیە مەیە مەی
خەفەت بارنەکەی نەکەی تەرکی کەی
ئەوەی سەعاتێ غەم بڕەوێنێ
هەموو گەنجێتی سەر زەوی دێنێ
مەی ئەسلەحەیە لە شکرە پەرچەم
شۆڕشە دژی دیکتاتۆری غەم
گەر لە حەوت ئاسمان نیتە ئەستێرە
خۆت بە پیاوەتی عەرەق بسپێرە
لە دونیای مەیدا ئیشتراکی‌یە
فەرقی هەژارو دەوڵەمەند نی‌یە

لەم پارچە شیعرەدا مەبەستی سەرەکی واڵاو دیارە، تاوێ بێ ئاگایی هەموو بە ئاگـایی‌یـەك دێنێ. واتـە مەی دەبێتـە جێگـرەوەی گشت ئەو شتـانـەی لە جهـانی خەون و خولیاو خواستەکاندا دەژی.

لە ئەدەبی کوردا «بێ‌کەس» زۆر بە ئاشکرایی بانگی ڕاوی مەی نۆشین دەدا، وەك ڕۆمانتیکێك، چونکە چ گومان لەوە دا نی‌یە «بێ‌کەس» گەوهەری ڕۆمانتیکی لەخـۆ گرتـووەو لە هەنگـاوی ڕیـالیزمیشدا، وەك شاعیرێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگر، گۆی هونەری بردۆتەوە، لێرەدا دێرە شیعرێکی بە نموونە دەهێنمەوە کە دەڵێ:

حەقمە گەر عارەق بخۆم، تو خوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن زەحمەتە بێ مەی ژیانم بەم دڵەی تاریکەوە.

هەر مەی لە چاوی «شارل بۆدلێر - **Chaeles Baudelaire** وە گەلێك شیرینەو
گۆرانی دۆستایەتیو خۆشەویستییە دەڵێ:
«شەوێك گیانی مەی لێم کەوتە هاوار
وتی: ئەی بەدبەخت
ئەگەر شووشەیە بەندینخانەکەم
یان سەرقاپەکەی لێم بۆتە ڕێگر
ئەی بەلام خۆمن:
گۆرانی دۆستیو ڕۆشنایی دەدەم»

* * *

# «ڕۆمانسیزم و ئاین»

ئەم جیهانە چ واتایەکی هەیە؟ کەڕو کوێر، ئەم خانووە تاریکە، ئەم خەڵکە نوقم بووەی ناو تاریکی‌یەکی داخراو، بێ پەنجەرە، بێ سەربان، بێ دەرگا، بێ دەروو؟ ئەی هاوار. ئەم جیهانە چی‌یە؟ لە چی‌یەوە هاتووە؟ ئەوەی ئاسمان بڕوای پێ دەکات، ڕەنگە تەنها کفن بێ، کێ دەتوانێ پێمان بڵێ بەرەو کوێوە دەریا دەبڕین؟ کێ دەزانێ لە کوێدا لەپێ دەکەوین؟ ژیان و مەرگ! وتیان بێنە ئەم جیهانەوە ئێمە هاتین، پاشان دەڵێن بۆ دەرەوە، دەچینە دەرەوە». «٣١»

ئەو وشانەی «هیگۆ» زۆر لایەنی ڕوون کردەوە. ڕۆمانسیزم ئەو ڕێبازەیەکە «سەربەستی» گەوهەری بوونەکەی پێك هێناوە. سەربەستی خوازەو سنوور نەناسی‌و سەراپای ئەو شتانە پێ ماڵ دەکات کە دەبنەمایەی بەر بەستی ڕەوت و هەڵچوونی. لەهەر لایەنێکەوە بێ، خوای دەکرد ئەو بەربەستە هەر شتێکی گەورەو گرنگ دەبوو.

هەرکۆت و بەربەستێك، یەکێ لەو شتانەی کەبەر لە هەڵهاتنی خۆری ڕۆمانسیزم، بەکارێکی نەلواو و یەك جار قەدەغە دادەنرا، بریتی بوو لە چوونە ناو کێشەی بنج و بناوان بینینەوەی هێزە نادیارەکان «میتافیزیکیەکان Metaphysive»ەوە. لە بوون و دروست کەر، کردگار، و نهێنیەکانی کەوتنە مشت و مڕو چەندوو چوون لە سەرکردن، ئەم کارەش خۆی لە خۆیدا لە گومانەوە سەری هەڵدا.

کاری بیر کردنەوەی میتافیزیکیانە کەوتە بارێکی لەق و مۆڵەقەوە. دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە لە بنچینەوە ڕێبازەکە بۆ سەر فەلسەفەی «دیکارت - Descartes ١٥٩٦ - ١٦٥٠»ی فەیلەسووفی فەرەنسایی دەگەڕێتەوە. لای ڕێبازی هۆشمەندیەکەی «Rationalism» ئەو جۆرە بیرو باوەڕە ئاینی‌یانە پەسەندە کە هۆش بڕیار لەسەر گونجاندنی لە تەك «منطق»دا دەدات و بەگەڵ

«رووناکی سروشتی‌یانەی» هوش.

ئەم ڕێبازە خاسیەتی «منطق» بە سروشت دەدات، واتە دەروویەکی گەورە بۆ سەرجیهانێکی بەر بار دەخاتە سەرپشت، ئەمەی ئەو ڕۆژگارەی کەبەتایبەتی‌سەدەی هەژدەهەم هێنایە ئاراوە، لەلای کلاسیزمەکان کارێکی نەشیاوو نەلواوبوو. بەلام بۆ ڕۆمانسیزمەکان زەمینەیەکی خۆش ڕەوتی لە بەردەم جلەو بۆ بەردانیان! درووست کرد.

بەلام لە ڕووی گونجاندنەوە لە تەك سەدە نوێ‌یەکەداو کێشە سۆزی‌یەکەدا یەك دەکەوتنەوەو‌دەتوانرێ بووترێ، فەلسەفە سۆزی‌یەکە ئەم خولیای بینینەوەیەی هێنا، هێنانی بڕوایەك بۆ نەهێشتنی نەنگی‌و بۆ ئەوەی هەموان دڵنیا بکاتەوە.

ڕاستە سەدەو ڕۆژگارەکە بوو بووە چەقی یەکانگیریی گشت ڕەوت و چەشنەها بزوتنەوە. لە هەمان کات دا بەهەمە ڕێگایانی هەڵچوون و ڕاپەڕین و دەرپەڕین بوو لەو هەموو ڕووداوانەوە گەلێك پەرچ کرداری هەمە ڕەنگ، لە جیهانی بیرو هونەردا ئالای بڵند کرد.

دیـــارەو دەبێ کە گەلێـــك ناکـۆکی‌و دژایـەتی بێنینـە سەر شانـۆ. ئەوە حوکمی سەردەمـەکـەیـە، کەواتـە سەیـر نی‌یە کە کاتێ «دیلاکراوا»ی نیگار کێش، گەر لە باسی خۆیاندا وەك ڕۆمانسیزمێك بڵێ: «ئێمە تێکەڵەیەکی هەمە چەشنی ناکۆکی‌و ئەملاکەرەو ئەو لاکەرەی هەمە لاو، جووڵەکەرێکی نێوان چەشنەها ڕێبازین». «٣٢»

لێرەدا دەست نیشانی چەند بۆچوونێکیان دەکەم:ـ

- بەشێکیان نوێ کردنەوەی ئاینی «مەسیح»یان مەبەست بوو.
- بەشێکیان بڕوایان بەوە بوو کە لە سروشتدا گیانێك هەیە، ئەو گیانە سەرەتاگە «Principle» ی خولقێنەرە، لەمانە «شیلی ـ Shelley» و «ڤینی ـ Vigng (١٧٩٧ ـ ١٨٦٣)».
- لە ئەڵەمانیادا جۆرە سۆفیزمیەك لەگیانی ڕۆمانسیزمەکەیاندا ڕەنگی دایەوەو بووە باو. «نۆڤالیس ـ Novalis» یەکێك بوو لەو بەرەیە. دەیان ویست «شەریعەت»

بەجۆرە «شیعرێکی بەرز» بکەن، کەمرۆڤ بەخەیاڵ دەیگاتێ بڕوایان بەیەکبوونی «ئایدیا - Idea» و «ماتەریاڵ - Material» هەبووە.

لە دوو توێی ئەم گشت کێشـــانـەوە دەیـان ویست زانیـاری دەربـارەی چاکـەو خراپـەو سەرچـاوەکـانیـان بزانن. ئایە خراپە لە ئاکامی هەڵەیەکی باوە ئادەمەوەیەو وەچـەکـانی گیـرو دەرکـردووە. یان لە چ هۆووچـاو گێکەوەیەو بۆچیو لەپاو ڕای چیدا؟ پرسیار لە کارو ئەرك و هۆی بوونی «شەیتان».

«هیگۆ» شەیتان بەو مرۆڤایەتییە دووره خراوەیەی دەستی خوداوەند دادەنێ، دۆزەخی بێبەری بوونی هەمیشەیی لەگشت خۆشیو بەختیارییەك، بێبەریکراو لە نەواو سۆزی خوا.

بەهـەر حاڵ لەلای ڕۆمـانسیـزمـەکان، بەرامبەر هێزە نادیارەکان، نهێنییەکانی امەرگ و بوون، کردگار.. هتد، دوو بۆ چوون هەیە: -

یەکەمیان: - لەڕێگای سۆزەوە «حەقیقەت» دەخوازێ، پلەی پشوودانی دڵنیا ابوونیەتی، خەم و پەژارەی پێوە دیارە.

دوومیان: - ڕق ئەستوور بوون بەرامبەر چارەنووس. ئەمەش لە هۆی تاڵاو چێژتن لە ژیاندا دروست دەبێ لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی هەڵشاخین و هەڵچوون و یاخی بوون دیارە، بەپێچەوانەی هێمنیو سەلاربی هاو دەرووانی یەکەم. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەر دوو بۆن چوونەکە لە دوو ڕێیانی پشت کردنە شەریعەتی ئاسماندا یەکانگیر دەبنەوە.

# «هەڵوێست بۆ ژیان»

لەبەر بەر فراوانی ڕێبازەکە، ناکرێ بە تاکە هەڵوێستی، هەڵوێستی ڕۆمانسیزمەکان دیاری بکەین.

چۆن دەتوانرێ هەڵوێستی ئەم نموونانەمان یەك خەین، فەرموو «شکسپیر - Shakespear ١٥٦٤ - ١٦١٦» بەو هەموو هەستە توندە ڕەشت مەندیەوە، ئەوە «فلیتشر - Fletcher» بەو ئارەزووە بەرەڵایانەیەوە، پاشان خوێنگەرمی کۆمەڵایە تیانەی «شیلر - Schiller ١٧٥٩ - ١٨٠٥» ەوە، یان بروانە «بایرۆن - Byron» بۆ چێژە تاوان.

تەماشای «دانزیوخ - Dahz - uo» بکەن کە هیچ گوێیەك بە ڕەوشت نادات. کەواتە پێنا سەیەکی تایبەتیانە بۆ یەك بوونی هەڵوێستی ڕۆمانسیزمەکان بە هیچ جۆرێ ناکرێ، لەگەو هەردا ڕۆمانسیزم هەوڵی هەوڵی بۆ چەسپاندنی ئایدیالیزمیکی بەرچاو ڕوونانەی سەربەستە، ژیانێکی ئاڵ و واڵای جوان دەخوازێ، بەختیاری لەیەکسانیو داد پەروەریدا.

«لەچاو ڕۆمانسیزمەکانەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی «معقد»ە وخاوەنی هێزێکی مەزنە چ لە لە خراپە ولە چاکە کاریدا، لە خراپترین حاڵە تیشدا، سووك و ڕیسوا نیيە، بەڵام لە چاکترین حاڵیدا قارەمان و لێ هاتووو بلیمەتە». «٣٣»

لەزۆر کاتدا ڕۆمانسیزمەکان خاوەن هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانەی، سنوور نەناس، هەڵشاخاون، زۆربەی شۆڕشەکانیشیان کۆمەڵایەتیيە لەپای بەدەست هێنانی کۆمەڵگایەکی ژین ئاسوودە، هەمیشەش هاواری نارەزییان لە ژیانیان بەرزە. ژیانێکی دیکەیان گەرەکە. ئەو نەخشە کێشانەشیان بەیاسارەو شتەکانیانەوە لە هەستەوە سەر هەڵدە دەن لە بری هۆش، جگە لەوەی سەنگی مەحەکی هەستی ناوەوەیانە بۆ کێشان و هەڵسەنگاندنی چاکەو خراپە، چ لە بیرو بروایاندا، یان لە کارو کردەوەدا، ئەمە لە ئاین دا بێ یان لە کارێکی ڕامیاری، یان ڕەوشت دا.

جۆرێکیش لە مرۆڤە ڕۆمانسیزمە تاکەیيە بەر بادەکان بۆگشت کردارو ڕەوشت و

هەڵس و کەوتێکیان هۆ دەهێننەوە، خۆیان بەوەوە دەبەستن کە گوایە لە نیازی چاکردنی ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکەیانەوەیە، جگەلەوەی لەلای مرۆڤی ڕۆمانسیزم گیانی یاسا لە لەبزەکەی پیرۆز ترو بایەخدارترە. لەسەرو ئەمانە شەوە هەر لە ڕۆمانسیزمەکاندا چەندەها پێغەمبەر بەناوی جادوو گەرو ڕزگار کەر، لەگەڵ پیاوانی چاککردنی کۆمەڵگا پەیدا بوون.

«پووشکین» لە چامەی «کە بە شەقامە جەنجاڵەکاندا ئەخولێمەوە» هەستێکی تەواوی بەرامبەر ژیان و ڕێڕەوەکەی دەربڕیووە، گەلێ بە چاکی ناخ و هەڵویستیمان بۆ ئاشکرا دەکات.

لێرەدا تێبینییەکم هەیە: لەم ڕوانگەیەدا ڕۆمانسیزمەکان و سۆفیزمەکان و.... یەك دەگرنەوە.

* * *

## «هەستی نەتەوایەتیو ڕۆمانتیك»

لە کۆتـایی‌یـەکـانی سەدەکـانی ناوەڕاستەوە دوو دەزگای گەورەو بە هێز دەستی بەسـەر ئەورووپ ادا گرتبـوو، یەکـەمیـان کڵێسـەی مەسیحیـەکان، کەلە کڵێسەی کاثـۆلیکـدا خۆی دەنـوانـد، دووەمیـان ئیمپراتۆریەتە پیرۆزە ڕۆمانیەکە. ئەم دوو دەزگـایـە لەسـەدەی یازدەهـەمـەوە لە ململانێ‌یـەکی بەردەوامدا بوون، هەر لایە دەیویست زیاتر بالادەست و بەتواناتر بێن.

ئەم ناکۆکی‌یە هەر دوو لایانی لاواز کردوو دەرفەتی بۆ پەیدا بوونی ولاتانی نەتەوەیی نوێ خولقاند. دەرەبەگایەتی وەك جێ گرەوەیەك هات و گشت ڕۆخسارە کۆنـە پەرستیـەکـانی لە خۆ گرت، ئەورووپـا هەنگـاوی نایـە ڕۆژگـاری ژیانەوەوە «ڕێناسانس» گەورەترین گۆڕانکاری ڕوویدا، چەندین حەقیقەت ڕاست بووەوە زانست هەنگـاوی‌نـا، هونـەرو ئەدەبی بالاسـەری هەڵـدا، دەیـان دەستگـای ئابووری‌و کاروباری بازرگانی قووت بوویەوە، ئەم بارە ئابووریە نوێ‌یە، چینی بۆرژوای ساوای هێنـایـە پێشـەوە، سەرگەرمی بازاڕو دەسکەوتە نوێی‌کان، بوونە پشتیـوانێکی بە هێـز بۆ پێ گرتنی ئەم چینـە نوێ‌یـە، ململانێ‌یـەکی مەزنی هێنـا ئاراوە، لە نێـوان کۆنـدا کە لە دەرەبـەگـایـەتی‌و کڵێسـەو دام و دەستگـا کۆنـە پەرستیـەکـانیـاو گشت پۆخڵەوات و پاشـەڵـە چڵکنـەکـانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەرامبەر بە بۆرژوا، ئەوچینە نوێ‌یە، هەر چۆن بارە ئابووری‌یە نوێ‌یەکە خاوەنی بوو، کەواتــە بەهێـز بوونی ئەوبـارە ئابـووری‌یـەو بەرەسـەنـدنی لە پەرژەوەنـدی ئەمدایە، هەرچەندە هەندێکیان بەکەمی لایەنەکانی دی گرتبێتەوە بەلام بە شێوە گشتی‌یەکەی بۆرژوا تازە سەر هەڵداوەکەی دەنواند.

هەر ڕووداوێکی ئابووری گرنگی گەورەکە گۆڕانکاریەکی گەورە بخاتەوە بیرو داب و نەریتەوە خولیای نوێ دەخاتەوە. یەکێ لە گرنگترین ئەنجامەکانی «ڕێنیسانس»، بووە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ دروست بوونی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو لە ئەورووپادا. پێش ئەو سەردەمە، زانست و ئەدەب بۆ توێژێکی بچووکی کۆمەڵ قۆرخ کرابوو. تەنانەت قسە کردن و مشت و مڕ لە نێو ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەدا هەر بەلاتینی بوو نەك بەزمانی نەتەوەیی.

ژمارەیەکی زۆری پیاونی ڕێنیسانس بە تایبەتی نووسەران بەرهەمەکانیان بەزمانی خەڵکی دەنووسی‌و سامانی کە لە پووری میللی‌یان کردەسەرچاوەی سرووشت و کەرەستەی دەربرینی بیروڕایەکانیان.

هەروەها دکتۆر کەمال مەزهەر لەبارەی ئەنجامەکانی «ڕێنیسانس»ەوە دەست نیشانی هەستی نەتەوایەتی دەکات، کەچۆن بیروباوەڕی ڕێنیسانس و ئەنجامەکانی بە شێوەی جۆراو جۆر هەستی نەتەوایەتی لە ناوگەلانی ئەورووپادا ژیاندەوە.

کاتێك لە پێناوی پەر ژەوەندی چینی ناوەڕاست دا شۆڕشی ۱۷۸۹ی فەرەنسا بەرپا بوو، ئەوشۆڕشەی کانگای ئاوات و هیوای هەموان بوو، بەڵام ئەو گشت کوێرەوەریەی هێرش و داگیرکردنەکانی «ناپلیۆن»و ئەوانی پاش «ناپلیۆن» پەی هەڵسا.

نەك هەر ڕۆشنبیرانی «فەرەنسا»ی هیوابرکرد بەڵکو ئەو گەلانی چاوی هیوایان تێ بریبوو، هەر چۆن ئەم کارە بووە هۆی نەهامەتی بەخشین بە «ڕۆمانتیکەکان»، ئەوە بوو لە بەر هەمەکانیان نائومێدی وبێ هیوایی ڕەنگی دەدایەوە، بەرادەیەك گەیشتن کە تەنانەت گومانیان لە مرۆڤ و هۆشی مرۆڤیش دەکرد، بۆیە هەڵهاتنیان هەڵبژارد ڕۆمانتیکەکان تووشی جۆرە ئاژاوەیەکی ئایدۆلۆژی بوون، هەر چۆن تووشی نەنگی باری سایکۆلۆژی بوو بوون. لەیەك کاتدا شۆڕشگێرو ئازادی خوازو پاشەکشێ‌کەر داوای دەسەڵاتداری گەل و «ڕژێمی سۆشیالیست»یان دەخواست و لەهەمان کاتدا بەو پەڕی سەر گەرمی‌یەوە

داكۆكیان لە نەتەوایەتی دەكرد، داوای برایەتی نێو گەلانی جهانشیان دەكرد.

هونەرمەندو ئەدیبە رۆمانتیكەكان كەوتنە بڵند كردنەوەی سۆزو هەستی نەتەوایەتی، بەتایبەتی ئەڵمانیەكان، ئەمەش وەك وتمان بە هۆی زۆرداریو خوێن ڕێژی جەنگاكانی ناپلیۆنەوەبوو، ئەوە بوو فەیلەسووفەكان ئایدیالیزمیەكەیان لە نێوان كێشە ڕۆمانتیكە نەتەوایی‌یەكاندا دەچەسپاند.

ئەوە بوو «هیگڵ» سووربوونی لەسەرگیان، لە سەرگیانی نەتەوایەتی، دیاردەی بە هێز بوونی گیانی نەتەوایەتی ئەڵمانیاو ئیسپانیاو وڵاتی ئیتاڵیاو سربیاو گریك و پۆڵندەو فلندەو نەرویجی بەپلەی یەكەم گرتەوە. زیاد لەگەلانی دی بە دووی رابووردەی نەتەوایەتیاندا دەگەڕان لەپای بینینەوەی قارەمانێتیو ئازایەتی باوانیان، گەڕان بۆ بینینەوەی ڕابووردی مێژوویان، كەچ دەورێكیان دیووە لەمەوە مێژووی نەتەوایەتی پەرەی سەندو تەشەنەی بەبابەت و مەودای ڕۆمانتیك كرد.

كێشەی نەتەوایەتی لە هونەری مۆسیقادا زیاتر خۆی نواند. بەڵكو هەر بووە قوتابخانەیەكی نەتەوایەتی، ڕۆمانسیزم پەرەی بەهەست و هۆشە نەتەوایەتی‌یەكە كرد، بۆ نموونە لە ڕووسیا هونەرمەندانی وەك«كۆرساكۆف»و «بۆرودین». لەمەجەر «لیست». لە سەروو ئەمانەوە «شۆپان ـ Frederic Francois - Chopin ١٨٠٩ ـ ١٨٤٩» ئەم هونەرمەندە مەزنە پۆڵۆنیە، ئاوازە میللی‌یە پۆڵۆنیەكانی كردە بەپێزترین ئیلهام بەخشی هونەرەكەی. بەتایبەتی كە شارەزایی‌یەكی تەواوی بە ژیان و گۆرانی جوتیاران و خەڵكە ساكارەكەی وڵاتەكەی هەبوو، بۆیە هەر دەم بۆنی ژیان و كێڵگەو ئارەقی ماندوو بوونیانی بە خۆشیو ناخۆشیەوە دەكردە چاكترین هەوێنی مۆسیقا بەرزەكەی هەر كاتێكیش كە ڕووی لە پاریسی پایتەختی هونەرو ژیان كرد، لەبەردەم هاوەڵە ڕۆمانتیكەكانی وەك، «ئەلفرید دی مۆسێ»و «هكتۆر برلیوز»و «فكتور هیگۆ»و «بۆ دلێر»و «بلزاك»دا ئەو مۆسیقا پۆڵۆنیەی بەگیانیان دەبەخشی. هەمیشە ڕووی لەو بەدەنە ساكارانە دەكرد كە خولیاو حەزی گەل و نیشتمانەكەی تیادا دادەرشت. بانگەوازی ئازادیو سەرفرازی‌دەدا، بۆ نموونە مۆسیقای «بۆ لۆنیۆز»و «مازوركا».

ئەم هونەرمەندە باڵایە تادوا هەناسە خەباتی بۆ ژیانی نەتەوەکەی کرد، تەنهاو دوا دواشی ئەوە بوو، کە دڵەکەی دەربهێنن و بەخاکی وارشۆی بسپێرن.

ئەم بزوتنە نەتەوایەتیە بووە مایەی پەیدا بوونی چەندین قاڵبی نوێو شێوازی داهێنراو، واتەمەودای نوێی دەربڕین.

* * *

# «مەرگ لە گوشەنیگای ڕۆمانسیزمەکانەوە»

«هیگڵ» مەرگ بە شێوەیەك لە شێوەکانی پەرینەوە دادەنێ، پەرینەوە بۆ ئاستێك کە ئاشتبوونەوەی گیانە لەتەك خوداو بەرەو تواندەوەیەکی مرۆڤیانەو خوداوەندانە، گشت و خوودی دیـار، ئەوەتـا مەرگی «مـەسیـح»و بەرز بوونـەوەی بۆ ئاسمـانی باڵایی خوداوەندانە.

مەرگ ئارامەو گۆڕیش ئارامگەیی هەتا هەتایی.. بۆیە بە حاڵەتێکی تواندەوە گۆڕان بەرەو تەنـك و ڕوونیو نەمـانی قورسـایی، ئازاد بوونی گیـان. وبـەتـۆیی ڕووناکیەوەو بێگەردانە ڕووەو شوێنە بێ قۆناغەکان دەفڕێ. لەبۆشاییدا دەبێتەوە بۆشایی، خۆی مەرگ ترس و بیم و مۆتەکەی ترسناکە، مێردزمەی گیان و هەستی مرۆڤەکەیە، تا دەگاتە ئەو ساتەی کاری خۆی دەکات، ئەوسا گۆشە نیگای نوێی لە دایـك دەبێ، . قۆنـاغی پشـوودان و دڵنیـایی، چونکـە ژیـان کۆت و پێـوەندی لەگیـانی کردووە بۆیـە شۆڕشێکی گەرەکـە، شۆڕشی سەر فرازیی، بەڵام مەرگ گشت کێشـەکـان بەتـاڵ دەکـاتـەوەو خۆی دەبێتـە جێ گرەوە واتـە چارەی بێ چارەییە. «چ شتێ لە جهاندا نەمرە، جگە لە ناو چوون و بەرەو ڕوو بوونەوەی جهانی مەرگ چ دەرووبەکی دینییە».

* * *

## «دراماى ڕۆمانسیزم»

شۆڕشەکەی فەرەنسا وەك شۆڕشێکی مەزنی ژیان گشت لایەکی گرتەوە، شانۆش کە کۆکە ڕەوەی هونەرەکانە، بەشێکی هەرەگەورەی بەرکەوت. ڕۆژی ئەوەبوو کە زیاتر کاریگەر بێ بۆیە «میرابۆ ـ Mirabeau ـ ١٧٤٩ ـ ١٧٩١»ی مەزنە گوتار بێژی فەرەنسا، لەسەر گوتارگەی کۆمەڵەی نیشتمانی یەوە لەڕۆژی سیانزەی بەفرابناری ساڵی «١٧٩١»دا، هاواری کرد:

«دەبێ شانۆ هاوبەشی ڕۆشنبیری گشتی بکات.. ئەرکی خاوێن کردنەوەی کۆمەڵ لەداب و خوەکانی لەسەرە، ببێتە قوتابخانەی نیشتمان پەروەریتیو چاکێتی». «٣٤»

لەساڵی «١٧٩٠»وە شانۆ نامەنووس «سیزۆس دوبڵس ـ Sizos Doblis» داوای دروست کردنی شانۆیەکی نەتەوایەتی دەکرد، شانۆیەك بۆ پیشاندانی ئازایەتیو دڵسۆزیو نیشتمان پەروەریتی. لە ساڵی «١٧٩١»دا خاوەنانی یانەی هەڤالانی سەربەستی داوایان لە ئەکتەرەکان کردو دەیان ووت: «ئەی ڕۆڵەکانی هونەر، ئەو قەردە نیشتمانییە بدەنەوە کەوا لەسەرتانە». «٣٥»

بۆیە لە سەرەتاوە تۆوی شۆڕشگێری لە ناخدا بوو، جگە لەوەی لەهەمان کاتدا پێشکەو تووترین شێوە بوو لە شێوەکانی دراما. لێرەدا سەرجەمی ئەو خاڵە دیارانەی جیهانە دراماى ڕۆمانسیزم تۆمار دەکەم، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی لە فەرەنسا، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا جێگای خۆی کردەوە: ـ

یەکەم: ـ بەهۆی پەیدا بوونی بابەتی نوێوە بۆ دراما، ئەوجۆرە درامایەنەی، لەگەڵ چێژ لێ وەرگرتنی جەماوەرەکەدا دەگونجا ئەو بابەتانەش وەك تەراژیدیا مێژوویەکان، لێرەدا باو و پێویستی بە یەکەکان نەما نەك هەر فری بە یەکەکانەوە نەما، بەڵکو زیاد لە پێوست تەشەنەی بە نوێی کاریی کرد.. هەندێکیان چەندەها گرێی «Plot» ی لاوەکییان بەتەك گرێی سەرەکیەکەوەنا. ئەوە نەما کەتاکە

چیرۆکی سەرەکی مایەوکایە بێ. ئەوە بوو لە شانۆنا مەیەکدا چەندین سەر گوز شتەو سەر بردە بە سەر دەکرانەوە. لەرووی یەکەی شوێن و کاتەوە برانەوە، شانۆنامەی «رۆمیۆو جولێت ـ Romeo And Juliet» بزانە چەندە ئەم شوێن و ئەو شوێن دەکات، چۆن رۆژان بەرێی دەکات «ستندال ـ Stendhal» رای وایە کە پەیوەست بوونی یەکەی جێگا، دەبێتەوەمایەی وتاری دوورو درێژو باس گێرانەوە. ئەمە رێگا لەپێك هێنانی رووە مێژوویەکە دەگرێ ویەکەی کاتیش رێگالە پەرەسەندنی سۆز دەبەستێتەوە. بەڵام یەکەی کێشە یان رووداو ئەوەندە رێگر نەبوو.

دووەم: ـ لە رووی کێشەی‌یەکەی ئاوازەوە، یان بڵێین، یەکەی بابەتەوە «شلیگل ـ Schlsgal» ئەم خاڵەی بەتەواوەتی زەق کردووە، گوایە گوێ پێ نەدانی رۆمانسیزمەکان بە یەکێتی، یان یەکبوونی ئاواز، گرنگترین خاسیەتی هونەرە کەیانە لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك بە توونـدی هێرشی بردوتە سەر تەراژیدیای کلاسیزمانە. گوایە لە کۆمەڵە بە شێکی رەق و تەق پێك هاتووە بە پێچە وانەی تەراژیدیای نوێوە کە هەر دەم وێنەیەکی زرت و زیندووە. نەمانی یەکەی ئاواز بۆ سروشتی جۆری پێك هاتنی کۆمەڵگا نوێیەکە دەگەرێتەوە، کە پەرژەوەندیە نزیکەکان تێکەڵی یەکتری بوون لە شانۆنامەیەکی تەراژیدی رۆمانسیزمانەدا پێکەنینیشی تیادایە قەوارەی بینراویان دایلۆژ یان هەڵوێست، یان کە سانی پێکەنین هێنەر وەك گاڵتە گێرو بەزم گێرەکان جگە لەوەی کە مەرج نی‌یە گشت بابەتەکە بەزمانێکی یەك رەنگ رابورێ، چونکە کەسەکان هەمە جۆرەن کەواتە یەك ئاوازی ون دەبێ. بینراوێك لەکۆشکی شاهانە، یان شوێنێکی پیرۆزدایە، بینراوێکی بە دوا دادێ کەسەرە نوێلکێکە، یان خانە خراپێکە، لەو هەمە رەنگیەوە لەسەر هونەرمەند پێویستە کە لە سەر شانۆکەش تێکەڵ بوونێکی لەو جۆرە شێوەیە پیشانداتەوە..

سێیەم: ـ لەیەك وەرگرتن و شوێن پێ هەڵگرتنی یەکتری:

له سەرەتاوە ئەو نەتەوانە باس و خواسی شانۆنامەکانیان لەیەکتر وەردەگرت. هەرچەندە پاشان مەترسییان لەم لایەنەوە پەیدا کرد.

**چوارهەوم**: - کەرەسە مێژوویی‌یە دێرینەکان ئەو گورو هێزەیان نەبوو لە بەردەم ئەم شانۆ نوێ‌یەدا، بۆیە مێژوی نوێ‌یان پێ لە بارتر بوو لە رابوردوو. باس و خواسەکان لە وەدا نەمان کە تەنها تایبەت مەندی کەسانێکی بالا، یان کێشەیەکی گرنگی دەوڵەت بێ.

بەڵکو گشت سۆزو لایەنەکانی گرتەوە. چاکترین کەرەسەر بابەتیش ئەوانە بوون کە هەستیان دەبزاواندو لە رووی نیشتمان پەروەری‌و ئازادی‌و سەر بەستی‌یەوە دەدوات.

**پێنجەم شێواز**: - لەبارەی دارشتن و کەرەسەکانیەوە گەلێ چەندو چوون و ئاڵ و گۆر کرا، کە سانێك داکۆکیان لە مانەوەی لەبزی گەورەو ورشەدارو دارشتنی پر وردەکاری‌و وەستایانەو زمانی شیعر دەکرد. بەلام حەقیقەتی رۆژگارەکە لەسەرو هەموانەوە بوو. ئەوە بوو شۆرشەکەی فەرەنسا شەقی لەپاشایەتی هەڵداو چینی ناوەراست بەخاوەن دەسەلات بوو.

گەل بووە چاوگی سەرەکی گشت دەسەلاتداری یەك، ئەو چین و بەرەجێگا بەرزەی زمانێکی بەرزو قورس و قەمەرو تەن تەنە چینی تایبەتیانەی دەویست خەڵکێکی کە هاتنە پێشەوە، ئەو ئەدەب و هونەرەیان دەویست کەلە ناخی بوون و پێویستی رۆژگارەکەیانەوە سەر هەڵدەدات، ئەدەب و هونەری شۆرشەکەیان، باسی کەسانی ئاسایی دەکرد، تەنگ وچەڵەمەی کۆمەلایەتیانەی دەهێنایەوە، دیارەکەزمانی پەخشانی پێ رەواترو لە بارترە لە زمانی شیعر.

# «بەراوردیکی تەراژیدیای کلاسیزم و ڕۆمانسیزم»

١ ـ کلاسیزم یەك ڕەنگە، بە بێ پێکەنین و گاڵتە جاڕی، بەڵام «ڕۆمانسیزم» هەمە ڕەنگـە، واتـە خەم و خۆشیو پێکـەنین و گاڵتـە جاڕیو توڕە بوون و هەڵچـوونی تیادایە، هەر وەك چۆن ژیان هەمە ڕەنگە.

٢ ـ کلاسیـــزم کەرەســـە لە مێـــژوو و ڕووداو و چیـرۆکی کۆنـەوە وەر دەگـرێ، ڕۆمانسیزم پەنا بۆ بەر مێژووی نوێو نزیك و ڕووداوی ڕۆژانە دەبات.

٣ ـ کلاسیزم سێیەکەکە دەپارێزێو لێی دەرناچی، بەڵام لەلای ڕۆمانسیزم بێ بایەخن.

٤ ـ کەسـانی هاوبـەشی شانـۆنـامـەی کلاسیـزم زۆر کەمترن لە ژمارەی کەسانی هاوبەشی شانۆنامەی ڕۆمانسیزم.

٥ ـ لە کلاسیزم دا بینراوی خوێناویو دڵتەزێن کارێکی قەدەغەو گونجاو بووە، بەڵام لەلای ڕۆمانسیزم گوێی پێ نەدراوە.

٦ ـ لە تەراژڕیدیای کلاسیزم دا گوێ بەوردەکاری مێژوویی نەدەدرا، بەڵام لای ڕۆمانسیزمەکان بە پێچەوانەوە بوو.

٧ ـ لە ڕووی کەسـایـەتیـەوە، کەسـانی «ڕۆمـانسیـزم» کەسـانی ئاساییو هەمە جۆرن. هەرکاتێکیش کە مەزنە مرۆڤانی لە پادشاو نۆبڵەکانی هەڵبژاردبێ ئەوە بۆ ئەوە بووە تا لە پلەی بەرزیی وەدەوورێتی ئەوانەوە لە ئاستە ڕاستەقینەکەی دابڕ ببێو بوارێکی لە بار بۆ جیهانی خەون و خەیاڵ مسوگەر بکات.

٨ ـ لای ڕۆمـانسیـزم بابـەتی گۆرانی «لایـرتیـك» دیـاردەیـەك ناسـراوو باوە، بە پێچەوانەی تەراژیدیانامەی کلاسیکیانەوە کە بە هیچ کلۆجێ مەودای نادات.

٩ ـ تەراژیــدیـا نامـە کلاسیکیـەکـان بەزمـانی شیعـر دەنـووسـران، بەڵام لای ڕۆمانسیزمەکان زمانی پەخشان لەبرەودا بوو.

* * *

# پوختەی شانوی ڕومانسیزم: -

شانوی «ڕۆمانسیزم» دەربڕینی نارەزای چینی بۆرژوایە بەرامبەر بەکلاسیزم. هەرچۆن لە گەوهەردا پەرچ دانەوەو ڕەت کردنەوەی داب و دەستوورو سنوورو قاڵبدانەکانی کلاسیزمە. بۆ نموونە کێشەی یەکەکان کە بنچینەی کلاسیزمی بوو. شانۆی ئەلیزابسیانە «Elizabethan. Theathe» ش یارمەتی نووسەری دوا مەوداکانی دەرهێنان و نووسینی فراوان کرد، شانۆنامە بوو بە زنجیرە بینراوێکی هەمە جۆر، لەهەمان کات و لەهەمان شوێن و لە چەشنەها ڕووداوی یەك بە دوای یەکدا. سەربەستی تەواو لە هەڵبژاردن و بۆ چوون دا، سەربەستی لەبارەی زمان و وشەو شێوازو دارشتن دا.

بەپێی بەر بلاوی‌و لە یاسای یەکەکان دەرباز بوون، کەسانی شانۆنامەکان ژمارەیان زۆر بوو، لەهەمە جۆر خەلك. لەگەڵ ئاوردانەوە لەبارەی ژیان و هەڵس و کەوتی ئاسایی ڕۆژانە ئەو یەکە گیانی‌یەی کلاسیزمی پێچابووەوە نەماو بوو بە کۆمەڵە ئاوازی‌و لەئاستی یەك ڕەنگیی ترازا.

شانۆی کلاسیزم هەر چۆن گرنگی‌ی بەکۆمەڵگاو کێشەو تەنگ و چەڵەمەکانی دەدا، بۆیە بۆ پیشاندانی ئەو جۆرە گیرو گرفتانە پشتی بە فرمان و «منطق» دەبەست، تەماشا تەراژیدنامەی «ئودیپۆس بەپارشایی» «Oediperoi» ی «سۆفۆکلیس - Sopholes» بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی‌یەکە بەڵگە بە ڕووی بەڵگەدا ڕاست دەبێتەوەو لەبواری دەمەتەقێ‌یەکی چری کێشەیەکدا بە شێوەیەکی «منطق»و ماقووڵ تا دەگەنە ئاستی بەتاڵ بوونەوەی گومان و قوت بوونەوەی حەقیقەتی کێشەو تاوانەکە. هۆی بنەڕەتی نەفرەت و ئاشووبەکە دەبیننەوە، ئەم بارە لەلای ڕۆمانتیك و دوورو نەناسراوەوە. ئەم بە دوی ناوەوە دەکەوێ‌و دەیەوێ ناخمان دەرخات، هەرچۆن هونەرە ڕۆمانسیزمەکە ئاوێنەی هەست و سۆزو ناخە.

بۆیە ڕیڕەوی ڕۆمانسیزم خوارو خێچی‌و ڕێ ونی دڵەڕاوکێی بێوەدەرەکەوێ، «منطق» تایبەتی‌و تاکەیی‌یە.. گومانێکی ناماقووڵ دەبێتەمایەی شێواو و کوێرەوەریەکی سەرە خۆرە.

گەلێ جار بۆ چاوگی گرێی یان بڵێین دەردێکی سایکۆلۆژی کەسێک دەگەڕێتەوە، ئەو خاڵە لاوازی‌یە دەبێتە خۆرەی بۆ لەناو چوونی خاوەنەکەی شتێکی بچووك بەکێوێکی زەبەلاح دەکرێ، کەتەنها بیرکردنەوەیەکی هێمنانەی هۆشمەندی یەکالای دەکاتەوە.

* * *

## «نمایشکردنی نموونەیەکی شانۆی ڕۆمانتیکانە»

شانۆنامەی بورجی نیل، لەلایەن «ئەلەکسەندە دۆماس Alexander Damas ـ ١٨٠٢ ـ ١٨٧٠» ەوە نووسراوە. ئەم شانۆنامە نووسە یەکێکە لەو چوار نووسەرە مەزنەی کە لە دامەزرێنەرانی شانۆی ڕۆمانتیکن، واتە «ڤینی - Vigny» «هیگۆ ـ Hugo» و «مۆنسای ـ Montsie» و ئەم چوار نووسەرە شانۆیەکیان هێنایە دی، کە داب و دەستوورەکانی شانۆی کلاسیزمی خستە لاوە.

بۆیە ئەم شانۆنامەی «بورجی نیل»ەم کردەنموونە، چونکە چاکترین و دیارترین ڕەنگ و ڕواڵەت و بیرکردنەوەو بۆچوونە ڕۆمانتکیەکەی پێوەدیارە. جگە لەوەی چ لە مێژووی شانۆداو چ لەڕۆژی خۆیدا دیاردەیەکی زەق و گرنگە. بۆیە لەو ڕۆژگارە شدا جەماوەر بەپەرۆشەوە سنگی ویستن و لە خوگرتنی بۆ کردوتەوە.

## «نمایشکردنی شانۆنامەکە»

سەرەتا شوێن مەیخانەی ئارسینیە، دوانزەپیاوی بازاڕیو کرێکار لەسەر مێزێک دەخۆنەوە، لەلایەکی دیەوە «فیلیب دوڵنای» دانیشتووە بەم دەمەتەقێیە دەست پێ دەکات:

ریشارد: «هەڵدەستێ» تۆ تۆ وەستا ئارسینی، هەی مەیخانەچی، هەی برای شەیتان، ئەی خەلك ژەران خوار دووکەر، «ئارسینی دیت» تۆ وەرام نادەیتەوە تابەگشت ناتۆرەو ناوێك بانگت نەکەم.

ئارسینی: چیتان دەوێ؟ مەیتان دەوێ؟

سیمون: «ئەویش هەڵئەسێ» نەء، هێشتاماومانە. بەڵام ئەوەندە هەیەکەر پتشاری پینەچی دەیەوێ بزانێ ئەم بەیانیە چەندگیان بە خزمەت شەیتانی گەورەت

گەیشتووە؟

ریشارد: ئەگەر دەتەوێ بە زمانێکی ڕوون و ڕەوانتر بۆت دەدوێم. ئەوا دەمانەوێ بزانین... ئەم بەیانی‌یە چەند لاشەفڕێ دراوەتە ڕووباری «سبن»ەوە، لەنێوان «بورجی‌نیل»و پردی گەورەکان.

ئارسینی: سێ لاشە.

ریشارد: ئەوەندەیە! بێ گومان ئەو سێ لاشەیەش، لاشەی سێ گەنجی خانەدانی قۆزە.

ئەوسا دەچینە ناوباس وکێشەوسەر گوزوشتەکەوە، ئاگادار دەبین کە پڕە لە سەر گوزشتەی سەر سوڕهێنەرو سەیری «مارگین دوبورگۆنی»ی شاژنی فەڕەنسا، لەگەڵ «لیونای دوبورنفیل»ی کۆنە دۆستیاو «فیلیب»و «گمولتی» کوڕی. «مارگریت»ی کچی «ڕووباری» دووەم. حەز لە «لیونای دو بورتفیل»ی ژێردەستەی باوکی دەکات، گشت ڕۆژێ سەری لێ دەدات و لەگەڵیا ڕادەبوێرێ. تارۆژێ سکی پڕ دەبێ، ئەوسا باوکی هەستی پێ دەکات، بریار دەدات کەتا ماوە دەبێ ژیانی بە بەندێتی لە ناو کڵێسەیەکدا بەسەر بەرێ بەڵام «مارگرێت» بیر لەمەرگی باوکی دەکاتەوە لە بری بەندایەتی خۆی، بۆیە باوکی بەمەرگ دەگەیێنێ. پاشان دوانەیەکی دەبێ، دەیانداتە دەست «ئارسینی» خزمەتکاری تا بیان کوژێ. بەڵام «نارسینی» بەزەیی پێیاندا دێتەوەو، دەیانداتەدەست «ئەندری»ی یاریدەدەری، ئەویش بە پێی دەستوری ئەو ڕۆژگارە لەبەر دەرکی کڵێسەی «نۆتەردام»یانی دەنێ، تا کەسێ هەڵیان گرێتەوە.

پاش ماوەیەك «مارگرێت» دەبێتە ژنی «لویس»ی دەیەم، پادشای فەرەنسا. «لیونای دو بور نونفیل»یش گۆڕی گوم دەبێ، چونکە «مارگریت» ئافرەتێکی بە جۆش و ئاڵۆش دەبێ، بۆیە کە دەرفەت لە ئامادە نەبوونی مێردەکەی دێنێ. شەوانە لەتەك «بلانش»و «ژان»ی خوشکیانیا، لەبورجی نیل بەزم و ڕەزم دەگێرن و بەهەوای دڵیان ڕادەبوێرن و خۆیان دادەمرکێننەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش گەنجانی بێ ئاگا بە نێچیر دەکەن و پاش ئارە زوو

ڕكاندنیان به كوشتیان دەدەن ولاشەكانیان دەهاوێژنە رووباری «سین»ەوە.

لەگەڵ ئەم بەزمی سازی شەوانەیەدا. خۆشەویستیەكی تایبەتی فرەی لەگەڵ «گوڵتی دوڵنای» ئەفسەری گەنج و قیت و قۆزدا دەبێ‌و ئەویش لە دڵەوە بێ گەردانە شەیداو شێتی دەبێ، ئاشق بەواتا خاوێن و ئەمەك داری یەكدی لێرەدا بۆ نموونە ئەم دەمەتەقێ‌یەی بەشی دووەمی شانۆنامەكە تۆمار دەكەمەوە: -

شاژن: ئەم بەیانی‌یە براكەتیان ناردە لام كەمێ‌لە خۆشەویستیەكەتم بۆ دركاند.

گوڵتی: نەكەی، پەریە خۆشە ویستەكەم، كەسم مەكەرە هاوبەشی خۆشەویستەكەت، تەنانەت دڵ لەبراشم پیس دەكەم. ئەم بەیانیە پەیدا دەبێ، ئامادەی ڕێ‌ڕەوی هەستانتان دەبێ، نیوەی ژیانمە، بەڵكو دووەم گیانمە.

شاژن: ئەی یەكەم گیانت كێ‌یە؟

گوڵتی: تۆیت، ئەی خۆشە ویستەكەم! بگرە هەمووشتێكی، تۆگیانمی، بوون و ژیانمی، بەتۆ دەژیم، ئەگەر دەست لەسەر سینەت نێم ئەوا چركەی دڵەكەم ئەبزێرم. ئای خۆزگە هێندەی من خۆشت دەویستم، هەمووت بۆ من دەبوو هەر چۆن من بۆ تۆم.» وەك زانیمان «فیلیب دڵنای» برای «گوڵتی دڵنای» دێتە «پاریس»و نیازی دیتنی شایی دەبێ، تابە هۆی براكەیەوە ئایندەی مسۆگەر بكات، كابرایەكی پیرە مێردیش بۆ هەمان مەبەست ئامادە بووە. لە هەر دوو مەیخانەكەی «ئارسینی»دا لە یەكتر حاڵی دەبن، ئافرەتێك بۆ ڕابواردن داوەتیان دەكات، هەر چەندە «گوڵتی» ئاگاداری براكەی كرد بوو كەوریای خۆی بێ، بەڵام گوێی بەو ئامۆژگاریە نادات و دەچێ بەرەو بورجی نیل، شاژن بە پەچەداریەوە پێشوازیان لێ دەكات.

پاشان نایەوێ لە ناوچێ، بەڵام «فیلیب» بەسەر خۆشیەوە خۆی پیا كردووەو داوای پەچە لادان لە شاژن دەكات یان ناوی خۆی پێ بڵێ، بەڵام شاژن ڕێگ نادات، ئەمیش بەدەرزیەك ڕوومەتی زامدار دەكات تا بۆ نیشانە بەرووبەو بمێنێتەوە. لەمەوە لەبریاری لێ بەخشینەكە پاشگەز دەبێتەوەو دەیەوێ بەسزای بگەیێنێ. بەئاكامی مەرگ دەگات وەك ئەوانی دی، بەر لە دواهەناسە شاژن ڕووی هەڵدەماڵێ‌و دەڵێ با ئاواتەكەت بێتەدی، تەماشاكەو ئەوسا بمرە

«بوریدان»ش بەهەرشێوەیەك دەبێ خۆی دەرباز دەکات تۆمارێکی دەست خەتی «فیلیب»یش هەلدەگرێ کە بۆبراکەی نووسیووە. تابتوانێ هەرەشەی پێ لەشاژن بکات کە گوایە نهێنیەکانی ئاشکرا دەکات ئەگەر پلەیەکی بالاتری پێ نەبەخشێ، ئەوەتا پاشان ڕوو بە ڕووی شاژن دەبێتەوەو ئەم دەمە تەقێیە دەکەن:

شاژن: شتی وانییە.

بۆریدان: شتیوانییە؟ ئەتەوێ چی دوێنێ شەولە «بورجی نیل»دا ڕووی داوە بۆتی بگێرمەوە.

شاژن: قسە بکە.

بۆریدان: سێ ئافرەتی لێ بوو، هانێ ناوەکانیان، «ئەمیرە ژان» «ئەمیرە بلانش»، «شاژن مارگریت». سێ پیاویشی لێ بوون، ئەمە ناوەکانیانە:
«هکتۆر دوشو فروز»و «بوریدان»ی ئەفسەرو «فیلیب دولنای».

شاژی: فیلیب دولنای؟!..

بۆریدان: بەلێ، فیلیب دولنای، برای گولتی، ئەو بوو داوای ڕوو هەلمالینی لێ کردی، تاڕووتی بۆ دەرخەی، ئەو بوو ئەو نیشانەیەی لەسەر گۆنات کێشا.

شاژن: کەواتە هکتۆر وفلیب مردن و تۆ لەمەرگ ڕزگار بووی؟

بۆریدان: بەلێ ڕزگار بووم.

شاژن: ئاواش لە دلی خۆتا وتووتە! بەناو خەلکا بلاوی ئەکەمەوەوئەبمە مایەی لەنـــاو چوونی شاژن؟ چونکــە شاژن گولتی خۆش دەوێ، من بەگــولتی ئەلێم: شاژن براکــەتـی کوشــت؟ بۆریــدان تۆ شێتی.. تاکــە کەسێ نابینی بروان پێ بکات، تۆ زۆر جەربەزەی، منیش لە نهێنیت گەیشتم، هەر چۆن تۆ لەوەی من ئاگادار بوویت، ئابەمە ئێستا ئەتوانم بانگ بکەم هەر تاکە ئیشارەتێك پاش پێنج چرکە «بوریدان»ی ئەفسەر هەوالی لای هکتورو فیلیب دولنای بکەم.

شاژن بریاری تۆلە لێکردنەوەیەکی سەخت لە «بۆریدان» دەدات ئەوەتا لەم دایلوژەدا دەلێ: -

«شـــاژن: بۆ بەیـانی، ئەی شەیتـانی نەفـرەت لێکـراو!.. ئەگـەر ڕۆژێ چنگم

یەکـەوی گەورە ترین سزات ئەگـەیەنمی، چون ئەمـرۆ چنگت کەوتـووم. ئەو نووسراوە نەفرەتیانە، تۆ بەرەنگاریت کردم، من کچە دۆك و شاژن و میراتگەری تەختی فەرەنسا، ئای نیوەی خوێنم خەلاتی ئەوکەسەیە ئەم نووسراوانەم دەست دەخـات، ئەتـوانم بەر لەسـەعـات «دە» گولتی ببینم و لێی وەرگـرم! بەلام باسی براکەیم بۆ ئەکات، داوای خوێنی ئەکات.. ئەومنی لە هەمووشتێ لەم جیهانەدا لا خۆشە ویسترە، ئەگەر هەڕەشەی جیابوونەوەم لێکرد، ئەوا گشت شتێکی لەبیر دەچێتەوە.. تەنانەت براکەشی.. بەڵێ ئەبێ ئەم ئێوارەیە ببینم، بەلام لەکوێ؟».

دوا بە دوای ئەو بینـراوە، دەبینین بەیـەکتـری دەگـەن و «گـۆڵتی» داوای تۆڵەی براکـەی دەکـات و ئەمیش سوور بوونی لەسـەر تۆڵـە.بۆ لێکـردنەوە دەردەخات، پاشـان داوای ماڵئـاوای لێ دەکـات گوایـە مێردەکەی دەگەڕێتەوەو ترسی لەئاشکرا بوونی دۆستایەتیەکەیانە. بروبیانووی دڵ لێ پیش کردنەوە ئەو قوتوەی لێ دەسێنێ کە نامـە نهێنی‌یـەکـەی تیـایـە، ئەو پەڕەیەی بەخوین و خەتی «فیلیب» نووسراوە. ئەوسا داو بۆ «بۆریدان» دەنێتەوە.

بۆ نموونە ئەم دەمەتەقێیە تۆمار دەکەم:

«گولتی: ئەی‌مارگرێت، باکەمێ بیر لە براکەم بکەینەوە.

شاژن: پێم وتی: فەرمانم داوە لێی بکۆڵنەوە، لەو بڕوایەدان کە ئەو بکوژی براکەن،

گولتی: ـ کێیە؟

شاژن: ـ ئەفسەرێکی بێگانەیەو چەند ڕۆژێکە هاتۆتە پاریس، بەیانیش بۆ یەکەم جار دێتە کۆشکی شاهانە.

گولتی: ـ ناوی چی‌یە؟

شاژن: وابزانم بۆریدان.

گولتی: ـ بۆریدان!.. وابزانم فەرمانی گرتن بۆ دەرکردووە؟

شاژن: ئەم ئێوارەیە پێم زانیوە.

گوڵتی: فەرمان: فەرمانی گرتنەکەی بدە بەخۆم، نامەوێ کەسێکی تر بیگرێ، تکا ئەکەم فەرمانی گرتنە کەی..

شاژن: ـ خۆت ئەیگری؟

گوڵتی: ـ لەهەر شوێنێکا بێ ئەیگرم، گەر لە خواپەرستیشدا بوو.

شاژن: «دەچێ بۆ لای مێزەکەیەوە، بۆی دەنووسێو مۆری دەکا» هانێ ئەووەفەرمان.

گوڵتی: سوپاس، سوپاس بۆ شاژنە ئازیزەکەم. «دەدروات».

شاژن: ئاوا بارەکە ئاوەژوو بوو، ئەی بوریدان، ژیانی تۆ کەوتە مشتی منەوە.

لەبەشی سێیەمدا کۆمەڵە کەسانێکی بازاڕی دەبینین، مقۆ مقۆیانەو تیرو توانج وتە شەڕە دەهاوێژن لە بارەی داخستنی دەروازەی کۆشکەوە وپرسیار لەپاسەوانەکان دەکەن، بوریدان بە چەند یاساوڵێکەوە پەیدا دەبێو «ئەنکران دومارینی»وەزیر ڕادەگرێو فەرمانی گرتنی پیشان دەدات. لەبینراوێکی دوای ئەو بینراوەدا «گوڵتی» پەیدا دەبێو «بۆریدان» بەگیر دەهێنێو دەیگرێ هەر چەندە «بوریدان» باسی نامەی براکەیو نهێنیەکانی بۆ دەکات بەڵام گوێی پێ نادرێ، وشاژن لە بانیژەوە هاواری کێش کردنیان لێ دەکات و کۆتایی بە چەندو چوون ودرکاندنەکان دێت، پاش ئەوەی بەرەو بەندیخانە دەبرێت لەوێ «لاندری» کۆنەهاوەڵی دەبینێتەوە، پاش ئەوەی بە پارەو زێرێکی زۆر قایلی دەکات کە بچێت ئەو قوتووە شاراوەیە بگەێنێتە پاشا. ئەوەتا ئەم دایلۆژە تۆمار دەکەین.»

«بۆریدان: گوێ گرە، کە چوویتە ماڵەکەوە، باش دەرگا کە داخە ئەوسا کاشیەکان بژمێرە لەو گۆشەیەوە کە چوار مێخەکەی لێیە، گوێ گرە، پێم ووتی: لەسەر حەوتەم کاشی وێنەیەك دەبینی، کاشیەکە هەڵکەنە، ئەو خۆڵەی بنی فرێدە، ئەوسا قتویەکی کچکۆکە دەبینیتەوە، کلیلەکەی ئەوەتا لەو توورەکەیەی دەستا، بیکەرەوەتا دڵنیا بی لە بوونی وەرەقەکان، نەك زێر. پاشان دێتە پاریسەوە، ئەگەر خۆم پێت نەڵێم ئەوا قوتووەکەم بۆ بێنەرەوە، کلیلەکەش، تۆ هەر دووکیان بە پاشا لویسی دەیەم دەدەیت ئەگەر مردیشم، ئەوا تۆڵەت سەندۆتەوە..

ئەمە هەمــوو داواكــەمــە، ئاوا ئەمـرم و بەو ویژدانی دڵنیایی یەوە، تۆش بوویتە هۆی ئەم دڵنیایی بوونەم».

دوا بە دوای ئەو بینراوە شاژن دەبینرێ کە خۆی بە بەندیخانەدا دەکات تاچێژ لە نووستنی دوژمنـەکـەیـەوەوەرگـرێ. بەڵام «بـوریـدان» تەنهـا تکایەك لە شاژن دەکـات، ئەوەش بریتی‌یـە لەگـوێ گرتنی سەر گوز شتـەکەی لە گێرانەوەیدا ئەوە ئاشکـرا دەبێ کە بۆریــدان کۆنـە دۆست و خۆشـەویستـەکـەی جارانیـەتی‌و ئەو دوومناڵەی کە «مارگرێت» ئێستا شاژن نارد بوویی بێ فەوتێنێ لەزاری لاندری بەوە ئاگادار دەبێت کە لەناو نەچوون و هەریەکەیان بۆ ناسینەوە نیشانەیەك لەسەر قۆڵی چەپیان کێشاوە، «فیلیپ»و «گولتی» ئەو دوو کورە فرێ دراوەبوون. بە پەلە بەرەو بورجی نیل دەڕۆن «مارگرێت» لەگەڵ «ئارسینی» دووپیاو کوژی بۆ کوشتنی «بوریدان» ئامادەکردووە، بەڵام ئەم لە پەنجەرەوە دەچێتە ژووری. ئەوسا راستی دەدرکێنێ کە «گولتی» کوڕی هەر دووکیانە ئەوسا بۆ ڕزگار کردنی دەچێ. بەڵام سەیـر دەکـەن کار لە کار ترازاوە وخـوێنی لێ دەچـۆڕێ، ئەوسا مارگرێت پێی دەڵێ: «گولتی من دایکتم»، گولتی وەرامی دەداتەوە:

«دایکم، دایکم، دایکـەنـەفـرەتت لێ بێ» ئەوسـا گیـان دەبـەخشێ. «بوریدان» بەسەر لاشەکەیدا دەکەوێت و دەڵێ: - «مارگرێت، لاندری لەسەر قۆڵی چەپی هەر دووکیان نیشانەیەکی کێشاوە چاکەتەکەی دائەدڕێ‌و تەماشای قۆڵی دەکات، ئەوەتـا کورەکـانت «بێ‌دەنگی» دووکـوڕ هەر لە منـداڵانی دایکیـانـەوە فەرمـانی کوێرەوەریان بەسەردا درابوو. لەتاوانێکەوە لەدایك بوون، بەدەربەدەری ژیان، هەردووکیشیان بەکوشتن کۆتاییان پێ‌هات.

ئیتر ئەفسەرێك پەیدا دەبێ وفەرمانی گرتنی «مارگرێت»و «بۆریدان» جێ‌بەجێ دەکات. ئەمەش ئەو دوو دەمەتەقێ‌یەی دوابینراوی شانۆنامەکەیە:

ئارسینی: «لـەنێـوان دووسـەر بازەوەیـە کە گرتـویانە» گەورەم، ئەوە دوو تاوانبارە راستەقینەکەن. من تاوانیارنیم، بەڵکو ئەو دوانەن.

سافوازی: «دێتە پێشەوە» بەناوی خاوەن شکۆوە هەر دووکتان گیراون.

بوريدان: دەگیرێین؟
شاژن: من شاژنم؟
بۆریدان: - منی وەزیر؟
سافوازی: لێرەدا نە شاژن و نەگەورە وەزیر هەیە، لێرەدا،

تەرمێك و دووتاوانبار هەن، فەرمانیشە لەخاوەن شکۆوە کەهەر کەسێکم لە بورجی نیل دا دەست کەوت بیگرم، هەر کەس بن و پایەو پلەیەکیان هەبێ.
«بەم شێوەیە کۆتایی بە شانۆنامەکە دێت»
**سەرنج**: لە ئاکامی وردبوونەوەمان لە شانۆنامەی «بورجی نیل» ئەم تێبینییانە دەچنینەوە: -
یەکەم: هەر لەسەرەتاوە وازی لە کێشەی سێیەکەکە هێناوە.
دووەم: لە رووی کەسەکانیەوە، وەك ژیان هەمە جۆرو هەمە رەنگن.
سێ یەم: کێشەی یەکە ئاواز خراوەتە لاوەو تێکەڵە لە تاڵ و شیرینیو خۆشیو ناخۆشی، پێکەنین و گریان.
چوارەم: تەنراوە بە رووداوی سەیروسەر سورهێنەرو رووداوی کوت و پریو لەناکاو، بەبێ نەخشە کێشانێکی ئاسایی.
پێنجەم: لە رووی زمانەوە، زمانێکی ئاساییە، بەبێ خۆبەستنەوە بەقاڵب و شێوازێکی ئەدەبیانەیان بڵێین زمانێکی شیعریانە.
شەشەم: وەك کەرەسەو بابەت، ئاوری لە کەلتوورو مێژووی گریك و رۆمان و دێرینەکان نەداوەتەوە..

* * *

١٩٤

# «مەرگی ڕۆمانتیلك»

هەر ڕێبازو جۆرە هونەرێك سەرەتاو لە دایكبوونی هەیەو ئاكام و مەرگیشی لە چارەنــووســراوە، گەرای بوون گەرای كۆتــایی هەڵگــرتــووە، پەیـدا بوونیشی دەنگدانەوەو بە دەنگەوە هاتنی بارو دۆخێكە. ڕۆمانتیك پەرچدانەوەی كلاسیك بوو لە هەمان كاتدا ڕەنگدانەوەی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم بوو. لەو دەمەوە حەقیقەتی لە دایكبوونی پرناسیزم و ئەوانی دی لە منداڵدانی ڕۆژگاریا هەڵگرتبوو. بەم شێوەیە مێژووی هونەربریتی‌یە لەزنجیرەیەك لە پەرچ كرداری بەردەوام.

لەنــاوەڕاستی سەدەی نۆزدەهــەمـدا هونــەر چاوی لەبــەردەم ڕێبــازو بۆ چوونی نوێدا كردەوە. ئەو هۆ فەلسەفیەو كۆمەڵایەتی‌و ئابووریانەی بوونەمایەی كزبوون و مەرگی ڕۆمــانتیــك، هەر ئەو هۆیــانــەبــوونــە یاریــدەدەرو گۆشكــەری ڕێبــازە نوێی‌یــەكــان، دوو ڕێبــازی گرنگی بە دواداهــات. یەكــەمیــان ڕێبازی پرناسیزم، واتــەڕێبــازی هونــەربۆ هونەر، دووەمیان ڕێبازی ڕیالیزم یان ڕیالیزمی سروشتی، واتە نوقم بوون لە واقعدا...

* * *

# بەشی سێیەم

# ڕیالیزم

«ریالیزم لە ئاکامی ئەو بزوتنەوە زانستیانەوە هاتۆتە دی، کە بالّیان بەسەر ئەو رۆژگارەدا کێشابوو کە ریالیزمی تیادا دەرکەوت»

«میلیت و بنتلی»

## ڕیالیزم - Realism -

ئەم زاراوەیە لە وشەی «Realiry» واتە «الواقع» بە واتای «هەقیقەت» یش دێ، بەڵام مەبەست لەلایەنە واقعیەکەیە واتە «Real».

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە فەڕەنسا بەکار هێنراوە بۆ دانی واتای ئەو ئەدەبەی ڕووەبوونی ژیان دەچێت، بەپێچەوانەی ڕۆمانتیکەکانەوە.

### لایەنەکانی زاراوەکە:

### ١ ـ لە ڕووی فەلسەفەوە:

ئەو تیۆرەیە کە سوورە لەسەر بوونی جیهانێکی دەرەوەی ئازاد بیر. یان بوونی شێ بەرامبەر نەبوونی، یان بەرامبەر ئەو شێوانەی کە ڕەنگە بۆ بوون ببێ. لە مێـژووی فەلسـەفـەدا بەوە ناسـراوە کە بە ئاشکرایی بوونی تەواوەتی، بەواتایەکی دی، هەمیشە کار لەتەك «واقیع»دا دەکرێت وەك بوونێکی گەوهەرین لەشتێکدا، وەك بوونی خۆی.

### ٢ ـ لە ڕووی ئەستەتیکیەوە:

هەر شێـوەیـەك لە شێـوەکـانی هونـەر کە دژی ئایدیالیزمی واقیع بێ، واتە بەر بەرچ دانەوەی ئەو شێوانەیە کە واقیع بەلای بیرەوە دەبەن.

بەم شێـوەیـە کۆشش دەکـات کە شت وەك خۆی پیشـانـداتـەوە. ئەمە ئەوەش ناگەێنێ کە ڕیالیزم یەك ڕەگ و یەك جۆر بێ بەڵکو جۆری پیشاندانە وەك گەلێك ڕێگای هەیە بە پێی هەست و بیرو بۆچوونی هونەرمەندەکە.

### ٣ ـ لە ڕووی ڕۆژگارەوە:

ئەو ڕێبازە هونەریەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵدا بە مەبـەستی بەکـار هێـنـان و کارکـردن لەتـەك کەرەسەی واقیعدا. لە ساڵی ١٨٥٥دا «کۆرییێ ـ «Courbet ١٨١٩ ـ ٧٧٨١» ی نیگار کێش برگەی «لە واقیعیدا»ی کردە درووشمی سەر دەرگای پێشانگاکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی کردبووەوە کە لەقەمی واقعی وەرگرتووە هەرچۆن پیاوانی ساڵی «١٨٣٠» ڕۆمانسیان وەرگرتبوو. هەروەهـا «شـفـلوری ـ Champfleury - ١٨٢١ ـ ١٨٨٩» ڕۆمــان نووسی

«واقیعی» کردبـــووه سەر ناوی کۆمــەڵــە نووسینێکی کە ساڵی «١٨٥٧» بڵاوی کردبووەوە. ئەوەی شایانی باسە. ئەوەیە کە هەر ئەم نووسەرە یەکەم کەس بووە کە مێژووی ریالستی نووسیووەو لەگەڵێك بابەتی دیدا دەسپێشکەری هەیە.

ریــالیـــزم وەك رێبــازێکی سەربــەخۆ لە رووی مێــژوویــەوە بریتیـیە لە دانگدانەوەی رۆژگارەکەی واتە لە ساڵانی ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم، لە هەمان کاتـدا رەت کردنـەوەی گشت بیـرو بۆچـوونێکی رۆمـانتیکیـانـە. بەتـایبـەتی بارە ئایدیالیزمیە «Idealism» خەونیو خەیالیەکەی. جگە لە دژوەستانی بەرامبەر ئەو زیادە دەرچوون و پێ لێ هەڵبرینەی کە لە گیانی رۆمانتیکدا هەبوو. چونکە نە کەسانی بەو رادەو بۆچوونە دەبینیو نەزمان و دەمەتەقێ لەو جۆرانە.

لە لایــەکـی دیــەوە ریــالیــزم رەنگــدانــەوەی ئەو بزوتنــەوە زانستیــانــە «Sciencelism» یە کە تیشکی بەسەر ژیانی رۆژگارەکەدا پەخش کردبوو. لەو گۆشە نیگایەوە ئامانجی وێنە کردنەوەیەکی زانستیانەی راستگۆیانە بۆ ژیان هاتە پێشــەوە. «واتــە یەکبـوونێـك لە نێـوان زانـاو تێ روانینی ریـالیست دا بۆ جهان دروســت بوو. هەر دوو لە کۆت و پابــەستــی ئایـین و رەوشت دەربـــاز بوون. گەردوون شێـوەی رژێمێکی ئامێـریـانـەی گەورەو قەرەبـاڵـغ دەبێت»، ئەو پێوەرو ئەنــدازانــەی رۆمـــانتیـك بێ بایـەخ و بێ مانـابـوو، کەوتنـە بانـگ هەڵـدان بۆ چارەســەرکــردنی گیــرو گرفتــەکــانی مرۆڤ لە رێگـــای حەقیقـەتـە ماتـەریـە «ملموس»مکانەوە ـ نەك لە رێگای خەون و خەیاڵەوە.

واتە دەروویەکی زانستیانە خرایە بەر دەم مروڤ، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە نووسینــەکـانی «ئـوگست» کۆنت - Gompre Auguste - ١٧٩٨ ـ ١٨٥٧»ی خاوەنی فەلسەفەی «الوضعیة ـ پۆستیفیزم ـ Positivism» دەورێکی کاریگەرو گرنگی لەســەر باوبـوون و ژیـانـدنـەوەی ئەو بیـرو بۆچـوونە بووە، بەتایبەتی ئەو نووسینانەی، نێوان ساڵانی «١٨٣٠ ـ ١٨٥٤»دا بڵاوی کردوونەتەوە. «کۆنت» بانـگی بۆ «زانستی کۆمــەڵایــەتی ـ Sociology» دەدا کە باڵاتــرینی زانینــە

«Knowledge» واتـه گشت جۆرەکـانی زانین بخـرێنـه خزمـەتی کۆمـەڵگاوە. ئەمەش نایەته دی تەنها مەگەر له ڕێگای تێبینیو گەڕان و ئەزموونەوە نەبێ.

ڕیـالیـزمیش هەر وەك گشت بزوتنـەوە ئایـدۆلۆژیەکانی دی هەوڵی چاککردنی باری ژیـانی مرۆڤیـەتی، ئەمـەش له ڕێگـای حەقیقەت بینینەوەوە، ئەمەش تەنها لەچوار چێوەی زانینەوە دێته دی، به هۆی پێنج هەستەکەیەوە. به کورتیەکەی ئەم چەمکـه نوێیـەی حەقیقـەتـەوە بۆ چوونێکی نوێی دا به بۆچـوون و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان و هونەرو ئەدەب.

نووسـەرانی پێشـرەوی ڕێبـازەکـه، له سەروویـانـەوە «هـۆنـۆری دی بلزاك - Honore de Balzac ١٧٩٩ - ١٨٥٠» کەوته لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگا، بۆ نموونه له چیرۆکەکەیدا «کۆمیدیای مرۆڤایەتی - Humainela Comedic» دا بارو سستەمی کۆمەڵگاکەی ئەو ڕۆژەی بەگشت ناتەواویو پر له جیاوازیەکەوەی ناوەته بەرچاو، زیاتر گرنگی بەلایەنی تێبینی کردن و وەسپ پێدانی ژیانەکه بوو، وەك شێـوازێکی تایبـەتیش ئەوانی دیش شوین پێیـان هەڵگـرت. تەمـاشا دەکەین ساڵی «١٨٧٣» «ئەمیل زۆلا - Emile Zola ١٨٤٠ - ١٩٠٢» له هەمان گۆشه نیگاوە له پێشەکی شانۆنامەی «تیریز ڕاکان»دا دەڵێ: -

«گـەیشـتـن به لەدایـك بوونی ئەوە ڕیـالیستـه، تاکـه هێـزێکـه له سەدەی نۆزدەهەمدا... دیوارەکانی درامای کۆن خۆی دەڕمێ، ڕووداو له شانۆنامەکەمدا له چیرۆکێکدا نی‌یه که بەتایبەتی بۆتم ڕەخساندبێ... بەڵکو له ململانێ ناخی کەسەکاندایه... وە نەبێ ڕووداوەکانم بەلاوە گرنگ بێ. بەڵکو سۆزو هەستەکان»«١»

له سەرەتای ریالستیەوە بابەتی سروشتیانه «Maturalisme» وەك ڕێبازێکی ئەدەبی پەیدا بوو، ئەمانه که کارێگەرێتی «فلوبیر - ١٨٢١ - ١٨٨٠»و «تین»و کەسانی تریان لەسەربوو، ساڵانی «١٨٦٠تا ١٨٨٠» چالاکیەکی زۆریان نواند، بۆ چەسپـانـدنی ئەو بابـەتـەی که له ڕووی هونـەریـەوە، بریتی بوو له لاسایی کردنـەوەیـەکی وردی سروشت و له ڕووی فەلسـەفیشـەوە، سروشت بەیـەکـەم

سەرەتاگە «Principle» دادەنێن، ئەم جۆرە بزوتنەوەیەش تاکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهــەم لە گوڕدا بوو، بەر لە گشت شتێــك جیــاوازی بنــەڕەتی لە نێــوانی ریــالیــزم و ناتێــورالیــزم لە ناوەکــەیـانــەوە دەست پێ دەکـات، سروشتی، یان سروشتیانە، واتە هەرشتێ بۆ سروشت بگەڕێتەوە، یان لە سروشتەوە بووبێ... سروشـت بەبێ دەسکــاری وەك چۆن خولقــاوە. بەبێ هیــچ کار تێکــردنێکی هۆیــەکــانی دەرەوە دوور لە دەستکــاریو زیــاکــردن چ بە هۆی دەسکــەوتــە شارستانیەکانەوە چ یاساو دام و دەستگاکانی خوێندن، بەڵام ریالیست ئەو شتە دەگــرێتــەوەو دەگــەیێنێ ئەو شتــە سروشتیــانــەیــە کە بە کاریگــەرێتی ئەو هۆیــە دەسکەوتیانەوە، واتە هۆیە یاریدەدەرە دەرەوەیەکان کاریان تێ کردوە، ئەدەب و هونەری ریالیست ئەو جۆرەن کە لە بارەی ژیانی واقعی پوخت کراوەوە دەدوێن، بە هەموو کارتێ کراویەکی هۆیە دەست کەوتەکانەوە.

پرۆفیسۆر و . ا . نلسن لە باسیانەوە بەم کورتەیە دەدوێ.. «ناتیۆرالیزم ئەو رێبــازەیــە کە حەقیقــەت بەسـەر هۆش و بیرکردنەوەدا زاڵ دەبێ. بەڵام نووسەری ریالیست ئەو نووسەرەیە کە هەمیشە واقیع دەخاتە بەرچاوی. هەروەها خراپەیەك لەوەدا نابینی ئەگــەر لێکـدانــەوەو شیکـردنــەوەیان قسەی پیوەنێ، شیتاڵ کردنەوەو نانــەســەر، هەرچــۆن «ئــەپسن ـ lbscn ۱۸۲۸ ـ ۱۹۰٦» دەیکــرد.. بەڵام نووســەری ناتیــورالیــزم تەنهــا خەریکی وێنــە کێشانەوەی حەقیقەتی بەتەنیا دەبێو ناخــەکــانی ئاشکــرا دەکـات و هیــچ گوێی بەشــەرم و شورەییو رەسم و عادەت نادات، رێگا بە بیرکردنەوەی نادات کە بەهیچ شێوەیەك توخنی وێنە کێشانەکەی بکەوێ. وەك لە نووسەری ریالیست ڕوو دەدات. وەك ریالیستەکان ناچێ زیادو کەم بکات، یان تێکی بدات و هەڵسێ بەشیتاڵ کردنەوەو لێکدانەوەی، چونکە ئەو کارانــە پەیــوەنـدی بە نووســەری نایتــورالیستــەوە نیـیە، ئەوە کاری نووســەری ریــالیستــە، چونکــە ئەوە لە واقیعی ژیــانــدایــە، چونکــە واقیعی ژیــانــە ئەوە هەمــوویــەتی، هونــەرمــەنـدی نایتــورالیست لەتــەك سروشتدا یەك دەکەوێ تا بە بەشێــکی ڕاستــگــۆی ببێ، نەخش کاریو ڕازانــدنــەوەی تیــا ناکــات وەك

رۆمانتیکەکە، وەك ئایدیالستەکەش دایناتاشێ بەرەو تەواوەتی، وەك هونەرمەندە ریالیستەکەش بە لێکدانەوەو شیتاڵ کردنەوەی زۆرو لێ دەرچوون نایشێوێنێ.»

* * *



«پێشرەوانی ڕێبازی ڕیالسیزم»

١ - ستندال

لە چیرۆك نووسینی ڕیالیزمیانەدا یەکەم داهێنەری ڕێبازەکەیە هاوبەشی جەنگ و هێرشەکانی «ناپلیۆن»ی کردووە. چیرۆکە بەناو بانگەکەی «سوورو ڕەش - Blac And Red» یەکەم هەنگاویەتی بۆ هێنانە پێشەوەی ڕێبازی ڕیالیزم لەبری ڕۆمانتیزم لە فەرەنسادا. لەو چیرۆکەیدا زۆر بە وردیو واقعیانە باسی ژیانی سەردەمەکەی دەکات.

٢ - بلزاك:

شان بەشانی «ستندال» «بلزاك»ی مەزن هاتە ئاراوە، گوریکی گەورەی بە هونەری چیرۆکی ڕیالیزمی فەرەنساییدا... بووە مایەی سەر سووڕمان و ڕابەری زۆربەی نووسەرانی هاوچەرخی زۆر بەوردیو ناسکی وەسپی ژیان و کەسەکان و هەڵس و کەوتیان دەکات.

٣ - فلوبیر:

خاوەنی چیرۆکی «مدام بۆڤاری» کە بە واقیعی ترین چیرۆك دادەنرێ. چاکترین وێنە کێشانی ڕاستگۆیانەی ژیانی لادێیەتی فەرەنسای ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمە، بەوردی باسی چینی بۆرژوا دەکات...

* * *

بەناوبانگرین داهێنەرانی ڕێبازی ناتیۆرالیزم: -

١ - برایان: جول - ادمون

ئەم دوو برایە بەداهێنەری ڕێبازی سروشتی ئەدەبی فەرەنسا دادەنرێن. ئەو ڕۆژنامەیەیان کە لەنێوانی ساڵانی ١٨٥١تا ١٨٩٥ بەردەوام بوو دیاردەیەکی گرنگ و بەبایەخی مێژووی فەرەنسایە.

٢ - ئەمیل زولا: -

برایانی دی جونکەر، کاریان کردە سەر ئەم نووسەرە باڵایە کەوتە نووسینی

زنجیره چیرۆکێکی سروشتیانەی درێژ بەناوی «Rougon - Macquarty» بەدرێژایی سێ ساڵ لەو زنجیرەیەدا باسی لە ژیانی خێزانی ئاسایی فەرەنسایی‌یەوە دەکرد، ئەم نووسەرەش وەك زۆربەی نووسەرەکانی قۆناغی لە دایك بوونی سروشت لیزم و ریالیزم کە هەر دوولایان دیبوو واتە، ئەگەر بلوێ بڵێین دوو رەگ. جارو بارە دەرچوونی رۆمانتیکانە، یان هەناسەیەکیان لێوە دەهات، بەر لەسەدەی نۆزدەهەم ریالیست وەك توخم لە بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەریدا هەبووە، بەڵام وەك رێبازێك دژ بە رۆمانتیك وەك حەتمیەتێکی مێژووی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە دایك بوو. کە دەڵێین ریالیست وەیان ریالیزم چەندەها لایەنی گرتووە، لێرەدا بۆ نموونە چەندێکیان ناو دەبەین: «ریالیزمی رەخنەگرانە، ریالیزمی دەرەوانە، ریالیزمی شێوەیی، ریالیزمی ئایدیایی، ژێر ریالیزمی، ریالیزمی گاڵتەسازیی، ریالیزمی جەنگاوەرانە، ریالیزمی ساکارانە، ریالیزمی نەتەوایەتی، ریالیزمی سروشتیانە، ریالیزمی بابەتیانە، ریالیزمی گەشبینانە، ریالیزمی رەشبینانە، ریالیزمی پلاستیکانە، ریالیزمی رۆمانسیانە، ریالیزمی خودیانە، ریالیزمی سەرو وخودیانە، ریالیزمی سۆشیالیست، ریالیزمی هێرش بردنانە، ریالیزمی گیانیانە، ریالیزمی منی قووڵانە، ریالیزمی ئەتۆمیانە، ریالیزمی نوێی، ریالیزمی شەپۆلی نوێی، ریالیزمی چاخی ناوەڕاست، ریالیزمی رەخنە لە هونەردا... هتد».

لێرەدا بە کورتی لەسەر چەند جۆرێکیان دەدوێین:

## ١- ریالیزمی سۆشیالیست «Socialist Realism»

شێوازو رێبازێکی ئەستەتیکای مارکسیزمی لینینزمە. بەو پێیە دەبێ هونەرو ئەدەب رەنگدانەوەی حەقیقەتە کۆمەڵایەتیەکە بن، دەبێ لە پەرەسەندنە شۆرشگێریەکانیەوە بدوێن و مزگێنی ئایندەی ئاسوودەی یەکسانی بدەن. گرنگی بەرۆڵی پرۆلیتاریا بدات و هەردەم سەرکەوتنی بیری سۆشیالیست بخاتە بەرچاو.

ئەم کێشەیە لە لایەن هەندێکەوە بە شێوەیەکی رەق و وشك بەکار هێنرا بەتایبەتی لە رۆژانی «ستالین ـ Stalin - ١٨٧٩ ـ ١٩٥٣»دا لە سنوور بەدەر

بوو، بگره له نێوانی ڕۆشنبیریو پڕوپاگەندەو هونەرو بانگە بۆ هەڵداندا تێکەڵ کراو مەبەستە هونەرییەکە ئاڵۆز بوو. لەگەڵ ئەمەشدا بەڕای سۆشیالیستە مارکسیەکان وایە کە ڕەچەڵەك و دایکبوونی گەلێك پێش شۆڕشی سۆشیالیستە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە وڵاتی یەکگرتووی سۆڤێت دا ساڵی «١٩٣٢» بەکار هێنراوە، سەرەتا دروست بوونی ڕێبازە هونەرییەکە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە واتە لە تەك ئەو ئامادە بوون و بزوتنەوە ئایدۆلۆژیەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری هێنایە ئاراوە. مەبەست لەو هونەرو ئەدەبەی لە خزمەتی چینی پڕۆلیتاریا دایەو ئامانجی مسۆگەر کردنی ژیانێکی سەربەست و خۆش گوزەرانیو دەسەڵاتداریەتی، چاکترین نموونەش، ڕۆمانی «دایك»ی «ماکسیم گورکی - Maxime Gorki ١٨٦٨ - ١٩٣٦» کە ساڵی «١٩٠٨» بە زنجیرەیەك لە گۆڤاری «زنانی»دا بڵاوی کردەوە. بەڕای ڕەخنەگرانەوە چاکترین و دەربڕینی ڕۆژگارەکەیەتی، لە بارەی ئەو گیانی بزوتنەوەوەیە کە بووە هۆی ئەو تەقینەوە شۆڕشگێڕیەی پڕۆلیتاریای ڕوس و ڕژێمێکی نوێی هێنایە دی.

هەمان نووسەر بەشانۆنامە نووسین پێشڕەوایەتی هەنگاوی ڕێبازەکەی کرد، باشترین نموونەی شانۆنامەی «لە ناخەوەیان ئەوانە لە پلە نزمەکاندا دەژین - Lower Depths» و «دوژمنان». ئەو شانۆنامە گرنگەیە کە «پلیخانۆڤ - Plekhanov ١٨٥٦ - ١٩١٨» لە بارەیەوە ووتویە: «هەرچی لەم شانۆنامەیەدا هەیە چاکە، چونکە هیچ شتێکی ساختەو دەست هەڵبەستی تیا نییە، بەڵکو هەمووی ڕاستەقینەو ڕەسەنە».

بەڵێ لەم ڕێبازەدا کرێکار بووە قارەمانی ناو ڕۆمان و شانۆنامەو بابەتەکانی دی ئەدەب و هونەر. ئەوەی شایانی باسە ئەم ڕێبازە بووە هێزێکی هونەریو ئەدەبی نوێی بەرامبەر شێوازو شێوەی کۆن و لاسایی کارانە، بەتایبەتی بەرامبەر بەرهەمی هونەرمەندە نا واقعیەکانی وەك «مایرخولد - Miarkold - ١٨٧٣ - ١٩٤٣»و «تایرۆف Tyrewop ١٨٨٥ - ١٩٥٠». لەم بابەتەدا ژیانی خەڵك و خواکە دەکرایە کەرەسەی سەرەکی مەبەست و کەرەسەش هەر چینی کرێکارە. لە

زۆربەی بەرهەمەکاندا ژیانی پڕ لە کوێرەوەری‌و تاڵی جارانیان بەسەر دەکردەوە لەگەڵ هەنگاوی بروانان بەرەو جهانی سۆشیالیست ی خۆشی‌و سەر بەرزی. لە شانۆنامەی «ئەوانەی لە پلەنزمەکاندا دەژیین» گۆرکی کە سانێك پیشاندەدات کە بەرامبەرێك هەواڵەی ئەو دۆزەخە تاڵەی کردوون، بەلام بەسەرجەمی شانۆنامەکە واتایەك دەگەیێنی، کە دەڵێ: مرۆڤ لە پێناوی ژیانێکی ئاسوودەتردا دەژی. لە بارەی ئەم بەرهەمەی «گۆرگی» یەوە دەگێڕێتەوە، گوایە کاتێ دەرهێنەری مەزن «ستان سلافسکی - Stanislavski ١٨٦٣ - ١٩٣٨» دەیەوێ پێشکەشی بکات، پرسیار لە نووسەر دەکات، تا هەندێ لایەنی بۆ روون بکاتەوە، لە وەرامدا دەڵێ: هەموو چاوگەکان لە ناخی ژیانەوەیە، بڕۆرە فلانە گەرەك ژیانی ئەوانە هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەنەوە، کەسم لە ئاسمانەوە نەهێناوە. واتە ئەم ڕێبازە بریتی‌یە لە پیشاندانەوەیەکی راستگۆیانەی‌و دیاری کراوی. . بە واتا مێژوویی‌یەکە. . واقع، لە ڕووی پەرەسەندنی شۆڕشگێڕانەیەوە. هەر چۆن ریالیستی سۆشیالیست بەردەوامیەکی ماقوول و پەرە پێدانێکی چاکترینی کە لتووری ڕیالیستیە لە هونەری ڕابووردوودا، بەڵکو هەنگاوێکی نوێی پێشکەوتنی، مرۆڤە لە هونەرو ژیاندا.

مەبدەئە ئایدۆلۆژیەکان و ئەستاتیکیە سەرەکی‌و بنەڕەتیەکانی ئەم ڕیالیزمە سۆشیالیستە بەم شێوەیەیە:

«تەرخان کردنە بۆ ئایدۆلۆژی کۆمینست. یەك بوون لەگەڵ ئاوات و خەباتی، پرۆلیتاریادا، مرۆڤایەتی‌یەو دۆخێکی جهانی هەیە، گەش بینیەکی مێژوویی‌یە، بەرپەرچ دانەوەی ڕوکەش داری‌و خودی‌و سروشتی‌ی سەرەتایی‌یە».

## ٢- ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە «لە هونەردا»:
## :Critical Realism «inart»:

لە ناوەڕاستەکانی سەرەی نۆزدەهەمەوە، وەك قوتابخانەو ڕێبازێك گەلێك، نووسەرو هونەرمەندی پێشکەوتن خوازی لە خۆگرت، مەبەستی سەرەکی ئەم ڕێبازە بریتی‌یە لە ئاشکرا کردن و بەرەنگار بوونی چەوت و چەوێڵی‌و کەم و

کوڕیەکانی کۆمەڵگا بۆرژوایەتی، یان بلێین سەرکەوتن بەسەر جیاوازیەکان و کەم و کوڕیەکانیا، بەمەش کارێکی گرنگ دەبینێ لە ئازادکردنی بیری ئادەمیزاد، چ لە رووی کۆمەڵایەتیو چ لە رووی گیانیەوە. دەیەوێ خەڵکی بەگیانی بەرزی کۆمەڵایەتیو دیمکراسیانە گۆش بکات، «گوگوڵ ـ Gogol - ١٨٠٩ - ١٨٥٢»ی نووسەری رووس چاکترین نموونەی ئەم رێبازەیە بڕوانە شانۆنامەی «موفەتیشی گشتی» تەماشا بەچ شێوەیەك بەرەڵایی لێ پرسراوە بیروکراتیەکان دەخاتە ڕوو، چ گاڵتە جارێك، چ ئاژاوەیەك بە شێوەیەك کە بەتەواوی لە گشت رەوشتێکی بەرزو جوان و مرۆڤایەتی بێ بەرییان دەکات، سەرەڕای داماڵینیان لە هەموو بایەخێکی پیرۆزو بەنرخ.

کاری ناتەواوی پیشادانەوە بە شێوەیەکی ریالیستیانە دەخاتە بەرگێکی کاریکاتوریانەی پێکەنیناویەوە، ئەوەتا لەبەر دەست برین و کەڵەك و کوڵەك و ساختەبازیان لە سێبەری خۆیان دەسڵەمێنەوەو، کەسێکی هیچ وپووچ بە گەورەیەکی خۆیان دەزانن و بەسەریا دەسەپێنن، هێزی گاڵتە جاریەکە لەوەدایە، کە لە سەرەتاوە بینەر گشت شتێك دەزانێو کەسەکان بەگێلی بەبەر دەمیانەوە هەلس و کەوت و رەفتار دەکەن. دەیان نووسەری مەزن وەك ـ «تولستۆی ـ Tolostoi ١٨٢٨ ـ ١٩١٠» و «تورگنیف ـ Taurgueniev - ١٨١٨ ـ ١٨٨٣»و «ستندال ـ Standal - ١٧٨٣ ـ ١٨٤٢»و «بلزاك ـ Balzac ١٧٩٩ ـ ١٨٥٠» و«دیکنز ـ Dickens ١٨١٢ ـ ١٨٧٠» لەم بوارەدا کاریان کردووە. لەسەدەی نوێدا، گەلێکی وەك هونەرمەندی مەزن «شارلی شابلن ـ Charlie Chaplin» کاری کردووە، ئەم هونەرمەندە مەزنە تا لەژیاندا بووە لە رەخنەی رژێمەکە ڕانەوەستا، رەخنە لە گشت بەربەستێکی ئازادیو ویستی مرۆڤ.

ئەوەی شایانی باسە بەروو بوومی هونەرمەندانی ئەم رێبازە هونەریە گەلێك کاریگەر بووە بۆ بەرهەمی هونەرمەندانی پاش خۆیان بەتایبەتی بۆ قوتابخانەی ریالستی سۆشیالیست.

## «ریالیست و سنوور»

له ڕۆژانی پەرەسەندنی ریالیستەوە، وەك گشت ڕێبازێکی دی چەندین شێوەو شێوازو بۆچوون قوت بووەوە. یەکێ لەو کێشانە بریتی بوو لە زیا دەرچوون، گوێدان بەگشت وردەکاریەك وەك بەکامێرایەکی زۆر هەستدار گیرابێ، لەم خۆ نوقم کردنەی دەریای سروشتیو ریالیستەوە نەك هەرکاتێکی زۆری دەبرد، بەڵکو کێشە گەوهەرینەکانیشی گوم دەکرد. چونکە ئەو زۆر خەریك کردنە دەکەوتە سەر شێوەی دەرەوە، بۆ نموونە شێوەی کەسەکان یان دیکورو کەل و پەل و تەواوکەرە هونەریەکان. یان جاری وا هەبوو نووسەرەکە کت ومت واقیعەکەی دەنایە سەر شانۆ. لەم کارەدا بوونی دروست کەری خۆی دەکردە قوربان لەواقیع چوونە تەواوەتیەکە. هەر لەگەڵ سەرەتای سالی «١٨٥٠»دا «تۆم ڕۆبرتسۆن ـ Tom Robertson» وکەسانی دی، کەوتنە بەکارهێنانی دیکۆری هەڵواسراو، کە بریتی بوو لە دیکۆری بنمیچ دارو سێلا دیوار، ئەمە هەنگاوێکی گرنگی هونەری دیکۆربوو، واتە لەبری ئەو پەردە بەکارهێنانەی جاران، یان نموونە هێنانەوە لە بری کۆ، ئەمانە بەرەو هەنگاوی باوش کردنە واقیعدا چوون، پەنجەرەو دەرگاو ئاگردان و. . . هەمووی لە خۆگرن.

ئەمەواو لەلای «دافید بلاسکۆ ـ David Belasco» ـ ش لە ئەمەریکا گەلێك خەست تر بویەوە. ئەم دەرهێنەرە کاتێ شانۆنامەی «ڕیگای ئاسان ـ The Easiest Way» ی دەردەهێنا، چوو ژوورێکی جێ هێڵراوی بینیەوە، بەبێ دەستکاری هەواڵەی سەر تەختەی شانۆی کرد. وەك لەم هونەرمەندە دەگێرێتەوە، کە گوایە پێویستی بەشتێ بکردایە کەسێکی بۆ ئەو وڵاتە دەنارد کە نیشتمانی ئەو شتە پێویستەیە تا بۆی ئامادە بکرێت. ئەمە نەك هەر لای ئەوانە بەڵکو لەلایەن «ستان سلافسکی ـ Stanislavski - ١٨٦٣ ـ ١٩٣٨» یشەوە، زیاتر پەرەی سەند لەم خۆ نوقم کردنی ڕیالیستەوە بوو لە لای ڕەخنەگران ناوی

سروشتی‌ی بەسەرا سەپێنرا.

«فاختانگۆف ـ Khaftatgof» لەیەکێ لەوانەکانیا ساڵی «١٩٢٢» لەبارەی ئەم هونەرمەندەوە دەدوێو دەڵێ: «ستانسلافسکی لە بینەرانی دەوێ کە لەبیریان بچێتەوە لە شانۆدان، بەڵکو وان لەناو هەمان بارو بینراوی پاڵەوانانی شانۆیەکەدا، ستانسلافسکی بە خۆشی‌یەوە دەیگوت: بینەران نەهاتبوونە شانۆ بۆ بینینی «سێ خوشکەکە ـ The Three Sisters» بەڵکو بە میوانێتیان هاتبوون».

***

## «کورتە سەرگوزشتەیەکی ئەبسن»

«هنریك ئەبسن ـ Henrik Ibsen» لە مانگی مارتی «١٨٢٨»دا لە گوندی «ئەستین»ی وڵاتی «نەرویج» لە دایك بووە. منداڵ دەبێ کە باوکی لات دەبێو ئەمیش دەخرێتە بەرکار کردن لەلای دەرمان فرۆشێکی شاری «گرمستاد» بەڵام بەوەرسیەوە ساڵی «١٨٥٠» دەست لەو کارە هەڵدەگرێو ڕوو لە شاری «کرستیانیا» دەکات، ئەمجارە مەرامی پزیشکی خوێندن لە سەر دەنێ، لەوەش واز دەهێنێو ڕوو لە جهانی ئەدەب دەکات لە دەروازەی شیعرەوە دەچێتە ژوورێ. ئەوسا دەست دەداتە شانۆنامە نووسین و بۆ یەکەم جار لە ساڵی «١٨٥٠»دا یەکەم تەراژیدنامەی کە بە شیعری سەربەست نووسیبووی بە ناوی «کاتلینا»وە بڵاوی دەکاتەوە. لەبەر دەست کورتی ڕوو دەکاتە کارکردن لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی هەفتانەی رامیاری ڕەخنەگر.

ئەمەشیانی بۆ ناچێتە سەر، لە ڕێگای «ئۆلیە بول ـ Ole Bull» ی کەمانچەژەنەوە ڕوو لە شانۆی «برگن ـ Bergen» دەکات کە ئەوساکە تازە هاتبووە ئاراوە. بۆ ماوەی شەش ساڵ بەشێوەی بەڕێوەبەرو ڕاوێژکارو دەرهێنەر کاری تیاداکرد، تا ساڵی «١٨٥٧» کە ڕووی لەشاری «کرستیانیا» کردەوەو بەریوەبەرێتی شانۆی شارەوانی ئەو شارەی پێ سپێردرا.

لەم ماوەیەدا چەند شانۆنامەیەکی داناو بڵاوکردەوە وەك «داواکارانی تەخت» کە ساڵی ١٨٦٤ بڵاوکرایەوە، پاشان کۆمیدیا نامەی «خۆشەویستی» ساڵی ١٨٦٢،

که دەنگ داناوەیەکی گەورەی نایەوە. لەگەڵ کۆشش و هەوڵێکی چاکدا، بەڵام شانۆکەیان باشی نەهێناو بەمەرەی دەست بەتاڵ بوون و لاتێتی چوو، ناچارما رووکاتە «رۆما»، چەند شانۆنامەیەکی گرنگی تیادانووسی، لەوانە «براند» ساڵی «١٨٦٦»و «پیرگنت» ساڵی «١٨٦٧»و کۆمیدیانامەی «یەکێتی لاوان» ساڵی «١٨٦٩»، لەگەڵ ئەمانەشدا شانۆنامە مێژووییانەکەی «سیزەرو پیاوێکی جەلیلی»، «ئەپسن» تا ساڵی «١٨٦٨» لە «ئیتالیا مایەوە، لەوەو دوا چووە درسدن»و «میونیخ» تا ساڵی «١٨٧٥» لە «ئەڵەمانیا»مایەوە.

بۆ جارێکی تر گەڕایەوە «ئیتالیا» ساڵی «١٨٨٥» لە هەمان ساڵدا جارێکی تریش بۆ «میونیغ» گەرایەوە.

ساڵی «١٨٦٩» بۆ ئاهەنگی کردنەوەی کەناتی «سویس» دەعوەتی «میسر»کرا.

لە ساڵی «١٨٥٧» لەهات و چۆو گەڕاندا بوو تا ساڵی «١٨٩٢» کەبۆ دواجار گەرایەوە شاری «کرستیانیا»و لە ساڵی «١٩٠٦»دا، پاش ئەوەی چوار ساڵی بە بێ هۆشیو ئازارو مێشك تێکچووی بە سەربرد کۆچی دوایی کرد.

* * *

## شانونامەی «دوژنی گەل»

## نووسینی: هنریك ئەبسن

*«کەمایەتیەکی هۆشیار هەمیشە لە سەرهەقن و زۆربەیەکی نەفامیش لەسەر ناهەقن»*

*«ناوەرۆکی شانۆنامەکە»*

*«مرۆڤێکی سەرراست لە کۆمەڵێکی چەوتدا بەمەرەی دوژمن و سەر لێشێواو دەچێ».*

*«پوختەکەی»*

کەسانی شانۆنامەکە: -

دکتۆر ستۆکمان: - بەڕێوەری تەندروستیی گەرماوەکانە.

خاتوستۆکمان: خێزانێتی.

پیترا: کچیانە - مامۆستایە.

ئیلیون مورتن: کوڕیانن.

پیتەر ستۆکمان: براگەورەی دکتۆرە، سەرۆکی شارو ئەنجوومەنی گەرماوەکانە.

مۆرتی کیل: وەستای دەباغیە.

هۆفستاد: نووسەری رۆژنامەی «دەنگی گەل»ە.

هۆرستەم: کاپتنی کەشتیە.

ئاسلاکسن: خاوەنی چاپخانەیە.

«بەهاوبەشی خەڵکی شار».

شوێن: شارێکی کەنار دەریایە لە باشووری نەرویج.
کات: ئێوارەیە. ژووری دانیشتنی ماڵی دکتۆرە.
بەشی یەکەم: ماڵی کتۆر ستۆکمانە، کات ئێوارەیەو کەسانێك نان دەخۆن، لەباسی نان خواردنەوە دەچنە سەر باسی رۆژنامەی «دەنگی گەل»و ئەو وتارو باسانەی تیادا دەنووسرێ «قایمقام» بزوێنەری قسەو باسەکانە، پاشان لە بارەی چاکێتیو ئاکارو گرنگی گەرماوەکانەوە دەدوێن. «ئەپسن»ی گەورە نووسەر زۆر بەوریاییو هونەرمەندانە دەمانخاتە ئاستی گەوهەرو کێشەسەرەکیی دراماکە. لەلایەکەوە، بازارگەرمیی خاوەن گەرماوەکان و هاوشانەکانی لە خاوەن زەوی خانووەکان، لەلایەکیشەوە هێنانەوەی وتارو رۆژنامەکە، ئەم بەشە وەك دەست نیشانکەرەی، یان رێگاخۆشکەرەی گشت رووداوەکان، بینەر دەخاتە سەر رێگای تەماشاکردن و دواکەوتنی دوو لایەنی ململانێیەکە، لایەنی بەرگریو لایەنی «دکتۆر ستۆکمان».
«قایمقام: ئێوە هەروا سەرنج بدەن. بزانن چۆن ئەم شارە بەم یەك دوو ساڵە وەها پێش کەوت و خێرو بەرەکەتی بەسەردا رژا؟ چۆن لەگەڵ خۆیدا ژیان و جم وجۆڵی هێنا؟ نرخی زەویو کرێ خانوو هەموو رۆژێك لووت بەرز دەکەنەوە.»

لایەنی بەرامبەر سەرەکیو قارەمانی دراماکە «دکتۆر ستۆکمان» ئامادە دەبێت. لەگەڵ میوانەکانیا دەمەتەقێی ئاسایی دەکات لەنێوان وت وێژی دکتۆرو قایمقام دا لایەنی کەسایەتی «دکتۆر» ئاشکرا دەبێت. «قایمقام» دەیەوێت دکتۆر نیازو مەبەستی لەو وتارەیو کە دەیەوێ بڵاوی بکاتەوە روون بکاتەوە. لێرەوە هەست بەوە دەکرێ کە شتێکی تیادایەو بەدڵی قایمقام نییە، بۆیە «دکتۆر» بەتاك رەوو دزێو دادەنێ، ئاگاداری دەکاتەوە لە ئاکام خراپیو چارەرەشی ئەو تاك رەوییەی.
«قایمقام: بەهەر حاڵ، زۆر حەزت بە تاك رەوییە. ئەمیش لە ناو کۆمەڵێکی رێك و پێکدا ناژێ. تاك دەبێ مل کەچی کۆمەڵ بێ. راستتر وایە بڵێم تاك دەبێ مل کەچی فەرمانرەواکان بێ، چونکە ئەوانن هەمیشە چاوێری خێرو سوودی

کۆمەل دەکەن.
**دکتۆر ستۆکمان**: ئەمە دروستە. بەلام ئەم باس و خواسە کوا پەیوەندیی بەمنەوە هەیە؟
**قایمقام**: پەیوەندی پێتەوە هەیە تۆماسی ئازیز، بەلام تۆ پێی نازانی. هەر لە ئێستاوە وریای خۆت بە، ئەگینا دەرنگ بێ یان زوو، زۆرت لەسەر دەکەوێ، ئەوا وریام کریتەوە، بە نیازی دیدار».
نوسەر پەیتا پەیتا باسی وتارەکەی «دکتۆر» دەکات تا بیکاتە کێشەیەکی گرنگ و لە کاتی خۆیدا گەورەترین کار لە بینەر بکات، وەك گرێ و کێشەی بنەرەتی، چونکە سەلماندنی حەقیقەتێکی پێوە بەستوە کە راستەوخۆ گری ململانێیەکە خۆش دەکات. لە دەمەتەقێی نێوان «دکتۆر»و «خاتووستۆکمان»ەوە حەقیقەتی وتارو گەرماوەکان دەدرکێنرێ، کە ئەو گەرماوانە نەك دەردپەرین نین بەلکو کانگای دەردوو دوون.
«**دوکتۆر ستۆکمان**: داخۆ دەزانن باری راستەقینەی گەرماوەکان لە چدایە؟ ئەم توانا بزورگە، ئەمەی بە بالایدا هەلدەلێین و زۆرمان لەسەر کەوتووە، دەزانن بەچی شکاوەتەوە؟
**هوفستاد**: نەخێر بەچی شکاوەتەوە؟
**خاتووستۆکمان**: توزاتی‌خوا بیدرکێنە، ئۆقرەکان نەما!
**دکتۆر ستۆکمان**: کانگای نەخۆشیو دەردوو دوو نەبێ هیچی تر نی‌یە.».
**بەشی دووەم**: ژووری دانیشتی مالی دوکتۆرە، کات بەیانی‌یە.
لەم بەشەوە رۆشنایی ئاشکرا بوونی دۆزینەوەکەی دوکتۆر دەردەکەوێ. بوون بە باس و خواسی خەلك و قاوبوون، لەگەل ئەوەشدا سەرەتای هەول و جولانەوەی کپ کردن و بەرەنگاریی کردنی دێتە ئاراوە. چ لە نامەکەی «**قایمقام**»ەو چ لە «**مورتن کیل**»ەوە.
«**هوفستاد**: دوێنی وتت ئاوەکە لەناو زەوی‌یەوە میکروباوی بوو،

دوكتور ستوكمان: ...ەلی بی‌كومان وایە، ئەم زەهرەیش لە زەلكاوەكەی كارگەكانی دال - ەوە دێت

هونستاد: بمبەخشە دوكتور من وابزانم لە زەلكاوێكی دی غەیری ئەی...

دوكتور ستولكمان: كام زەلكاوەت مەبەستە؟

هوفستاد: ئەو زەلكاوەی هەموو پیسایی‌یەكی ژیانی رۆژانەمانی تیدا كۆ دەبێتەوە.

دوكتور ستوكمان: بەشی خوت شەیتانی. ئەم بیرەت لە كوێوە بە خەیالدا هات؟»

پاشـان رووبـەرووی نووسـەری رۆژنـامـەی «دەنگی گەل» دەبینـەوەو سەیـر دەكـەین لەبارەی كیشـەی گەرمـاوەكـانـەوە دەكـەونـە قسـە. نووسـەری دراماكە دەرگایەكی فراوان و گرنگ بۆ مەبەست و گرنگی وتارەكەی دوكتۆر دەخاتە سەر گازی پشت. لێرەو دوكتور دەكەوێتە هاندانی كەسانی دی لە پای پشتگرتنیا بۆ سەركەوتنی كیشەی مەبەستاو داكوكی لە چەوساوەو زۆر لێ كراوان. بەرە بەرە كەسانی دی وەك «قایمقام» پەیدا دەبن. ئەوانیش دەم لە هەمان باسەوە دەدەن. «قایمقام» زۆر لەگەڵ دوكتۆری برایدا دەكات تا پاشگەز بێتەوە، لێرەو دوو رووی دژ بەیەك دەردەكەون، كە جیاوازیان ئەرزو ئاسمانە.

بەشی سێیەم: جێگا ژووری رۆژنامەنووسانی «دەنگی گەل»ە، سەرەتا بەباسی نووسینەكەی دوكتۆر ستوكمان دەست پێ‌دەكات ئەو وتارەی جەماوەر لە حەقیقەتی گەرماوەكانی دەگەیێنێ. هەندێ لەوانە كۆمەك لە بیرەكەی دوكتۆر دەكەن، پاشان «قایمقام» لە دەرگایەكی پشتەوە خۆی دەگەیێنێتە ژووری. «هوفستاد» پێشوازی لێ دەكات، «قایمقام» نارەزایی و دڵتەنگی بەو وتارەی دكتۆر دەردەبری.

قایمقام: ئەمڕۆ دوكتۆر بووە مایەی سەغڵەت كردنم.

هونستاد: دوكتۆر؟

قایمقـام: نیمچـە بیـرخـەرەوەیـەكی بۆ دەستـەی بەرێـوەبـەران نووسیـوە، گوایە كەمتەرخەمی‌ی لە گەرماوەكاندا كراوە.

هوفستاد: جا بەراست شتی وەهای نووسیوە؟

قایمقام: بەڵێ ئەی پێی نەوتووی؟ وابزانم وتی. . . »
«قـایمقـام» کێشـەی خەرج و باج دەهێنێتـەوە، هەر وەك هەڕەشـە کردنیشی لەو و لەوانەی پشتی دەگرن.
«قـایمقـام: بە پێـوستمـان زانی کە شارەوانی خەڵکی بخـاتـە ژێـر باری قەرزەوە، . . . . کارەساتی جگەر بڕ لەوەدایە ئێمە ناچار دەبین بۆ چەند ساڵێك خانووەکانمان داخەین. »
بەشی چوارەم: شوێن ماڵی کاپتن هۆرستـەرە، کۆبـوونـەوەیـەکی فراوانـە، لە هەمەجۆرو هەمەچین و دەستەوبەرە، چەند ئافرەت و چەند قوتابییەك، بەرە بەرە خەڵکی دێن، «بیلینگ»ی ڕۆژنامەنووسی «دەنگی گەل»و پاشان «قایمقام» دێت ئەوسا دوکتۆر دەردەکەوێ. کۆبوونەوە دەست پێدەکات دەیانەوێ قایمقام بکەنە سەرۆکی کۆبـوونـەوەکـە، ئەویش «ئـەسـلاکسن»ی سەرۆکی نەقـابـەی خاوەن خانـووەکـان دەپـاڵێـوێ. وردە وردە ئەو پیـلانـە ئاشکـرا دەبێ کە دژ بە دکتـۆرو پرۆژەکـەی نەخشینـراوە. سەرۆکی هەڵبـژێـراو قایمقام پێشکەش دەکات، ئیتر چ بەم و چ بە «ئەسلاکسن» دەکەونە سارکردنەوەی خەڵکیو پووچ و بێمایە کردنی کۆششـەکـانی دوکتـۆر، لەگـەڵ سەرزەنشت کردنی، کەسانێکی قوڕمیش کراوی وەك «هۆفستاد» یش لە بەرەی دژ بە دوکتۆر ڕادەوەستن.
«ئـەسـلاکسن: پێم خۆشـە ماوەم بدەن دەنگم بخـەمە پاڵی دەنگی قایمقام. بۆ ئەوەشیـان لە گەڵیـدام لەوە دەچێ‌شتێکی نادیـار لەپشت ئەم گومـانانەی دوکتۆرەوە هەبێ. لەبن دێری گفت و گۆکانیدا سەبارەت بە گەرماوەکان شۆڕشێك هەست پێ دەکرێ. شۆڕشێك دژ بە دابەش بوونی هێزەکان لە شارەکەدا. . . هتد
هۆفستـاد: منیش هەروەهـا حەز دەکـەم هەڵـوێستم ئاشکرا بکەم. شۆڕشەکەی دوکتۆر ستۆکمان، یەکەم جار وا دەرکەوت لە زۆر لایەنەوە پشتگیری دەکرێ. من خۆم بێ سڵی کردنەوە، بە هەموو هێزێکمەوە پشتگیریم کرد. . بەڵام پاشان بۆمان دەرکەوت ئێمە هەڵخەڵەتاوین و لە ڕێگایەکی چەوتەوە پاڵیان پێوە ناوین، بەوەی حەقیقەتیان لێ گۆڕین. . . »

ئەم بەشە گرنگیەکی گەورە هەیە لەوەدا کە دەگاتە تزۆپك و لایەك بەلادا دذەکەوێ، دەبینین لەپـای ئەو کۆمەکە زۆرەوەی کە خاوەن پەرژەوەندیەکان دەیکەن، دوکتۆر رەنجەرۆر رەنج خەسار دەکەن، لەرووی هونەریشەوە شوێنێکی دیاری لە هونەری نووسینی درامادا هەیە، لە رووی مەبەستەوە ورە بەرزیو ئازایەتیو چابووکیو هونەرمەندێتیی دوکتۆر لەرووی وتار بێژنەوە دەردەخات.

«دوکتۆر: قەت رۆژێ لەرۆژان زۆر بە حەقی بەدەستەوە نەبووە؛ ئەمەیەکێکە لە درۆکانی کۆمەڵ و پێوستە لەسەر پیاوی سەربەست و خاوەن بیر دژی بوەستێتەوە.

ئەو تاقمەی لە هەموو شارێکدا زۆربە پێك دێنێ کامەیە؟ داخۆ تاقی ئاقڵەکانە یاخود دەبەنگەکان؟ لەو بروایەدام هەمووومان لەسەر ئەوە یەك دەگرینەوە کە دەبەنگەکان زۆربەن و وەزنیشیان زۆرە لە سەرانسەری وڵات دا.

بەڵام چۆن دەکرێ بەوە قایل بین دەبەنگەکان بەسەر ئاقڵەکاندا زاڵ بن و حوکمیان بکەن؟ «هاوارو زاوەزاو» بەڵێ لە دەستیان دێ بمدەن بە زەویدا.. بەڵام ناتوانن دژی راکەم بوەستنەوە. بۆ نەگبەتی.. زۆربە هێزی بە دەستە بەڵام حەقی بە دەستەوە نیە، منم، من و کەمایەتی لەم خەڵکە لەسەر راستین، هەمیشە کەمایەتی لەسەر راستە».

لەئاکامی کۆبوونەوەکەدا لەرێگای دەنگدانێکی نارەواوە مایەپوچی بە دکتۆر دەبەخشن. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە کافرو گێرەشوێن و ترسناك ناویدەبەن. و بەشێوەیەکی سووك کردنیی گاڵتەجاریانە بەرێی دەخەن.

بەشی پێنجەم: شوێن نووسینگەی دوکتۆر ستۆکمانە. دوکتۆر چاوی بەو بەردانە دەکەوێ کە پێیبەردەباران کراوە.

«دوکتۆر: سەیرم بکە بدە کاترینا بەردێکی تریشم دۆزیەوە.

خاتوو شۆکمان: دلنیام زۆری تریش دە دۆزیتەوە.

دوکتۆر: ئەم بەردانە وەك پاشماوەیەکی پیرۆز دەپارێزم! دواى مردنم وەك یادگاری بۆ ئیلیف و مۆرتن جێ دەمێنێ.» ئیتر یەك بە دوای یەك کاری نارەوای بەرهەمی دەنوێنن [illegible] خاوەن [illegible]ووەکەی پێ دەگات کە داوای چۆڵ

کردنی لێ دەکات. پاشان منداڵەکانی لە قوتابخانە دێنەوە چونکە قاویان داون، بەڵام گەورەترین ئازار کە ناخی دوکتۆر دەخوات، ئازاری ساویلکەیی و نەزانی خەڵکەکەیە.. قایمقام دێت و ئەویش بڕیاری لەکار دەرکردنی پێ ڕادەگەیێنێ. ئاگاداریشی دەکات بەوەی کە چاکتر وایە شارەکە جێ بهێڵێ و بڕوات. کۆتایی دراماکە بە دەمەتەقێیەکی جوان دێت، کە پڕبە پڕی گیانە ئەبسنیەکەیە،

«دوکتۆر: بەڵێ ئێستا دەتوانم بڵێم کە لە پیاوە هەرە بەهێزەکانی دنیاشم.

مۆرتن: چەند خۆشە.

دوکتۆر: وس جارێ باسی ئەمەیان مەکەن. بەڵام دۆزینەوەیەکی مەزنم بە دەست هێناوە.

خاتوو ستۆکمان: چییە؟ دۆزینەوەیەکی کەیە؟

دوکتۆر: بێگومان «بە خۆشیەوە لەدەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە»

ئەمەیە کە دۆزیومەتەوە: بە هێزترین پیاو لەجهاندا ئەوەیە کە بە تاقی تەنیا ڕادەوەستێ.

خاتوو ستۆکمان: ئای تۆماسی ئازیزم...

پیترا: باوکی خۆشەویستم.

«دراماکە تەواو دەبێ»

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

پەراوێزەکان: -

١ - دیلاکروا - أوجیین دیلاکروا من خلال یومیاته. ص - ٤٩.
٢ - لیلیان ر. فرست - الرومانسیة - ص - ١٧٧.
٣ - هەمان سەرچاوە - لا - ١٧٧ - ١٧٨.
٤ - هەمان سەرچاوە - لا - ١٦١.
٥ - هەمان سەرچاوە - لا - ١٦٢.
٦ - محمد غنیمی هلال - الرومانتیکیة - ص - ٧.
٧ - هەمان سەرچاوە - لا - ٧.
٨ - هەمان سەرچاوە - لا - ٨.
٩ - فەلسەفەی جوانیو هونەر - لا - ٢٦٨.
١٠ - بروانە چامەی «قەرەج».
١١ - دیلاکروا - ص - ٥٩.
١٢ - هەمان سەرچاوە - لا - ٥٩.
١٣ - الرومانتیکیة - ص - ٧٣.
١٤ - الرومامنطقیة في الادب الفرنسی - ص - ٤٨.
١٥ - هەمان سەرچاوە - لا - ٤٩.
١٦ - یوسف الیوسف - الادب الاجنبیة - ص - ٢٤٤.
١٧ - الرومانتیکیة - ص - ٥٥.
١٨ - دیلاکروا - ص - ٦٥.
١٩ - الرومانتیکیة - ص - ٦٦.
٢٠ - هەمان سەرچاوە - لا - ٢٦.
٢١ - فکتور هیجو - ص - ٧٠.
٢٢ - دراسات في الادب المقارن - ص - ١٩٩ - ٢٠٠
٢٣ - هەمان سەرچاوە - لا - ١٩٨.

٢٤ - ديلاكروا - ص - ٢٥ .
٢٥ - الرومانتيكية - ص - ١٦ .
٢٦ - دراسات في الادب المقارن - ص - ٢٠٦ .

٢٧ - الرومانتيكية - ص - ١٨٩ .
٢٨ - هەمان سەرچاوه - لا - ١٨٩ .
٢٩ - پووشكين - لا - ٢١٥ .
٣٠ - الرومانتيكية - ص - ١٩٣ .
٣١ - هەمان سەرچاوه - لا - ١٥٦ - ١٥٧ .
٣٢ - ديلاكروا - ص - ٢٤ .
٣٣ - فن المسرحية - ص - ٣٢٢ .
٣٤ - أليون شانصوريل - تأريخ المسرح - ص - ٧٥.

سەرچاوەکان : -

١ - أرسطو طاليس - فن الشعر - ترجمة عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه عبد الرحمن بدوي - بيروت - ١٩٧٣ .
٢ - هوارس . فن الشعر - ترجمة - د - لويس عوض «ط - د» قاهرة - بلا .
٣ - د - محمد مندور - في الأدب والنقد - قاهرة - ١٩٧٣ .
٤ - د - محمد مندور - الكلاسيكية والاصول الفنية للدراما - قاهرة .
٥ - د - رشاد رشدي - نظرية الدراما من ارسطو الى الان «ط - ٢» - بيروت - ١٩٧٥ .
٦ - فرانك . م . هوايتنج - المدخل الى الفنون المسرحية - ترجمة - كامل يوسف - بدر الديب - د - رمزى مصطفى محمود السباع - درينى خشبة - قاهرة - ١٩٧٠ .
٧ - د - ابراهيم حمادة - معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية - قاهرة - ١٩٧١ .
٨ - د - ماهر حسن فهمي - د - كمال فريد - الكلاسيكية فن الاداب والفنون العربية والمسرحية - قاهرة .
٩ - حسين رامز محمد رضا - الدرامابين النظرية والتطبيق - بيروت - ١٩٧٢ .
١٠ - درينى خشبة - أشهر المذاهب المسرحية - قاهرة .
١١ - فليب فان تيغيم - المذاهب الادبية الكبرى فن فرنسا - ترجمة فريد انطونيوس - «ط - ٢» بيروت - ١٩٨٠ .
١٢ - د - محمد محمد صالح - تأريخ اوربا من عصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية - بغداد - ١٩٨٢ .

١٣ـ د ـ عز الدين اسماعيل ـ الأدب وفنونه ـ «ط ـ ٧» ـ قاهرة ١٩٧٨.
١٤ ـ عدد من الباحثين السوفيت المختصين بنظرية الادب والادب العالمي ـ نظرية الادب ـ ترجمة ـ د ـ جميل نصيف التكريتى ـ بغداد ـ ١٩٨٠.
١٥ ـ بى ـ أيفور أيفانز ـ تأريخ الأدب المسرحي الأنكليزي ـ ترجمة ـ علاء الدين حمودي و عبد المطلب عبد الرحمن ـ بغداد ـ ١٩٦٢.
١٦ ـ هيغل ـ الفن الكلاسيكي ـ ترجمة ـ جورج طرابيشي ـ بيروت ـ ١٩٧٩.
١٧ ـ ليليان ر. عبد الواحد لؤلؤة ـ بغداد ـ ١٩٧٣.
١٨ ـ د ـ محمد غنيمي هلال ـ الرومانتيكية ـ بيروت ـ ١٩٧٣.
١٩ ـ ف ـ ل ـ سولينه ـ الرومانطيقية في الادب الفرنسي ـ ترجمة ـ أحمد دمشقية ـ بيروت ـ ١٩٦٠.
٢٠ ـ د ـ جليل كمال الدين ـ الرومانسية ـ الثقافة ـ العدد الثاني السنة الثالثة عشرة ـ شباط ـ ١٩٨٣ ـ بغداد.
٢١ ـ الموسوعة الفلسفية ـ لجنة فى العلماء الاكاديمين السوفياتيت ـ بأشراف ـ م ـ روزنتال ـ ب ـ يودين ـ ترجمة ـ سميركرم ـ «ط ـ ٣» ـ بيروت ـ ١٩٨١.
٢٢ ـ د ـ صفاء خلوصي ـ دراسات في الادب المقارن والمذاهب الادبية ـ بغداد ـ ١٩٥٧.
٢٣ ـ ستانلى هايمن ـ النقد الادبي ومدارسه الحديثة ـ «ج ـ ١» ترجمة د ـ احسان عباس ـ و ـ د ـ محمد يوسف النجم ـ بيروت ـ ١٩٥٨.
٢٤ ـ عواد مجيد الاعظمي ـ نزعات في الفكر الاوربي ـ بغداد. ١٩٥٢.

٢٥ - يوسف اليوسف - الرومانسية - مجلة الاداب الاجنبية - سنة الاولى - العدد الاول - تموز ١٩٧٤ - دمشق.
٢٦ - جبور عبد النور - المعجم الادبي - بيروت - ١٩٧٩.
٢٧ - ميشال ليور - فن الدراما - ترجمة - احمد بهجت فضة - بيروت - ١٩٦٥.
٢٨ - ف - كيللى - و - م. كوفالزون - المادية التأريخية - ترجمة - أحمد داود - دمشق - ١٩٧٠.
٢٩ - فرد - ب - ميليت - و - جير الدايدس تبتلى - فن المسرحية - ترجمة صدقي خطاب - بيروت - ١٩٦٦.
٣٠ - عمر الدسوقي - المسرحية نشأتها وتأريخها وأوصولها - «ط - ٣» قاهرة.

٣١ - ليون شانصوريل - تأريخ المسرح - نقله الى العربية - خليل شرف الدين و نعمان اباظة - بيروت - ١٩٦٠.
٣٢ - أرنولد هاوزر - الفن والمجتمع عبر التأريخ - ترجمة - د - فؤاد ذكريا - «ج - ١» - قاهرة.
٣٣ - زينب عبد العزيز - أوجين ديلاكروا من خلال يومياته - قاهرة - ١٩٧١.
٣٤ - فرنسوا سركيس - فيكتوّر هيچو - بيروت - ١٩٥٦.
٣٥ - ليديا لامبير - بوشكين الشاعر والعاشق - ترجمة فرج جبران - قاهرة.
٣٦ - هيغل - الفن الرومانسي - ترجمة - جورج طربيشي - بيروت - ١٩٧٩.
٣٧ - شاكرنورى - بوشكين - الاقلام - العدد «٥» السنة التاسعة - ١٩٧٩ - بغداد.
٣٨ - د - عبد المنعم تليمة - مقدمة من نظرية الادب - بيروت - ١٩٧٩.
٣٩ - م. أوفسيانيكوف - ز - سميرنوفا - موجز تأريخ النظريات الجمالية - تعريب - باسم السقا - بيروت - ١٩٧٩.

٤٠ ـ جمعة أحمد قاجه ـ المدارس المسرحية وطرق اخراجها من الاغريق الى الان ـ بيروت.
٤١ ـ وليم شكسبير ـ مسرحياته.
٤٢ ـ شارل بودلير ـ ازهار الشر ـ ترجمة ـ ابراهيم ناجي ـ بيروت ـ ١٩٧٧.
٤٣ ـ ول ديورانت ـ قصة الفلسفة ـ ترجمة ـ د ـ فتح الله محمد المشعشع. «ط ـ ٤» بيروت ـ ١٩٧٩.
٤٤ ـ مايسترو ـ يونس السيسى ـ دعوة الى الموسيقى ـ كويت ـ ١٩٨١.
٤٥ ـ د ـ محمد غنيمى هلال ـ الادب المقارن ـ بيروت
٤٦ ـ د ـ زكريا ابراهيم ـ مشكلة الحب ـ بيروت ـ ١٩٦٣.
٤٧ ـ عبد الطيف شراره ـ فلسفة الحب عند العرب ـ بيروت ـ ١٩٦٠.
٤٨ ـ د ـ زكي مبارك ـ التصوف الاسلامي في الادب والاخلاق «ج ـ ١» ـ «ط ـ ٢» قاهرة ـ ١٩٥٤.
٤٩ ـ أسكندر دوماس ـ برج نيل ـ تعريي ـ حسن الزمريى ـ تونس ـ ـ ١٩٦٧.
٥٠ ـ هوجر لايختنتريت ـ الموسيقى والحضارة ـ ترجمة ـ أحمد حمدي محمود ـ مراجعة ـ د ـ حسين فوزى ـ قاهرة ـ ١٩٦٤.
٥١ ـ د ـ عز الدين رسول ـ الواقعية في الادب الكردي ـ بيروت.
٥٢ ـ ديمين كرانت ـ الواقعية ـ ترجمة ـ د ـ عبد الواحد لؤلؤة ـ بغداد ـ ١٩٨٠.
٥٣ ـ هوميروس ـ الالیادة ـ ترجمة ـ عنبرة سلام الخالدي ـ بيروا ١٩٧٤.
٥٤ ـ د ـ علي عبد الواحد وامن ـ الادب اليوناني القديم ـ قاهرة ـ ١٩٦٠.
٥٥ ـ راسين ـ مسرحيات راسين ـ مطبوعات الجامعة العربية ـ أربعة مجلدات ـ قاهرة ـ ١٩٦٥.
٥٦ ـ يوربيدس ـ مسرحيات.
٥٧ ـ جورج طومسن ـ أسخيلوس وأشينا ـ بغداد ـ ١٩٧٥.

٥٨ ـ أيليا حاوي ـ يوربيدي ـ بيروت ـ ١٩٨٠ .
٥٩ ـ فاختا نگوف ـ الواقعية الخيالية ـ ترجمة قاسم محمد ـ مجلة المسرح والسينما ـ العدد الثالث ـ ١٩٧١ ـ بغداد.
٦٠ ـ د ـ سمير سرحان ـ تجارب جديدة من الفن المسرحي ـ قاهرة ـ ١٩٧٠ ـ قاهرة.
٦١ ـ روبرت بروستاين ـ المسرح الثوري ـ ترجمة عبد الحيم الشبلاوى ـ قاهرة.
٦٢ ـ موسوعة الهلال الاشتراكية ـ قاهرة ـ ١٩٦٨ .
٦٤ ـ د ـ كمال مەزهەر ـ رێنيسانس ـ و ـ فؤاد ميسرى ـ بەغداد ـ ١٩٨٤ .
٦٥ ـ كەمال مەمەند ـ فەلسەفەى جوانىو هونەر مليانى ـ ١٩٧٩ .
٦٦ ـ گۆرگى ـ دوژمنان ـ د ـ ئەورە حماى حاجى حاجى مارف و محمدى مەلا كريم كردوويانن بە كوردى.
٦٧ ـ ئەحمەد سالار ـ دەروازەى دراما ـ بەرگى يەك و بەرگىدووەم.
٦٨ ـ مصلح مصطفى جلالى ـ شيخ نورى دەنگى رەسەنى شيعر ـ بەغدا ـ ١٩٨٤ .
٦٩ ـ ئەحمەد هەردى ـ رازىتەنيايى ـ.
٧٠ ـ محەمەد عارف سيامەنسورى ـ زنجيره وتارێك لەسەرهونەر.
٧١ ـ ئەبسن دوژمنىگەل ـ محمد فريق حسن كردوويه بە كوردى «دەست نووس».
«بە ئينگليزى».

٧٢ - Cheney Sheldon. The The atre in, Three Thousand yeans of dnama, london. 1930
٧٣ - Freedley, G. and Reeves, J.A History of the theatne. Mew york. 1965.

John dolman. the ant of play prouduction - Newyork - - ٧٤
1940.
F. chopin - obras elegidas - ٧٥

ناوەرۆك :

پێشکەش کردن ٣
پێشەکی ٤
سەرەتا ٦
بەشی یەکەم «رێبازی کلاسیزم» ٩
وتەیەك .
زاراوەی کلاسیزم ١١
پەیدابوونی کلاسیزم
نمایشکردنی «هونەری شیعر»ی «ئەرستۆ» ٢٢
بابەتەکانی کێتبی «هونەری شیعر»ی «هۆراس» ٢٥
ئاکام و بەراوردێکی خێرا ٣٠
خاسیەتەکانی کلاسیزم ٣٩
گۆشەنیگای کلاسیزمانە ٤٧
کلاسیزم و ئایین شانۆی کلاسیزم و کێشەی یەکەکان ٤٨
بینراوی خوێناوی‌و شانۆی کلاسیزم ٥٤
شێوەو ناوەڕۆك ٥٨
پەراوێزی بەشی یەکەم ٦٠
نمایشکردنی شانۆنامەی «ئافرەتە پاڕاوەکان»ی «ئەسکیلیۆس» ٦٢
ئەندرۆماك
ئەندرۆماکی یورپیدس ٧٢
ئەلیازە
ئەنیادە ٧٣
راسین و ئەندرۆماك ٧٤
ئەندرۆماك لە نێوانی یورپیدس و راسین دا ٨٠

بەشی دووەم «ڕێبازی ڕۆمانیزم» ٩١
دەروو ٩٢
هەڵویستەیەك لە ئاستی ڕۆشنکاریو فەلسەفەی هۆشمەندیی ٩٥
«ڕۆمانسیزم»ی زاراوەچاوگ ١٠١
پوختەو ئاکام ١٠٥
لەدایکبوونی ڕۆمانسیزم
خاسیەتەکانی ڕۆمانسیزم ١١٧
بەراوردێکی خێرا ١٣٣
مۆسیقاو ڕۆمانتیك ١٣٨
خاسیەتەکانی مۆسیقای ڕۆمانتیك
گۆرانی هاوینی خۆشیی ١٤٦
دەقی مۆسیقاکە بە نۆتە ١٤٨
خۆشەویستیو ڕۆمانتیك ١٥٣
سەرەتا بۆ خۆشەویستی
ڕۆمانتیك و هەڵکردنی چرای خۆشەویستی ١٥٩
مەیو ڕۆمانتیك ١٦٦
ڕۆمانتیك و ئایین ١٧٠
هەڵوێست بۆ ژیان ١٧٤
هەستی نەتەوایەتیو ڕۆمانتیك ١٧٦
درامای ڕۆمانتیك
بەراوردی تەراژیدیای کلاسیزم و ڕۆمانسیزم ١٨٤
نمایشکردنی نموونەیەکی شانۆی ڕۆمانتیك ١٨٧
مەرگی ڕۆمانتیك ١٩٥

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١ ـ سالم لەتای تەرازوی وێژەدا ـ ١٩٦٨

٢ ـ شانۆنامەی وانەی رەشەڵەك ـ ١٩٧٨

٣ ـ شانۆنامەی دڵدارانی باران ـ ١٩٧٥.

٤ ـ هونەرو سەرە تایەك لەمێژووی هونەری ـ ١٩٧٩

٥ ـ کۆمیدیا ـ ١٩٨١

٦ ـ دەروازەی دراما «بەرگی یەکەم» ـ ١٩٨١

٧ ـ ئەفیگینیا لە ئۆلیس ـ ١٩٨٢

٨ ـ ئۆتێللۆ ـ ١٩٨٣

٩ ـ دەروازەی دراما «بەرگی دووەم» ـ ١٩٨٤

١٠ ـ رێبازە سەرەکیەکانی ئەدەب و هونەر ـ ١٩٨٨.

سەرپەرشتکاری چاپ
محمد زەهاوی

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق (٧٥٦)

بغداد لسنة ١٩٨٨

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل رقم (٢٠٩)

# المذاهب الرئيسيه فى الادب والفن

احمد سالار

دار الحرية للطباعة
السعر (٢) ديناران